سکرین چیرۆک:

# ژوانە گورگ.

## بورهان جۆلا




**ناڵکردنی دەست و پێی گەنجانی کورد لەلایەن پاسدارانی ئێرانی و**
**دەبن بەخواردنی گورگ لەنیوەشەودا،**

**لەئەرز چەقاندن تامل و چەناگەیان**
**لەلایەن عەرەبە حەرەس قەومیەکان و**
**دەبن بەخواردنی گورگ لەنیوەڕۆدا،**

**بێ سەروشوێن کردنیان لەلایەن**
**سەربازانی حکومەتی بەعس و**
**دەبن بەخواردنی گورگ لەنیوەشەودا،**

**ئەمانە دەخزێنە نێو بەسەرهاتی**
**قوربانیانی عیشق لەنیوەشەوێکدا .**

**نووسینی/ بورهان جۆلا**
Burhan60jola@yahoo.com
Facebook.com// burhan60jola
٠٧٥٠١١٦١٣٢١ ، ٠٧٧٠١٤٦٢٧٤٦
**سلێمانی ٢٠٠٨**

زۆرجار دابونەریت دەبێتە بەربەست لەبەردەم کچ و کوڕانی عاشقانی نێو کۆمەڵگەو گوناهی لەگۆڕنانی خەونەکانی ئەوینی دەکەوێتە ئەستۆ. قوربانیانی عیشق لەولاتی ئێمەدا زۆرن، چەندین بەسەرهاتی جەرگبڕیان لێکەوتۆتەوەو بەمراد نەگەیشتوون. دوژمنانی چواردەوریشمان بەهیچ شێوەیەک دەستیان نەپاراستووە لێمان، خەونی چەندین گەنجی کوردیان خستۆتە ژێر گڵ .


- ناوی کتێب/ ژوانە گورگ
- بابەت/ سکرین چیرۆک
- ناوی نووسەر/ بورهان جۆلا
- تایپ/ باوان بورهان
- بەرگ/ باڤێل بورهان
- دیزاین/ مەهدی ئەحمەد
- تیراژ/ ( ٥٠٠ )
- ژمارەی سپاردن/ ( ١١٥٢ )ی ساڵی ٢٠٠٩

**بەسەرهات و رووداوە لەلایەن دوژمنەکانمان**

چەندین بەسەرهاتی گەنجانی عاشق، لەگەڵ چەندین پەلاماری جیاجیای دوژمنانی گەلی کورد بۆلەناوبردنی گەنجان و زڕاندنی خەونەکانیان، لەهەموو روویەکەوە بۆ دواکەوتنمان ترس و دڵەڕاوکێی دوژمنانی چواردەور خۆیان خزاندۆتە تەک یەکتر لەم دەقە ئەدەبییەدا.

- لەهەشتاکانی سەدەی رابوردوو دەسەڵات و بیری شۆڤینییەتی داگیرکەری باشووری وڵاتمان چەندین گەنج و لاوی کوردی خستە زیندان و بآسەروشوێنی کردن .
- لەلایەن شۆڤینییەتی داگیرکەری رۆژهەڵاتی ووڵاتیشمان چەندین کوڕی یەکەیەکەی میللەتەکەمان پێش چوونە بەرپەتی سێدارە ئازاری جەستەیی دراون، چەندین خێزانیش لەنێو خاکی خۆماندا ئاوارە بوون و ئاوهاش لەنێو سنورە دەستکردەکەی دوژمنانمان ژیان بەسەردەبەین .
- دوژمنانمان لەباکوور بەهەمان شێوە .
- دوژمنانی رۆژئاواش لەم سێیانە خراپتر نەبێ باشترنییە .

**قەبوڵکردن و سەیرکردنە لەلایەن خۆمانەوە**

گرفتی ئێمە لەوەدایە یەک دڵ ویەک گووتار نین، کارێکی قوڕسە ببین بەیەک هێز و یەک پارچە بۆیە ماڵی کورد بەشکراوە و هەرپارچەیەکیش دوژمنێکی سەرکێش و ناقۆڵا دەستی بەسەرداگرتووە، بەهەرحاڵ و هەرچۆنآ بێت بەیارمەتی دەرەکی و ناوخۆیی باشووری وڵاتمان کەمێک لەرەنگرێژی دوژمنی رەگەزپەرست و داگیرکەر پاککردۆتەوە.
بەبۆچوونەکانی خۆم توانیم ئەم چیرۆکە کەتێکەڵەیەکە لەتەمەنی دڵداری گەنجانی کورد و ڤینە سیاسیەکانی دوژمنانی کورد بەناونیشانێکی گونجاو (ژوانە گورگ) لەچوارچێوەی ژیانی دێهاتەکانی باشووری کوردستان لەم دەقە ئەدەبییەدا وێنا و ئامادە بکەم هەروەها چوار (شیعرە تابلۆ) بکەم بەتەواکاری ئەم ژوانە گورگە.
جووڵە دڕامیەکە لەسەرەتای رووداو تاکۆتایی بەسەر هێڵی گشتیدا بەکێش دەکەم، جارجارەش زەینی خوێنەر پەیوەست دەکەم بەلقەجووڵەکان کەبەهێلێکی باریکتر لەسەر هێلی گشتیی لادەداو دواتر بەپێچەوانەی دەرچوون بەسەر هەمان رێچکە دەیگەڕێنمەوە سەر هێلی کارای گشتیی، بێگوومان پەیوەندیەکی بابەتیانەی بەهێز لەنێوان هێلی گشتیی و هێلە باریکەکانی لقەجووڵەدا هەیەو هەرگیز لەم دەقە ئەدەبییەدا لەیەکتر جیا نابنەوەو بەدڵنیاییەوە دەڵێم تەواوکاری یەکترن و بەبێ یەکتر نەبوونی باشترەو دەقێکی نادەقی کرچ و کاڵ دەردەچێت.

**تێستێک بۆ ناساندنی**
**کات و شوێن و بەسەرهات و کەسێتیەکانی ئەم چیرۆکە**

زەمەنی ئەم چیرۆکە-:

زەمەنی میحوەری نێو ئەم دەقە ئەدەبیە بۆ رووداوە سەرەکیەکە لەسەر هێلی دڕامیدا ئاماژە بەشەوێک لەبەسەرهاتی تێکستەکەدا دەکات، واتا درێژی هێڵی زەمەن بەهەشت سەعات هاوتەریبی هێڵی کارای رووداو دەبێت، بەخزاندنی یادەوەری ساڵ وئێوێک ژیانی عیشقبازیی دوو گەنجی لادآ لەگەڵ تێهەڵکێشکردنی چەندین ساڵەی قینەبەرایەتی و کوشتن و بڕینی گەنجانی کورد لەلایەن دوژمنانمان بۆئێو (جووڵە بەسەرهاتەکانی) ئەم دەقە.

قورسایی بەسەرهات و رووداوە میحوەرییەکەی ئەم دەقە ئەدەبیە لەزستان و کۆتایی مانگی دوانزەی ساڵی (١٩٩٤)ـە کەرووداوی سەرەکی لەقاڵبی جوڵە دراوەو بەهاوسەنگی لەگەڵ دیزاینی گێڕانەوەدا کەدابەشکراوە بەسەر ساڵانی (١٩٨٨)و (سەرەتای ١٩٩٢)و (هاوینی ١٩٩٣)و (زستانی نێوان ١٩٩٣و١٩٩٤) (بەهار و هاوین و پاییزی ١٩٩٤)دا .

هۆکاری سەرەتای رووداوی ئەم بەسەرهاتە لەهاوینی ١٩٩٣دا لەچرکەساتی یەکتر بینی (دوو دڵدار) کەبەسەردانێکی خێزانیی چووبوون بۆ ماڵی یەکتر، بەڵام دواتر بەپێی فۆرم و پرۆسەی دابەشکردنی بەسەرهاتەکان کەبەسەر زەمەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم دەقە بڵاوکراونەتەوە ئەم (سەرەتا)یەم خستە نێو نەخشەی گێڕانەوە کەلەلایەن تاکە کەسێکەوە کەپاڵەوانی ئەم چیرۆکەیە دەگاتە وەرگر. دواجاریش بەهۆی سەختی و ترسناکی رێگای ژوانەکانیان و نزیکبوونەوەی دڵدار لەمەرگ....سەرجەم مەرگە سەپێندراوەکانی لای دوژمانی کورد بەرێچکەیەکی باریک بەپێی نەخشەو هێلکاری گێڕانەوە خۆیان دەخزێننە سەر هێلی کارای ئەم تێکستە، واتا ئەم دەقە ئەدەبیە تەنها یەک پاڵەوانی تیایە کەچەقبەستووی نێوان سەرجەم رووداوەکانە و لەزۆربەی بەسەرهاتەکان بەشدارە و هەرخۆشی تاکەکەسە لە بەرجەستەکردن و گێڕانەوەی گشت کارەساتەکان.

لەکاتی بەکێشکردنی زەمەنە سەرەکیەکە واتا تزیکەی هەشت سەعاتی نێو شەوێکی سەر هێلی درامی و تیایدا تاکە پاڵەوان ماندووی ململانێی نێوان مەرگ و ژیان دەبێت، هەر لەو شەوەدا گیراوی نێو تۆڕی خەیاڵ دەبێت بۆ لەقاڵبدان و لێکچواندنی مەرگی خۆی بەمردنی کۆمەڵێک کەسێتی نێو ئەم دەقە و زۆریش لەدووبارەکردنەوەی چارەنووسی ئەوێن دەترسێ.

شوێنی رووداوەکانی ئەم چیرۆکە-:

قورسایی شوێنی بەسەرهاتەکانی ئەم دەقە لەباشووری کوردستانە، بەشی زۆری لەناوچە سنوریە دەستکردەکانی نزیک حاجی ئۆمەران و خانەیە، بەهۆی تەکنیکی هێلکاری گێڕانەوە لەشێوەی (فلاش باک)دا بەشێک لە(شوێن) دەکەوێتە دێهاتەکانی ناوچەی کفری لەگەرمیان کەلەسەر هێلی گشتیی لەتێکست دەدرێ.

بەسەرهاتەکانی ئەم چیرۆکە بریتین لە-:

- جۆری پەیوەندی نێوان کیژان و کوڕان لەباشووری کوردستان و خۆشاردنەوە لەداب ونەرێتی کوردەواری .
- نەناسینی ماندوێتی لای گەنجانی عاشق و گیان بەخشین لەپێناوی یەکتردا.
- دژایەتی کردنی تاکی دوژمن بۆ تاکی کورد و دەرخستنی قینی ئەستووری سەرکردەکانیان بەرامبەر بەگەلی کورد.

کەسێتیەکانی ئەم چیرۆکە بریتین لە-:

یەعقوب

گەنجێکی لادێییە، تەمەنی بیست ساڵێک دەبێت، عاشقێکی سەرکێشە، ماندوو نەناسە، دوای مردنی سێ برای لەخۆی گەورەتر ئێستا تاقانەی ماڵەوەیە.

مەلاعەلی

پیاوێکی پیرە باوکی یەعقوب-ە، تەمەنی حەفتا ساڵێک دەبێت، دووکوری گورگ خواردوونی، کوڕە گەورەکەشی بەعس کوشتوویەتی.

بەیان

تاقە خوشکی یەعقوب-ە تەمەنی هەژدە ساڵێک دەبێت، لەماڵەوە زۆر یارمەتی دایک و باوکی دەدات، پەیوەندیشی لەگەڵ یەعقوب-دا وەک دوو هاوڕێ وان.

**ئایشێخان**

**دایکی یەعقوب-ە تەمەنی شەست ساڵێک دەبێت، پیرەژنێکی جەرگ سووتاوە و بەهۆی کاریگەری مردنی سێ کوڕی زۆر بێدەنگ و کەمدووە.**

**مام حەمەد قادر**

**پیاوێکی پیری دوکاندارە لەگوندەکەی ماڵی یەعقوب، تەمەنی حەفتا ساڵێک دەبێت، بێکەسە، ژنی نەهێناوە، لەگەنجییەوە دایک و باوکی مردوون، لەناوچەی گەرمیان دوو برای گورگ خواردوونی و ئێستاش لەگوندەکەی خۆی بەتەنها ماوەتەوە هەرلەنێو دوکانەکەیدا دەژی.**

**مریەم**

**کیژە گوندییەکی زۆر بەنازە، تەمەنی هەژدە ساڵێک دەبێت، زۆر عەییارە، دلبەرێکی ناوچەکەی خۆیەتی و ماڵیان لەگوندی ئەودیو گوندەکەی ماڵی یەعقوبە.**

**ترێ**

**خوشکە بچووکی مریەم-ە، تەمەنی چواردە ساڵێک دەبێت، کچێکی روح سووکە و زۆر مریەم-ی خۆشدەوێت و زۆریش یارمەتی دەدات.**

**مام خدر**

**دوکاندارێکی گوندەکەی ئەودیو گوندەکەی ماڵی یەعقوب-ە، تەمەنی حەفتا ساڵێک دەبێت باوکی مریەم و ترێ یە، کچەکانی زۆر خۆشدەوێت و خۆشەویستی و ناسیاویشیان لەگەڵ ماڵی یەعقوب-دا هەیە.**

**هەیبەت**

**پیرەژنێکی لادێییە تەمەنی پەنجا بۆ شەست ساڵێک دەبێت، دایکی مریەم و ترێ یە، کچەکانی زۆر خۆشدەوێت، خۆشەویستی و ناسیاویشیان لەگەڵ ماڵی یەعقوب-دا هەیە.**

**شنۆ**

**کچێکی هەرزەکارە، هاوڕێی مریەم-ە کەمێک فزوڵیە بەڵام روح سووکەو خۆشەویستیەکی تەواوی هاوڕێیەتی هەیە لەگەڵ مریەم-دا.**

**چەندین پیاو و ئافرەت**

**لادێیین لەگوندەکەی ماڵی یەعقوب تەمەنیان جۆراوجۆرە.**

**چەندین پیاو و ئافرەت**

**لادێیین لەگوندەکەی ماڵی مریەم تەمەنیان جۆراوجۆرە.**

**ناوی کەسێتیەکانی ئەم دەقە زۆربەیان خوازراون، بەناوی خۆشەویستانم وەک باوکم و خوشکم و هاوسەرەکەی و مناڵەکانییەوە دامناون.**

**پێش ئەوەی......................**

**بچینە سەر هێلی درامی واتا هێلی کارا یان ئەو هێلە سوورو دیارە کەبەرێکی لەسەر هێلی گشتیی ئەرکی ریزکردنی رووداوەکانی لەئەستۆدایە باروونکردنەوەیەک بخەمە بەردیدەی ئێوەی خوێنەری بەڕێز تاکو لەگەڵ سەرەتای چیرۆکەکە تووشی داچڵەکینی زەینی نەبن.**

**تێستێک وەک تایتڵە سەرەتایەک**

**سەرەتای ساڵی ١٩٩٢ـە وەرزیش بەهارە**

**وردەوردە گوندەکانی ناوچەی حاجی ئۆمەران لەئاوەدانکردنەوەدان**

**لەساڵی ١٩٩٢دا واتا ساڵێک دوای راپەرینەکەی باشووری کوردستان خەڵکی دێهاتەکان کەم تازۆر لەودیو سنوورە دەستکردەکان گەڕانەوە بۆ نێو گوندە وێران بووەکانیان و ئاوەدانیان کردنەوە .**

چەند گوندێک لەناوچەی حاجی ئۆمەراندا کەناوچەیەکی شاخاویە لەوساڵەدا ئاوەدانکرانەوە و خەڵکەکەشی وەکو جاران بەئاژەڵداری و کەمێکیشیان بەرەزوباخ و چاندنی دانەوێڵە خەریک بوون .

ماڵی مەلاعەلی لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو لەسەردەمی حکومەتی بەعس ئاوارەی ئەودیو سنووری ئێران بووبوون، ئەم خێزانە چەندجارێک لەلایەن حکومەتی بەعس گیرابوون و بەرەڵلاکرابوون، ئەویش بەهۆی یوسف-ی کوڕە گەورەیان کەبەجل و چەکی پێشمەرگایەتی لەماڵی خۆیان بەهۆی موختاری ناوچەکەیان گیرابو و بێسەروشوێن کرابو! خۆشیان لەلایەن حکومەتی بەعس زۆر بێزار بوبون، هەربۆیە بڕیاریەش بو وایلێکردن گوندەکەی خۆیان بەجێبهێڵن، لەشەوێکدا چەند پێداویستیەکی خۆیان کۆکردەوە و مەلاعەلی و ئایشێی خێزانی و بەیانی کچی و ئەیوب و کامەران و یەعقوب هەرشەشیان کەوتنە رآ بەرەو ئێران و ئاوارەیی.

مەلاعەلی مەلای مزگەوت نەبوو بەڵام پیاوێکی روو لەخوابو بۆیە لەگوندەکەی خۆیان بەمەلا ناوی دەرکردبو هەربەوناوەش لەژیانی ئاوارەیی نێو رۆژهەڵاتی کوردستان ناسرابو، هەرچەندە لەگەڵ کوردەکانی ئەوێ ئاشنایەتیان پەیداکردبو و خۆیان بەئاوارە نەدەزانی بەڵام لەژێر سێبەری حوکمڕانییەکی بێگانەدا لەوڕایە زۆر سەربەست نەبون.

چەند ساڵێک ژیانیان بەسەربرد لەشارەکانی سەردەشت و مەهاباد و چەند شوێنێکیتر، هەروەها لەگەڵ کوردەکان راهاتبون هەرچەندە حەزیشیان لەگەڕانەوە دەکرد بۆ گوندەکەی خۆیان چونکە بەهۆی کەمدەرامەتی لەژیانی ئەوێ بێزار بوبون .

لەبەهاری ساڵی ١٩٩١دا راپەڕین لەباشووری وڵات بەرپابو، ئەوێنیش وەکو چەندین خێزانیتر بڕیاری گەڕانەوەیاندا بۆ گوندەکەی خۆیان، چونکە لەودیو ژیانێکی مەمرەو مەژی-یان بەسەردەبرد بۆیە زۆر پەلەی هاتنەوەیان دەکرد، زۆریش حەزیان دەکرد لەوچەرمەسەریەی ئەوێ رزگاریان بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ساڵێکی تریش دوای راپەڕین لەوێ مانەوە دواتر لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٢بەیەکجاری بڕیاری گەڕانەوەیان داو تەدارەکی هاتنەوەیان بۆ شوێنەکەی خۆیان رێکخست.

هاتنەوەشیان چەندین کێشەی هەبو ....

دەبوایە چاوەڕێ بن تاپسوڵەی گەڕانەوەیان بۆ دەردەچێ، ئەمەش دەبوە هۆی دواکەوتنیان لەگەڕانەوە، پێویستبو ماوەیەکی زۆرتر بمێننەوە بۆ تەواوکردنی ئەوجۆرە مامەڵانەی نێو وڵاتی ئێران، زۆریش بێزاربون بۆیە لەهاتنەوە پەلەیانکرد و رێگای قاچاغی سنووریان هەڵبژارد بەرەو گوندەکەی خۆیان، ئەوەبوو لەشەوێکی بەهاری ١٩٩٢لەپێش نیوەشەودا لەسەر سنووری عیراق ئێران و لەنێوان شاری حاجی ئۆمەران و خانە کەهێشتا سەر ئەوشاخانە پڕ بوو لەبەفر لەلایەن پاسدارەکان دەگیرێن و لەرەبیەکەی خۆیان دەست بەسەریان دەکەن .

کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ـە وەرزیش زستانە

لەیەکآ لەگوندە شاخاویەکانی ناوچەی حاجی ئۆمەران....

گوندەکەیان ئاوەدانکردۆتەوە، خێزانەکان بەئاژەڵداری و کەمێکیش بەرەزوباخ خەریکن، یەعقوبیش گەنجێکی گوندە تازە ئاوەدانکراوەکەی خۆیانە، کورە بچووک و گەورە و تاقانەی مەلاعەلی-یە، خۆی و دایک و باوکێکی پیر و یەک خوشکی لەماڵەوە دەژین، دووبرای گورگ خواردوویەتی و براگەورەکەشی حکومەتی بەعس بآسەروشوێنی کردووە، لەماڵی خۆیاندا تەنها چوارکەس ماون و بەمەڕداری خەریکن، وەکو خێزانەکانیتر نزیکەی سێ ساڵێکە گەڕاونەتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان، ژیانی هەموو گوندنشینەکان وەکو ژیانی ئەوێن وا دەڕوات و هیچ جیاوازیەک نییە لەنێوانیاندا تەنانەت لەدەرامەتیشا جیاوازیان کەمە.

دوکاندارەکەی گوند

مام حەمەد پیاوێکی بەتەمەنە و ژنی نەهێناوە، لەم گوندە دوکانێکی بچووکی لەقوڕ دروستکراوی هەیە بۆ بژێوی رۆژانەی خۆی، شەوانەش هەر لەنێو دوکانەکە دەخەوێ و خەڵکی ئاواییش هەموویان خۆشیاندەوێ، گەنجان بەرۆژ دوای ئیش لێی کۆدەبنەوە بۆ بەسەربردنی کاتەکانیان، لەشەوانیشدا چواردەوری دەگرن بۆ قسەخۆشەکانی و ئامۆژگاریە چاکەکانی، هەر ئێوارە و خێزانێک خواردنەکەی مامەپیرە ئامادە دەکات چونکە خەڵکی ئەم گوندە هەمووی وەکو کوڕ و کچی مام حەمەد قادر-ن، خۆشەویستیەکی باوک و مناڵ لەنێوانیاندا دروستبووە، دوکانەکەی مام حەمەد قادر لەناوەڕاستی گوند دروستکراوە، ئەوشوێنەی گەنجان رازی دڵی خۆیانیان تیا هەڵدەڕژن بۆ یەکتر، ئەو دوکانەی چا گەرم وخۆشەکەی دەستە لەرزۆکەکانی مام حەمەد قادری تیا دەخۆنەوە، ئەو ژوورە بچووکەی تیایا کۆدەبنەوە بۆ

گۆڕینەوەی بیرو بۆچوونەکانیان، مەنزڵەکەی مام حەمەد قادر تاکە شوێنی گەنجانی ئەم گوندەیە، گەنجان دڵیان پێی خۆشەو هەر لەعەسرەوە دوای گەڕانەوەیان لەئیش و کارەکانیان لەوێ بەدەوری مامەپیرەی قسە خۆش ریز دەبەستن، دوای نانخواردنی ئێوارانیش جارێکیتر خۆیان دەکەن بەدوکانەکەی و لەچواردەوری دادەنیشن بۆ گوێگرتن لەهەقایەت و بەسەرهاتەکانی زەمانی پێشوو سەردەمی گەنجێتی و دەسەڵاتدارانی پێشوو.

پەیوەندی هەردوو گوندی ماڵی

مریەم و یەعقوب

خەڵکی ئەم گوندە لەگەڵ گوندێکیتری نزیک خۆیان ئاشنایەتیان هەیە، هەردوو دێ لەنزمایی دروستکراون، چەندین تەپۆلکە شاخ لەنێوانیاندا هەیە، بەهۆی سەختی ڕێگاوبانی ناوچەکە بەپێ هاتووچۆی یەکتر دەکەن و نزیکەی کاتژمێرێک لەیەکتر دوورن، هەندێک لەگوندییەکانی هەردوولا دراوسێیەتیان زۆر نزیکە لەیەکتر ئەویش بەهۆی ڕەزوباخەکانیان کەبەتەنیشت یەکتر و لەنێوان هەردوو دآ لەدامێنی تەپۆلکە شاخەکان دروستکراون، زۆرجاریش لەگەڵ یەکتر بەروبوومەکانیان ئاڵ وگۆڕ دەکەن .

لەوگوندەی ئەودیویش چەندین خێزانی تیا دەژی لەنێوانیاندا خێزانێکی بەختەوەر هەیە ئەویش ماڵی مام خدری دوکاندارە، ئەم پیاوە لەگەڵ ژنەکەی تەنها دوو کچیان هەیە بەناوی مریەم و تریَ، زۆریان خۆش دەوێن، مریەم نۆبەرەیەو تریَ-ش کچە بچکۆلە و ژیکەڵەی ماڵەوەیە .

ساڵ و نیوێک دەبێت مریەم-ی ئەودیو و یەعقوب-ی ئەمدیو لەگەڵ یەکتر دڵیان گۆڕیوەتەوە ئەویش لەهاوینی ١٩٩٣ لەسەردانێکی خێزانیدا چاوە ڕەشەکانی ئەو کچە لادێیە ئەقڵیان لەسەری یەعقوبی گەنج نەهێشتبوو بەڵام بەهیچ شێوەیەک نەیانهێشتووە کەس بەوئهێنییە بزانێ، چونکە مریەم کچێکی زۆر عەییار و مەکربازە هەرئەوەشە وای لەیەعقوب-ی گەنج کردووە زمانی بگرێ و لای کەس باسی پەیوەندیەکەیان نەکات .

عەییارباشی مریەم

لەزۆربەی ژوانەکانیاندا مریەم بەنازەوە پەنجە خەناویە پڕ هەڕەشەکانی بۆ بەرز دەکاتەوە کەنابێ ئەم پەیوەندییە بدرکێنآ، خۆ یەعقوبی دڵداریش نەک هەربەقسەی دەکات بەڵکو بەقوربانی دەست و پەنجە سوورەکەشی دەبێت و چەندجارێکیش ماچی دەکات، ئەو عەییارەش ئەوەندەیتر نازەکانی قورس دەکات و زیاتریش سواری کۆڵی ئەم گەنجە لادێیە دەبێت، ئەم کچە لادێیە بەجوانییە وردیلەکەی دەنازێ و دڵی ئەم گەنجە گوندیەی هێناوەتە لەرزە، پەیوەندیەکی روحی لەنێوانیاندا دروستبووە، ئەم گەنجەش بەردەوام وەک قەڕابەیەک شەرابی خواردبێتەوە وایە بۆیە بۆ ژوانێکی ئەو کچە دێهاتیە چاوبازە بەزستان و سەرما ئەو شاخ وداخە دەبڕآێ. کیژەکەی مام خدری دوکاندار زۆر نازوفیز دەکات بەسەر یەعقوبی گەنج، هەرتەنها لەوەرزی زستانیشدا دەچنە ژوان و ئاوێزانی یەکتر دەبن.

ژوانی مریەم و یەعقوب

تەمەنی پەیوەندی ئەم دوو گەنجە لادێیەی زۆر کۆن نییە، تەنها یەک وەرز لە زستانی سەرەتای ١٩٩٤ لەقەدو باڵای یەکتر ئاڵاون. کۆتایی ١٩٩٤یش یەکەم شەو لەدووەمین زستاندا بەرەو ژوان دەبنەوە، شێتەی دڵدار ئالەم شەوی زستانەدا لەم سەرما و بەفرەدا بەتەمایە هەروەکو ژوانەکانی زستانی پێشوو بەپێ لەگوندەکەی خۆیانەوە بچێ بۆ گوندەکەی ماڵی دولبەرە مەکرباز و عەییارەکەی، ئەم چوونەش سەرەتای دروستبوونی هێلی گشتیە .

سەرجەم

چاوپێکەوتنەکانی یەعقوب و مریەم

دوو دڵداری مراد خواز، دوو دڵداری ڕەنجەدەر، دوو دڵداری دڵ ناسک، دوو دڵداری هەردوو گوندی ئەمدیو ئەودیوی شاخێکی کوردستان، لەتەمەنی ساڵ ونێوێکی دڵداریاندا تەنها چەند جارێک بەبینینی یەکتر شادبوون، تەنها لەچەند زەمەنێکی کورتدا یەعقوب چاوە ڕەشەکانی مریەم-ی ماچ کردووە، تەنها چەند کەڕەتێک مریەم-ی عەییار نازەکانی کردۆتە کۆڵی یەعقوب-ی گەنج، ئەویش لەکاتەکانی-:

- هاوینی ساڵی١٩٩٣ ماڵی یەعقوب بەسەردانێکی خێزانی دەچن بۆ ماڵی مریەم، لەم بینینەدا بۆ یەکەمجار دڵیان لەلێدانی ئاسایی دەردەچێ، خێراتر باڵ دەگرن و رووەو یەکتر هەڵدەفڕن، کە غەزەلە سەرنجەکانی یەعقوب

**لەگۆشەی چاوە ڕەشەکانی مریەم دەگیرسێتەوەو ئەوکچە عەبیارەش توند لەئامێزی دڵە مەکربازەکەی دەگرێو هەرلەوێوە چاوە تیلە لێهاتووەکەی دڵی ئەو کوڕە گەنجە دادەخورپێنآ و بەمشێوەیە یەکتری دەناسن.**

- **سەرەتای ١٩٩٤ لەو زستانەدا یەعقوب چەند شەوێک لەگوندەکەی خۆیانەوە بە پێ دەچێت بۆ گوندەکەی ئەودیویان بۆ ژوانی مریەم.**
- **بەهاری ١٩٩٤ یەعقوب و مریەم دیسانەوە چاویان بەیەکتر دەکەوێ، ئەویش لەشەوهەڵپەڕکێی گوندەکەی ماڵی مریەم بۆئەوەی لەزەماوەندێکی ئەوێدا کەمێک بۆنی یەکتر بکەن و شان لەشانی یەکتر بخشێنن و سرەوت بەگیانیان بدەن.**
- **هاوینی ١٩٩٤ مریەم لەگەڵ خێزانەکەیدا سەردانی ماڵی یەعقوب دەکەن بۆ سەرخۆشی مردنی کامەران-ی برای کە لەناوچەی کفری گورگ خواردبووی.**
- **لەپاییزی ١٩٩٤ دا جاریکیتریش مریەم لەگەڵ حێزانەکەی دێنەوە بۆ ماڵی یەعقوب، بۆ ئەوەی هەیبەتی دایکی مریەم کەمێک دڵنەوایی ئایشێخانی دایکی یەعقوب بکات بەبۆنەی تێپەڕبوونی چەند مانگێک بەسەر مردنی کامەرانی کوڕی، جارێکیتریش لەوێ ئەو دوو عاشقە چاویان بەیەکتر دەکەوێت.**
- **کۆتایی ١٩٩٤ کە تەنها دە (١٠) ڕۆژ زستانی بەردەکەوێ، یەکەم ڕۆژە لەدووەم و دوا ژوانی ئەو دوو دڵدارە، هەموو قورسایی هێلی گشتیی درامی لەم کاتەدا دەستپێدەکات و بەرەو کۆتایی دەڕوات، واتا من وەکو نووسەری ئەم چیرۆکە لە ١٩٩٤/١٢/٢١ ئەم چیرۆکەتان بۆ دەگێڕمەوە و هەرلەهەمان زستاندا هێلی گشتیی بەرلەوەی بگاتە ساڵی ١٩٩٥ لە ١٩٩٤/١٢/٢٢ کۆتایی دێت.**

**خوێنەری بەڕێز....**

**لێرەوە سەرەتای هێڵی گشتیی ڕووداو وبەسەرهات دەستپێدەکات، ئاگاداری خاڵی دەستپێکردن بە .**

**کات و شوێنەکانم دیاری کردووە، خاڵی کۆتاییشم نیشانکردووە. تەنها زەمەنی شەوێک بەسەرهاتەکانی سەرهێڵی کارای ڕووداوەکان کۆدەکاتەوە، هێلی گشتیی لەگەڵ یادەوەری چەند ساڵێکی بەسەرهاتەکانی تەنیشت خۆی وەک لقەجوڵە بخزێنە نێو زەینی خۆت .**

**لەشەوی ١٩٩٤/١٢/٢١دا بەپێی پرۆسەی دیزاینی گێڕانەوە بەرەو کۆتایی دەق دەتانبەم، بەڵام جارجار دەتانگەڕێنمەوە بۆ ساڵانی پێش شەوی ١٩٩٤/١٢/٢١، بەمەرجێک هەموو فلاش باکەکان پەیوەستن بەهێلی گشتیی درامی و هەروەها پەیوەندیەکی بابەتیانەیان لەگەڵ یەکتردا هەیە.**

**دەفەرموون....**

**سەرەتای تێکست**

**لە١٩٩٤/١٢/٢١دا، دەکاتە یەکەم ڕۆژی زستان کەنزیکەی ماوەی ساڵێکە یەعقوب ئامادەیە بۆ دووەم ژوانە چاوەڕوانکراوەکەی، بۆ بۆنکردنی عەتری قژی خاو و سنگ و گەردنی مریەمی نازدار، بۆجارێکیتر چوونە ژێر باری نازیلەکانی مریەمی عەبیار .**

**هەرچەندە سەرەتای زستانەو ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژە چوونەتە نێو ئەم وەرزە، بەڵام لەو ناوچە شاخاویانەدا لەپێش کۆتایی وەرزی پاییز دەچنە نێو سەرماو سۆڵە و هەرزووش بەفر دەبێرێت، بۆیە هەرلەکۆتایی هاوین و سەرەتای پاییز دەکەونە کۆکردنەوەی دارو چیلکە تاکو لەسەرما شاخاویەکەدا وەک سووتەمەنی بەکاری بهێنن و ماڵە لەقوڕ دروستکراوەکانیان گەرم بکەنەوە.**

* * *

**خوێنەری بەڕێز لێرەدا خاڵی سەرەتای هێلی گشتیی دەست پێدەکات........**

**کات/ سەرەتای شەوە**

**یەکەم ڕۆژی زستان ١٩٩٤/١٢/٢١**

**لەنێو دوکانەکەی مام حەمەد قادر، لەگوندەکەی ماڵی یەعقوب**

ئەمشەو دونیا زۆر ساردە، ناو دا بارانە و رەشەبایەکی زۆر توندی لەگەڵدایە و هەرچی گیانلەبەر هەیە هەر هەمووی خۆیان خزاندۆتە کون و کولانەکانی خۆیان، یەعقوب لەگەڵ گەنجانی گوندەکەی خۆیدا دوای نانخواردنی ئێوارەیان وەکو زۆربەی شەوانیتر لەدەوری مام حەمەد قادری دوکاندار کۆبوونەتەوە بۆئەوەی کات بەسەرببەن، گشت گەنجەکان کەوتوونەتە پەنایەکتر و چاویان بڕیوەتە دەمی مامەپیرە .

مام حەمەد بەسمێڵێکی سپی زەردهەڵگەڕاو و ڕیشێکی سپی ویقار پەخش دەکات، بۆ یەعقوب و چەند گەنجێکیتر دەگێڕێتەوە کەکاتی خۆی گەنج بووە هەرزوو دایک و باوکیان مردووە، ئەوێنیش سێ برابوون و کۆچیان کردووە بۆ ناوچەی گەرمیان تاکو بژێویەکی باشتریان دەستبکەوێ و خۆیان لەمەینەتی ژیان رزگار بکەن.

یەعقوب لەنێو گەنجەکان بۆ گوێگرتن لەچیرۆکەکانی ئەمشەو بەرامبەر مام حەمەد دانیشتووە، بەڵام لەگەڵ گەنجەکانیتر جیاوازی هەیە چونکە زیاتر لێو بەبێری عیشقی پێوەدیارە هەربۆیە لەگەڵ ئەو ئازارانەدا دەژی کەمامەی دوکاندار تادرەنگی شەو بۆیان دەگێڕێتەوە....زۆریش پەلەیەتی دانیشتنەکەی نێو دوکانەکە کورتبکاتەوە تاکو زووتر بگاتە نیوەی شەو، لەوکاتە درەنگەشدا ڕێگا سەختەکەی ژوان بگرێ و جارێکیتریش وەکو زستانی پێشوو ئاوێزانی باڵای مریەم بێتەوە، نزیکەی ساڵێکە چاوەڕوانی ئەمشەو دەکات لەوێش چەند جارێک چاوەکانی ترێ ماچ بکات، چونکە زۆر یارمەتی مریەمی خوشکی دەدات بۆهاتنە دەرەوەی لەشەوێکی ئەوهادا .

یەعقوب ئەمشەو تەنها بەلەش لەگەڵ هاوڕێکانیدا لەدوکانەکەی مام حەمەد دانیشتووە، وەکو ئەوێنیش هەناسەکانی مەلەدەکات بەنێو دوکەڵە چڕەکەی ژوورەوە....خۆ هەموو هەستەکانی لای کاتژمێرەکەی دەستیەتی کە چرکە دوای چرکە لەشەوگارەکەی یەعقوب کەم دەکەنەوە و وادەی ژوانی بۆ نزیک دەکەنەوە، ئێستا ئەم گەنجە بیرەکانی لەژێر کۆنترۆڵی خۆی نییە، لێدانی دڵ و چرکە ژمێرەکەی دەستی بەردەوام ئاڕاستەکانی زەینی دەگۆڕن بەرەو دێکەی ماڵی مریەم، مامەپیرەش بەدەم چالێنان خەریکی گەشکردنەوەی خەڵوزو گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانییەتی .

مەلاعەلی پاسەوانی مەڕەکانی

یەعقوب ئەمشەو بۆ پاسەوانی مەڕەکانیان دەستی بەتاڵە، نۆرەی باوکیەتی لەماڵەوە بەوکارە هەڵسێ چونکە لەگەڵ باوکیدا هەرشەوەو یەکێکیان لەنێو مەڕەکان دەخەون لەترسی گورگ! ئەمشەو یەعقوب لەگەڵ هاوڕێکانیدا لەنێو دوکانەکەی مام حەمەد کات بەسەردەبێت تاکو نیوەشەو.

نێو دوکانەکەی مام حەمەد

دوکانەکەی مام حەمەد زۆر گەرمە، سۆبای دار، مەقاڵی خەڵووز، جگەرەی خۆی و گەنجەکان، هەموو ئەمانە لەنێو چوار دیواری قوڕدا کۆبوونەتەوە بنمیچەکەش چەند دارەڕایەکی رەش هەڵگەڕاو و لەچەند شوێنێکیش دەزوولەی رەش هاتۆتە خوارێ دیوارەکانیش چەند دەلاقەیەکی قووڵی تیایە و رەشی چرا نەوتیەکەش لەدەستە ڕاستی شوێنی دانیشتنەکەی مامەپیرەی ڕیش سپی دیارە .

دوکانەکە دەرگایەکی داری هەیە و یەکسەر لەسەر کۆڵانە، ئەگەر لەدەرەوە لەکاتی شەو سەیری درزەکان بکەی بەهۆی رووناکی چراکە ژوورەوە دەبینی، مامەپیرەش مەجلیسی زۆر گەرمە و بەردەوامە لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی، هەندێ کات یەعقوب سەیری دەمی مام حەمەد دەکات بەڵام دەنگەکانی مریەم-ی دولبەر لەگوێچکەیدا دەزرنگێتەوە، کاتی واش هەیە لەنێو قەرەباڵغیەکی وادا گوێی لەهیچ شتێک نییە، وێنەکانی بەرچاوی مامەپیرەو گەنجەکانی هاوڕێیەتی بەڵام دەنگەکانی مریەم و ترێ بەگوێچکەیدا گوزەر دەکەن و تێدەپەڕن بۆیە ئەم گەنجە عاشقە لەژیانی ئاسایی و هەروەها لەنێو دوکانەکەی مام حەمەد-یش بەردەوام ژوانەکانی زستانی رابردووی لەبەرچاوە چ وەک زۆری خۆشەویستی بۆ مریەم یان وەک تامەزرۆیی راموسانەکانی نێو باوەشی ئەو کچە لادێییە .

دڵ عەقڵی نییە....

گەنج وەکو ئەو تەمەنەی ئێستای یەعقوب هێندە ئاقڵ نییە تا دان بەخۆی بگرێ و نهێنی رازەکانی دڵداری لای کەسێک باس نەکات، بەڵام لەناوەڕۆک و داهاتووی خوێندنەوەی ئەم دەقەدا بۆتان دەدوێم و دەیخەمە زەینتان کەکاریگەری عەییارباشی مریەم چەندە لەسەر ئەم گەنجە هەرزەکارە بۆ شاردنەوەی نهێنی عیشقەکەیان، هەرچەندە مریەم-یش لەهەمان تەمەندایەو بگرە بچووکتریشە بەڵام لەتەمەنی گەنجێتیدا کچان بەبەراورد لەکوڕان زۆرزانترو عەییارترن .

❊ ❊ ❊

**جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێڵێکی باریکتر،**
**دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........**
**لە دوکانەکەی مام حەمەد، یەعقوب دەفڕآ و دەچێتە دونیای خەیاڵ**
**بۆ یەکێک لەشەوژوانی زستانی سەرەتای ١٩٩٤**

**یەکآ لەشەوە سەرما و تاریکەکانی زستانی ١٩٩٤دا یەعقوب و مریەم لەگوندەکەی ئەودیو لەبەردەم دوکانەکەی مام خدری باوکی مریەم بەیەکەوە وەستاون، بەردەمی ئەم دوکانەی مام خدر ژوانگە تاریک و ساردەکەی ئەم دوو عاشقەیە . مریەم هەردوو دەستە خەناویەکەی کردۆتە ملی یەعقوب، ئەویش دەستەکانی ئالاندۆتە کەمەری ئەو کچە عەییارە لادێییە و تێروپڕ ناودەمی یەکتر هەڵدەمژن....یەعقوب-ی گەنج جارجارە دەستەکانی دەدزێتەوە و دەیبات بۆ نێو سنگ و مەمکی ئەو کچە چاوڕەشە، بەلآم دولبەری عەییار هەرزوو بەملچەیەک لێوەکانی لەنێو دەمی دەردەهێنێ و دوای زللەیەک بۆ پەنا گوێی دووبارە باوەش دەکەنەوە بەیەکتر و دەمی هەردووکیان لەناو یەکتردا وون دەبێت.**
**دوای کەمێک مریەم دەمی لەماچەکە بەردەدا و بەپەنجەکانی هەڕەشە لەو دڵدارە گەنجە تازە پێگەیشتووە دەکات و بەهەزاران باریش نازوفیز دەکات بەسەریدا .**
**-نامەوآ کەس پێمان بزانێ! باش....؟!**
**ئەو گەنجە گێژوحۆلبووەش بەردەوام سەیری دەم وچاوو سنگی دولبەرەکەی دەکات و بەسەریش یەک لەسەریەک ڕەزامەندی پێشکەش دەکات، لەپڕ دێتە قسەکردن .**
**-باشە بەقوربانت بم.**
**دەچنەوە باوەشی یەکتر و توندتوند یەکتری دەکوشن، بەساقەو بەقوربانی یەکتر دەبن، لەیەکتر دەڕوانن، ماچی یەکتر دەکەن، زۆریشیان بەلاوە خۆشە بەبێدەنگی بچنەوە خەڵوەتی ماچەکان و سنگ بنێن بەسنگی یەکتر، دوای تاوێک مریەم بەناز و فیزێکەوە دێتە قسەکردن-:**
**-دەزانی ئەو رۆژە شنۆی هاوڕێم چی دەگوت ؟**
**یەعقوب سەیری مریەم دەکات و چاوەڕێی دەکات قسەی بۆ بکات .**
**-ئەم ....**
**بامن وەکو نووسەری ئەم دەقە بۆ ئێوەی خوێنەر روونبکەمەوە، شنۆ لەگەڵ دەستەیەک کچانی هاوڕێی لەماڵی مریەم دانیشتبوون و چی بەمریەم ووت؟ لەهەمان کاتدا دەمەوێ و ئومێدم وایە شێوەی گێڕانەوەکەم یان روونتر بڵێم هێلکاری لەدیزاینی گێڕانەوەکەم لەنێو ئەم دەقە ئەدەبییەدا کاریگەری وای هەبێت لەخەسڵەتی خوێنەر دەرت بهێنآو بتکات بەبینەر، تابەشێوەیەکی بەرچاوتر هەست بەکات و شوێن و سەرەتاو کۆتایی رووداوەکان بکەیت، هەربۆیە من داهێنەری (سکرین چیرۆک)م و دەمەوێت خوێنەر بکەم بە بینەر -:....**
**ئەوەتا دەستەیەک لەکیژانی گوند بەیەکەوە لەماڵی مریەم دانیشتوون، قسەو باس و پێکەنینی خۆیان دەکەن، ترێ لەنێوانیان دانیشتووە دەنگیان نایەت تەنها دەمیان دەجووڵآ چونکە پانتایی ژوورەکە بەموزیکێکی ناسکی رەنگ کچانە داپۆشراوەو هاوتەریبە لەگەڵ قریەوە بچووک و ناسکەکانیان، ئەم دیمەنەش دەکەوێتە سەر سکرینی رۆئیای یەعقوب لەنێو دوکانەکەی مام حەمەد .**
**شێوەی پێکەنین و جووڵەی دەست و قاچە خەناویەکانی ئەو کیژە لادێییانە لەخۆیدا حیوار و جووڵەی گوزارشتێن بۆ ئەو شەوە ساردەی کەئەم دوو دڵدارە لەبەردەم دوکانەکەی مام خدر بەبێدەنگی بەیەکەوە وەستابوون، دولبەر خانیش چۆنییەتی پرسیارەکانی شنۆی هاوڕێی کەلەخۆی عەییارترە بۆ یەعقوب دەگێڕێتەوە.**

❊ ❊ ❊

**لقە جووڵە......**

**پرسیارەکانی شنۆی عەییار**

**لەناو قریوەی کچانی لادآ لەماڵی مریەم**

**ژوورەکەی مریەم و تری لێوانلێوە لەنازی ئەو کچە عەییارانە، عەتر، پێکەنین، تریقانەوەی بەپشتا کەوتوو، جلی رەنگاورەنگ، هەمو ئەمانە لەسەر سکرینی روئیای ئێوەی خوێنەر بەموزیکێکی زۆر ناسک رووپۆش دەکەم .**

**ئەوێ شانەو ئاوێنەکەش بەردەوام بەسەریاندا دەسورێتەوە، هەریەکێکیان لەوەیتری وەردەگرێ دوای تێرامان پڕبەپڕی ئاوێنەکە خۆی ماچ باران دەکات، بەراکێش راکێش لەیەکتریی وەردەگرنەوە چونکە کچان حەزدەکەن ئەو پارچە شووشەیە زیاتر لەلایان بمێنێتەوەو زۆرتر سەیری خۆیان بکەن .**

**لەپڕ دەنگی موزیک دەپچڕێت و کەمێک بەکزی دەنگی پێکەنینی ئەو کچانە دەگاتە گوێمان، شنۆ لەنێوان کچانی هاوڕێیدا روو دەکاتە مریەم-ی جوانکیلە و بەپێکەنینەوە دەکەوێتە پرسیار -:**

**-شنۆ/ (بەپێکەنییەوە) تۆ لەگەڵ کوڕێک دڵت گۆڕیوەتەوە....وانییە؟**

**-مریەم/ (بەپێکەنین و نازو فیزەوە) نەخێر ناشیرین، ئەو پرسیارانە چیە؟!**

**-شنۆ/ (بەگاڵتەوە) بەخوا مریەم تۆ زۆر عەییاریت.**

**-مریەم/ (بەگاڵتەوە) ئەی خۆت؟**

**-شنۆ/ (بەپێکەنین وگاڵتەوە) بەخواااا....هەرچەند سەیرت دەکەم، لەچاوەکانتدا دیارە شتێکت لەدڵدایە.**

**-مریەم/ (هەر پێدەکەنآ) تۆ گەلێک زۆرزانی.**

**-شنۆ/ (بەپێکەنین وگاڵتەوە) عەییاری زۆرزان ئەو هەموو موروو عەتعەتۆکە چیە بەیەخەتەوە؟ سەیری دەستی عەییارخان کەن تا ئانیشکی بازنی تیایە .**

**-مریەم/ (بەپێکەنین وگاڵتەوە) ناشیرین تۆش وایت.**

**کچەکان بەگاڵتەکردنی هاوڕێیانەی خۆیان لەگەڵ تێکەڵاو بوونیان بەدەنگی موزیک سەیری روخساری مریەم دەکەن، دەست وپەنجە و سنگ و بەرۆکی پڕن لە بازن و موستیلەو ملوانکە، چەندین مورو و مەرجان و چەند کوژەکەیەکیشی پێوەیە، دوای چەند پێکەنین و یاریکردنی خۆیان دووبارە شنۆ لەگەڵ پچڕانی موزیک پرسیاری لێدەکاتەوە-:**

**-شنۆ/ عەییار پێت نەوتین ئەم کوژەکەو چاووزارە چین؟**

**کچەکان سەیری مریەم دەکەن و پێدەکەنن.**

**-مریەم/ مەیمونانە ئەمانە بۆ چاووزار هەڵمگرتون (سەر بائەداو وەک نازکردنێک پێدەکەنێ) تانەبم بەچاوەوە.**

**-شنۆ/ ئەی....ئەی....چەند عەییاریت.**

**کچە چاوبازەکان تێکڕا پێکەنینیان ئاوێتەی موزیکە گوزارشتیەکە دەکەنەوە، دواتر بەگاڵتەوە پەلاماری مریەم و شنۆ دەدەن، دەکەونە گاڵتەجاڕی کچانەی خۆیان، ترێ چڵە نێرگزێکی بچکۆلەیەو خۆشەویستی هەموویانە بۆیە هەرسات لەباوەشی کچێکە.**

* * *

**گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........**

**کات/ سەرەتای شەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤**

**یەعقوب لەخەیاڵ دەردەچێ و دەگەڕێتەوە نێو دوکانەکەی مام حەمەد**

**یەعقوب لەگەڵ پێشکەشکردنی (چا) لەلایەن مام حەمەد لە خەیاڵی رەنگاورەنگ و ماچی مریەم و قریوەی کچانی سەوزو سور دێتە دەرەوە، دوای داچڵەکین لەگەڵ (چا) وەرگرتن لە مامەپیرە دێتەوە نێو گەنجانی هاوڕێی، بەیادی ئەو لەززەت و خۆشیەی لای مریەم زەردەخەنە لەرووی نابڕآ، کەمێک سەر دادەنەوێنآ تاپێکەنینەکەی بشارێتەوە و کەس پرسیاری لێنەکات، پاشان بەیادی مڵچەی ماچەکانی مریەم فڕەفڕ (چا) گەرمەکە دەخواتەوەو کەسیش لەهاوڕێکانی ئاگادارنین.**

**مامەی دوکاندار هیچ کات نییە بێ جگەرە بێت، شەوانە بەسەرهاتی سەیریان بۆ دەگێڕێتەوە، بەسەرهاتی واش هەیە چەندین شەوی دەوآ بۆ تەواو بوونی، چەندین بەسەرهات و چیرۆکی گوێ ئاگردانی ئاوهای لایە، ئەمشەویش بەسەرهاتەکەی خۆی و براکانی بەرجەستە دەکات....دوکانەکەش پڕە لەدوکەڵی جگەرە .**

یەعقوب لەپێکەنین و خەیاڵە خۆشەکانی مریەم دەرچووەو سەرلەنوێ لەگەڵ هاوڕێکانی گوێی گرتووە بۆ قسەکانی مامەپیرەی ریش سپی .

مام حەمەد خەڵکی ئەم گوندەیە کەئێستا بەیەکەوە تیای دانیشتوون، هەرلێرەش لەدایک بووە، بەڵام دوای مردنی دایک و باوکیان لەگەڵ دووبرایتری بەهۆی کەمدەرامەتی و قورسی ژیانیان لەساڵی ١٩٦٣ لەناوچەی گەرمیان نیشتەجێ دەبن، پاش ئەو کارەساتەی بەسەریان دێت مام حەمەد هەر هەمان ساڵ بەتەنها دەگەڕێتەوە بۆ ئەم گوندە، ئەم پیاوە پیرو بێکەسە تەمەنی لەهەڵکشاندایە و هەتا ئێستاش ژنی نەهێناوە .

-مام حەمەد قادر/ ساڵی ١٩٦٣ بوو....ئێمە سێ برا بووین دایک و باوکمان هەرزوو مردن (کەمێک دەوەستآ) خوا لێیان خۆش بێت....لێرە کارمان دەستنەدەکەوت چووین بۆ ناوچەی گەرمیان، لەنێوان هەردوو شاری کەلارو کفری لەگوندێک خانوێکی بچکۆلەمان گرت و تیایا ژیانمان بەسەر دەبرد....هەرسێکمان بەیەکەوە ئیش وکارمان دەکردو لەژیاندا هاوبەش بووین....برا گەورەکەم لەگوندێکی نزیک خۆمان عاشقی کچێکی گەرمیانی بوو، بەڵام برا بچووکەکەم زۆر مناڵ بوو .

گەنجەکان تێکڕا دەمیان داچەقاندووە بۆ گوێگرتن لەبەسەرهاتەکانی ئەو مامەپیرەیە ....

-مام حەمەد قادر/ برا گەورەکەم زۆربەی شەوان بەپێ ئەوڕێگا دوورەی نێوان هەردوو گوندی دەبڕی بۆ بینینی ئەو کچە....چەند جارێکیش هەرسێکمان چووین بۆ ماڵی ئەو کچە....ئاخخخخخ ئەوشەوە دوا جار بوو چووین بۆ داوای ئەو کچە، خۆزگە لەوێ هەرسێکمانیان قۆڵبەست بکردایەو تابەیانی نەیانهێشتایە بڕۆینەوە .

* * *

لقە جووڵە

بۆ سەر سکرینی خەیاڵی مام حەمەد قادر......

هەرسێ برا لەوماڵە گەرمیانییە دانیشتوون، دەم وچاویان کەمێک گرژە چونکە دەزانن باوکی کچەکە پێیان رازی نابێت، لەنێو مەجلیسی ئەو خێزانە گەرمیانییە باوکی کچەکە دێتە وەڵام-:

-باوکی کچەکە/ کچەکەم نادەم بەئێوە، چونکە هەرکاتێک بێت دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەی خۆتان....کچەکەم دووردەکەوێتەوە.

* * *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی لەدوکانەکەی مام حەمەد قادر......

بەم شەوە ساردە کەنزیکەی کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ە و مام حەمەد لەنێو دوکانەکەی خۆی بەدەم جگەرە کێشانەوە بەردەوامە لەگێڕانەوەی سەرگوزشتەی خۆی و براکانی بۆ گەنجەکان، ئەوێنیش هەرهەمووی عاشق و لێوبەبێرن بۆیە حەزیان لەگێڕانەوەی سەربوردەی وایە.

-مام حەمەد قادر/ وەرزی هاوین بوو....بەڕۆژ پیاو هەمووی لەسەر ئیش وکاربوون، ئێوارانیش دەگەڕانەوە بۆ نێو ماڵەکانیان....ئەو شەوەی باوکی کچە گەرمیانییەکە بەڕێی کردین بۆ گوندەکەی خۆمان، برا گەورەکەمان دڵی زۆر تەنگ بوو .

کوڕانی نێو دوکانەکەی مامەی چیرۆکڤان ئەبڵەق دانیشتوون و گوێیان هەڵخستووە بۆ قسەکانی، چاوەڕوانن کەی و چۆن چۆنی برا گەورەکەیان ئەو کچەی هێناوە و بەچ شێوەیەک بەیەکتر گەیشتوون؟ بۆیە حەز لەبەدواداچوونی ئەم عیشقەی برا گەورەکەی مام حەمەد دەکەن چونکە هەریەکێک لەوێن دڵێکی هەیە، هەرلەدەم وچاویانەوە دیارە کە چۆن و بەچ شێوەیەک لەمام حەمەد دەڕوانن.

-مام حەمەد قادر/ شەوێکی شووم بوو....ئەوشەوە دوا شەو بوو، ئێمەش بەهەناسە ساردی و دڵێکی ناخۆش دەگەڕاینەوە بۆ گوندەکەی خۆمان....ئاخخخخ.

* * *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێڵێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

**کات/ شەو/ هاوینی ساڵی ١٩٦٣ ناوچەی گەرمیان**

**هەرسێ برا بەیەکەوە لەدێکەی ماڵی کچەکە بەرەو دێکەی خۆیان دەگەڕێنەوە، وەرزی هاوینەو ڕێگاکەشیان تەختاییە و ترسی هیچیشیان نییە، شارەزاییەکی چاکیشیان هەیە چونکە ئەمە چەندین جارە بەم ڕێگایەدا دەڕۆن و ماوەیەکیشە لەم ناوچەیە دەژین، بەمشەوە هەرسێکیان وردەوردە بەپێ لەنێوان ئەو دوو گوندە بەسەر ڕێگا خۆڵەکە دەڕۆن، ئاخ لەو شەوە، ئاخ بۆ بێکەسی ئەو سێ برایە، هەرسێکیان بەسەر سوڕمانەوە سەیری بەردەمی خۆیان دەکەن! چی دەبینن؟!**

**لەدوورەوە چەند خێمەیەک بەدیدەکەن! خۆ سەر لەئێوارە بەوێدا ڕۆیشتن هیچ شتێکی وای لێنەبوو! ناشزانن لەکاتی گەڕانەوەدا ئەم خێمانە چیە؟! چۆن هاتوون بۆ ئەوێ؟! بۆچی لەوێ هەڵیانداوە؟! وردەوردە بەسەرسامیەوە لێیان نزیک دەبنەوە تائاستی دەستەو یەخە! عەرەبی خوارون هاتوون لەوناوچەیە هەڵیانداوە ئەوێنیش لەدوورەوە ئەو سێ کەسەیان بەدیکردبوو، بۆیە هەرهەموویان بەژن و مناڵ و گەورەو بچووکەوە هاتبوون سەر ڕێگاکەیان گرتبوو .**

**هەرسێ برا دەگەنە لایان! سەیری خۆیان دەکەن چواردەوریان بەو کۆمەڵە خەڵکە کراس سپیە ئاودامانییە گیراوە، بەمشەوە حەپەساو و قوڕبەسەر تەنها غەڵبە غەڵب دێتە گوێیان و لەهیچ وشەیەکی ئەوێن ناگەن، تەنانەت مناڵەکانیش لەدەوریان کۆدەبنەوە و جارجارە شەرواڵەکانیان رادەکێشن و بەبەرد لێیان دەدەن.**

* * *

**گەڕانەوە بۆ سەر هێڵی گشتیی لەدوکانەکەی مام حەمەد قادر......**

**مام حەمەد لەدووکانەکەی خۆیدا بەمشێوەیە لەگێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی و براکانی بەردەوامە، بەردەوامیش جگەرە دوای جگەرە دادەگیرسێنآ، چوارمشقیش لەپشتی مقاڵێکە دانیشتووە-:**

**-مام حەمەد قادر/ کوڕینە چیتان بۆ باس بکەم؟! پیاوگەلێکی زۆربوون....هەمووشیان چەک بەدەستبوون! ئێمەش تەنها سێ کەس و یەک دەمانچە .**

**گەنجەکان هەریەکەو بەشێوەیەک لەسەر بەڕەو لبادی دوکانەکەی مام حەمەد دانیشتووە، (چا)کەش لەسەرەخۆ قوڵپ دەدات .**

**مام حەمەد قۆریەکە دادەگرێ و بەمەقاشەکە کەمێک مەقاڵێکە لەخۆی دوور دەکاتەوە .**

**ئەگەر ئەم دیمەنەی نێو دوکانەکەی مام حەمەد وێنەی سینەمای بۆ بگیرآ ئەوێ بەشی لای سەرەوەی سکرین یەکپارچە سپیەو لەدوکەڵ هەڵکێشراوە، گەر پشتی کامێراکە بکەینە دەرگاکەو رووەو ئەو مەجلیسە وێنەیان بگرین دەستە چەپ مام حەمەد لەپشتی مەقاڵێکی پڕ لەخەلوزی گەش دانیشتووەو جگەرەشی بەدەستەوەیە، بەتەنیشتیشیەوە بۆ خوارەوە رەنگێکی سوور دەنوێنآ بەهۆی گڕی سۆبا دارە داخبووەکە، لای راستی و سەرەوەی ژوورەکەش گەنجەکانی تیا کۆبۆتەوە، مام حەمەد ماڵی ئاوابآ جگەرە بەجگەرە دادەگیرسێنآ و لەهەموویان بەجۆشترە بۆ دووکەڵکردنە نێو دوکانەکە، خۆ بنمیچەکە پڕبووە خەریکە وەکو هەور دادەبزێتە خوارەوە و بەرچاویان دەگرێ، مامەی ریش سپی لەنێو فەزای ئەم ژوورە گڵە بەردەوامە لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی خۆی و براکانی .**

**گەنجەکان لەتاوگەرمای ژوورەوە جارجار دەرگای دوکانەکە دەکەنەوە، ئەوەندەی پێناچێ بەهۆی باران و هەوای سارد یەکسەر دایدەخەنەوە و دووبارە گوێ هەڵدەخەن بۆ مامەپیرە، هەندێ لەگەنجەکان داوادەکەن دووبارە و کەمێکیتر دەرگاکە بکرێتەوە چونکە بەهۆی زۆری دوکەڵی جگەرەوە بێزاریان پێوە دیارە، چەند دانەیەکیان دەستیان گرتووە بەدەم ولووتیان، یەک دوانێکیان بەگاڵتەوە بەهاوڕێکانیان دەڵێن -:**

**-توخوا تۆزآ جگەرە کەم بکەنەوە.**

**-کورە کاکە خنکاین.**

**-ئەرێ دەبەسە ئیتر....لەناو دوکەڵ ون بووین.**

**تێبینی-:**

**دوای ئەوەی مام حەمەد و براکانی بەو شەوە لەنێو ئەو عەرەبانە ئەبڵەق بوون، بەگوێچکەیەکی کپ سەیری ئەم هەموو زۆر بڵێیەی عەرەبەکانیان دەکرد و سەریان لێیان سوڕمابوو! تائێستاش لەناو دوکانەکە دانیشتووە ئەم واقوڕمانەی بەسەر دەموچاویەوە ماوە و بەردەوامیشە لەگێڕانەوەی کارەساتە جەرگبڕەکەی خۆی و براکانی.**

* * *

هێلی گشتیی لەنێو دوکانەکەی مام حەمەد بەردەوامە

مام حەمەد بەهۆی ئەو کارەساتەی بەسەریان هاتووە زۆر خەموخەفەت دەخوات، حەزدەکات ئەمشەو دڵی خۆی بەتاڵ بکاتەوەو ئەوەی لەناخیدا پەنگی خواردۆتەوە بۆ گەنجەکانی بخاتە روو، بۆیە بەدەم چاتێکردن بۆ گەنجەکان بەردەوامە لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ١٩٦٣ .

-مام حەمەد قادر/ کەچاومان بەم هەموو عەرەبە کەوت ترسێکی زۆرمان لێنیشت! نەماندەزانی چی بکەین! نەمان دەتوانی بگەڕێینەوە! بەمشەوە ئەو دیمەنە کتوپڕە چی بوو؟! هەرگیز شتی وامان نەدیبوو! بەوە نەدەگەیشتین سەیری دەم وچاوی یەکتر بکەین! چاویشمان لەکاتی گواستەوەدا بەسەر روخساری ئەو هەمو کراس سپیە درێژە فریای بازدان نەدەکەوت، بەهۆی تاریکی شەوەکەو ترسی زۆرمان و شپرزە بوونمان ئێستاشی لەگەڵدابێت هەندێ دەموچاوی ئەو عەرەبانەم نەبینی.

* * *

خوێنەری بەڕێزم ....

لە نێو ئەم دوکانەدا گوێ شل بکە ئەوەتا مام حەمەد قادر لەسەرجەم رووداوەکان ئاگادارمان دەکاتەوە، یەعقوب-یش هەر ئەمشەو دوای دەرچوونیی لەم دوکانە بەرەو ژوانی مریەم خان دەڕوات لەرێگا لەکاتی ڕاونانیی لەلایەن گورگەکان و هەروەها لەترسی پەلاماری گورگەکان لەکاتی خۆشاردنەوەی لەخانووی نێو ڕەزەکەدا بەپێی ریزبەندی رووداوەکان لەنێو پرۆسەی هێلکاری و دیزاینی گێڕانەوەی ئەم دەقە تەواوی بەسەرهاتەکەی هەردوو براکەی مام حەمەد قادر و هەرسێ براکەی یەعقوب بەهێڵێکی باریکتر لەهێلی گشتیی بۆتان دەخەمە ڕوو، بەڵام ئێستا هێلی گشتیی لەناو دوکانەکەی مام حەمەد قادر بەردەوامە و لەهەموو لادان و گەڕانەوەیکیشدا ئاگادارتان دەکەمەوە.

-مام حەمەد قادر/ (بەداخ و کەسەرەوە سەر بادەدا) ئاخ ئەوەی بەسەر ئێمە هات لەلایەن ئەو عەرەبانە یاخوا بەسەر دوژمنیشمان نەیەت .

گەنجەکانیش هەرهەمووی لەنێو دوکەڵ نوقم بوون و بەسەر سوڕمانەوە سەیری دەم وپلی مامەپیرە دەکەن، جارجارەش بەچەند پرسێک بەشداری گێڕانەوەکەی ئەو پیاوە پیرە بێکەسە دەکەن و بەڕێزەوە دەڵێن-:

-مام حەمەد چیان لێکردن؟!

-مام حەمەد لێیاندان؟!........ئەزیەتیان دان وانییە؟!

-مام حەمەد قادر/ توند ئێمەیان گرتبوو! هاواریان دەکرد و دەیانووت {احنا البدو، وین العدو}؟!

-مانای چیە؟! (بەچرپە)

-وەڵڵا منیش نازانم! مام حەمەد دەزانێ. (بەچرپە)

-مام حەمەد قادر/ ئێی هێی........منیش دوایی زانیم مانای چیە!....(هەناسەیەک هەڵدەکێشێ) مانای ئێمە عەرەبی دەوارنشینین و دوژمنەکەمان لەکوآیە؟!........ئەوێن کوردیان بەدوژمنی خۆیان دەزانی کوڕم (خەریکی فرمێسک سڕینە).

گەنجەکان دەچرپێنن بەگوێی یەکتر و ناشیانەوآ هەستی ئەم پیاوە پیرە بریندار بکەن، هەندێکیان لەپەنا پیاڵە چاکەو دەستیاندا روخساریان لەمام حەمەد دەشارنەوە، چەند دانەیەکیش دەموچاویان دەخەنە پشت سەری یەکتر و لەگەڵ ئەوەی تەنیشتیان پرسیار ئاڕاستەی یەکتر دەکەن.

-رەنگە ئەزێتیان دابن.

-بەخوا نازانم بەڵام لەوەدەچێ، چونکە مام حەمەد زۆر خەفەت دەخوات.

-راستدەکەی، بەخوا زۆر گوناحە ئەوەتا دەگری.

* * *

ئەو سێبرایە خەڵکی ناوچە شاخاویەکان بوون، دوای مردنی دایک و باوکیان بەهۆی کەم دەرامەتی هاتبوون بۆ ناوچەی گەرمیان زۆر تێکەڵیان لەگەڵ ناوچەکە و سنووری عەرەبستان نەبوو لەوەپێش مرۆڤی عەرەبیان بەکراسێکی درێژەوە نەبینیبوو! کاتێک بەمشەوە خۆیان لەنێو ئەو هەموو کراس سپیە بینییەوە زۆر ترسان! شکیان لەوە هەبوو ئێرە سەرگۆڕستان بآ و مردووەکانیش هەر بەکفنەکانیانەوە هاتبێتنە دەرەوە بۆیان.!

*        *        *

نێو دوکانەکە زۆر گەرمەو پڕبووە لەدوکەڵ، دەرەوەش! ئاخ بەمشەوە دەرەوە چەند ساردە! زستانی ١٩٩٤ ـە واتا کۆتایی ساڵەو ئەم ناوچەیەش پڕ بووە لەبەفر! گورگەکانی حاجی ئۆمەرانیش برسی و هارودرن! هەر ئەمشەو مەرگی عاشقێکیان پێیە و لەگەڵ پەلاماریان بەهەردوو گوندەکەی ماڵی یەعقوب و مریەم-ی رادەگەیەنن سواّ دەخەنە دڵی هەموو خەڵکی ئاوایی.

-مام حەمەد قادر/ لەوە پێش شتی وامان نەدیبوو! بەمشەوە تاریکەو جلەکانیشیان سپی بوو! بۆیە زۆر ترساین.

گەنجەکانی چواردەوری پیرەی دوکاندار سەرسام و حەپەساون! هەموو زەینەکانیان گرتۆتە مام حەمەد بەدوای دوابەسەرهاتدا دەگەڕێن! بەڵام زەینەکانی یەعقوب-ی گەنج دووبەشی لەیەکتر جیاوازن، زیاتر لەنیوەی خەیاڵی لەلای مریەمە، بەمشەوە ساردە نێودوکانە گەرمەکەی مام حەمەد جێدەهێڵێ خۆی دەگەیەنێتە گوندەکەی ماڵی مریەم گیان، لەوێ دەست لەملانێی ئەو کچە وردیلەیە دەبێ، کەمتر لەنیوەی خەیاڵی لەگەڵ گەنجەکاندا لەنێو دوکانە پڕ لەدوکەڵەکە بە مام حەمەد سەرقاڵ دەکات.

*        *        *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێڵێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێڵی گشتیی........

کات/ شەو/ هاوینی ساڵی ١٩٦٣ ناوچەی گەرمیان

سێ برا بەجلی کوردی لەنێو گەلە عەرەبێک وەستاون! دوو کەلتووری جیا، دوو زمانی جیا، دوو ئەخلاقیەتی جیا، لەزۆربەی شتەکانی تریش هەرجیا، جیا، جیا بۆیە بەیەکتر نامۆن! تەنانەت لەئایینیشدا ئێمە جیادەکەنەوە بۆیە ئەو ئەنفالەی گوایە دەبوایە ئەوێن بۆ غەیرە ئیسلام بیانکردایە! نەوەی شمشێر بەدەستەکان لەساڵی ١٩٨٨ بەسەر ئێمەی کورددا هێنایان و دەستخۆشیشیان لەیەکترکرد، بەشە غەنیمەو بەشە جاریەی خۆشیان دەستکەوت، ئەوەتا هەر بەگەیشتنی ئەو سێ برایە پێڵاوەکانیان لەپێ دادەکەنن نەوەکو لەهەڵێکدا رابکەن و لەدەستیان دەربازبن !

هەروەکو قەرزی باوکە پێپەتیەکانیان بەسەریانەوە بێت بۆیە لەراکردنیان دەترسێن .

هەروەکو لەخواییەوە نێچیریان بۆ رەوانەکرابآ و ئەوێنیش حەڵاڵکردنیان لەسەربێت بۆیە لەراکردنیان دەترسێن .

هەروەکو لەهەواوە دەنگێکی زل پێی ووتبن (هۆلا و الاکراد لکم وکل مالديهم او فی جیوبهم حلال لکم) بۆیە لەراکردنیان دەترسێن.

هەروەکو الله هی ئەوێن بێت و سێ براکەش بت پەرست بن و لەوشەی (خودا)ش تێنەگەن بۆیە لەراکردنیان دەترسێن .

هەرسێکیان بەدڵەلەرزە لەنێوانیاندا وەستاون، لەو هەموو دەنگ و هەرایەی ئەوێن لەهیچ وشەیەک تێناگەن، تەنها واقیان وڕماوەو لەراکێش راکێشیان و پەلاماردانیان سەرسامن.

*        *        *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی لەنێو دوکانەکەی مام حەمەد قادر

-مام حەمەد قادر/ ئێمەش ئەوەندە تێکچوو بووین نەماندەزانی سەیری کامەیان بکەین! زۆر شەویتر و تەنانەت بەرۆژیش بەو رێگایەدا رۆیشتبووین بەڵام شتی وامان نەدیبوو! ئەو هەموو کراس سپیە مردوون یان زیندو؟! لەمردووش نەدەچون، چونکە ئەوێ گۆڕستان نەبوو! پاشان مردوو بەمشێوەیە هەڵسوکەوت ناکات! ئێێێێ....خۆ مردوو یەخەی زیندو ناگرێ و دەمانچەی لێناسەنێ،

گەنجەکان بەدەم چاخواردنەوە حەپەساوی بەسەر دەموچاویانەوە دیارە! هەندێکیان بەزەیی بەمام حەمەد دێتەوە کەکابرایەکی پیرەو بێکەسەو تائێستاش ژنی نەهێناوە، یەک دوانێکیان جگەرەی بۆ دادەگیرسێنن رێزی زۆریشی لێدەگرن چونکە تاکە شوێنی کۆبونەوەی گەنجانی ئەم ناوچەیە دوکانەکەی مام حەمەد قادری تەنیاو قسە خۆشە .

مامەپیرە یەک لەدوای یەک دیمەنەکانی ئەو بەسەرهاتەی خۆی و هەردوو براکەی دێتەوە بەرچاو، فرمێسک بەسەر رومەتە چرچ و سیسەکانی دێتە خوارێ، لەنێوان سێ چوار وشە جارێک لیکەکانی قوت دەداتەوە بۆ تەڕکردنەوەی برینی وشکبوی هەستەکانی، بەپشدێنەکەی فرمێسکەکانی دەسرێتەوە و دەیپێچێتەوە لەپشتی، مامەپیرە بەردەوام لەگەڵ فرمێسک و هەنسک دەژی بۆیە نایەوێت نەوە بخاتەوە و ئەوێنیش لەخەم هەڵکێشێ.

-مام حەمەد قادر/ ئێمە لەقسەی ئەوێن نەدەگەیشتین، (لەپڕ هاواری کرد) بەڵام وشەی (حەرامی) زۆر دووبارەیان دەکردەوە.........(هەناسەیەک هەڵدەکێشێ) لەدواییدا پرسیارم کرد ئەو وشەیە مانای (دز)ە.
تاوێک بآدەنگی و سەرداخستنی مامەپیرە لەگەڵ رشتنی فرمێسکە بریسکەدارەکانی سەر ریشە سپیەکەی، هەموو گەنجەکان سەرسام دەکات، ئەوێنیش بەدەم جگەرە کێشانەوە دوکانەکەیان پڕکردوە لەدوکەڵ، چەند جارێکیتریش دەرگا دەکەنەوە بۆ پاک بونەوەی هەوای دوکانەکە و هەناسەشیان .
گەنجەکان چاکتر خۆیان دەخزێننە نێو جێگە و گونییە پڕ لەکەل وپەلەکانی دوکانەکە بۆ زیاتر گوێ گرتنیان لەمام حەمەد قادری قسەخۆش، ئەوێنەی جگەرە کێش نین بەردەوام دەست دەگرن بەدەم و لوتیان و کەمێکیش لەدووری گەنجە جگەرە کێشەکان دادەنیشن و لەوێوە بەرامبەر پیرەی داخ لەدڵ و بێکەس گوێ هەڵدەخەن بۆ بەسەرهاتەکان .
* * *

لە یەکەم (شیعرە تابلۆ)ی ئەم ژوارنە گورگەدا -:
یەکەم شیعرە تابلۆ
لەو ژوورە گەرمەی خواردوویەتی پەنگ،
مامەپیرەمان دەگــــــــــری بەبێ دەنگ،
دەنکە فرمێســــکی شەفاف و بێ رەنگ،
ریزیان بەســــتووە بۆ نێو ریشی تەنگ.
* * *
گەنجانی هاوڕێی بێ هەست و بێ سەنگ،
بۆ ســـەرگوزشــــــتەی مامەپیرەی مەنگ،
گوێیان گـــــــــــرتووە بەبێ لارولەنگ،
پیرەی ریش ســـــــپی تانەبێ دڵتەنگ.
* * *
لــەدەریای خــەیاڵ بــەوێنەی نەهــــەنگ،
دڵـــدار نوقم بوو بۆ کــچی شۆخ وشەنگ،
ئارەزووی ماچی ســــەرماو شــەوەزەنگ،
بۆ هەڵاڵەی لێو دەفڕآ وەکــــــــو هەنگ.
* * *
لەکاتی گریان و بێدەنگی مام حەمەد قادر-دا هەلێکی باش بوو بەیادی ژوانەکانی زستانی پێشو بۆ دووبارە هەڵفڕینی خەیاڵەکانی یەعقوب-ی گەنج بۆ گوندەکەی ماڵی مریەم و بینینی چاوە رەشەکانی ئەو نازدارە عەیبیارە.
* * *
جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێلێکی باریکتر،
دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەرێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........
لە دوکانەکەی مام حەمەد قادر یەعقوب دەفڕآ و دەچێتە دونیای خەیاڵ
بۆ یەکێک لەشەوژوانی زستانی سەرەتای ١٩٩٤
ئەم گەنجە عاشقە لەبێدەنگی مام حەمەد قادر و هاورێکانی بۆی دەرەخسێ و بۆی دەلوآ بچێتە خەڵوەتی خەیاڵ و لەم ژوورە گەرمەدا بەیادی ماچەکانی زستانی رابردوو دەم بتەقێنآ، ئیتر هێزی بەرەنگاری و رێگەگرتنی خەیاڵی نەما بۆیە

لەشەقەی باڵیداو فڕی....ئەوەندەی نەبرد گەیشتە گوندەکەی ماڵی دولبەر لەوێ بەسووکی دابەزی و بەرەو دوکانەکەی مام خدری باوکی مراوی گیان ڕۆیشت دواتر هێدی هێدی دێتەوە بەرچاوی کە لەزۆربەی ژوانەکاندا ماچی چاوەکانی دولبەرە وردیلەکەی دەکات....لەیەکێ لەژوانەکان لەگەڵ مریەم وەستابوو-:

-یەعقوب/ مراوی گیان بەقوربانی چاوەکانت بم، چاوە ڕەشەکانت لەترێ ڕەشکەی لای خۆمان دەچێ.

خوشکە شێتەش بەوشەی مراوی شێت دەبێ، بەتوڕەبونێکی لەناز هەڵکێشراو وەکو ژوانەکانی پێشو پەلاماری یەعقوب دەدات و سەرو قژی ڕادەکێشێ و چەند مشتە کۆڵەیەک دەخزێنێتە نێو دەم ولێوی و بەچنگەکانی جلەکانی دەڕاکێنێ-:

-مریەم/ حەیوان....چەندجار پێمووتی پێم مەڵێ مراوی (دووبارە دەکەوێتەوە لێدانی) .

یەعقوب-یش لەگەڵ هەموو لێدانێکی دەستە بچکۆلانەکەی ئەو کچە لادێییە دەستێ گۆشت و بستێ باڵا دەکات، لەو شەوژوانەدا لەبەر پێکەنین هێزی نییە دەستەکانی مریەم بگرێ و خۆی بپارێزێ بۆیە بەوپێکەنینەوە بەسەر بانگی ترێ دەکات کەبێت یارمەتی بدات .

-یەعقوب/ ترێ گیان، وەرە....دەوەرە ئەو مراویە شێتەم لێدورخەرەوە. (بەپێکەنینەوە)

مراوی گیانیش دوای ئەوەی شێتیشی پێوەدەنوسێ ئەوەندەیتر بەنازە کچێنییەکەی باری ئەو گەنجە لادێیە قورسدەکات، ئەوەندەیتر مشتەکۆڵەو شەپازللەی تێدەسرەوێنآ و هەربەو پەلامارەوە هاواردەکات بەسەریدا -:

-مریەم/ هەی حەیوان مراویم و شێتیشم؟! ها؟!...(دووبارە دەست دەکاتەوە بەلێدانی).

ئەو گەنجە شێتەش لەخۆشیا هەرپێدەکەنێ چونکە نەک وشەی حەیوان لێدانەکەشی بەلاوە خۆشە، ئەوەتا لەنێو دوکانەکەی مامەگیان دانیشتوە، یەک یەک وێنەکانی مریەم گیانی لەبەرچاوە، وردەوردە لقە جوڵەکانی خوشکە مراوی لەبەرچاوی کاڵتر دەبنەوەو کۆڕی نێودوکانەکەی مام حەمەد سات لەدوای سات تۆختر دەبێت  و کلۆزیش لەسەر دەم وچاوی یەعقوبە، دواتر سکرینی ڕوئیا دەچێتە قووڵایی و سەرجەم دانیشتوی نێو دوکانەکە دەردەکەون، لەگەڵ سەر هەڵبڕین و قسەی مام حەمەد هەستە فڕیوەکانی یەعقوب دەگەڕێتەوە بۆ نێو ئەم دوکانە.

* * *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ سەرەتای شەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

یەعقوب لەخەیاڵ دەردەچێ و دەگەڕێتەوە نێو دوکانەکەی مام حەمەد

-مام حەمەد قادر/ ئەوێن ئێمەیان بەدز دەزانی! وایان دەزانی ئێمەش وەکو ئەوێن چووین بۆ تالانی (سەر هەڵدەبڕێ بەگریانەوە).

یەعقوب دوای سەرلەنوێ سەیرکردن و گوێگرتن بۆ مامەپیرە کەمێک شپرزەیی پێوەدیارە، بۆ ڕازیکردنی دڵی پیرەی چیرۆکڤان لەخۆیەوە قسەیەک دەکات نەبادا هەستیان بە غەیب بوونیی کردبێت! بۆیە بەپرسیارێک خۆی تێهەڵکێشی بەسەرهاتەکان دەکات -:

-یەعقوب/ مام حەمەد ئەوێن بۆ تالانی هاتبوون؟ !

-مام حەمەد قادر/ کوڕم ئەو عەرەبانە لەساڵی ١٩٦٣ بەڕڕەوە دەهاتن بۆ تالانکردنی کوردستان! مناڵی سەربێشکەشیان لێمان کوشتووە! لەزۆربەی کوردستان بڵاوبوبونەوە و تالانیان دەکرد.

* * *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێلێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ شەو/ هاوینی ساڵی ١٩٦٣ ناوچەی گەرمیان

عەرەبەکان لەناوەڕاستی خێمەکان هەرسێ براکوردەکەیان دانا! جارجارەش ئازاریان دەدەن و سووکایەتیان پێدەکەن! پیاوە عەرەبەکان بەدیار چەند ئاگرێکی گەورەوە دانیشتون، جگەرە دەکێشن، گۆشتی برژاوی سەر ئاگرەکە دەخۆن، عەرەبەکان زۆر بەتوندی مامەڵە لەگەڵ ئەو سێ برایە دەکەن دەست دەبەن بۆ باخەڵیان چەند پارەو پولێک دەردەهێنن براگەورەکەیان سەعاتێکی لەدەستدایە ئەویشی لێوەردەگرن هەرزوو لەسەرەتاوە دەمانچەکەیان لەبرا گەورەکە سەندوە مشت ومڕێکی زۆریش لەنێوانیاندا هەیە لەسەر کێبەرکێ بۆ ئەو تاکە دەمانچەیە، بەڵام سێ براکە

لەزمانی عەرەبی ناگەن بۆیە بەچاوێکی ئەبلەق سەیری ئەموئەو دەکەن. عەرەبەکان لەنێو خۆیانا دەنگەدەنگێکی زۆیانەو زۆریش هاواردەکەن بەسەریاندا، بەڵام ئەوێن هیچ ناڵێن تەنها ئەوەنەبێ کەمام حەمەد چەند وشەیەکی وەکو(حەرامی و ئەحنا ئەلبەدوو وێنە ئەلعەدو)ی لەبەرکردووە چونکە ئەوێن چەند جارێک ئەم وشانەیان دووبارەو هەزاربارە کردبوەوە .

* * *

مام حەمەد قادر دەڵی من لەهیچ وشەیە نەدەگەیشتم، تەنها ئەوەم لەبیرە کەدەهاتنە پێشەوە بۆمان و زۆریش هاواریان دەکر بەسەرماندا، زۆریش پەنجەیان بۆ رادەوەشاندین، جاری واهەبو ئەوەندە پەنجەیان لەچاومان نزیک دەکردەوە ئەگەر دوور نەکەوتینایەوە لەوێنەبو ئەزێتی چاومان بدەن.

وەکو راڤەکردنێک بۆ بەسەرهاتەکانی مام حەمەد، من وەکو نووسەرێک دەڵێم ئەو عەرەبانە بەهۆی زۆری ژمارەیان و توانای زۆریان بەسەر ئەو سێ برایە جۆرێک لەخۆ بەزل زانین، خۆ بەتواناتر زانین، خۆ بەپلە یەک زانین گوایە ئەوێن خاوەنی زمانی قورئانن، لەسەرووی هەموو ئەمانە دەسەڵاتی میری ئەوکاتەش بەشێوەیەکی ناشیرین و دڕندە کوردی بە هاووڵاتیەکانی خۆی ناساندبو، ئەو جۆرە بیرکردنەوانە وای لێکردبوون لەو ساڵەدا لە ١٩٦٣ دا هێرش بێنن بۆ کوردستان و بەوپەڕی قەناعەتەوە غەنیمەو سەرانە لەکورد بسەنن و حەڵاڵیشی بکەن .

عەرەبەکان دوای سوکایەتی پێکردن بەو سێ برایە، دوای لێدانێکی چاکیان لەسەر ئەرزەکە پاڵیان دەخەن! تاکو درەنگی شەو بەمشێوەیە دەیانهێڵنەوە، کراس سپییەکان لەدوای نیوەشەو لەنزیک ئەو شوێنە سێ چاڵ هەڵدەکەنن! چونکە ژمارەیان زۆر بوو ئەوەندەی نەبرد چاڵەکان تەواوبون .

مام حەمەد دەڵێ ئێمەیان بەدیار ئەو سێ چاڵە دانابو تاکو نیوەشەو سوکایەتیان پێکردین، جارجار بەدەم قسەکردنی خۆیان و بەدەم گاڵتە پێکردن بەئێمە ئاماژەیان بۆ چاڵەکان دەکرد دواتر پەنجەیان بۆ ئێمە درێژ دەکرد و ئاماژەیان بۆسەر ملی خۆیان دەکرد، واماندەزانی بەمانای ئەوەیە کەسەرمان دەبڕن بۆیە زۆر ترساین! برابچوکەکەم زۆر گریا، بەڵام نەماندەزانی مەبەستیانە چیەوچۆن توشی ئەو کارەساتەش بوین، هەرچەندە پیاوەکان لەکاتی دانیشتنیاندا بەهەردوو پەنجەی دۆشاو مژە وەک ئاماژەکردنێک بۆ هەردوو گوێچکەی دڕندەیەک بەرزیان دەکردنەوە و بەدەمیش ئاماژەیان بۆ قەپگرتن دەکرد و گاڵتەیان بەئێمە دەکرد، بەڵام ئێمە بەهۆی شپرزەبون و ترسمان نەماندەزانی مەبەستیان پەلاماردانی چ جۆرە ئاژەڵێکە؟!

چاڵەکان ئامادەن....

کات دوای نیوەشەوە چاڵەکانیش ئامادەن، عەرەبەکان سەیری سەعاتی دەستیان دەکەن و هەڵدەستنەوە هەندێکیان لەسەر چاڵەکان دەوەستن و قسە دەکەن لەگەڵ ئەوێنیتر، بەگۆتەی مام حەمەد قادر دەڵێ من لەقسەکانیان نەدەگەیشتم کەچیان وتووە؟! بەڵام من وەک نووسەری ئەم دەقە لەپرۆسەی نەخشەسازی دارشتندا وای دادەنێم-:

چەند عەرەبێک/ ئێستا کاتی نیوەشەوەو کاتی ئەوە هاتووە بیانخەینە ناو چاڵەکان .

خێڵی پێپەتی سێ براکە رادەکێشن هەریەکەیان دەخەنە چاڵێک و تەنها سەرو ملیان بەدەرەوە دەمێنآ! زۆر بەچاکی خۆڵی چواردەوریان بەلەقە دەپەستنەوە و توند لەئەرزەکە گیریان دەکەن دواتر هەرهەموو پیاوە کراس درێژەکان چەکەکانیان بەرزدەکەنەوە و یەک بەدوای یەکتر بەچواردەوریان دەسوڕێنەوەو هاواردەکەن {احنا البدو، وین العدو}، بەمشەوە تەپوتۆزی قاچیان بەخەستی دەچێ بەسەر دەم وچاوی ئەو سێ برایەو ئەوێنیش لەیەک وشە تێناگەن، تاوێک بەمشێوەیە بەدەوریان دەسوڕێنەوە تاماندوودەبن دواتر یەک یەک و دوو دوو دێن دادەنیشن.

لەسەگ وەڕەکە تەواو دەبن کە ئەوێن پێیدەڵێن (هۆسە)، بەچەکەوە بەدیار ئەو سێ برا لەچاڵ نراوە دادەنیشن، ئافرەتە پێپەتیەکانیشیان خەریکی کۆکردنەوەی کەل وپەل دەبن وردەوردە شت ومەکەکانیان دەخەنە سەر پشتی وشترەکانیان یەک دوو ئەسپیشیان لەگەڵدایە و چەند فەردەیەک دەخەنە سەر پشتیان هەمو شتێکی رۆیشتن ئامادە دەکەن پیاوەکانیش بەدیار ئەو سێ برا لەئەرز نوقم بووە دادەنیشن خەریکی برژاندن و خواردنی گۆشتی ئەو مەڕانە دەبن کەلەتاڵانی گوندە کوردنشینەکان دەستیان کەوتووە .

ژنە قاچ زلەکانیشیان دێن بۆ لایان و چەند خواردنێک لەپیاوەکانیان وەردەگرن دواتر دەگەڕێنەوە بۆلای منالەکانیان کەلەولاتر دانیشتون و بەیەکەوە دەیخۆن، گوایە میوانی غەریبیان هەیەو ژنەکان نزیکی ئەوێ ناکەون بۆیە بەمشێوەیە دوورکەوتونەتەوە.

هەرسێ برا تەواو سەرسامن! ئەوکاتە مام حەمەد قادر گەنج بوو بەڵام بەزەیی بەبرا بچووکەکەی دەهاتەوە کەلەولای برا گەورەکەی لەئەرز چەقێندرابو! زۆر دڵیشی لەلای برا گەورەکەی بو! هەرچەند سەیری خۆی و براکانیی و ئەوعەرەبانەی دەکرد! سەرسامی تیایدا پەنگی دەخواردەوە .

مام حەمەد قادر ئەوەندە سەرسام بوبو باوەڕی بەم دیمەنە نەدەکرد! باوەڕی بەمشەوە نەدەکرد! باوەڕی بە ونبونی لەشی خۆی و براکانی نەدەکرد! باوەڕی بەو سێ سەرە نەدەکرد! سەری خۆی لەعەرەبەکان نزیکتربو! بۆیە ئەو کراس سپیانە دوای ڕنینەوەی ئێسقانەکانی بەردەستیان دەیانگرتە دەم و چاوی مام حەمەد! بەمشێوەیە و بەدەم گۆشتخواردن شەویان بەکێشکرد تابەرەبەیان.

* * *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی لەنێو دوکانەکەی مام حەمەد قادر

شەو درەنگە، یەعقوب لەنێو دوکانەکەی مام حەمەد سەیری سەعاتەکەی دەستی دەکات کات نزیکی نیوەشەوە، سەر هەڵدەبڕآ سەیری دەمی مامەی دوکانداری دەکات لەکاتی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانیدا، دەنکە فرمێسکەکانی سەر ڕوومەتی مامەپیرەش بچووک بوونەتەوە....ئەو گەنجە عاشقە خەیاڵە بچووکەکانی یەک لەدوای یەک بەئاسماندا هەڵدەدا و بەرەو دێکەی ماڵی مریەم شەوگار دەگرن و لەوێ چەند جارێک دەسوڕێنەوە بەبێ ئاکام و بەبێ دەستکەوتنی ماچێک، بەبێ هەڵمژینی بۆنە خۆشەکانی سنگ و مەمکی مریەم، بەبێ گەڕانی دەست و پەنجەکانی یەعقوب بەناو سەر و قژی ئەو کیژە لادێییە هەربەکزی دەگەڕێنەوە بۆ نێو دوکانەکە و تێکەڵ بەقسەکانی مام حەمەد دەبن .

لەزستانی سەرەتای١٩٩٤ەوە تاکو ئەمشەو کە ٢١/١٢/١٩٩٤ یەعقوب و مریەم سێ جار یەکتریان بینیوە -:

یەکەم /

لەبەهاردا یەعقوب خۆی گەیاندبووە گوندەکەی ماڵی ئەو دولبەرە لەوێ لەنێو هەڵپەڕکێدا چاویان بڕیبووە چاوی یەکتر و کەمێکیش بەتەنیشت یەکەوە هەڵپەڕین .

دووەم /

لەهاوینی ١٩٩٤ دوای گەڕانەوەی یەعقوب و باوکی و هێنانەوەی تەرمی کامەرانی برای کەلەناوچەی کفری گورگ خواردبوی! وەکو خەڵکی ناوچەکە ماڵی مریەم-یش هاتبون بۆ پرسە و سەرخۆش بۆ ماڵی مەلاعەلی، یەعقوب-یش لەدوورەوە لەنێو قەرەباڵغی ژناندا مریەم-ی بینی، دوور بەدوور نیگایان دەگۆڕیەوە، بەڵام کاتەکەی پڕبوو لەتڕێژیدیای مەرگ بۆیە غەزەل هیچ کاریگەریەکی نەبوو، لەگەڵ ڕۆیشتنەوەیاندا دولبەریش خۆی پێچایەوەو ڕۆیشت .

سێیەم /

لەپاییزی ١٩٩٤ جارێکیتر ماڵی مریەم هاتبوون بۆلای ئایشێخانی دایکی یەعقوب بۆ جارێکیتریش سەرەخۆشی لەوپیرەژنە جەرگ سووتاوە چونکە لەچوار کوڕ تەنها یەعقوب-ی بۆ ماوەتەوە.

ئەوەتا چەند مانگێکە حوزنی برامردن و دووری دولبەر دڵی یەعقوب-یان داگیرکردووە ئێستاش کۆتایی هەمان ساڵە و وەرزەکەشی زستانە یەعقوب-یش ئەمشەو لەدوکانەکەی مام حەمەد خۆی ساز و ئامادەکردووە بۆئەوەی سەرلەنوێ ئاوێزانی مریەم-ی بەناز ببێتەوە بۆئەوەی سەرلەنوێ وەکو زستانی پێشوو بەدولبەرە ناسکەکەی شادبێتەوە، سەرلەنوێ چاوەکانی تڕێ ماچ بکات و شوشە عەترەکەی بەدیاری بۆ بەرێت کەنزیکەی ساڵێکە بەڵێنی پێیداوە و ئەو کچە منالەش هەرچاوەڕێیە .

یەعقوب لەنێو ئەم دوکانە دانیشتووە وێڕای نقوم بوونی لەنێو دووکەڵدا پەیتاپەیتا سەیری مام حەمەد دەکات، ساتێک بەبێدەنگی نێو دوکانەکە دەردەکەوێ و گەنجەکانیش سەرقاڵی گوێگرتنن بۆ مامەپیرەی قسە خۆش.

* * *

ئەمشەو مامەپیرە هەرهەموو بەسەرهاتەکانی خۆی دەخاتە زەینی یەعقوب و گەنجەکانیتر، لەسەرەتاوە تاکۆتایی ژیانە سەختەکەی تائەوشەوەی هەرسێ برا لەلایەن عەرەبە بەدووەکانەوە خرانە ناو چاڵ و بۆ بەیانی گورگ —یان بۆ هات و بەئەعجوبەی زەمان خۆی رزگاری بوو، ئەوەتا لەم گوندەی خۆیان بوە بەمامەپیرەی دوکاندار.
ئەمشەو مام حەمەد زۆر دەگری، زۆر فرمێسک هەڵدەرژێت، زۆر هەنسک دەخواتەوە، زۆربەی گەنجەکانیش بۆ کەساسی ئەو مامەپیرەیە دەگرین، یەعقوب-ی خۆشمان هیچی لەوێن کەمتر نییە وەکو ئەوێن گریان دەخواتەوە بۆ دووبرا گورگ خواردووەکەی خۆی و بۆ لەناوچوونی یوسفی براشی، بۆ سێ کارەساتی زۆر بەسوآ، هەروەها خەمی دووری مریەم سەرباری هەموو خەمەکانیترە، زۆریش دڵی بەمام حەمەدو هەردوو برا نامورادەکەی دەسوتێ و بەزەیی پیایانا دێتەوە .
یەعقوب بەگریانەوە چیتر بەرگەی چاوەروانی ناگرێ لەگەڵ ئازارەکانی پیرەی ریش سپی دەژی، لەگەڵ هەناسە پەنگخواردووەکەی نێو ئازاری چاوەروانیدا دەژی بیریش لەباوکە پیرەکەی دەکاتەوە کەبەمشەوە لەنێو مەرەکاندا لەترسی گورگ تابەیانی ناخەوێ، بەلایەوە ئاساییە ئەمشەویش لەجیاتی باوکی ئێشک بگرێ، بەڵام نزیکەی ساڵێکە مریەم-ی نەدیوەو ئەمشەو یەکەمجارە لەدووەمین وەرزی ژوانیاندا ئامادەی چونە نێو ژوانە هەرئەویش بەرگەی ئازاری ئەم ژواندووریە دەگرێت .
دوای تەواو بوونی مام حەمەد لەگێرانەوەی بەسەرهاتەکانی، خۆی و هەموو گەنجەکان چەند خولەکێک بەبێدەنگی غەرقی گریان دەبن و هەریەک بەجۆرێک فرمێسکەکانی دەسرێ، هەندێ لەجحێڵەکان لەکاتی پاککردنەوەی روومەتەکانیان چونکە لەچڵک داماڵدراوە بۆیە سوورێکی تەڕ دەنوێنێت.
یەعقوب کوڕەکەی مام حەمەد جێدەهێڵێت....
وردەوردە کات لەنیوەشەو نزیک دەبێتەوە پێویستە یەعقوب خۆی لەو کوڕەی مام حەمەد دەربازبکات و بگاتە گوندەکەی ماڵی دولبەر هەرچی داخ وکەسەری چاوەروانی هەیە هەرهەمووی لەساتەوەختی بۆنکردنی سنگ و مەمانی مریەم بەبێکات و تاسەی دووری بشکێنێت دواتر تێرتێر لەباوەشی مریەم شەحن بێتەوە، ئەم گەنجە نیازی وایە ئەم زستانەش وەکو ئەوەی پێشو لەشەوژوانەکانی مریەم کات تەواوبکات، ئەوەتا ئەمشەو ئامادەیە بۆیەکەم ژوان لەدووەم وەرزەژواندا.
ئاخ بۆ دڵی هەرزەکار بۆ گەیشتن بەدولبەرەکەی هەرچەند سەرماو سۆڵەی زستان هەیە دەیچێژێ، هەرچەند شاخ وداخ هەیە دەیبرێ، چەندین شەونخونی دەکات لەپێناوی حەزێکی شێت، لەپێناو داخورپاندنی دڵێکی پڕ لەئازار لەکاتی ماچکردنی دەست و پەنجە خەناویەکەی ئەو دولبەرە چاورەش و عەییارە لادێییە.

* * *

یەعقوب بەدوودڵی لەدوکانەکەی مام حەمەد لەنێو هاورێکانی دانیشتووە، دەیەوێ یارمەتی وەربگرێ و بڕوات بۆ ماڵەوە لەوێ سەرێکی دایک و خوشکە خەولێکەوتووەکەی بدات و کەمێکیش بچێتە لای باوکە پیرەکەی، کەلەسەلامەتی ئەو خێزانە بچکۆلانەی خۆی دڵنیادەبێت سەرلەنوێ خۆی دەپێچێتەوە و بەم سەرماوسۆڵە و بەفرانبارە رێگای ژوانی مریەم گیان دەگرێتەبەر .

-یەعقوب/ مام حەمەد بەیارمەتی خۆت من دەبێ بڕۆم .

-مام حەمەد قادر/ خوا حافیزت بآ کوڕی خۆم.

-خوات لەگەڵ بێت.

-خوا خافیز.

-شەوێکی شاد.

-خوا حافیز.

یەعقوب کوڕی مامەپیرە بەجێدەهێڵێ و بەمشەوە سارده دێتە دەرێ، دوکەڵ و رووناکی لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکە خۆیان دەخەنە بەر باران و با ساردەکە، پاڵتۆی لەبەردانییە بۆیە سەر وملی خۆی گرمۆڵە دەکات و بەپەلە رادەکات بەرەو ماڵەوە لەبەردەرگا سەرێکی باوکە پیرەکەی دەدات کەلە خانەی مەرەکاندا لەنێو پاڵتۆ ئەستورەکەدا ئێشکگری ئەمشەوە بۆ پاراستنی ماڵاتەکانیان لەگورگە برسیەکانی ئەم زستانە.

یەعقوب وردەوردە دەچێتە ژوورەوە بۆلای باوکی کەلەناو تاریکی ژوورەکە وەئاگایە، باوکی بەهاتنە ژوورەوەی کوڕەکەی کۆکەیەک دەکات وەک نهێنییەکی نێو لادێکانی کوردستان بەواتا من وەئاگام و ئەوەتا لێرەم، لەگەڵ کۆکەکەی باوکی بزەیەک دەپەڕێتە لێوانی -:

-یەعقوب/ بابە گیان سەرمات نییە؟

-مەلاعەلی/ نا کوڕم....ئەوە هەتائێستا لەدوکانەکەی حەمەد بوویت؟

-یەعقوب/ ئم....باوکە گیان بێتاقەتی؟

-مەلاعەلی/ (قووت دەبێتەوە وەک بڵێ هێشتا گەنجم) ناکوڕم....بڕۆ ژوورەوە باسەرمات نەبێ!

-یەعقوب/ قەیناکە بابە گیان....حەزدەکەم کەمێک لەلات بوەستم.

یەعقوب درۆ لەگەڵ باوکی ناکات بەراستی خۆشی دەوآو هەواڵی ئەمشەوە ساردەی لێدەپرسێ، دەیەوێ لەخۆشی و ناخۆشی ئەمشەوی باوکی دڵنیا بێت بۆیە کەمێکیتر لەو ژوورە تاریکەی مەڕەکان لەلای باوکی دەوەستآ و دووبارە پرسیاری لێدەکات-:

-یەعقوب/ بابە گیان حەزدەکەم بچیتە ژوورەوەو بخەویت، با ئەمشەو پشوویەک بدەیت.

-مەلاعەلی/ نا کوڕم دوێنآ شەو تۆ لێرە بوویت، ئەمشەو نۆرەی منە، چۆن دڵم دەهێڵێت ئەمشەویش تۆ پاسەوانی بکەیت....بڕۆ ژوورەوە لای دایکت و خوشکت بخەوە....دەی کوڕم مەوەستە باسەرمات نەبێ.

یەعقوب بەدەم رستەی (بەڵێ بابە گیان) وردەوردە ژوورەکە بەجێدەهێڵێ و بەرەو ماڵەوە دەڕوات، بەڵام زۆریش دڵی لای باوکیەتی.

* * *

هێلی گشتیی بەردەوامە........

کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

لەگوندەکەی ماڵی مریەم

لەدێکەی ئەودیودا....خەڵکەکە راکشاوی نێو جێگەن لەمریەم و ترێ زیاتر کەس چاوەڕێی کەس ناکات، مریەم چاوەڕوانەو ترێ سەرخەوێک دەشکێنآ، رەنگە چەند شوانێکی ئاوایی تابەیانی وەئاگابن بەڵام هیچیان لەسەر هێڵی گشتیی دەقە ئەدەبیەکەی ئێمەدا نین تەنانەت وابەستەی بەسەرهاتە لقەکانیش نین بۆیە بەهیچ جۆرێک ناچم بەلایاندا و باسیشیان ناکەم و چ کارم پێیان نییە.

هەرلەم دێیە و بەمشەوە لەماڵی مام خدری دوکاندار خوشکە مراوی بێدارە و چاوڕوانی یەعقوب-ی دڵداری دەکات بۆئەوەی ئەوناز و فیزەی کەنزیکەی ساڵێکە خەریکی کۆکردنەوەیەتی بیخاتە کۆڵی ئەو گەنجە وروکاسە، نازەکانی ئەو کچە لادێییە زۆر خەست بوونەتەوە....ماوەی ساڵێکە کەس بۆی هەڵنەگرتووە و چاوەڕوانی حەماڵەکەی دەکات ئەمشەو بگاتەجآ .

ترێ سەرخەوێکی نەرمی شکاندووە، مریەم لەو ژوورە نیمچە رووناکەدا بەتەنها لەناو جێگەکەی دانیشتووە، ئەگەر درزی دەرگا دارەکە نەبێت هەوای بۆ نایێتە ژوورەوە، هەروەها بەبێ ئەم درزانە لەبەیانیانیشدا رووناکی سەربەفری حەوشەکەیانی بۆ نایەتە ژوورێ .

دوای کەمێک بێدەنگی....

مریەم بریسکەی چاوەکانی دێت و میقدارێکی زۆریش عەیباری تیا شاردۆتەوە سەیرێکی خوشکە بچکۆلەکەی دەکات، ئەویش بەپێکەنینە وردیلەکەی خەبەری دەبێتەوە یەکسەر دەستدەکاتە ملی مریەم و رایدەکێشێتە نێو جێگاو تێرتێر ئەو دوو خوشکە یەکتری ماچ دەکەن دواتر ترێ هەواڵی نەخەوتنی لێدەپرسێ و حەزیدەکرد وەکو خۆی سەرخەوێکی بشکاندایە.

-مریەم/ (بەپێکەنینەوە) ترێ گیان دڵم نایەت بخەوم....چاوەڕوانی ئەو شێتەم (بەپێکەنینەوە).

-ترێ/ تۆ وەرە بخەوە....وەڵڵاهی کەهات خۆم خەبەرت دەکەمەوە (بەپێکەنینەوە).

مریەم هەرلەناو جێگەکەوە دووبارەو چەندین بارە ترێ ماچدەکات و دەستدەکاتە ملی بەو پێکەنینەوە لەترێ دەگەیەنێ کەنایەوێ بخەوێ، کەنایەوێ بێئاگا بێت، کەنایەوێ جگە لەچاوەڕوانی هیچیتر بکات.

-مریەم/ ترێ گیان خەوی چی؟! هێشتا ئەو شێتە لەوێ بەرێنەکەوتووە، ئێستا سەرەتای چاوەڕوانییە (بە پێکەنینەوە) تۆ دەمێکە خەوتووی، ئەگەر یەعقوب هات دەبێ من خەبەرت بکەمەوە.

ئەو دوو خوشکە لەو شەوە ساردەدا لەسەر جێگا گەرمەکەیان بەدیار چرایەکەوە دانیشتوون و بەچاوەکانیان خۆشەویستی لەگەڵ یەکتر دەگۆڕنەوە، مریەم لەساتێکدا سەدجار بەقوربانی ترێی ژیکەڵە دەبێت، ئەو کچە بچکۆلەیەش-:

-ترێ/ منیش بەقوربانت بم، بەقوربانی کاکە یەعقوب-یش بم.

-مریەم/ وەیش ترێ گیان ناوی یەعقوب-ت هێنا، منیش بەقوربانی دەبم، بەقوربانی دەست و پێ تەزیوەکەشی دەبم، بەمشەوە ساردە بۆ من دێتە دەرەوە.

-ترێ/ مریەم گیان....ئێستا دەرچووە؟!

-مریەم/ (هەردوو دەستی خستۆتە سەرسنگی خۆی، وەک لەچاوەڕوانی بێت وایە) رەنگە ئێستا لەماڵ دەرچووبآ....وەیش بەقوربانی بم.

ترێ بە پێکەنینەوە سەرسام بووە سەیری خوشکە گەورەکەی دەکات چۆتە خەیاڵ و ئەوەندەیتر دەحەپەسێ! بەدیار ئەو چرایەوە دانیشتوون دووکەڵە رەشەکەی ژوورەوە بەکوونە لوتی هەردووکیانەوە دیارە، ترێ دوای تێڕامان لەخوشکە واقووڕماوەکەی بەبێ دەنگی تێرتێر پێدەکەنآ و دەستدەگرێ بەدەمی خۆی و دەستەکەیتر درێژدەکات بۆ لووتی مریەم .

-مریەم/ وەیش ترێ گیان بەقوربانت بم....ئەوە بەچی پێدەکەنی؟ (بەنەرمە پێکەنینێکەوە)

-ترێ/ سەیری لوتی خۆت کردووە؟! بەدووکەڵ رەش بووە (نوقمی پێکەنین بووە).

-مریەم/ (یەکسەر بەبێ دواکەوتن سەیری لووتی ترێ دەکات و نەرمە قاقا لێدەدات) .

-ترێ/ ئەوە تۆ بەچی پێدەکەنیت؟! (کەمێک گرژو مۆن دەبێت )

مریەم باوەشی پیادەکات و بەساقەو بەقوربانی دەبێت توند دەیگرآ و ماچی دەکات بەدەم سڕینی لووتە بچکۆلەکەی دووبارەو دەبێرە ماچی دەکات و نازەکانی دەکێشآ چونکە براو خوشکیتری نییە تەنها ئەو تاقە خوشکە شکدەبێت و هیچیتر-:

-مریەم/ قندیلە گیان بەقوربانت بم، چۆن پێناکەنم! تۆ لووتی خۆتت دیوە هەمووی رەشیە؟!

ترێ یەکسەر تێدەگات....ئەمجارە هەردووکیان بەجووتە پێدەکەنن و تاوێک نەرمە مەلەی نێو خۆشی دەکەن دواتر بیریان دەکەوێتەوە نەبادا دایک و باوکیان لەژوورەکەی ئەودیو گوێیان لێیان بێت! بۆیە هەردووکیان بەیەکەوە دەستدەگرن بەدەمی خۆیان و بەیەکەوە پاڵدەکەون....سەرتاپا خۆیان دادەپۆشن و لەژێرەوە کەمێک قریوەیان دێتە دەرێ....کەمێکیش دەست و قاچیان لەژێر پێخەفەکە دەجوولێ.

* * *

هێلی گشتیی بەردەوامە........

کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

لە گوندەکەی ماڵی یەعقوب

لەدێکەی ئەمدیودا....یەعقوب باوکی بەجێهێشتووە، تاوێکە لەژووری نوستنەکەیان دانیشتووە خەریکی خۆکۆکردنەوەیە و جلی گەرم لەبەردەکات، پێڵاوە قوڕاویەکانیشی هەرلەژوورەوە داکەندووە و لەنزیک دەرگاکە داینـاون چەند پێڵاوێکیتری ئەو خێزانەشی لێیە، سەیرێکی دایکی و بەیان-ی خوشکی دەکات لەشیرین خەودان، بەدەم خۆئامادەکردن بەهۆی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی مام حەمەد بیری براکانی خۆی دەکات دوانیان گورگ خواردوویەتی و گەورەکەشیان حزبی بەعس خواردی، بیری مریەمی دولبەریش لەولاوە بوەستێت .

یەعقوب لەدووڕیانی ناخۆشی و خۆشیدایە، یەکەمیان مردنی براکانی هاتۆتەوە یاد، دووەمیان ماوەی ساڵێکە لەمریەم دوورەو ئەمشەو بەدیداری شاد دەبێت، ئەمشەو کاتی ژوانەکەی نزیکبۆتەوە، سەردانی گوندەکەی ئەودیو دەکات بۆ بینینی مریەمی چاورەش تاکو بەبۆنی مێخەکی ئەوکچە لادێییە تاسەی دووری دڵداریی بشکێنێ و نزیکەی ساڵێکیش دەبێت دەستە سوورو جوانە لەخەنە هەڵکێشراوەکەی ماچ نەکرووە .

یەعقوب بەمشەوە لەژوورەوە بەدیار دایک و خوشکەکەی دانیشتووەو ئاوهاش بیر لەبراکانی و دولبەریش دەکاتەوە، بەئاواتی دەخوازآ یەکآ لەبرا گەورەکانی بمانایەو ئەویش وەکو هاوڕێکانی لەبرایەتیدا پەنایەکی هەبوایە، ئەوەتا زۆر

بیر لەیوسفی برا گەورەی دەکاتەوە ئەوکاتەی یوسف لەلایەن حکومەتی بەعس گیرا ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردو بوو و یەعقوب منالّ بو تەمەنی نزیکەی دوانزە ساڵێک دەبو، ئەم کوڕە عاشقەی ئێستامان لەدایک بووی ساڵی ١٩٧٣ـە.

١-یوسفی برا گەورەی یەعقوب لە پێش راپەرین لەناوەڕاستی هەشتاکاندا لەلایەن حکومەتی بەعس بێسەروشوێن کراوە، یەعقوب چاکی لەبیرە ئەوکاتە تەمەنی نزیکەی (١٢) ساڵ دەبو لەنیوەشەوێکدا پیاوانی رژێمی بەعسی عیراقی چوبون بۆ گوندەکەی ئەوێن و دایان بەسەر ماڵیاندا، یوسف-ی برا گەورەیان بەجل وبەرگی پێشمەرگایەتی پێچایەوەو بردیان تائێستاش کە کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ هیچ سۆراخێکی نییە، خۆشیان تا ئاستێک دەستیان لێی شتووەو بەتەمای نین.

٢-ئەیوب-ی براشی لەساڵی ١٩٩٢ لەکاتی هاتنەوە بەرێگای قاچاغدا پاسدارەکانی سەر سنوری عیراق ئێران گرتیان و بەبەرچاوی خۆیان لەیەکاً لەرەبییەکان وەکو ئەسپ ناڵیان کرد، خوێن لەدەست و قاچەکانی دەچۆڕایەوە بەشەوی سارد و پڕ بەفر بەرەڵایان کردە دەرەوەی رەبییەکە و لەنێو ئەوشاخەدا گورگ خواردی .

٣-هاوینی ئەمساڵیش کەساڵی ١٩٩٤ـە یەعقوب خۆی و کامەرانی برای و باوکی چوون بۆ سۆراخێکی یوسفی براگەورەی لەناوچەی کفری، حکومەتی بەعس هەندێ لەکوردە بەندکراوەکانی پێش راپەرینی بەردابوو، بەڵکو ئەوە خوایە ئەو برایەی مابێ و بەکەس وکاری شاد بێتەوە، بەڵام سەربازەکانی حکومەتی بەعس نەیاندەهێشت کەس لەخاڵی پشکنین بچێتە ئەودیو چونکە ماوەماوە خاڵی هاتوچۆکردنیان دادەخست بۆ سوکایەتیکردن بەهاووڵاتیان دەبوایە خەڵک بەسواری لۆری و پیکاب لەوخاڵەدا بپەڕنەوە .

* * *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێڵێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ رۆژ/ هاوینی ساڵی ١٩٩٤ ناوچەی گەرمیان

کامەران و یەعقوب و مەلاعەلی باوکیان لەنزیک رەبیەکی عیراقی وەستاون تالەنێو گیراوەکاندا دەنگ وباسێکی یوسف-یان دەست بکەوێ، کۆمەڵێک بەندکراوی کوردی ژێر دەسەڵاتی بەعس لەولاترەوە ئامادەکراون بۆئەوەی لەگەڵ بەندکراوە عەرەبەکانی ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بیانگۆڕنەوە.

لەناو بەندکراوە ئازاد بووەکاندا یوسف نەبوو تەنانەت هەواڵێکیشی نەبوو بەهیچ شێوەیەک بەندکراوەکان نەیان بینی بو، ئەم دەنگ و باسە ناخۆشە لەبەندکراوەکانەوە دەگەیشتە ئەو باوک و دوو کوڕە! کاتێ ئەوێن بەدەست سەربازەکانەوە لەخاڵی پشکنیندا گیرابون و بەندکراوەکانیش بەبەردەمیاندا تێدەپەڕین بەرەو سنووری کوردستان، ئەوێنیش یەک یەک چاویان تێبڕی بون و جارجار هەواڵی کوڕە گیراوەکەیان لێدەپرسین -:

-مەلاعەلی/ ئەرێ یەسف ئەناسن؟!

-بەندکراو(١)/ ناوی باوکی یوسف چیە؟

-مەلاعەلی/ یوسف علی عمر.... یان یوسفی مەلاعەلی عمر.

-بەندکراو(١)/ نەخێر....نایناسم.

-یەعقوب/ ئەرێ کاکە گیان یوسف مەلا علی عمر دەناسی؟

-بەندکراو(٢)/ نەخێر ئەو ناوە لای ئێمە نەبوە، چی تۆیە؟

-یەعقوب/ برا گەورەمە.

-بەندکراو(٢)/ بەداخەوە.

* * *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

لەماڵی یەعقوب

لەگەڵ وشەی بەداخەوە یەعقوب دەموچاوی گرژ دەبێ لەو خەیاڵە دەردەچێ و دەگەڕێتەوە نێو ژوورەکەی خۆیان کەبەدیار دایک و خوشکەکەی خەریکی خۆ کۆکردنەوەیە تاکو لەژێر بەفروبارانی ناوچەی حاجی ئۆمەران بەرەو ژوان بێتەوە. بەمشەوە لەم ژوورەدا زۆر بێتاقەتە، زۆر خەفەت دەخوات، بۆ مردنی براکانی و بۆ دووری دولبەریش، لەسەر

جێگەکەی خۆی دادەنیشآ و چاو دەبڕێتە دیوارەکان و جارێکیتریش خەیاڵ دەیباتەوە بۆ ئەوکاتەی لەخاڵی پشکنینی شاری کفری لەناوچەی گەرمیان لەشەودا لەلایەن سەربازەکانەوە گیرابوون-:

* * *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێڵێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ رۆژ/ هاوینی ساڵی ١٩٩٤ ناوچەی گەرمیان

سەربازەکانی بەعس لەخاڵی پشکنین ئەم باوک و دوو کوڕە لەلایەن خۆیان گلدەدەنەوە! بەندکراوەکانیش هەمویان بەبەردەمیاندا دەڕۆن و لەوسەر دەستدەکەنە ملی کەس وکاریان کە بۆ پێشوازی هاتبوون، ئەوێنیش زەق زەق سەیری ئەوێن و سەربازەکان دەکەن و ناشزانن بۆچی گیراون .

بەمشێوەیە بەبەندکراوی لەوێ دەمێننەوە تاکو خۆرئاوادەبێت دواتر لەدرەنگی شەودا بەرەڵایان دەکەن لەودەشتە چۆڵ و تاریکەش گورگیان بۆ پەیدا دەبێت کامەرانی برای دەخوات! ئێستا یەعقوب تاقە کوڕی دایک و باوکیەتی تاقە برای بەیان-ە بەمشەوە لەم ژوورەی خۆیان سەیری ئەم خوشکەی دەکات.

* * *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

لەماڵی یەعقوب

بەیان کچێکی لادێییە دایک و باک و تاقە براکەی زۆر خۆشدەوێت شەو و رۆژ لەماڵەوە یارمەتی دایکی دەدات سەرپەرشتی دۆشینی ئاژەڵەکانیش دەکات هەموو کارێکی ناوماڵ بۆ دایکی رادەپەڕێنآ خزمەتێکی زۆری باوکە پیرەکەشی دەکات لەگەڵ یەعقوبی برای وەکو دوو هاوڕێ هەڵسوکەوت دەکەن .

ئەم برا تاقانەیە بەمشەوە سەیری خوشکەکەی دەکات و بەمشێوەیەش بیری لێدەکاتەوە هەرئاوها هەموو هەڵسوکەوتەکانی ئەو تاقە خوشکە بەسکرینی روئیایدا تێدەپەڕن.

یەعقوب بەمشەوە بەلانسی غوربەتی بەرزبۆتەوەو غەریبی هەموو شتێک و شەوانی ژوانەکانی مریەم-یش دەکات، بەهۆی بەسەرهات و مردنی براکانی مام حەمەد کەپێش کەمێک لەدوکانی گوندەکەیان بیستبووی هەروەها لەناوچوونی براکانی خۆشی دەهاتەوە یاد! بەمشەوە لەژوورەوە بەدیار دایک و خوشکە خەولێکەوتوەکەی دانیشتوە و چەند دیمەنێکی لەوجۆرە دێتەوە بەرچاو، بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تاکات گەیشتە نیوەشەو .

دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر کاتی ئەوە هاتووە بەرەو ژوان بێتەوە بۆیە ئۆقرەی لێبڕا، دایکی خەوی لێکەوتوە، بەیان-ی خوشکیشی لەخەوێکی زۆر خۆشدا نوقم بوە، ژوورەکەش زۆر بێدەنگە چراکەش بەسەر دیوارە قوڕەکە هەڵواسراوەو رەشی دووکەڵەکەی تابنمیچ هەڵکشاوە باوکیشی لەژوورە گەورەکەی خوارەوەیە لەنێو مەڕەکان رۆژ دەکاتەوە .

ئەم گەنجە عاشقە بڕیاری رۆیشتن دەدات بەرەو دێکەی ماڵی مریەم، بەڵام ئەوەتا جارآ لەسەر جێگەکەی دانیشتوە کەمێک سەیری دایکی دەکات هەناسەکانی چۆن یەک دەبن، خوشکەکەشی دەمێکە چۆتە خەوی خۆی، لەخەوەکانیان دڵنیا دەبێت بەئەسپایی جلی گەرمتر و پاڵتۆ بۆرەش لەبەردەکات جامانەیەکیش دەکاتە ملی تالەسەرما بیپارێزێ.

لەسەر جێگەکەی دەستی برد بۆ دەلاقەکەی خۆی کەبەپەردەیەکی بۆر داپۆشراوە ئەوشوشە عەترەی کەبۆ ترێ-ی کڕیبو دەیخاتە باخەڵی، دوای کەمێک بێدەنگی سەیری دایکی دەکات و بیری لێدەکاتەوە کەبەو رۆژگارە بەبێ دەنگی ژیان بەسەر دەبێت، سێ جار جەرگ سوتاو بوە، سێ کوڕی لەناوچوە، سێ جار مردووەو زیندو بۆتەوە، بۆیە زۆر بێدەنگ و زۆریش بێئاگایە لەژیان، یەعقوب زۆر بەزەیی بەو دایکە پیرەی دێتەوە بۆیە لەنێو خەوەکەدا هەرسەیری دەکات....دوای تاوێک بیرکردنەوە لەدایکی و کەمێکیش لەتاقە خوشکەکەی ئابەم شێوەیە هەڵسوکەوتەکانی ئەو پیرەژنە جەرگ سوتاوە و خوشکەکەی دێتەوە بەرچاو بەدەم سەیرکردنیانەوە-:

-یەعقوب/ دایە گیان زۆرم خۆشدەوێی، خوا تۆمان لێنەسەنآ و ئێمەش لەتۆ نەسەنێ، دەزانم سێ جار جەرگت سوتاوە، سێ کوڕت مردوون و زۆر بیریان لێدەکەیەوە، بۆیە بەدرێژایی رۆژ هەربێدەنگیت. (لەدڵی خۆیدا)

یەعقوب لەوەزیاتر خۆی بۆناگیرآ و بەچاوێکی پڕ لەفرمێسک هەڵدەسێتە سەرپێ دەچێتە لای چراکە کەنزیکە لەدەرگای ژوورەکە، ئاوڕێک بۆ دایک و خوشکەکەی دەداتەوە دواتر کەمێک چراکە کزدەکات پێڵاوەکانی دەکاتە پێی و

دەرگای ژوورەوە دەکاتەوە هێندەی هەناسەیەک دەچێتە دەرەوەو نەبادا هەوای ساردی دەرەوە بێتە ژوورەوەو ئەو دایک و کچە وەئاگابێن، لەدەرەوە ئەو بەتانییە ئەستورە دادەخاتەوە کە بەدەرگاکەوە هەڵواسراوە بۆ ڕێگەگرتن لەهەوای سارد، بەهەرحاڵ بۆ ژوانێکی نوآ وەکو زستانەکەیتر، بۆ راموسانێکی نوآ وەکو زستانەکەیتر، بۆ دووبارە هەڵگرتنی نازەکانی مریەم گیان وەکو زستانەکەیتر لەماڵ دەرچوو .

❊ ❊ ❊

هەوا زۆر ساردە، کە یەعقوب لەژوورەوە دەرچوو بەنزیک ژووری مەڕەکاندا نەرۆیشت بۆ ئەوەی باوکی هەستی پێنەکات، بەلایەکیتردا خۆی گەیاندە کۆڵان، ئەرزی ناو دآ زۆر تەڕە قوڕ پێڵاوەکانی داپۆشیوە تاوە بارانێکی وردیش دەبێرێ، بەبەردەمی دوکانەکەی مام حەمەد قادر تێدەپەڕێ لەوکاتەدا مامەپیرە لەبەردەم دوکانەکەیدا خەریکی رشتنی سوتوی نێو مەقاڵیەکەیە دیارە گەنجەکانیش تازە ئەوێیان جێهێشتوە چرای ژوورەوە بەردەمی دوکانەکەی رووناک کردۆتەوە، یەعقوب نەیهێشت مام حەمەد بیبینێآ شەوەکەش تاریکە خۆشاردنەوە ئاسانە.
گەنجە عاشقەکە لەدوکانەکە تێپەڕی دوای چەند هەنگاوێک ئاوڕی بۆ دایەوە مامەپیرە لەسوتوو ڕشتن تەواوبو چوە ژوورەوە دەرگا دارەکەی داخست و رووناکی لەکۆڵان بڕی تەنها چەند تاڵێکی رووناکی زۆر کز لەدرزەکانی دەرگاکەوە دەڕژێنە نێو کۆڵان.

❊ ❊ ❊

مامەی ریش سپی لەژوورەوە مەقاڵیە بەتاڵەکەی دەستی دادەنێت سوباکەش کەمێک پشکۆی تیایە، جامانەکەی لەسەروملی دەئاڵێنێت دواجار بەفویەک چراکە دەکوژێنێتەوە ئەگەر ئەو چەند پشکۆیەی نێو سۆباکە نەبێت نێو دوکانەکەش وەکو دەرەوە تاریک دەبێت، دەچێتە ژێر پێخەفەکەی دوای خۆداپۆشین لەبەرخۆیەوە ئایەت و بسم الله و شتیتری ئاینی دەخوێنآ.

❊ ❊ ❊

یەعقوب لەدەرەوە بەردەوامە لەرۆیشتن هەرئەوەندەشی باش بوو کەلەسنووری دآ رێی دەکرد، بەهۆی کۆڵانەکانی ناو دێ زۆر هەستی بە باساردەکە نەکرد، بەڵام دوای کەمێک لەئاوایی دەرچوو چەند سەگێکیش دوای کەوتن ئەویش زۆر بەناچاری جامانەکەی ملی داکەندو وەکو لەچک کردیە سەر وملی تاخۆی لەسەرما بپارێزێت،چونکە هەوایەکی زۆر ساردی هەیە سەگەکانیش تادەرەوەی دێ دوایکەوتن، پەلاماردان نەبوو بەڵکو هاودەنگی بوو چونکە ئەوگیاندارە بەوەفایە هەموو خەڵکی دێکەی خۆیان دەناسێ دیارە هەربەبۆن لەگەڵ خەڵکانێکیتر جیایان دەکەنەوە بۆیە بەبێ ئازاردان لەدەرەوەی دآ تاماوەیەک لەگەڵ ئەو عاشقە سەرکێشەدا رۆیشتن و دواتر بەهۆی سەرما و بارانی شەوەکە بەپەلە گەڕانەوە ناودآ .

❊ ❊ ❊

یەعقوب چرکە دوای چرکە لەدێ دوور دەکەوێتەوە....
دوای چەند هەنگاوێک قاچەکانی دادەتەکێن لەقوڕ پاکی دەکاتەوە، ئەم عاشقە زیاتر هەنگاوەکانی درێژ دەکاتەوە تازووتر لەخاکە قوڕەکە رزگاری ببێ و زووتر بگاتە سەرشاخ چونکە ئەوێ بەفرە و زۆریشی پێخۆشترە، تاڵە جەنجاڵەکانی بیرکردنەوەشی بەهۆی تاریکی شەوەکەو چرپەی قاچەکانی بەناو خاکە فشەڵە تەڕەکەدا زیاتر ئاڵۆزن .
بەدەم رێگاوە هەموو بیرەکانی چڕدەکاتەوە تالەخاڵی گەیشتندا ئاوێزانی سنگ و بەرۆکی خۆشەویستەکەی بکات و هەرهەمووی هەڵڕژێت، یەعقوب لەبەرخۆیەوە پێدەکەنێ و بیر لەوە دەکاتەوە کەدەگاتە ناودێ دووبارە چەند سەگێک بەرەو رووی دێن ئەویش بەدەست هەرەشەیان لێدەکات و جارجارەش دادەنوێتەوە بۆ بەرد هەڵگرتن تابترسن و دوور بکەونەوە چونکە خەڵکی ئەوێ نییە ئەو گیانلەبەرانە زۆر نایناسن .
ناودآ شارەزایە ئەوەندەی پێناچێت دەگاتە بەردەمی دوکانەکەی مام خدر، لەوێش ئەوەندە ناخایەنێ مریەم لەژوورەوە دوای چاوەڕوانی گەیشتنی بۆی دێتە دەرەوە یان ترێ دوای سەرخەوی خۆی هەر دەرەو ژوور دەکات کەپێی دەزانێ بەخێرایی دەچێت بانگی مریەم دەکات یان نیشانەکەی خۆیان بەکاردەهێنن ئەویش شێوە لێدانی دەرگای دوکانەکەی باوکی مریەم بەنینۆکەکانی و بەدوو لێدانی لەیەکتر دوور، مریەم-یش لەژوورەوە دەیزانێ و بۆی دێتە دەرەوە تێرتێر

دەست لەملانی یەکتر دەبن و تیریش دەستدەهێنێ بەسەروقژ و باڵای ئەو کچە لادێییە بەم چەشنە لەباوەشی دەگرێ و تاسەی دووری ئەو ماوەی پێشووی پێدەڕەوێنێتەوە.

گەنجێکی سەرهەڵگرتوو، عاشقێکی سەرکێش، دڵدارێک هەموو ئەقڵی وا لەناو دڵی دایە، لەهیچ ناترسێ، بێباکە لەباران، بێباکە لەبەفر، لەسەرما، لەکرێوە، لەماندوبوون تەنانەت لەژیانی خۆیشی، ئەو بۆیە دونیای خۆشدەوێت چونکە مریەم-ی تیایە، بۆگەیشتن بەمریەم هەموو شتێک و هەموو ماندوبوونێک پشت گوێ دەخات .

یەعقوبی گەنج لەچاوی مریەم-ەوە بریسکەی ئەستێرەکانی شەوانی هاوینی گوندەکەیان دەبینێت، پەلکەزێرینەی بەهاری گوندەکەشیان لەتاڵی قژە خەناویەکەی ئەو دولبەرە دەدۆزێتەوە، هەموو دونیاش بەبێ مریەم عەدەمێکی حەتمیە، هەموو رێگاوبانە شاخاویە سەختەکەش بۆ گەیشتن بەمریەم چەند هەنگاوێکی سوکەڵەیە.

یەعقوب بەدەم رێگا لەشی زۆر گەرم داهاتووە هەرچەندە جلەکانی سەرەوەی بەبێران تەڕبووە بەڵام بەهۆی خێرا ڕۆیشتنییەوە هەست بەسەرما ناکات تەنها بینینی چاوەکانی مریم لەمێشکیدا دەخولێتەوە .

* * *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێڵێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی.......

بەدەم رێگاوە یەعقوب دەفڕآ و دەچێتە دونیای خەیاڵ

بۆ یەکێک لەشەوژوانی زستانی سەرەتای ١٩٩٤

یەعقوبی گەنج بەدەم رۆیشتنی خێراوە بیر لەزستانی رابردوو دەکاتەوە لەیەکێک لەشەوژوانەکانی زستانی کۆتایی ساڵی ١٩٩٣ وسەرەتای ساڵی ١٩٩٤ی دێتەوە بەرچاو کەلەبەردمی دوکانەی مام خدر لەگەڵ مریەم بەیەکەوە وەستاون و ترێ ی بچکۆلەش لەناو دەرگای دوکانەکە چاودێریان دەکات-:

-یەعقوب/ مریەم گیان، بەقوربانی چاوەکانت بم، دەزانی پێش ئەوەی بێیتە دەرێ دەرگای دوکانەکەی باوکتم ماچ کرد، بەخوا مام خدریشم خۆشدەوآ چونکە باوکی تۆیە.

مریەم زۆر بەو قسانە پێدەکەنآ دەستە خەناویەکانی دەکاتە ملی ئەو کوڕەو عەیباری و نازەکانیشی زیاتر خەست دەکاتەوە، ئەو گەنجەش هێندەیتر نوقمی نێو گیراوەی مەکربازیی ئەو کچە لادێییە دەبێت دواتر هەربەگاڵتەو پێکەنینەوە لەخۆشەویستیا بەرۆکی یەعقوب دەگرێت و رایدەتەکێنێ و بەنەرمی قسەدەکات نەوەکو بەمشەوە کەسێک گوێی لەدەنگیان بێت -:

-مریەم/ کورە هەی حەیوان زۆرم خۆشدەوێی نازانم چیت لێبکەم، بەس ئەوەندە بموروژێنە، بەس ئەوەندە نازم بدەرێ بازۆرم خۆشنەوێی، دەزانم لەبەرخاتری من دارو بەردی ماڵەکەشمانت خۆشدەوێت، هەموو گوندەکەشمانت خۆشدەوێت.

-یەعقوب/ بەقوربانی گوندەکەشتان بم (بە پێکەنینەوە).

مریەم بەمشەوە خەریکە لە پێکەنینا دەبورێتەوە بەدەستێک یەخەی یەعقوبی گرتووە دەستەکەیتری خستۆتە سەردەمی بۆ ئەوەی دەنگی پێکەنینەکەی دەرنەچآ، هەندێجاریش دەموچاوی دەخاتە سەرسنگی یەعقوب تاکەمێک لە پێکەنینەکەی کپکاتەوە نەوەکو لەژوورەوە گوێیان لێبێت و دایکی یان باوکی بێنە دەرەوە، چەند چرکەیەک سەر دەخاتە نزیک ملی یەعقوب و لەژێرەوە قوڵپی پێکەنینەکەی بەئاستەم دێتە دەرێ .

یەعقوب بەم نزیکبونەوەیە مەستی بۆنی مێخەک و عەتری قژە لادێیەکەی مریەم دەبێ، لەگەڵ هەموو چاوهەڵبڕینێکدا زیاتر حەیرانی چاوەکانی مریەم دەبێ، لەهەموو چرکەیەکیشدا جارێک لەدەوری دەگەڕێو بەقوربانی دەبێت .

وەکو دوو درەخت لەباڵای یەکتر ئاڵاون، قژی مریەم بەسەر ناوشانی یەعقوب پەخشان بووە، گەر لەدواوە سەیری بکەی تاسەر پشدێنەکەی ئەو کوڕە دێهاتیە هاتۆتە خوارێ، بۆنی عەترو کەمێک رەنگە خەنەییەکەی نەبێ لەگەڵ شەوەکەدا جیای ناکەیتەوە، هەرچەندە وەرزەکەی زستانە بەڵام ئەم دوو دڵدارە هەرزەکارە لەباوەشی یەکتر و بەعیشقی یەکتر خۆیان گەرم دەکەنەوە لەگەڵ ئەوەشدا گەنج زۆر کەم هەست بەسەرما دەکات .

ترێ بچکۆلەش لەولاوە وەستاوە بیانبینێ یان نا هیچ کاریگەری نییە چونکە یارمەتیشیان دەدات و چاودێری هاتنی دایک وباوکیشی دەکات کەمێکیش خۆی کردووە بەناویەکدا و کەمێک لەبەرسەرما خۆی و دەستەکانی لەیەکتر ئاڵاندووە جارجاریش فوودەکاتە پەنجە بچکۆلەکانی و دواتر لەشانەکانی دەخشێنآ تا تۆزێک گەرمی بێتەوە.

* * *

مریەم-ی کچە شاخاویەکی چاو ڕەشی قژدرێژ ئاوەها کوڕە چیانشینەکەی شێت و حەیران کردووە بۆیە چەندینجار بەشەوی زستان، بەشەوی ساردو کڕێوەو باران ئەو ڕێگە دوورو درێژە دەبڕێ، وەرزە ژوانەکەی پێشووی مریەم و یەعقوب لەشەودا و لە زستاندا بوو چونکە لەو شەوانەدا کەس بەدەرەوە نییەو کەسیش هەستیان پێناکات، هەرهەموو ژوانەکان لەبەردەمی دوکانەکەی باوکی مرە گیان و عەییار و چاوباز و مەکرباز بووە بۆیە یەعقوب دەیەوێ شەوانی ئەم زستانەش بەمێخەکی سەر سنگی مریەم موعەتەر بکات و سەرلەنوێ ئەوێ بکەنەوە بەژوانگەی خۆیان .

لەزستانە بۆندارەکەی پێشوو یەعقوب زۆر جار دوای نیوەشەو ڕێگای ژوانی مریەمی دەگرتە بەر چونکە لەوکاتەدا خوشک و دایکی ئەمیش خەوتوون و باوکە پیرەکەشی ئاگای لێنابێت، پێش بەرەبەیانیش دەگەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان لەوێش کەس پێی نەدەزانی، بەڵام هەندێ شەو لەکاتی هاتنەوەدا باوکی لەنێو مەڕوماڵاتەکە دەهاتە دەرەوە هاواری کێی زەلامی بۆ دەکرد، ئەویش لەسەرەخۆ دەیووت-:

-یەعقوب/ باوکە منم....هاتووم سەیرێکی دەرەوە بکەم، ئەگەر ماندووی وەرە ژوورەوە بخەوە خۆ من تازە خەبەرم بۆتەوە.

مەلاعەلی سێ جار جەرگ سووتاویش نەیدەزانی کوڕە گەنجەکەی تازە لەژوانی ئەو دێهاتانەی لای خۆیان گەڕاوەتەوە! نەشیدەزانی کوڕەکەی کەوتۆتە نێو تەلیسمی قژی ڕەشی کچەکەی خدری هاوڕێی! خۆ ئەگەر پێی بزانیایە لەوێنەبو خۆی بچوایە بۆ خوازبێنی و بیکردایە بەبوکێکی جوان و بۆی بهێنایەتە ماڵەوە چونکە لەچوار کوڕ تەنها یەعقوب-ی بۆماوەتەوە .

-یەعقوب/ باوکە....دەزانم ماندووی خەویت، هەستە بچۆرە ژوورێ و من تازە خەبەرم بۆتەوە ناخەوم.

مەلاعەلی....باوکە پیرەکەی یەعقوب چەندین شەو بەهۆی تەمەن زۆری و ماندوێتییەوە یەعقوبی لەشوێنی خۆی داناوە و خۆیشی چۆتەوە ژوورەوە بۆ خەوتن، یەعقوب-یش لەگەڵ ئەوەی ماندووی ڕێگای ئەو ژوانە سەختە بو بەڵام بەهۆی خۆشەویستی باوکی دەچوو لەنێو مەڕەکاندا بەیادی تامی ماچەکانی مریەم ڕۆژی دەکردەوە، هەندێجاریش باعەی مەڕەکان خەیاڵەکانیان دەپچڕاند دوای سەرهەڵبڕین و چاودێری دووبارە لەنێو پاڵتۆ ئەستوورەکەی شوانیدا خۆی گرمۆڵە دەکردەوە تاجارێکتریش بۆ مریەمی چاوڕەش خەیاڵەکانی لەیەک گرآ بداتەوە .

هەندێ شەویش لەهێرشی گورگەکاندا دوای ڕاونانیان دەگەڕایەوە نێو کەپەنکە ئەستورەکە و بەخەیاڵی مریەم لەنێو مەڕەکان شەوگاری بەسەردەبرد، تابەرەبەیان لەگەڵ ئەندێشەکانی ئەو کچە لادێییەدا دەدوا دواتریش کەرۆژ دەبۆوە زۆر چالاک و بەروخسارێکی گەش دەچووە لای دایکی و بەیان-ی خوشکی لەوێ لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی لەسەرخوانی بەیانی دادەنیشت و دەستی دەکرد بەخواردنی چاو پەنیری پێستە و چەند خواردنێتری ناوچەکەیان .

بەڵام باوکە پیرەکەی هەندێ لەو شەوانەی کەنۆرەی پاسەوانیی خۆی بوو دڵی نەدەهات کوڕە تاقانەکەی ماندوبکات چونکە لەچوار کوڕ (یوسف و ئەیوب و کامەران و یەعقوب) تەنها یەعقوب-ی بۆ ماوەتەوە بۆیە هەندێ شەو دەیووت-:

-مەلاعەلی/ ئاکوڕم قەیناکە....بڕۆ بخەوە....باخەوت لێنەزڕێ.

یەعقوب-یش هەندێجار بەهۆی ماندوێتی زۆر بەهۆی بەپێ ڕۆیشتن و گەڕانەوەی نێو ئەو ژوانە شاخاویە پڕ بەفرە، بەهۆی خاوبوونەوەی لەشی لەو سەرماو سۆڵەی ئەو ناوچەیە حەزی لەخەوتن دەکرد دوای چەند وتووێژێکی کەم لەگەڵ باوکیدا یەکسەر دەچووە ژوورەوە بۆ لای دایک و خوشکی ڕێک بۆ ناو جێگەو تابەیانی تەخت لێی دەخەوت.

* * *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

یەعقوب لەخەیاڵ دەردەچێ و دەگەڕێتەوە سەر ڕێگای ژوان

یەعقوب بەدەم ڕۆیشتنی خێراوە ئاوا بیر لەو باوکە پیرەی دەکاتەوە، ئاوا یادی ژوانەکانی پێشوو دەکاتەوە، ئاوا یادی قسە خۆشەکانی مریەم دەکاتەوە، ئاواش یادی ئەو شەوانە دەکاتەوە کەلەزەماوەندێکی نێو گوندەکەی ماڵی مریەم چۆن ئەو هەموو ڕێگەی بڕیوە تالە پێچێکی هەڵپەڕکێدا دەستی مریەم بگرێ و تاوێک شانیان بنێن بەیەکەوەو کەمێک کەف و کوڵی گەنجێتی دابمرکێنن.

**ئەم گەنجە شێتە یادی عیشقبازیی خۆی دەکاتەوە تەنانەت هەناسەکانیشی بۆنی مریەم-ی گرتووە، ئەم شێتە چەند چێژ لەسەختی ڕێگاکە دەبینێت  هەزاران هێندە تام لەیادەوەریەکانی پێشوو وەردەگرێ بۆیە هەنگاوەکانی نێو ئەو سەرمایە  پەیوەستن بەیادەوەری ژوانەکانی خۆی و دولبەرەکەی .**

**خوێنەری بەڕێز........**

**بۆ ماندو نەبونی زەینت بە ڕۆیشتنی یەعقوب بەرەو ژوان کەنزیکەی یەک کاتژمێر لەهەشت کاتژمێرکەی نێو ئەم دەقە دەخایەنێ و میحوەری قورسی و نیمچە قورسی ڕووداوەکانە واتا کوشتنی کاتەکانی چاوەڕوانی تۆی خوێنەر لەم ڕێگەو ڕۆیشتنەدا بۆ سەرقاڵ بون و پەیوەست بونە بەگۆڕانکاریە یەک لەدوا یەکەکانی نێو ئەم بەسەرهاتە بۆیە جارجار لەکاتی ڕۆیشتنی یەعقوب-دا بشوویەک بەتۆی خوێنەر دەدەم و بەچەند لقە جووڵەیەک دەتانبەستمەوە کە زۆر بابەتین لەگەڵ هێلی گشتیدا دواتر سەرلەنوێ تۆی بەڕێز دەگەڕێنمەوە سەر هێلی کارا، بەمشێوەیە لەنێو نەخشەسازی ئەم دارشتنەدا هێلکاری گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانتان بۆ تەواو دەکەم.**

* * *

**هێلی گشتیی بەردەوامە........**

**کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤**

**یەعقوب لە گوندەکەی خۆیان دوور کەوتۆتەوە**

**ئەمشەو هێندەی نەماوە یەعقوب بەمریەم شادبێتەوە، ئەمشەو کەف وکوڵی دووری نێوان دوو زستان دەڕژێ و لەچرکەی بەیەک گەیشتنیان هەموو ئازارێکی دووریيان بیردەچێتەوە، هەموو بەیەک گەیشتنەکانی ئەم دوو گەنجە لادێییە لێوانلێوە لە پێکەنین و خۆشی و دەست لەملان و هەڵمژین و هەڵگلۆفین .**

**ئەوەتا بەدەم ڕێگاوە یادی قسە خۆشەکانی مراوی گیان دەکاتەوە، خۆ پێکەنین ئەم دڵدارەی داگیری کردووەو زەردەخەنەش لێوەکانی بەجێناهێڵێ، بەردەوامە لەڕۆیشتن هەندێجار چرپەی قاچەکانی بەناو قوڕەکەدا سەرنجی رادەکێشێ جارجارەش زەینەکانی دەڕەوێنێتەوە، لەکاتی ڕۆیشتندا دەموچاوی لەباران پاک دەکاتەوە و بەردەوامیشە لەڕۆیشتن بەرەو گوندەکەی مالی مریەم....هەربەدەم ڕۆیشتنی خێرا لەژێر باران و لەسەر ئەوخاکە قوڕەدا دێتەوە یادی لەیەکێ لەژوانەکانی زستانی رابردوودا کەبەیەکەوە لەبەردەم دوکانەکەی مام خدر وەستابون و ترێ-ش لەولاترەوە دانیشتبو چاوێکی کردبو بەهەزار-:**

* * *

**جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێلێکی باریکتر،**

**دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........**

**بەدەم ڕێگاوە یەعقوب دەفڕێ و دەچێتە دونیای خەیاڵ**

**بۆ یەکێک لەشەوژوانی زستانی سەرەتای ١٩٩٤**

**لەیەکێک لەشەوژوانەکانی زستانی کۆتایی ساڵی ١٩٩٣  وسەرەتای ساڵی ١٩٩٤ی لەبەردمی دوکانەی مام خدر یەعقوب لەگەڵ مریەم بەیەکەوە وەستاون و ترێ ی بچکۆلەش لەناو دەرگای دوکانەکە چاودێریان دەکات-:**

**-یەعقوب/ مریم گیان بەقوربانت بم (بە پێکەنینەوە).**

**مریەم لە پێکەنیندا هیچی بۆ ناوترێ بەمشتە بچووکەکانی دەکێشێ بەسنگی ئەوکوڕە گێژە، جارجار پێکەنین ڕێگەی هاتنەدەرەوەی چەند وشەیەکی دەدات.**

**-مریەم/ بەسە بەقوربان، ئیتر لەتوانامدا نییە....خۆمم بۆ ناگیرێ....بەقوربانی دڵت بم....بەسە ئیتر (بە پێکەنینەوە).**

**-یەعقوب/ مرەخان....بەقوربانت بم. (بەگاڵتەوە بۆ ئەوەی مریەم زیاتر پێبکەنێ و دڵی خۆش بێت)**

**-مریەم/ (دەمی خۆی دەگرێ و لەژێرەوە پێدەکەنێ).**

**-یەعقوب/ (دەیەوێ پێی بڵێ مراوی) مرررررا!!!!!!....(لە پڕ تەواوی دەکات) وی.**

**-مریەم/ (لە پێکەنین دەوەستێ و بەردەبێتە سەرو گوێلاکی و لێیدەدات) حەیوان...**

یەعقوب دەستەکانی دەگرێ و دەیکاتە سەرملی خۆی چەندین جار لەسەریەک بەقوربان و بەساقەی دەبێت تادڵی ئەوکچە لادێییە نازدارە ئاشتکاتەوە، ئەوکچە بەنازەش ئەم قسانەی یەعقوب-ی زۆر پێخۆشە بۆیە دووبارە دەستدەکاتەوە بەپێکەنین، خەریکە سنووری پێکەنین دەبەزێنێ و ئیتر لەتوانایدا نەماوە بەپێوە بوەستێت یان دەبێ دابنیشێت یانیش دەست لەملی یەعقوب توندبکا و خۆی پیا شۆڕبکاتەوە هەرچەندە یەعقوب ئەوەی دووەمیانی زۆر پێخۆشە....دواجاریش ناچاردەبێ هەرەشەی لێبکات ئەگەر واز لەو هەموو لوتف و ناز هەڵگرتنە نەهێنێ دەچێتە ژوورەوە و بەمشەوە بەجێیدەهێڵێ، بەڵام ئەوەندەی پێناچی لەبەر پێکەنین ناتوانێ سەیری ناوچاوانی یەعقوب بکات و یەک لەسەریەک پێکەنینەکانی دەتەقێنێتەوە، ئەویش هەر بەدوای ئەودا یەک لەسەریەک بەساقەو بەقوربانی مراوی خان دەبێت.
یەعقوب کوڕێکی قسەخۆشە، خۆش مەشرەفە، تەنها بۆ خۆشکردنی دڵی مریم ئەو هەموو قسەیە دەکات و بەو شێوەیە و بەوشەوە نازی هەڵدەگرێ، هەردوکیان لەپێکەنین دەوەستن و کەمێک سەیری یەکتردەکەن، کە یەعقوب سەیری ناوچاوانی مریەم دەکات بەبیریدا دێت قسەیەک بدۆزێتەوە تادڵی خۆشبکات هەر ئەوەندەشی زەحمەتە تاکو بەهەردوو دەستی مریەم دەبەستێتەوە ئەو گرتنەی گرتیە باوەش تادوا ساتەکانی ژوان بەرینادات، ئەو کچە لادێییەش رووپۆشی شەرم دەکەوێتە سەر روخساری و دەچێتە قووڵایی لەزەتی نێو باوەشی ئەو کوڕە گەنجە، هەندێ جاریش سوور هەڵدەگەڕێ و تێنوێتی حەزەکانیی وایلێدەکات بێدەنگ بێت، دوای کەمێک کپی و ئارامی نێو باوەش تەنانەت شەرم لەبێدەنگیەکەی خۆیشی دەکات و هەوڵی خۆڕاپسکاندن دەدات....یەعقوب دەستێک دەخاتە پشتی سەری و دەمی دەنووسێنێ بەناودەمیەوە دەستەکەیتری دەخاتە کەمەری و توند دەیگرێ لەگەڵ یەکەم مژیندا مریەم ئەو هەموو کرژبوونەی بۆ خۆڕاپسکاندن ئامادەیکردبوو خاودەبێتەوەو بێدەنگ لەباوەشی یەعقوبدا وەک تەسلیم بوونێکی سەرشێتانە خەریکە خەوی لێدەکەوێ .
زۆربەی ژوانەکانی زستانی رابردووی ئەم دوو عاشقە ماچی ئاوا دوورو درێژی تیابو، بە شەوی ساردو پڕمەترسیی دێهاتە شاخاویەکان موجازەفەی مەرگیان دەکرد بۆ تێربونیان لەو حەزەشێتە .
دوای بستێ دوورکەوتنەوە لەدەموو لێوی مریەم هەردووکیان لەخەندە نوقم دەبن و سەرتاپا گیانیان بەپێکەنین زاخاو دەدرێ .
-یەعقوب/ مریەم گیان بەقوربانی پێکەنینەکەشت بم.
مریەمی بەنازیش لەخۆشی ئەو قسانەی یەعقوب گەزگەز باڵا دەکات و روومەتە بەرزەکانی سوور هەڵدەگەڕێن، ئەویش هێندەی ئەو خۆیدەکات بەقوربانی لەساتێکدا سەد رجار لەدەوری یەعقوب دەگەڕێ و بەقوربانی چاوەکانی دەبێت دواتر خۆیدەکات بەقوربانی ئەو رێگا دوورە کەلەشەوانی زستان دەیبڕێ بۆ بینینی چاوە لەکل هەڵکێشراوەکانی هەندێجاریش ئاوڕ بۆ ترێی خوشکی دەداتەوە-:
-مریەم/ ترێ گیان بەقوربانی باڵات بم.
ترێ مریەمی زۆر خۆشدەوێت بۆیە بەشەو و رۆژ لێی دوور ناکەوێتەوەوهەموو کات بەیەکەوەن تەنانەت شەوانیش لەژورەکەی خۆیان بەیەکەوە دەخەون، دایک و باوکیشیان لەژوورەکەیتر بەیەکەوەن براشیان نییە، ئەوێن لەماڵەوە یەکتریان زۆر خۆشدەوێ هەر ئەو خۆشەویستیەی بنەماڵەکەیانە ترێ بەمشێوەیە یارمەتی مریەمی خوشکە گەورەی دەدات، ئەوەتا کەمێک لەدووری مریەم و یەعقوب وەستاوە دوای ئاوڕدانەوەکەی مریەم بۆی....ئەویش خۆشەویستی خۆی بۆ دەردەبڕێ-:
-ترێ/ مریەم گیان بەقوربانت بم، سەرمات نییە؟
-مریەم/ دەی دەی عەییار (بەپێکەنینەوە).
* * *
گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی.......
کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤
یەعقوب لەخەیاڵ دەردەچێ و دەگەڕێتەوە سەر رێگای ژوان

یەعقوب-ی گەنج بەدەم ڕێگاوە زۆر بەخێرایی دەڕوات، دوای چەند بیرکرنەوەیەک هۆشی دێتەوە بەرخۆی دەستێک دەخاتە ژێر باڵەکانی یەک پارچە ئاوە، هەستێک ئاراستەی قاچەکانی دەکات هیلاک و ماندوون بەڵام هەمووی دەکرد بەقوربانی تاڵێک لەقژی مریم .

ئەو بۆ گەیشتن بەمریەم هەموو ماندوبونێک قەبووڵ دەکات، ئەم ڕێگایە بۆ یەعقوب زۆر سانایە چونکە دوای دە دەقیقەیتر دەبێ ئەو شاخۆچکەی بەردەمیشی ببڕێ و بگاتە سەرتەپۆڵکەکان ئینجا ڕووناکی چراکانی گوندەکەی ماڵی مریەمی لێوەدەر دەکەوێ دوای ئەوەش نیو کاتژمێریتری دەمێنآ .

یەعقوب شارەزای ڕێگەکەیە زۆرجار بەقەراخ چەمەکەدا گەلە گورگیان هەڵبریوە تائەودیو گوندەکەی ماڵی مریەم، ئەو گورگانەی بەنزمایی چەمەکەدا دەهاتن بۆ دێکەی ماڵی یەعقوب بۆ خواردنی مەڕەکانیان چەندینجاریش مەڕ وماڵاتی ناوچەکەیان خواردووە بێگوومان چەندجارێکیش پەلاماری مەڕەکانی نێو گوندەکەی ماڵی مریەم-یان داوە و چەندیشیان لەوێن خواردووە.

ئەم گەنجە شێتە بەردەوامە لەڕۆیشتن، بەردەوامە لەبەرەو پێشوە چوون بۆ گەیشتن بەژوانێکیتر و چەندین ماچی غوربەت، چەندین باوەشی دووری، یەعقوب زۆر بەهەڵپەیە بۆ گەیشتن بەو کیژە لادێیە بۆ شکاندنی تاسەی دووری نێوانیان، بۆ دانانی بارە قورسەکەی سەرلێوی و هەڵگرتنی سەرلەنوێ باری نازەکانی دولبەری عەییار.

ئاخ مریەم ....

تۆش ماندوبونەکەی یەعقوب دەناسی، تریێ دەیناسێ، بەڵام ئەم گەنجە شێتە بەهیچ شێوەیەک لەماندوبون نازانێ و ناشیناسێ و هەموویشی دەکات بەقوربانی هەناسەیەکی تۆی وردیلە. خۆ بەیان هەستدەکات بەڵام ناوەڕۆک و قوڵایی پەیوەندیەکە نازانێ ئەویش بەهۆی عەییاری تۆوەیە، بەهۆی هەڕەشەی دەست و پەنجە سوورەکەتەوەیە کەبۆ یەعقوب بەرزیان دەکەیتەوە و ناهێڵیت ئەم گەنجە یەک وشە بدرکێنێت. ئەوەتا یەعقوب بەمشەوە ساردە هەنگاو دوای هەنگاو لەدێکەی ئێوە نزیکدەبێتەوە دەمێکیشە گوندەکەی خۆیانی بەجێهێشتووە خەریکە خاکە قوڕاویەکەش جێدەهێڵێ و لەسەر شاخ نزیک دەبێتەوە ئەوێش بەفرەو هەرچۆنآ بێت بەفر لەباران و قوڕ پاکترە و پیارۆیشتنیشی خۆشترە. خۆ یەعقوب-ی گەنج لەچرپەی نێو خاکە قوڕەکە وەڕس دەبێو حەزی لێناکات چونکە شەرواڵەکەی پیس دەبێ و پێیەکانیشی یەک پارچە لەقوڕ هەڵدەکێشرێ دواتر لەسەر خاکە بەفراویەکە دەبێ بوەستێت و خەریکی پاککردنەوەی بێت، بەمجۆرەش کاتێکی زۆری لەکیسدەچێ و درەنگتر بەبینینی تۆ شاد دەبێت.

سەرکێشی گەنج لەزەمەنەکەی خۆیدا زۆر قورس و ترسناکە، بەڵام خۆی هەستی پێناکات، لێی تێناگات، بیریشی لێناکاتەوە، تائەوکاتەی دەگاتە پاییزی تەمەن و وەک فلاش باک خۆی دەخزێنێتە نێو ڕووداوەکانی ڕابردووی سەردەمی لاوێتی ئینجا وردە موچڕکەو تەزووی ترس بەگیانیدا تێدەپەڕن و هەست بەکەرێتی خۆی دەکات جارجارەش پێکەنینی بەبێعەقڵیەکەی خۆی دێت.

* * *

هێلی گشتیی بەردەوامە........

کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

یەعقوب خاکە قوڕاویەکە جێدەهێڵێو دەگاتە نزیک شاخ

یەعقوب بەدەم ڕێگاوە زۆر بەخێرایی دەڕوات، لەگەڵ گەیشتنی بەبەردەڵانەکەی سەرەتای شاخەکە کەپڕە لەبەفر کەمێک دەوەستێت قاچە قوڕاویەکانی بەبەفر پاک دەکاتەوە، بارانەکەش وەستاوەتەوە بەڵام باکەی کەمێک ساردە کەمێکیش دڵی خۆش بوو چونکە لەخاکە قوڕاویەکە دەرچوو گەیشتە سەربەفرە سپی و پاکەکە. کەمێک دەوەستێت سەیرێکی چواردەوری خۆی دەکات و تۆزێکیش دادەپۆشێتە تەپۆلکە شاخەکەی بەردەمی کەهێشتا سەرنەکەوتووە، ڕوانینی بەرزایی شاخ لەشەودا جیاوازە لەگەڵ ئەوەی ڕۆژ، لەتاریکیدا دووسێ هێندەی خۆی بەرزترو سەختر دەردەکەوێ پیاو ترسێکی زۆری لێدەنیشآ، ئەو گەنجە شێتە لەوێ کەمێک جلەکانی توندوتۆڵ دەکاتەوە ئەوەتا جامانەکەشی کردەوە دەم وچاوی سڕیەوە و جارێکیتر پێچایەوە سەروملی و دووبارە بەتۆپەڵە بەفر قاچە قوڕاویەکانی پاکترکردەوە دەستەکانیشی بەجلەکانی ووشک کردەوە کەمێک لەیەکتری خشاند بۆ ئەوەی گەرمیان بێتەوە دواتر فووی تێکرد بۆ گەرمتر بوونیان جارجارەش دەیخاتە ژێرباڵێ.

ئێستا ئامادەیە بۆ تەواوکردنی ڕێگای ژوان لەزستانی پارەوە تاکو ئێستا تەنها یەکجار لەبەهاری ١٩٩٤دا ئەم ڕێگایەی دیوە، بەڵام شارەزاییەکی چاکی تیا هەیە دڵیشی زۆر خۆشە کەنزیکەی چل خولەکیتر دەگاتە لای خوشکە مراوی لەوێ تامەزرۆی وشکبوی ساڵێکی تەڕدەکاتەوە، ئێستا مرە گیانیش چاوەڕوانی دەکات، ئێستا ترێی ژێکەڵەش چاوەڕوانی دەکات، ئەم کچە مناڵەش ساڵێکە چاوەڕێی شوشە عەترێکە و دەشزانێ ئەمشەو پێیدەگات .

هەڵبژاردنی ئەمشەوە سارده بەرەو دووەم وەرزی ژوان لەخۆڕا نەبوە بەڵکو لەپاییزی ئەمساڵی١٩٩٤دا کەماڵی مریەم بەخێزانی بۆ جاری دووەم بەهۆی لەناوچوونی کامەران-ی برای یەعقوب هاتبون بۆ ماڵیان دوای دانیشتنیان بەیەکەوە و لەکاتی ڕۆیشتنەوەدا هەموو لەنێو حەوشەکەی ماڵی یەعقوب بەکۆمەڵ وەستابون لەکاتی خواحافیزیاندا -:

-مریەم/ (لەسەرەخۆ) بەیان گیان خواحافیز...ئینشاالله دواناخۆشیتان دەبێت (بەیان ماچ دەکات و بەگوێچەکەیدا دەچرپێنآ) .

بەیان دوای ڕۆیشتنیان بۆ کاکە یەعقوب-ی دەگێڕێتەوە ئەویش بەمشەوە ساردە بەدەم ڕۆیشتن دێتەوە بەرچاوی کەبەیان-ی خوشکی بانگی کرد بۆ لایەکی حەوشەکەو ئەم هەواڵە خۆشەی پێراگەیاند-:

-بەیان/ کاکە یەعقوب...مریەم ووتی یەکەم شەوی ئەم زستانە لەبەردەمی دوکانەکەی باوکم چاوەڕێ دەکەم.

لەگەڵ تێکەڵبون و سەرقاڵبون بەوهەموو بیرکردنەوەیە بەدەم ڕۆیشتنی خێراوە شوشە عەترەکەی ترێی دەرهێناوە سەیری دەکات و چەند جارێک ماچی دەکات دووبارە دەیخنێتەوە بەرباخەڵی و هەنگاودەنآ بۆ دووبارە ڕۆیشتن بەرەو ژوانی کچە شۆخە لادێییەکە....ئەم گەنجە زۆر شێتانە هەڵپەدەکات بۆ ماچێکی مریەم بۆ لەباوەشگرتنی ئەوکچە چڵکنە گوندنشینە.

* * *

ئای لەئەقڵی کاڵی گەنج چەند سەیرە! جگەلە لەززەتی هەرزەکارانەی خۆی هیچ شتێک لەپرۆسەی هاوسەرگیری نازانێ، دوای بەیەکەوە ژیانیان روونتر بڵێم دوای زەواج کردنیان بەخت دەورێکی گرنگ و کاریگەری هەیە کەئایا توشی چ جۆرە خەسوێک دەبن بابڵێین توشی چ جۆرە خەسوە دەعبایەک دەبن، بەڵام پلکە هەیبەتی دایکی مریەم ژنێکی زۆر چاکە لەوەدەچێ بەختی یەعقوب لەمەیاندا زۆر جوانبێت، ئایشێخانیش ژنێکی زۆر بێدەنگ و باشە دیارە بەخت یاوەری مریەم-یشە ئەگەر شوو بەیەعقوب بکات ژیانی زۆر خۆشدەبێ بەدەست ئەم خەسوە چاک و کەمدو وبێدەنگە .

* * *

یەعقوب چەمایەوە چنگی کرد بەبەفرەکەدا و خستیە دەمی بۆئەوەی تۆزێک قوڕگە ووشک بووەکەی تەربکات تالەچەند ورێنەیەکیتری خەیاڵەکانی باوەشی مریەم وشک دەبێتەوە دەگاتە ناو دآ لەوێش مریەم جامە ئاوەکەی بۆ ئامادە کردووە بەدەست وپەنجە خەناویەکەی دەیکات بەدەمی ئەو گەنجە سەرهەڵگرتوە ئەویش تێنوێتی ڕێگای ژوانی دەشکێنآ و لەسەرڕێ دەبێ بۆ ماچەکانی خوشکە مراوی .

ئەم گەنجە شێتە بەدەم بەفرخواردن بەردەوامە لەڕۆیشتن، بەسەر بەردەڵانەکەدا دەڕوات و بیر لەهەموو هەڵسوکەوتێکی زستانی رابردوی مریەم دەکاتەوە، زۆری لاخۆشە بەدەم ڕۆیشتنەوە تێکەڵاوی خەیاڵەکانی دولبەرەکەی دەبێت،. ماوەیەکی باش بەمشێوەیە و بەمشەوە بەسەر بەفرەکەدا دەڕوات هەرچەندە ڕۆیشتنەکەی بەهۆی بەردە جۆراوجۆرەکانی ژێر بەفرەکە بەرز ونزمی و وردە هەڵبەز و دابەزی تیایە بەڵام زۆر لەخاکە قوڕاویە فشەڵەکە خۆشترە، بەمشێوەیە ئەوێ دەبڕآ و دەگاتە هەورازەکە .

لەوێ کەمێک دەوەستێت روانینەکانی چڕدەکاتەوە بۆ سەرکەوتن دووبارە و جارێکیتر دەچێتە نێو خەیاڵەکانی دولبەرەکەی و تێرتێر بەقوربانی باڵای دەبێت، هەنگاو بەرەو سەرەوە دەبێت و لەبەر خۆیەوە دەدوێت- :

-یەعقوب/ مریەم گیان ئەوێ زستان هاتەوە، بەدرێژایی ئەم وەرزە دەتکەمە باوەشم، بەقوربانت بم کەمێکیتر دەگەمە لات.

ئەم گەنجە شێتە وردەوردە بەرزاییەکە دەبڕآ، چرکە دوای چرکەش لەژوان نزیک دەبێتەوە هەنگاو دوای هەنگاو بەرزتر دەبێتەوە دوای چەند خولەکێک سەرکەوت دووبارە هەڵوەستەیەکیتری کردەوە و سەیرێکیتری ئەملاولای کرد و بەپەلە دیراسەیەکی شوێن پێکانی خۆی کرد.

* * *

سەر تەپۆلکە شاخەکەو بەفرو کرێوە....
یەعقوب-ی سەرکێش گەیشتە سەر تەپۆلکە شاخەکە ئەوێ بەفری زیاتری لێیە قوڵەپێی تیا نوقم دەبێت بەڵام بەلایەوە خۆشە چونکە ئاسمان سافە کەمێکیش هەوای ساردی هەیە خۆ ئەویش بەتەواوی خۆی پێچاوەتەوە و لەسەرماش ناترسێت چونکە کوڕی نێو ئەو شاخانەیەو راهاتوە .
سەر تەپۆلکەکە ماوەیەکی باشی دەوێت تابیبڕێت و وردەوردە بەکێشی دەکات بەرەو ژوان بەڵام دوای چەند دەقیقەیەک ڕۆیشتن و چەند بیرکردنەوەیەکی تری عاشقانە ئەوەندەی نەبرد ئاسمانی شاخەکە شێت بو و دەستی کرد بە بەفربارین دواتر لەوبەرزاییە (با) بەهێزەکەشی هەڵکرد ئەویش بەلایەوە ئاساییە چونکە لەئێستاوە تابەردەمی دوکانەکەی مام خدر هەرتەنها نیو کاتژمێری ماوە و لەوێش دەست و پەنجە تەزیوەکەی لەنێو دەستە بچکۆلەکانی مریەم-دا گەرم دەکاتەوە....تامەزرۆی راموسانەکانی زستانی پێشوە بیری باوەشە نەرمەکەی مراوی گیان هۆشیان لەسەری ئەو کوڕە نەهێشتوە، کە ئەم عاشقە بەرەوژوان دەبێتەوە هەست بەسەرمای زستان ناکات تەنانەت خۆشی لەوەرزی بەهاریش نابینێ بەهۆی دووری مریەم گیان .
باو بەفرەکە ئەوەندە بەهێزە تەنها چەند مەترێک بەرچاوی خۆی دەبینێت، سات لەدوای سات سەرماکە بەهێزتر دەبێت ئەوەندەی نەبرد کرێوەی بەدوای خۆیدا هێنا و توانای ڕۆیشتنی ئەو عاشقەی کەمتر کردەوە....جارێکیتر جامانەکەی توند دەکاتەوەو دەیخاتە سەردەموچاوی تالەبەفر وبا بیپارێزێ بەردەوامیشە لەڕۆیشتن، شەوەکەی زۆر تاریکە بەڵام بەهۆی ڕۆشنایی بەفرەکە ڕێگاکە دەناسێتەوە و خۆیشی شارەزای ناوچەکەی خۆیانە کەمێک خێراتر دەڕوات بۆئەوەی بگاتە سەرووی بەرزاییکەی پشتی ڕەبیە کۆنەکەی زەمانی حکومەتی بەعس لەوێش ڕووەو نشێوە ئاسانتر و خۆشتر دادەبزێتە دێکەی ماڵی دولبەر، ئەم گەنجە عاشق و سەرکێش و شێتە کەدەگاتە ئەوێ تەلسمی چاوەکانی ئەو کیژە چلکنە هەموو ماندوبونێکی لەبیردەبێتەوە .
⁕ ⁕ ⁕
سەرما کەمبۆوە....
کرێوەکە کەم بۆوە ئەوەندەی پێنەچوو بەفربارینیش وەستایەوە، هەوا ساردەکەش کەمتر بۆوە یەعقوب-یش زۆر دڵی خۆشبو چونکە بیرکردنەوەکانی ئاڵۆز ناکەن و زووتریش ڕێگاکە دەبڕآ و زووتر بەدولبەرەکەی شاد دەبێت هەرچەندە ئەو لەبەفروباران سڵناکاتەوە .
بەردەوامە لەهەنگاونان بەدەم ڕۆیشتنەوە زۆر ماندوو و شەکەتە کەچی ئەم گەنجە شێتە بیر لەو زەماوەندە دەکاتەوە کەلەگوندەکەی ماڵی مریەم سازکرابو، ئەو بانگهێشت نەکرابو بۆ ئەو ئاهەنگە بەڵام مریەم هەواڵی ئەو هەڵپەرکێیەی بۆ ناردبو تالەگەڵ کوڕانی ئاودآ تاوێک هەڵپەرکآو ساتێکیش چاوبرکآ بکەن، خۆ هیچ نەبێ کەمێک تامەزرۆی گەنجێتیان دەشکآو شەویش لەباخەڵی خەیاڵدا تابەیان خەویان لێدەکەوێت، سپێدەش چەند فرمێسکێک نوقمی نێو سەرینەکەیان دەکەن دواتریش بەهۆی سەرقاڵی ئیش وکارەوە لەوخەیاڵە ئازاراویە دووردەکەونەوە.
⁕ ⁕ ⁕
خەیاڵەکانی نێو هەڵپەرکێ....
هەربەمشێوەیە و بەبێ دەنگی جارجار پانتایی هەڵپەرکێکەی دێتەوە بەرچاو، دەنگی قاچەکانی خۆی لەم شەو ڕۆیشتنەدا ڕۆڵی موزیکی گوزارشتی دەبینێت، گیزەی هەوا کەمەکەش دەوری دەنگی دەهۆڵ و زوڕناکەن بەرجەستە دەکەن، لەرونیای ئەم شێتەوە دەنکە بەفرەکانی بەردەمی تێکەڵاوی زەردەخەنەو تریقانەوەکەی مریەم دەبێت، چونکە بەرۆح تێکەڵاوی هەستەکانی ئەم کچە لادێیەیە....هەروەکو دولبەرەکەی لەبەردەمی بێت ئاوها بەدەم ڕۆیشتنەوە هەڵسوکەوت دەکات و بەردەوام وێنەی لەبەرچاوە.
عاشقە شێتەکە ماوەی ساڵێکە بۆنی مریەم-ی نەکردووە، بۆ ژوان نەبێت کەس بەم بەفرو کرێوەیە نایەتە دەرەوە، تێنوێتی ساڵێکی دووری بەکێشی دەکات بۆ نێو سەرماو سۆڵە و شاخ وداخ بەهۆی تاسەی دووری ساڵێک بەدەم ڕۆیشتنەوە یادەوەریەکانی مریەم یەک لەدوای یەک لەسەر سکرینی بینیندا دەکەوێتە بەرچاوی .
⁕ ⁕ ⁕
جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێڵێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ عەسر/ بەهاری ١٩٩٤ گوندەکەی ماڵی یەعقوب

لەوەرزی بەهاردا ئەو ناوچەیە سەوزەو گوڵاڵە سوورەکانی دەرەوەی دێ لەنێو کەروێشکە گیادا سەرەتاتکآ لەگەنجان دەکەن، جارجار لەگەڵ کزبادا خۆیان نوقمدەکەن و دواتر سەر دەردەهێنن دیمەنێکی زۆر دڵرفێن بەناوچەکە دەبەخشن مژدەی لەبەرکردنی کراسە رەنگاورەنگەکانی کیژان بەگەنجان دەگەیەنن هەواڵی هاتنەدەرەوەی کچە لادێییە دەستوپێ خەناویەکان دەدەن بەگوێی جحێڵانی گوندنشین .

کۆبوونەوەی کوڕانی ئەم ناوچەیە و کردنەوەی رازەکانیان بەرووی ئەم بەهارە سەوزەدا خۆشی دەخاتە دڵی ئەوێنەی خاوەنی سێوە سوورەی خۆیانن، خاوەن دۆستە جوانەکانیش سوڵتانی هەموو جحێڵانی ناوچەکەن.

کۆبوونەوە بازنە بەستوەکەی کوڕانی ناودآ لەبەردەم دوکانەکەی مام حەمەد قادر و هاتوو چۆی بەعیشوەی کچە کراس بریسکەدارەکان و چاوبرکێیان لەگەڵ یەکتردا دڵی کوڕان دەخەنە نێو مشتیان، خۆشیان بەو عەییاری و مەکربازیەوە بۆ داخورپاندنی دڵی کوڕانی عاشق هاتووچۆی لەو جۆرە دەکەن .

گەربمانەوآ ئاوازێکی گوزارشتی گونجاو بۆ زەینی کچانی مەکربازی ئەم گوندە بکەین بەبەرگی ئەم دیمەنە دڵرفێنەی وەستانی کوڕە عاشقەکانی بەردەمی دوکانەکەی مام حەمەد پێویستە دەنگە بەسۆزەکەی حەسەن زیرەک لە گوێچکەی ئەو کیژە سەوزو سوورانە بەرزبکەینەوە -:

خۆزگەم بەوەی دۆستی جوانە

لەنێو جحێڵان سوڵتانە.....

چاوە بریسکەدارەکانی نێو ئەڵقە بەستوی کوڕانی بەردەم دوکانەکەی مامەپیرەش لەنێو زەینی خۆیاندا بەدەنگی حەسەنی نەمر گوزارشت لە هاتووچۆی کچانی عەییارباشی کراس ئاڵو واڵا دەکەن و چریکە لەگوێچکەیان هەڵدەسێت -:

کیژان دەچنە مێرگوڵان ئەیوەی مێرگینان ....

تێکرا دەچنن وەنەشان.....

یەعقوب لەوێ لەنێوی هاوڕێکانیدا مەستبوە بەڵام دڵی ئەم گەنجە لەگەڵ ئەوێنیتر جیایە دڵێکی باڵداری هەیەو بەردەوام بەئاسمانی گوندەکەی ماڵی مریەم-دا دەسوڕێتەوە تەنها لەکاتی خەوتندا دەکەوێتەوە نێو سنگی خۆی لەزۆربەی شەوانیشدا دەبێتە سوارچاکی خەونەکان و لەگەڵ خوشکە مراوی-دا لەفیلمێکی خەون ئامێزدا تاسەرکەوتن دەجەنگن .

بۆ ئەم دیمەنە دەنگە بەسۆزەکەی زیرەک بەردەوامە، موزیکێکی گوزارشتیە و کراوە بەبەرگی جوڵەو هاتوچۆی کچان و وەستانی کوڕانی بەردەم دوکانەکەی مام حەمەدو چاوبرکێیان لەگەڵ یەکتر .

* * *

خوێنەری بەڕێز لەزەینی خۆتدا کەمێک گۆرانییەکە کزبکەو سەیری بەیانی خوشکی یەعقوب بکە چۆن بانگی براکەی دەکات....

بەیان هاتۆتە نزیک دوکانەکەی مامەپیرە و سەیری یەعقوب دەکات کەلەنێو کوڕگەلی دێ وەستاوە بەردەوام تێیدەڕوانێ تاگۆشەی چاوەکانی دەگرێ و دواتر بەدەست بانگی دەکات بۆ بەرماڵەوە ئەویش یارمەتی لەهاوڕێکانی وەردەگرێت و ئەوەندەی پێناچێت دەگاتە بەردەمی ئەو تاقە خوشکەی بەرلەوەی دەم بکاتەوە بەیان بەسوکی-:

-بەیان/ یەعقوب گیان مریەم هەواڵێکی خۆشی بۆ ناردووی.

-یەعقوب/ توخوا چیە زوو پێم بڵێ.

-بەیان/ دەڵێ لەم ماوەیەدا لەدێکەی ئێمە بووک دەگوازنەوە، هەڵپەرکێیەکی گەورە دەکەن.

-یەعقوب/ ئێ....جا دەیەوێ من بچم بۆ ئەوێ؟!

-بەیان / ئەرێوەڵڵا وتبووی بەو مەیمونە بڵێن بابێت.

-یەعقوب/ تووسەری بابە؟! نەیووت کەی؟!(بەپەرۆشەوە)

-بەیان/ با (بەدەم رێکخستنی کراسی براکەی) وتبووی باماڵی زاوا کاتەکە دیاری بکەن، خۆم خەبەری بۆ دەنێرم،....کاکە ئەوە بۆچی مریەم بەتۆ دەڵێ مەیمون؟ (بەپێکەنینەوە)

-یەعقوب/ چونکە ئەویش وەکو تۆ مەیموونە (بە پێکەنینەوە).
-بەیان/ (پێدەکەنێ).
-یەعقوب/ چونکە زۆری خۆشدەوێم (پێدەکەنێ)
-بەیان/ دەبێشە دەی کاک مەیموون گیان بڕۆرەوە ناو هاورێکانت (بە پێکەنینەوە).
یەعقوب هەر بە پێکەنینییەوە بەیان جێدەهێڵێ، لێرەدا بادەنگە خۆشەکەی زیرەک کەمێک بەرزبکرێتەوە تائەو عاشقە دەگەڕێتەوە نێو هاورێکانی تادووبارە بەشداری لەگێڕانەوەی بەسەرهاتە شێتانەکەی گەنجێتی خۆیان دەکەن بەڵام یەعقوب لەوێنیتر جیایە هیچ ذهێنییەکیان بۆ نادرکێنێت .
گەنجان هەریەکەو باسی کچە حەیرانەکەی خۆی دەکات ئەگەر تۆ وەک خوێنەر زوومی روئیای خۆت بخەیتە سەر دەم وچاوی یەعقوب کەلەنێو هاورێکانی وەستاوە دەبینی وردەوردە خەیاڵەکانی دەفڕن بەرەو دێکەی ماڵی مریەم و دەم وچاویشی کەمێک لەسەر سکرینی خوێندنەوەت لێڵ دەبێت .
* * *
گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........
کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤
یەعقوب لەسەر تەپۆلکە شاخەکان بەردەوامە لەرۆیشتن
هەمان دەموچاوە خەیاڵاویەکەی یەعقوبی نێو بەهارە رووناکەکەی گوندەکەیان دەگەڕێتەوە نێو شەوە تاریک و ساردەکەی ئەم زستانەی سەرشاخ، بەدەم رێگاوە بەسەر تەپۆلکە شاخەکە زۆر بەخێرایی دەڕوات و ئاواتی گەیشتن بەدڵدارە جوان و وردیلەکەی بەکێشی دەکات یادەوەری ژوانەکانی پێشوش ساردیی رێگاکەی لەبیر دەبێتەوە .
دوای ئەوەی کەمێک هاتەوە سەرخۆی بەمشەوە لەنێو ئەو شاخەدا خۆی دەبینێتەوە چاوەکانی بەچواردەوری خۆیدا دەگێڕێ هەرهەمووی بەفرە بۆ ئەوەی هەست بەسەختی رێگاکە نەکات یان هیچ نەبێ رێگاکەی بۆ کورتبێتەوە بەردەوام باوەش دەکات بەیادەوەریەکانی مریەم، بەدەم رۆیشتن، بەدەم زەردە خەنە، بەدەم سەرماوسۆڵە، جارێکیتریش دەگەڕێتەوە نێو خەیاڵە گەنجیەکەی خۆی و خۆی تێهەڵکێشی ژوانەکانی پێشو دەکاتەوە .
* * *
جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێلێکی باریکتر،
دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........
کات/ دەمەوئێوارە/ بەهاری ١٩٩٤ هەڵپەڕکێی نێو گوندەکەی ماڵی مریەم لەبەردەمی دوکانەکەی مام خدر
لەگوندەکەی ماڵی مریەم هەڵپەڕکێ زۆر گەرمە، مریەم لەگەڵ کچانی دێ خەریکی هەڵپەڕینە و جارجارەش نیگادەکات بۆ یەعقوب، ئەو گەنجە شێتەش هەموو دونیا لەچاو و برۆکانی مریەمەوە دەبینێت  و دڵیشی زۆر خۆشە چونکە پشتی داوەتە دیواری دووکانەی مام خدری باوکی مریم .
* * *
گەنج زۆر شێتە، زۆر سەیرە! لە(زستانەژوان)ێکی ئاوادا لە(سەرماژوان)ێکی ئاوادا بەمشێوەیە بیر لەخۆشەویستەکەی دەکاتەوە گەر بتوانین خۆمان بخزێنینە نێو زەین و بیرەکانی یەعقوب-ی گەنج کەلەوێ وەستاوە، مریەم-یش لەگەڵ کچانی هاوڕێیدا بەشێوە سلۆیەکی خەیاڵی هەڵدەپەڕێ چاوە رەشەکانی ئەو کچە لادێییە یەک لەسەر یەک تیری عیشق دەگرێتە دڵدارەکەی، ئەویش بەدەم ئازاری دڵ لەبەردەم دوکانەکەی باوکی دولبەر دەتلێتەوە .
ئەم دوکانەی مام خدر جێی چاوبرکێی گەنجانی گوندەکەیە، تاکە دوکانیشە لەم دێیە، مام خدر زوو زوو شتەکانی تەواودەبێت بەهۆی سەختی شوێنەکەیان زۆر درەنگ دەچێت بۆ شار بۆ هێنانی کەل وپەلی نوآ هەچۆنآ بێت کەمێک پێداویستیەکانی ئەو خەڵکە دابینەدەکات بەڵام قورسایی هێلی درامی ئەم دوکانە تەنهاو تەنها لەشەودا جێی ژوانی ئەم دوو عاشقەیە و هیچیتر بۆیە چۆنییەتی جوڵەی رۆژانەی تیا نابینرێت .
ئەم دوکانە بەهەمان شێوەی دوکانەکەی مام حەمەد لەقوڕ و بەرد دروستکراوە، بەردەمەکەشی کەپرێکی خنجیلانەی هەیە تالەزستاندا باران نەیگرێتەوە و بۆ ئێوارانی هاوینیش سێبەرێکی چاکە بۆ وەستانی پیاوانی ناودێ، یەعقوب

بەهەمان شێوەی کۆبونەوەی نێو دوکانی گوندەکەی خۆیان ئاشنایەتی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ئەم گوندەی ماڵی مریەم هەیەو یەکتری باش دەناسن بەڵام کەسیان بەنهێنی پەیوەندی نێوان ئەم خۆی و خوشکە مراوی نازانێ.

* * *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

یەعقوب لەسەر تەپۆلکە شاخەکان بەردەوامە لەرۆیشتن

یەعقوب لەخەیاڵ دەرچو بەمشەوە بەردەوامە لەرۆیشتن بەرەو گوندەکەی ماڵی دولبەر وردەوردە بەنێو بەفرەکە سەردەکەوێت دەگاتە سەر تەپۆلکەیەکیتر کرێوەو بەفربارین وەستاوە بەڵام هەواکەی کەمێک ساردە چەند تارماییەک دەبینێت لەچواردەوری دەخولێنەوە! زۆر گرنگی پێنادات هەرچەندە بەبیریدا دێت کەلەوێنەیە گورگ بێت! ئەم گەنجە کوڕی نێو شاخ و بەفرە بەهیچ شێوەیەک ترسی لەوجۆرە گیانلەبەرە نییە یەک لەدوای یەک هەنگاوەکان دەبڕێ و بۆ کورتکردنەوەی ڕێگاکەی دووبارە خۆی دەخزێنێتەوە نێو خەیاڵی ژوانەکانی پێشو.

* * *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێلێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ دەمەوئێوارە/ بەهاری ١٩٩٤ هەڵپەڕکێی نێو گوندەکەی ماڵی مریەم لەبەردەمی دوکانەکەی مام خدر

دوای نانخواردنی ئێوارە دووبارە گەنجان دەست دەکەنەوە بەهەڵپەرکآ تاشەویش کچان و کوڕان لەخۆشی یەکتر ئەوناوە جێناهێڵن لەچەندین شوێنی جیاجیا چرای گەورەو بچووک داگیرساوە بۆ روناککردنەوەی شوێنی هەڵپەڕکآ چەند چرایەکیش بەکەپری دوکانەکەدا هەڵواسراوە .

کاکە یەعقوب-ی دڵدار و سەرکێش، کاکە یەعقوب-ی گەنج لەبەردەمی دوکانەکەی باوکی ئەوکچە عەییارە وەستاوە بەهۆی رووناکی چراکانەوە دەموچاوی بەتەواوی لەمریەم دیارە، ئەو دولبەرەش لەگەڵ هەموو سوڕانەوەیەکی نێو هەڵپەرکێکەدا شنەشنی بۆ دەکات و ئەو کوڕە گوندییە شێتدەکات .

دوای پێکەنینی دوربەدوریان لەگەڵ مریەم-دا یەعقوب هەلێک وەردەگرێ دەچێتە نێو دووکانەکەی مام خدر، مریەم خانیش لەوچراخانەی نێو هەڵپەرکێکەدا کەمێک لەولاتر نیگا دەکات، گەنجە شێتەکەش دەگاتە لای مام خدرو داوای پاکەتێک جگەرەی لێدەکات مام خدر وەکو پیرەکانیتر بەوێنەی گەنج توانای هەڵپەڕکێیان نییە بۆیە لەنێو دوکانەکەی خۆی دانیشتوە خەریکی شت فرۆشتنە چەند پیرەمێردێکی تریش لەدوکانەکە دانیشتون دیارە لەگەڵ مام خدر بەقسەکردنەوە سەرقاڵن.

* * *

راچڵەکین و گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

یەعقوب لەسەر تەپۆلکە شاخەکان بەردەوامە لەرۆیشتن

خەیاڵ....خەیاڵ....دووبارە تارماییەکان بەبەرچاویدا هاتووچۆ دەکەن! یەعقوب-یان لەگێژاوی خەیاڵ دەرهێنا و خستیانەوە نێو شاخە بەفرینەکە! ئەویش هەڵوەستەیەک دەکات لەبەرخۆیەوە دەدوێت -:

-یەعقوب/ لەوێنەیە گورگ بێت .

دوای کەمێک رۆیشتن، کەمێک بیرکردنەوە، کەمێک روانین بەچواردەوری خۆیدا، سەرلەنوێ دەیەوێ قەناعەت بەخۆی بکات کەلەم ڕێگای ژوانەدا نەترسێ بۆیە لەبەرخۆیەوە دەڵێت-:

-یەعقوب/ باگورگیش بێت .

ئەم گەنجە بێ ئەقڵە دەست دەخاتە سەر خەنجەرەکەی و بەردەوام دەبێت لەرۆیشتن زەردەخەنەی نێو زەماوەندەکەی ئەم بەهارەی ١٩٩٤یش بەرینەداوە پێکەنینەکەی تێکلاوی رۆیشتنەکە دەکات بەلاَم دەنگی نایەت.

* * *

**تێکلاوی لقە جووڵەو هێڵی گشتیی**

بەهەمان زەردەخەنە لەنێو دوکانەکە وەستاوە، مام خدر خەریکی ئامادەکردنی پاکەتە جگەرەکەیە ئەویش بەمشەوە بەبێدەنگ بەسەر ئەو شاخەدا دەڕوات و سەیری بەردەمی خۆی دەکات زەردەخەنەش لەلێوەکانی نابڕێت، بەتێکەلاوکردنی هەردوو دیمەنی نێو دوکانەکەو رۆیشتنی سەرشاخ سووک سووک لەدڵی خۆیدا لەگەڵ خۆی دەدوێت-:

-یەعقوب/ خۆ مام خدر دەزانێ من جگەرە ناکێشم....دەشزانآ کە شەو گەڕامەوە بۆ دێکەی خۆمان ئەیدەم بەبێوکم، ناشتوانم شەو لەوێ بمێنمەوە چونکە بەم بەهارە خەڵک لەسەربان و حەوشەدا دەخەون مریەم ناتوانآ بێتە دەرەوە....ئاخ....گرنگ نییە من دەمەوێ چاوەکانی مریەم ببینم و پاکەتە جگەرەکەشم خۆشدەوێ.

* * *

یەعقوب دووکانەکەی باوکی مریەمی زۆر خۆشدەوێت، مام خدریشی زۆر خۆشدەوێت هەمووجار بەیەعقوب-دا سڵاو بۆ باوک و دایکی دەنێرێت قسەکانی مام خدر-یشی خۆشدەوێت تەنانەت ڕێگا دوورودرێژە ساردەکەشی خۆشدەوێت بۆیە یەعقوب ژیانی خۆشدەوێت چونکە خوشکە مراوی تیایە، بۆیە چاوەکانی خۆیشی خۆشدەوێت چونکە خوشکە مرای دەبینێت، بۆیە ترێ-شی خۆشدەوێت چونکە خوشکی مریەم-ە.

* * *

یەعقوب لەنێو دوکانەکەدا وەستاوە دەیەوێ باکەتە جگەرەکە لەمام خدر وەربگرێت بەلاَم هەموو هەست و گوێچکەکانیشی داخستووە، کە مام خدر قسەی بۆ دەکات ئەو تەنها گوێی لەدەنگی دەهۆڵ و زوڕنای دەرەوەیە بەتێکەلاو بوون لەگەڵ دەنگی قاچەکانی لەکاتی رۆیشتندا بەنێو شاخە بەفرینەکەدا، کە پاکەتەکە لەمامە گیانی دوکاندار وەردەگرێ و پارەکەی دەداتە دەست....دەڵێی بەسەر دونیاوەنییە .

* * *

مرۆڤی گەنج زۆر سەیرە چاوو گوێچکەیەکی زۆر سەیریشی هەیە، هیچ ئەندامێکی لەشی لەژێر کۆنترۆڵی خۆی نییە هەرهەمووی وا لەژێر جادوی چاوە سیحراویەکەی دولبەردا چاوڕێی فەرمانن.

* * *

یەعقوب لەنێو دوکانەکەدا جارجار ئاور بۆ دەرەوە داتەوە مریەم لەگەڵ کچانی هاوڕێی لەنێو هەڵپەرکێکە هەڵدەپەرێ شنۆی هاوڕێی بەردەوام شانی لەگەڵدا جووت کردووەو لێی جیانابێتەوە بەهۆی چرا رووناکەکانەوە زۆر بەجوانی دەموچاوە وردیلەکەی مریەم-ی لێوەدیارە، جوڵەی سنگ و ملوانکەکانی زیاتر ئەقڵی ئەو گەنجە لادێیە سستدەکەن، کاتێ پاکەتە جگەرەکە لەم پیاوە پیرە وەردەگرێ وردورد لەنەشئەی چاوەکانی مام خدردا هەناسەکانی مرە گیان دەخواتەوە و پاکەتەکەش دەخاتە گیرفانی.

* * *

راچڵەکین و گەڕانەوە بۆ سەر هێڵی گشتیی........

کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

یەعقوب لەسەر تەپۆلکە شاخەکان بەردەوامە لەرۆیشتن

خەیاڵ....خەیاڵ....جارێکیتریش بەدەم ڕێگاوە تارماییەکان دەوری ئەم گەنجە دەگرن و سەرلەنوێ وندەبنەوە، ئەویش ترسی گورگەکانی بەلاوە گرنگ نییە بەڵکو زۆری پێناخۆشە بەراچڵەکاندنێکی ئاوا جارێکیتریش لەوخەیاڵە ئیشق ئامێزەی دەردەهێنن و دەیخەنەوە نێو سەرما و سۆڵەی شاخەکە .

بەدەم ڕێگاوە هەوڵدەدات هەرچی سەرمای ئەمشەوە هەیە بیچێژآ بەلاَم بۆ تەنها ساتێک بگەڕێتەوە نێو خەیاڵی کچە چاوبازەکەی ئەو گوندە یان هیچ نەبێ دیمەنەکانی باوکی مریەم-ی عەیباریش بێتەوە بەرچاوی هەرخۆشە، یەعقوب-ی

گەنج هەربەدەم ڕێگاوە دوای ونبونی تارماییەکان دیسانەوە خۆی دەخاتەوە نێو خەیاڵەکانی گەنجێتیی، ئەوەتا بیر لەمام خدری باوکی مریەم دەکاتەوە بەدەم ڕۆیشتنەوە لەگەڵ خۆی وڕێنەی گەنجێتی دەکات و لەدڵی خۆیدا دەدوێ-:

-یەعقوب/ مام خدر پیاوێکی زۆر لەسەرەخۆو تێگەیشتووە، لەچاوەکانی دیارە منی زۆر خۆشدەوێت ....ئم....بەخوا بەس داوای مریەم بکەم بەکراسەکەی خۆی پێشەکەشم دەکات....ئم....لەم ماوەیە دەچم بۆ خوزازیێنی....ئم....سەبرم نەماااا....مریەم گیان بەقوربانی باڵات بم لەم نزیکانە دەست لەملانت دەبم و دەتکەم بەبووکێکی جوان....بەخوا لەیەکەم شەودا هەزاران جار لەدەورت دەگەڕێم....بەقوربانت بم مەیمون گیان، بەساقەت بم مراوی گیان.

ئەم گەنجە دڵ تەڕە لەم جۆرە بیرکردنەوەیە لەسەر شاخە بەفرینەکە بەخێرایی دەڕوات، بەفربارین و کڕێوە نەماوە بەڵام هەوایەکی ساردی هەیە هەمووگیانی گەرم داهاتوە وهەست بەسەرما ناکات چونکە زۆر بەخێرایی دەڕوات، بزەش لێوەکانی جێناهێڵێت، شەقەزللەکەی مریەمی بیرکەوتۆتەوە لەگەڵ هەموو هەنگاوێک قاقایەک لێدەدات و خەندەش لەگەڵ دەنکە بەفرەکاندا بەسەر دەموچاویدا بڵاوبۆتەوە کەمێکیش لەسەر سمێڵە تەنکەکەی وەستاوە.

-یەعقوب/ بەخوا مریەم گیان....شەقە زللەکەت و توڕەبوونەکەشت خۆشە. (بەپێکەنینەوە بەدەم ڕۆیشتنەوە)

کەمێک لەشوێنی خۆی دەوەستێت هەربەدەم پێکەنینەوە سەیرێکی دەوروبەری خۆی دەکات! کەمێک لەپێش و پشتی خۆی ڕادەمێنێت بەڵام هیچ شتێک بەدیناکات هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێت بەدەم ڕۆیشتنەوە جارێکیتر دەگەڕێتەوە نێو خەیاڵەکانی زستانی ڕابردو.

* * *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێلێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ نیوەشەو/ زستانی سەرەتای ١٩٩٤ گوندەکەی ماڵی مریەم /

بەردەمی دوکانەکەی مام خدر

زستانی ڕابردو لەشەوێکی درەنگ وەختدا یەعقوب لەژوانێکیتردا لەگەڵ مریەم لەژێر کەپری دوکانەکەی مام خدر بەجووتە وەستاون، خوشکە بچووکەکەشی (تریێ) گیان بەئاستەم دەرگای دوکانەکەی تریزاندوە بۆ ئەوەی چاوی لەوێن و ماڵەوەش بێت نەبادا لەپڕ باوکی یان دایکی بێتە دەرەوە! یەعقوب و مریەم کەمێک لەتریێ دورن و هۆش و ئاگایان لەخۆیان نەماوە! یەعقوب مەست و حەیرانی بۆنی مێخەکەکەی مریەم بوە، مریەم-یش سەرخۆشی نێو باوەشەکەی یەعقوبە لەپڕ لەناو دوکانەکەدا !

-تریێ/ مریەم خێراکە گوێم لەدەنگی باوکمە!

مریم بەهۆی شپرزەیی خۆی و ترسی باوکی خۆی بیرچۆتەوە لەنێو باوەشی یەعقوب دایە بۆیە بۆ ماڵئاوایی دەستێکی کردە ملی ئەوکوڕەو ماچێکی ناو دەمی کرد، ئەویش لەخۆشیا ئەقڵی پێنەما هەرئەوەندە خۆشبو دەستی کردە ملی مریەم و تێروپڕ ناو دەمی ماچکرد، مریەم وەکو نازی کچانە خۆی رادەپسکێنآ دەیەوێت بەرلەوەی باوکی بگاتە نێو حەوشەکە بچێتە نێو دوکانەکە و دواتر بۆ ژوورەوە بەڵام یەعقوب توند ئەو کچە لادێیە دەگرێت و بەریناداتت تاوێک بەمشێوەیە ڕاکێش ڕاکێش دەمێنەوە دواتر یەعقوب گازێکی بچووکی لەلێوەکانی مریەم دەگرێت ئەویش بەزریکەیەکی نزم یەک دانە شەقەزللەی دەگرێتە پەناگوێی یەعقوب و ڕادەکاتە ژوورەوە .

یەعقوب لەدواوە سەیری دەکات و دەستیش دەگرێت بەپەناگوێی خۆی، کەلەچاو ون دەبێت....تریێ بەسووکی دەرگای دوکانەکەی دادەخات لەدەرەوە سوپاسێکی گەرمی خوا دەکات دەست بەرومەت و شوێنی شەقەزللەکەی مریەم-دا دەهێنێ و ماچی دەکات....دواتر بەخێرایی ئەو ناوچەیەی جێدەهێڵێت و دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان .

* * *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

یەعقوب لەسەر تەپۆلکە شاخەکان بەردەوامە لەڕۆیشتن

یەعقوب لەسەر شاخەکە زۆر بەخێرایی دەڕوات دەستی گرتووە بەپەنا گوێی و لەو شەوە ساردو پڕبەفرەدا بەپێکەنینەوە لەبەرخۆیەوە-:

-یەعقوب/ خوایە گیان من زۆر سوپاسی تۆ دەکەم کەمریەمت بەمن بەخشی، من هەرگیز لەیادم ناچێت، مریەم گیان تورەبونەکەشت خۆشە....مراوی گیان شەقە زللەکەت زۆر بەتامە. (بە پێکەنینەوە)

*   *   *

یەعقوب ئەمشەو بەرەو ژوان رێگەی چەمەکەی نەگرتوە بەڵکو نا و شاخەکەی بەلاوە خۆشترە چونکە هەرئەوەندە زەحمەتە تادەگاتە بەرزاییەکە زووتر روناکی چراکانی ناو دێی لێوەدەر دەکەوێت و زووتر بەمریەم شاد دەبێت، لەلایەکیتر ئەمشەو دەمانچەشی پێنییە تەنها یەک خەنجەری هەڵگرتوە، سەرلەئێوارە باوکی داوای لێکردبو کەدەمانچەکەی بداتێ چونکە عەسر باوکی خەریکی هەڵوەشاندنەوە و پاککردنەوەی تفەنگەکەیان بو جائەگەر لەچەمەکەوە تووشی گەلەگورگ بێت بەتەنها خەنجەرێک دەرەقەتیان نایەت....هەروەها ئەمشەو بارانەکەی لەشەوانی پێشو زۆرتربو چەمەکەش ئاوێکی زۆری تیایە لەهەندێ شوێن رێگەی رۆیشتنی لێگیراوە دەبێت دووبارە سەرکەوێ بۆ سەر شاخەکە بۆیە بەیەکجاری رێگای ناوشاخەکە و رۆیشتنی ژێر بەفری هەڵبژارد .

یەعقوب بەمشەوەو بەمشێوەیە لەگەڵ خۆی دەدوێت بەردەوامیشە لەرۆیشتن بەسەر ئەو شاخە بەفرینەدا دەستیشی گرتووە بە پەنا گوێی ئاواش یادی لێدانەکەی مریەم گیان دەکاتەوە، هەربەمشەوە سارده بەدەم رۆیشتنەوە دەست لەسەر رووومەتە ساردەکەی دەحزێنێتە نێو دەمی و بەیادی شەقەزللەکەی دولبەر تێرتێر ماچی دەکات و لەبەر خۆیەوە وەکو شێت پێدەکەنی.

عاشقە شێتەکە بەسەر شاخەکەدا رێدەکات خەریکە بەفروکرێوە دووبارە دەبێرێت ! تاقووڵە پێی لەناوبەفردایە ریش و سمێڵە تەنکەکەشی کەمێک بەفری گرتووە ئەمەیان قەیناکە کەگەیشتە ئەوێ مرەخان هەموی بۆ دەتەکێنێ و ماچیشی دەکات .

قسەی خۆمان بێت ئەم گەنجە عاشقەش زۆری پێخۆشە....شێتەی دڵدار هەست بەسەرما ناکات چونکە بەرەو ئامانجێک دەرِوات لەوێش مراوی خان لەباڵای دەئاڵێ و هەموو گیان و هەستی گەرم دەکاتەوە، ئەم گەنجە لادێییەش بەشی خۆی دەزانێ بۆیە گوێ بەسەرما نادات چونکە گەرمی لەشی مریەم تامێکی تایبەتی هەیە .

*   *   *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێڵێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ دەمەوئێوارە/ بەهاری ١٩٩٤ هەڵپەرکێی نێو گوندەکەی ماڵی مریەم لەبەردەمی دوکانەکەی مام خدر

لەناو هەڵپەرکێکەدا لەگەڵ مریم دەستی یەکتریان گرتووە و بەجووتە هەڵدەپەڕن خۆ ناشوێرن هیچ قسەیەک لەگەڵ یەکتردا بکەن تەنها دەستی یەکتر دەگوشن شان لەشانی یەکتر دەخشێنن و ئاخ هەڵدەکێشن دواتر بەتێڕامانێک لەبیرکردنەوەیدا لەسەر تەنیش بەقوربان بونێک ئاڕاستەی چاوەکانی مریم دەکات و ئەویش بەدەم هەڵپەڕکێ لەدڵەوە -:

-مریەم/ یەعقوب گیان....لەدەورت گەڕێم....بەقوربانت بم ئۆخەی ئەوە تۆی! (بەدەم هەڵپەڕکێوە)

*   *   *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

یەعقوب لەسەر تە پۆلکە شاخەکان بەردەوامە لەرۆیشتن

ئاخ....گەنجێکی سەرەڕۆ عاشقێکی شێت تەنها چەند شەوێک لەزستانی رابردوو دولبەرەکەی گرتۆتە باوەش و دەیەوێ ئەم زستانەش بەهەمان ئاوێزان بونی یار تام و بۆی مرە گیان بکات بەڵام ئەگەر گەلەگورگ رێگەی بدەن....ئەوەتا جارێکیتریش تارماییەکان لەیەعقوب نزیکبونەوەو خەیاڵەکانیان پچڕاند سەرلەنوێ لەخەیاڵی باوەشی کچە وردیلەیەک دەریانهێناو دووبارە خستیانە سەر شاخە ساردو پڕ بەفرەکە، خۆی کوڕی ئەوشاخانەیە ترس لەگیانیدا نەچێندراوە، ئەو چەندین شەو بەتەنها ئەو گورگانەی راوناوە تابەتەواوی دووری خستوونەتەوە، ئەو لەهیچ ناترسێ بەڵام بەفروبا ساردەکە ناهێڵن تارماییەکان بەچاکی ببینێ! دوای تاوێکی کەم هەر بەدەم رۆیشتنی خێراوە تەنافی زەینی تێگرتن

بەتەواوی بۆی دەرکەوت چەند گورگێکن! ڕۆیشتنەکانی خێراترکرد! خەریکە ترس سیمای دادەپۆشێ! لەبەر خۆیەوە پرتەو بۆڵەی دێت -:
-یەعقوب / لەوێنەیە ئەمشەو لەکاتی دیاریکراودا نەگەمە لای مریەم....خۆ دەشزانم ئێستا مریەم چاوەڕێمە....کاتی گەیشتنەکەشم دەزانێ....بەخوا گەر زیاتر دوابکەوم شێت دەبێت .

*         *         *

یەعقوب ئەمشەو تەنها یەک خەنجەری پێیە، ئەگەر تەنها گورگێکیش بێت بەهەرحاڵ دەتوانآ زاماری بکات بەڵام نەدانەیەک و نەدووان! ڕەنگە ئەستەمبێت ئەمشەو لەدەست ئەم گورگانە دەرچێت! لەوێنەیە نەتوانآ بەبێڵای مریەم بگات! ئایا ئەمشەو ئاواتی ساڵێکی دووری دێتەدی و چاوەڕەشەکانی مریەم ماچ دەکات؟ !
بیرەکانی چڕکردەوە! بەدەم ڕۆیشتنی خێراوە بەهەرچواردەوری خۆی دەڕوانآ و دەخولێتەوە هەندێجار بەپشتا دەڕوات بۆ ئەوەی دواوەی لێوە دیاربێت! چەند هەنگاوێکیش بەخێرایی ڕووەو پێشەوە هەڵمەت دەبێت! تارماییەکان دەبینی! زۆر دەترسێت! هەردوو دەستی ڕوەو تەنیشت و پێشەوە دەجوڵێنێت! خەنجەرەکەشی لەمشتدایە !
یەعقوب بەردەوامە لەڕۆیشتنی خێرا، بەردەوامە لەئاوڕدانەوە، بەردەوامە لەخولانەوە بەچواردەوری خۆیدا بەڵام بێ سوودە وردەوردە تارماییەکان نزیکدەبنەوە! بەتەواوی پشت و پێشی لێدەگرن! تاکار دەگاتە ئەوەی پەلاماری دەدەن و کەمێک برینداری دەکەن! هەرچەندە یەعقوب زۆر بەخێرایی خەنجەر دەوەشێنآ لەگەڵ ئەوەشدا دەستدەکات بەڕاکردن....کوڕی پەروەردەی نێو شاخان لەو جۆرە گیانلەبەرە ناترسێ بەڵام گورگەکان ژمارەیان زۆرەو زۆریش تەنگیان پێهەڵچنیوە! بۆیە ڕێگەی چوونە ناو گوندەکەی ماڵی مریەم-یان پێگۆڕی و سەرلەنوێ گەرایەوە بەڵام بەلای راستدا بەرەو خوارەوە بۆ نێو ڕەزەکان .

*         *         *

ئەگەر پشت بکەینە گوندەکەی ماڵی یەعقوب و لەدواوە سەیری ئەو گەنجە بکەیت کەڕووەو دێکەی ماڵی مریەم دەڕوات، لەوێ چەند ڕەزوباخێک لەنێوان هەردوو گوند هەیەو دەکەونە بناری شاخەکان بەلای دەستە راست .

*         *         *

قەپگرتنی گورگەکان لەگەڵ راکردن و وەشاندنی خەنجەری یەعقوب لەسەر تەپۆلکە شاخەکەوە بەرەو ڕەزوباخەکانی نێوان هەردوو گوندەکە بەردەوامە، یەعقوب لەترسی گوگەکان بەقاچەکانی رادەکات بەدەستەکانی خەنجەر دەوەشێنآ و برینداریان دەکات بەهۆش و زەینیش بیرلەگەیشتنی یەکآ لەخانوە گڵەکانی نێو ڕەزەکان دەکاتەوە کە هەر ڕەزەوانێک لەناو ڕەزەکەی خۆیدا دانەیەکی بۆ پێداویستی خۆی دروستکردوە .
ترپەی دڵی لەگەڵ تیژ ڕۆیشتنەکەیدا تەریب دەبێت، ئەم گەنجە لەتاو مەرگ هەست بەسەرمای بەفروبا ناکات، ئەو بیر لەدەربازبوونیی دەکاتەوە بەدەم ڕاکردنەوە ئەیوب-ی برای دێتەوە بەرچاو کەلەشەوێکی سەرماو سۆڵەی بەفراویدا لەساڵی ١٩٩٢ لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ گوندەکەی خۆیان بۆ باشوری کوردستان پاسدارەکانی سەر سنوری ئێران دەیانگرن و لەنێو ڕەبیەکەیاندا بەبەرچاوی یەعقوب و ئایشێخان و مەلاعەلی و کامەران و بەیان....هەروەکو ئەسپ دەستوپێی ئەیوب-ی برای ناڵی دەکەن و ئازاری زۆری دەدەن! یەعقوب ئاوا لەدەست گورگەکان رادەکات و ئاواش بیر لەبراکەی دەکاتەوە کەچۆن و بەچ شێوەیەک ئازاریان داوەو دواتر دەرخواردی گورگەکانی سەر سنوری عیراق ئێرانیان دا.

*         *         *

ئەو خێزانە هەژارە لەساڵی ١٩٩٢ دوای ئەوەی بڕیاری گەڕانەوە دەدەن لەرۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەرەو باشوور! لەشەوێکی زۆر سارددا دەیانەوێ لەسنوور بەرەو ناوچەی حاجی ئۆمەران بێنەوە و لەوێشەوە بۆ گوندەکەی خۆیان بەڵام لەکاتی کەمینی پاسدارەکان هەرشەشیان دەگیرێن و بەرەو یەکآ لەرەبیەکانی سنور دەیانبەن! لەوێ زۆر شتیان لێدەپرسن لەهەموو وتووێژەکانیان دەکۆڵنەوە دواتر بۆیان دەردەکەوێ خێزانێکی عیراقین و ئاوارەی ئێرانن دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان .
یەعقوب بەدەم راکردنەوە ئاوا بیر دەکاتەوە بەڵام تەنها جووڵەی وێنە رابردووەکان وێنادەکات دەنگەکانیش بەدەم راکردنەوە تەنها هات وهاواری گەلە گورگەکەی چواردەوریەتی کەگوێچکەیان پڕکردوە، یەعقوب بەمشەوە بەدەم راکردن

بەرەو خواردەبێتەوە بۆنێو ڕەزەکان هەوڵدەدات بەزووترین کات بگاتە نێو یەکێ لەژوورەکانی رەزەوانەکان، لەکاتی ماندوبون و راکردندا دێتەوە بەرچاوی -:

* * *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێلێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/شەو/ بەهاری ١٩٩٢/ نێو رەبیەی سەربازانی ئێرانی لەسەر سنور

ئەندامانی خێزانەکەی یەعقوب هەرشەشیان لەوشەوەدا لەنێو ئەو رەبیەیەدا دەستبەسەرن و پاسدارەکان لێیان کۆبونەتەوە، ئەو خێزانە شەش کەسیە بێدەسەڵاتە لەشەوێکی ئاوادا لەژێر دەستی دوژمنێکی ئاوادا زۆر دەترسن! ئەیوبی برای بەهۆی دەستێ جلی کوردی پێشمەرگانەوە سەرنجی شۆڤێنییەتی ئەوێن رادەکێشێ! زۆریش رقیان لێیەتی بەبەردەوامی بەقینەوە سەیری دەکەن و مۆڕەی لێدەکەن.

* * *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

یەعقوب لەسەر تەپۆلکە شاخەکان بەردەوامە لەڕاکردن

یەعقوب بەدەم راکردنەوە ئەو دیمەنانەی نێو رەبیەی پاسادارانی لەبەرچاوە بەڵام دەنگەکان لوورەو هاتەهاتی گورگەکانی چواردەوریەتی کەبەبێ ئارەزووی خۆی بەرەو خوارەوە و نێو ڕەزەکان دەیبەن، راکردنەکەشی زۆر ناخۆشە چونکە سەربەرەو خوارە پێویستە ئاگای لەخێراییەکەی بێت کەلەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا نییە ناشتوانێ خاوبێتەوە چونکە گورگەکان بەچەند قەڵەمبازێک دەیخەنە ژێرخۆیان .

یەعقوب بەمشێوە راکردنە بیر لەو شتە جەرگبڕانەی پێشوو دەکاتەوەو بەدەم خەنجەر وەشاندنەوە زۆر بەخێرایی رادەکات! هەرچەندە ڕۆیشتن بەرەو نزمایی هەوای ساردی کەمتر دەبێت، لەو تیژ ڕۆیشتنەشدا گورگێک قەپێکی چاکی لێگرت! ئەویش زۆر ئازاری پێگەیشت هاوارەکەی تێکەڵ بەهاواری ئەیوب-ی برای بوو.

* * *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێلێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/شەو/ بەهاری ١٩٩٢/ نێو رەبیەی سەربازانی ئێرانی لەسەر سنور

یەعقوب لەنێو پاسدارەکان لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی دەستبەسەرن و ئەیوب-یش لەدەرەوەی رەبیەکە بەچوارپەلی ئاڵکراوی و خوێناوی هاوار بۆ باوکی دەکات-:

-ئەیوب/ باوکە گیان، دایکە گیان، فریام بکەون! گورگ خواردمی!

ئەوێنیش هەر پێنجیان لەژوورەوە هەڵدەپەڕن و دەگرین و لەپاسدارەکان دەپاڕێنەوە بەڵام دوژمن زۆر قین لەدڵە، دوژمن زۆر بێ ویژدانە، دوژمن زۆر درندەیە زۆریش بێئەخلاقە نەدەهێڵن کس وکارەکەی بچنە دەرەوە بۆلای ئەیوب نە خۆیان ویژدانیان دەجوڵێت تا ئەیوب لەدەست ئەو گورگە هارو برسیانەی دەرەوە رزگار بکەن! وەهەرگیز رزگاریشی ناکەن چونکە ئەوە پیشەی دوژمنانەو تاهەتایەش لەسەری بەردەوام دەبن.

* * *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

یەعقوب لەسەر تەپۆلکە شاخەکان بەردەوامە لەڕاکردن

یەعقوب گەیشتە ناو ڕەز...بەتەواوی خوێنی لێدەچۆڕێت سات لەدوای سات جلەکانی زیاتر بەخوێن تەڕدەبن بەتایبەتی قاچی چەپی زۆر بریندارە وشەرواڵەکەی سوور کردووە گورگەکانیش بەبۆنی خوێن زیاتر هەڵمەتی بۆ

دەبەن! هەموو قەپگرتنێکی گورگەکان یەعقوب هاوارێکی لێهەڵدەستآ و لەزەینی برایەتیەکی دڵسۆزانەوە تێکەڵاو بەهاوارەکانی ئەیوبی برای دەبێت کەلەساڵی ١٩٩٢دا لەدەرەوەی رەبیەی پاسدارەکان داوای پارمەتی لەباوک و دایک و برای دەکات بۆ ئەوەی بێن بەدەنگیەوە و چونکە خەریکە گورگ دەیخوات! یەعقوب بەدەم راکردنەوە ئاوا بیر لەبرا گورگ خواردووەکەی دەکاتەوە و ئاواش دێتەوە بەرچاوی.

یەعقوبی گەنج بەردەوامە لەگەڵ راکردن و خەنجەر وەشاندن! گورگەکانیش لەقەپ گرتن هیچ قێوری ناکەن! ئەوگەنجە هێشتا بەپێوە رادەکات و هێزو تینی تیاماوە بۆ بەرگریکردن لەخۆی، بۆ بەرگریکردن لەچاوەڕوانی مریەم، بۆ بەرگریکردن لەشوشە عەترەکەی تریێ، بۆیە هەموو هەڵمەتێک بەکاردەهێنێ بۆ گەیشتنە ناو ژووری رەزەوانەکان .

* * *

ئاخ....ئەگەر ئەوگەنجە نەتوانآ بگاتە ئەوژووره! ئەوێ کار لەکار دەترێزێت هەموو خەیاڵ و خەونەکانی بەرامبەر بەمریەم لەناو سکی گورگەکان قوڵپ دەدەن! لەوێنەیە بەتەنها کەللەی سەر و چەند لولاقێکی لەوێ بمێنێتەوە ئەویش ئەگەر رەزەوانەکان بۆ بەیانی یان چەند رۆژێکیتر بەدیی بکەن و بانگەوازێک بەناو ناوچەکەدا بگێڕن دواتر بەهۆی جلەکانیەوە ئەوگەنجە سەرشێتە بناسنەوە جا ئیتر ئایشێخانی دایکی و مەلاعەلی باوکی بەیان-ی خوشکی دوای ئەو هەواڵە یەکسەر دڵیان دەوەستآو دەمرن.

* * *

یەعقوب بەناو بەفرەکەدا بەخێرایی رادەکات گورگەکانیش بەبۆنکردن بەدوای خوێنە رژاوەکە و قاچە بریندارەکەی گوڕیان بەستۆتەوە جارجارە پێش و پشتی لێدەگرن! ئەویش سات لەدوای سات لەژووری نێو رەزەکە نزیک دەبێتەوە .

ئەو گەنجە بەدەم راکردنەوە سەر هەڵدەبڕێت هەرچەندە شەوەو بەفریش کەمێک دەبێرآ بەڵام بەتەواوی ژوورەکەی لێوەدەردەکەوێت، چواردەوری ژوورەکە بەپانی چوار پێنج مەتر چۆڵە و بەبەفر داپۆشراوە هیچ بنەدارێکی لێنییە، کانی وئاوێک بەتەنیشتیەوەیە کەیەک پارچە بەبەفر داپۆشراوە بەڵام ئاوی کانییەکە نەیبەستووە و لەسەرەخۆ لەژێر بەفرەکەوە دەڕوات و بەهێمنی خوڕەی دێت، یەعقوب-ی گەنج لەبەرزاییەکەوە بەدەم راکردن سەیری تەواوی رەزەکە دەکات و ئەوەتا گەیشتە نێو چڕی بنەدارەکان لەبەردەم گورگەکان رادەکات و بەهۆی تیژ رۆیشتنییەوە جارجار خۆی بەدرەختەکان دەگرێتەوە بۆ ئەوەی نەکەوێت! چونکە گورگەکان دەگەنە سەرسەری و کارلەکار دەترێزآ.

ئەوەتا زۆر بەخێرایی گورگەکانی بەجێهێشت و گەیشتە ئەوبۆشاییەی ناوەڕاستی رەزەکە کەخانوەکەی تیا دروستکراوە بەتەنیشت کانیاوەکە تێپەڕی و گەیشتە بەردەمی ژوورەکە دەرگاکە دەکاتەوە کەبەزنجیرێکی باریک وەک داخستنێکی کاتی جوتکراوە هەر بەو تەوژمی راکردنەوە بەبرینداری خۆی پیادەکات .

* * *

هێلی گشتیی بەردەوامە........

کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

یەعقوب ناودرەختەکان جێدەهێڵێو دەگاتە نێو ژووری باخەوانەکان

بەتەوژم دەگاتە ژوورەوە بەخێرایی دەرگاکە دادەخات و پشتی پێوەدەنوسێنێت دواتر بەخێرایی چاو دەگێڕێت بەنێو ژوورەکە چەند کەل وپەلێک دەبینێت هەرهەمووی رادەکێشێت ودەیخاتە پەنا دەرگاکە بۆ ئەوەی لەدەرەوە گورگەکان نەتوانن بیکەنەوە یان بەهۆی پاڵنان و کۆبوونەوەیان نەکرێتەوە.

-یەعقوب/ ئاخخخخخخ......(سەر بەرزدەکاتەوە بۆ بنمیچی ژوورەکە)

عاشقی بریندار لەژوورەوە بەپێوە وەستاوە....پشتی نوساندوە بەدەرگاکە زۆر دەترسێ! لەکاتی راکردندا لەترسی گورگەکان ئاگای لەهەڵتەک هەڵتەکی ناوسکی نەبوە بەڵام ئێستا هەست بەوشکبونی ریخۆڵەکانی دەکات، هەست بەگوێزانێک دەکات بەنێو قورقوڕاگەیدا دەچێتە خوارێ، هەست بەتێنوێتی دەکات، هەست بەماندوێتی و گەرمبونی قاچەکانی دەکات.

لەگەڵ قایمکردنی دەرگاکە لەسەرخۆ بیر لەبرینداری و مردنی خۆی دەکاتەوە، بیر لەمردنی ئەیوب-ی برای دەکاتەوە کەپاسدارەکان زۆر بەناهەق کوشتیان، زۆر دوور لەخواپەرستی ئەوگەنجەیان لەناوبرد، زۆر بەشێوەیەکی دڕندانە کوشتیان، زۆر بێشەرمانە بەبەرچاوی کەس وکارەکەی هەر بەزۆرەملێ شەهیدیان کرد .

دوژمنانمان لەشەهید بوونمان تێر ناخۆن، شەهیدلوشانی ئێمە هێندەی دەریا لوشێک قوتیانداوین، لەچوار کوڕی خێزانەکەی مەلاعەلی یەعقوب-ی گەنج خۆی وەکو تاقە کوڕی خێزانەکەی ماوەتەوە زۆر دەترسێ لەناوبچێت! بۆیە لەپشتی دەرگاکە بیرلەخوا دەکاتەوە-:

-یەعقوب/ خوایە گیان تۆی گەورەو میهرەبان....ئێمەت بۆ گورگ دروستکردوە؟! بۆچی ئێمە هەموومان گورگ خواردوو دەبین؟! ئەیوب-ی برام پاسدارەکان بەبەرچاوی خۆمان دەرخواردی گورگیان دا! کامەرانی برام بەبەر چاوی خۆم و باوکم سەربازەکانی عیراق دەرخواردی گورگیان دا! لەوێنەیە بەعسیەکان یوسف-یشیان دەرخواردی گورگ دابێت! ئەویش هیچ سۆراخێکی نییە، ئێستا خۆشم بەگورگ چواردەورم گیراوە! نازانم ئەم چارەنوسەی ئێمە چیەو چۆنە؟!

گورگەکان دەگەنە بەردەرگا و خەیاڵەکانی یەعقوب دەشڵەقێنن! رایدەچڵەکێنن! لەدەرەوە بەنینۆکەکانیان دەرگاکە دەرنێننەوە! بەچواردەوری ژوورەکەدا دەسوڕێنەوە! هات وهاوار و لورە لوریان ئەو ناوەی هێناوەتە لەرزین .

تەنها بەگێڕانەوە سانایە....ئەگەر یەعقوب کوڕی ئەو شاخ وداخ و بەفرە نەبوایە یان هەرکەسێکیتر لەجێی ئەوبوایە بێدواکەوتن و دەستبەجآ لەترسی ئەو گورگە هارو برسیانە دڵی لەلێدان دەکەوت و مریەم-یش بەتەنیا دەمایەوە .

ئەو گەنجە عاشقە لەژوورەوە پشتی نوساندوە بەدەرگاکە بەداخ و ترسێکی زۆرەوە سەیری دارودیواری ژوورەکە دەکات! لەزەینی خۆیدا هەرلەرەبیەی پاسدارەکان دەچێت هەرچەند یەعقوب سەیری دیوارەکانی ناوەوە دەکات چاوە گێژەکانی بەسەر ناوەوەی رەبیەی پاسداران دەنیشێتەوە کەدووسێڵ پێش ئێستا لەساڵی ١٩٩٢ لەسەرسنوری عیراق ئێران گیرابوون .

*        *        *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێلێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/شەو/ بەهاری ١٩٩٢/ نێو رەبیەی سەربازانی ئێرانی لەسەر سنور

خێزانەکەی یەعقوب هەر شەشیان لەنێو پاسدارەکان دەست بەسەرن! بەرپرسی رەبیەکە سەیری ئەیوب دەکات و لەگەڵ ئەوێنیتر دەچرپێنێت! زۆر بەرقەوە سەیری ئەیوب دەکەن، زۆر مۆڕەو خێسەی لێدەکەن زۆریش رقیان لەجل وبەرگەکەیەتی کەلەهی پێشمەرگە دەچێت، ماوەیەک بەمشێوەیە بەبێ دەنگی لەنێو ئەو رەبیەیە دەمێننەوەو ئاواش بەرقەوە سەیری ئەیوب دەکەن.

ئەو خێزانە هەژارە بەردەوام روانینەکانیان لەگەڵ یەکتردا دەگۆڕنەوە بەچاو پرسیار لەیەکتر دەکەن ئاخۆ چارەنوسمان چی بێت؟! ئایشێخانی دایکی یەعقوب سەر هەڵدەبرێت لەخوا دەپاڕێتەوە کەرزگاریان بکات بەڵام بەبێ دەنگ تەنها لێوەکانی دەجووڵێنێت، پاسدارەکانیش سەیریان دەکەن دواتر سەیری یەکتر دەکەن و وەک گاڵتەپێکردن بەو خێزانە کوردە پێدەکەنن لەپڕ لێپرسراوی پاسدارەکان ڕوودەکاتە ئەیوب.

-لێپرسراو پاسداران/ تۆ پێشمەرگەیت. (هاوار دەکات بەسەریدا)

-ئەیوب/ نەخێر....ئێمە ئاوارەین و دەگەڕێینەوە بۆ گوندەکەی خۆمان.

-لێپرسراو پاسداران/ کوری سەگ، ئەوەتا جلی ئەو خائینانەت لەبەردایە، تۆ پێشمەرگەیت. (هاوار دەکات بەسەریدا) سەرجەم پاسدارەکان قۆنداخەی تفەنگەکانیان ئاڕاستەی سەرو ملی ئەیوب دەکەن و بەبەرچاوی دایک و باوک و خوشک و براکانی زۆر بێشەرمانە بەلێدان دایدەگرنەوە خوێن لەسەر و دەم ولوتی دێتە خوارێ پاش لێدانێکی زۆر و هاوار و قیژەی دایک و خوشکی و گریانی باوک و براکانی سوکایەتیەکی بێ وێنەیان پێدەکەن....کابرای لێپرسراو بەسەرسەری ئەیوب دەوەستێت هاوار دەکات بەسەریا هەروەکو قەرزی باوکە گەماڵەکەی لەلابێت بەدەم مشتە کوڵەوە دەشیرێنێت بەسەریا هەروەکو بەسەر دایکە دەڵە قۆڕەکەیەوە گرتبێتی بێئەوەی شەرم لەکەس وکارەکەی بکات تێروپڕ بەبۆکس و لەقە دەیکوتێت تائارەق دەردەکات .

ئەیوب زەلیلی دەستی دوژمنەو لەهاوار و گریان زیاتر هیچیتری پێناکرێت دواتر ئەوەتا کابرای سەرۆک دوژمن بەسەرسەریەوە وەستاوە بەهۆی لێدانی زۆر هەناسە بڕکێی پێکەوتووە بەدەم ئارەق سڕین سەیرێکی پاسدارەکان دەکات

کۆکین ڕێگەی قسەکردنی نادات، ئەو پیاوە ئەوەندە ڕق وقینی هەیە بەرامبەر بەو کوردانە لەکاتی تورەبوندا دەکۆکآ بۆیە بەدەم کۆکینەوە بەدەست ئاماژە بۆ کاتژمێرەکەی دەستی خۆی دەکات هەربەدەم کۆکینەوە بەئاماژە پێیان دەڵێ شەو درەنگە و نیوەشەوە دەست بۆ بنمیچی رەبیەکە درێژدەکات! پاسدارەکان تێدەگەن چونکە ئەوە پیشەی چەندین جارەی پێشوویانە! یەکسەر هەرچوار ناڵە هەڵواسراوە خوێناویەکەی بۆ دادەگرن و دەیدەنە دەستی.

-لێپرسراوی پاسدارەکان/ (لەکۆکین تەواو دەبێت، ناڵەکان بەرزدەکاتەوەو سەیری خێزانەکە دەکات و پەنجەش دەخاتە سەر کاتژمێرەکەی دەستی) کات دوای نیوەشەوە، ئێستا کاتەکە لەبارە.

خێزانەکەی یەعقوب دەگرین بەڵام هیچ سودێکی نییە بۆ رزگاربون و هیچ لەمەبەستی ئەو کابرایەش تێناگەن، باوک و دایک و بەیان و کامەران و یەعقوب هەرپێنجیان بەکوردی و کەمێکیش بەزمانی فارسی لەکابرا دەپاڕێنەوە و دەستی دەگرن بۆ ئەوەی واز لەئەیوب بهێنێت بەڵام بێسودە، کابرای دوژمنیش پڕ جنێویان دەکات سوکایەتی زۆریان پێدەکات کەپاڵیان پێوە دەنێ بۆ دوور خستنەوەیان پاسدارە بێگانەکانیش دەڕواننە دەست و دەمی لێپرسراوەکەیان و بەقۆنداخە تفەنگ بەردەبنە گیانی ئەو خێزانە بێکەس و بآدەسەلات و باگوناحە.

-لێپرسراوی پاسداران/ (لەبەردەم ئەیوب وەستاوە قژی گرتووە ناڵەکان بەرزدەکاتەوە) کوڕی سەگ ئائەم ناڵە کراوەتە دەستی چەند کوردێکی وەکو تۆ، ئەمشەو قیسمەتی تۆیە! دوای مردنی تۆش بۆیەکێکیتر، (قژی بەرەو خوارەوە رادەکێشآ و بەریدەدات).

سەرجەم خێزانەکەی ئەیوب بەگریانەوە واقیان وڕماوە ئەوەندە سەیری لێپرسراوەکە دەکەن لەگریان دەکەون، ئەوەندە سەیری هەڵسوکەوتی ئەو پاسدارانە دەکەن تاگریانیان لەبیر دەچێتەوە تەنها فرمێسکەکانیان چڵکی سەر روومەتەکانیانی بەرێچکەیەک و دوان داماڵیوە تاسەر چەناگەیان، هەرچەند سەیری چوارناڵەکە دەکەن باوەڕ ناکەن لەدەست و پێی کوڕەکەیانی گیربکرێ!

* * *

گەر خوێنەر لەسکرینی روئیای خۆیەوە سەیری واقورمانی ئەو خێزانە بکات توشی سەرسوڕمانی زەینی دەبێت ! لەهیچ (زەمان و مەکانێکدا) ئازاردانی نامرۆڤانەی وا نەبوەو ناشبێت! تەنها وتەنها دوژمنە بێگانە قین لەدڵەکانی کورد بیر لەشتی وا دەکەنەوە، لەوێنەیە لەسەردەمی فتوحاتیشدا ئیسلامە شمشێر بەدەستەکان بەمشێوەیە ئازاری جەستەیی کافرە خوا نەناسەکانیان نەدابێت بەڵام دوژمنانی ئێمە سەرەڕای داگیرکردنی خاک و ئاومان! لەسەر پانتایی زەوی خۆشمان داگیر و دەستبەسەری کردوین هەمیشە دەست پێشکەر بون لەهێرشی دوژمنانەیاندا و ئێمەش هەموو کات لەسۆنگەی بەرگریکردن لەخۆمان سەیری دوژمنانمان کردوە، ئەوە دوای ئەوە بەرپەرچدانەوە بوە بەپیشەی رۆڵەکانمان هەرگیز ئازاری هیچ کەس و دەستەو تاخمێک و میلەتێکمان نەداوە بێگومان هەموو سەردەمێکیش رای گشتیی و نێودەوڵەتی و رێکخراوە ماف پەروەرەکانیش لەگەڵ دوژمنانماندا لەسەر هاوبەرژەوەندییان هاوڕێ و کۆکن.

* * *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

یەعقوب لە ژوورە ساردو نیمچە تاریکەکەی نێو رەز دەکەوێتە سەر سکرینی بینین

یەعقوب نوقمی نێو دەریای خەیاڵی براو حەبیبەی رۆحی بوە و حەپەساوە!

بەهۆی دەنگەدەنگی گورگە هارو برسیەکانی دەرەوە دێتەوە هۆشخۆی، سەیرێکیتری ژوورەکە دەکات تاکە چرایەک بەتەنیشت چەند شرکەو پڕکەیەک هەڵواسراوە بەڵام لەترسی گورگەکانی دەرەوە ناوێرێت دایگیرسێنێت! زۆریش دڵی بەو خۆشاردنەوەیەی نێو ئەو تاریکیە خۆشە هەرچۆنآ بێت ناوژوورەکە جۆرە روونییەکی تیایە بەهۆی سپێتی بەفرەکەی دەرەوە لەهەردوو پەنجەرە بچوکەکەی ئەملاولاداو لە درزی دەرگاکە دێتە ژوورێ هەرچەندە ئەوێ زۆر رووناک نییە بەڵام لەهیچ باشترە .

گورگەکان لەدەرەوە مرەیان دێت، بەچواردەوری ژوورەکە دەسوڕێنەوە، ئەو گەنجە هەرزەکارەش لەو ژوورە نیمچە تاریکە چاوەکانی کەمێک شتەکان لەیەکتر جیادەکاتەوە وردورد چاو دەخشێنێت بەنێو دیوارەکاندا زەینی بوە بەدوو بەشی جیا،

یەکێکیان بەگورگەکانی دەرەوە خەریکەو وئاگای لەهەموو هاتووچۆکانیانە، بەشەکەیتر بە بیرەوەری کوشتنی ئەیوب-ی برای خەریکە بۆیە کەچاو دەگێڕێت بەنێو تاکە ژوورەکە بەسەر چرا کوژاوە هەڵواسراوەکە دەنیشێتەوە .

* * *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێڵێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/شەو/ بەهاری ١٩٩٢/ نێو رەبیەی سەربازانی ئێرانی لەسەر سنور

لەنێو رەبیەکەدا....پاسدارەکان چراکەیان هێناوەتە نزیک دەموچاوی ئەیوب ئەویش بەهۆی لێدان و ئازاردان لەهۆش خۆی چووە بەبۆکس و شەق لەبوورانەوە وەگای دێننەوە تیشکی چراکە زۆر لێی نزیکە سوورایی خوێنی سەردەم وچاوی دەبریسکێتەوەو لە پڕ دێتەوە هۆشخۆی! ئەم دیمەنە بەبێدەنگ تەنها بەوێنە دێتەوە بەرچاوی یەعقوب .

* * *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

یەعقوب لە ژوورە ساردو نیمچە تاریکەکەی نێو رەز دەکەوێتە سەر سکرینی بینین

یەعقوب لەم ژوورە بەگورگ دەورەدراوە زۆر لەو خەیاڵەی کوشتنی ئەیوب دەترسێت! وەک ریفرێش کەمێک سەری رادەوەشێنێت و سەیرێکیتری ژوورەکە دەکات .

حەزدەکات هەموو گورگەکان سەرببڕآ بەڵام ناتوانێت.

حەزدەکات هاواربکات بەڵام ناتوانێت .

حەزدەکات خۆی رزگار بکات بەڵام ناتوانێت .

نازانێت چیبکات! خەمی چاوەڕوانی مریەم-یش سەرباری هەموو خەمێکە،

سەیرێکی چراکە دەکات! بەرلەوەی پێڵوەکانی بکەوێ و چاوە بێهێزەکانی دابخات ئاگای لەوە نەبو جارێکیتریش گەڕابۆوە بۆ خەڵوەتی خەیاڵ و لەنێو رەبیەی پاسدارەکان سەیری چۆنییەتی ئازاردانی ئەیوب دەکات، هەرلەوێ لەگەڵ هاواری ئەیوب وەئاگادێتەوە-:

* * *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێڵێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/شەو/ بەهاری ١٩٩٢/ نێو رەبیەی سەربازانی ئێرانی لەسەر سنور

هەردوو دەست و هەردوو پێی ئەیوب لەباوەشی پاسدارەکانە و بەبزمار نائێیان پیادادەکوترێت! خوێنیان پیا دێتە خوارێ! لەتاو ئازار دەزریکێنێت! هاوار و قیژەی ئەیوب لەسەر ئەو سنورە شاخاویە پڕبەفر و کپانە دەنگ دەداتەوە! لەدەرەوەی رەبیەکە هاوارەکانی ئەیوب دەبیسترێت .

یەعقوب و دایک و باوک و کامەران و بەیان خۆیان کوشتووە قژ لەسەر خۆیان دەڕنێننەوە! زۆریش لە پاسدارو لێپرسراوەکە دەپاڕێنەوە بەڵام سوودی نییە، لەگەڵ هەموو چونە پێشەوەیەکی ئەم خێزانە بۆلای کابرای لێپرسراو بۆ رزگارکردنی ئەیوب، چەکدارەکان بەپاڵنان دەیانگێڕنەوە بۆ دواوە .

ئەیوب کەوتووەو ناتوانێت هەڵسێت دەگری و دەپاڕێتەوە بەڵام سوودی نییە جارێک هاوار بۆ باوکی دەکات و جارێکیش بۆ دایکی سەیری براکان و خوشکەکەشی دەکات کەبێن رزگاری بکەن بەڵام بەهیچ شێوەیەک سوودی نییە.

* * *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

یەعقوب لە ژوورە ساردو نیمچە تاریکەکەی نێو رەز دەکەوێتە سەر سکرینی بینین

هات وهاواری گورگەکان جارێکیتریش یەعقوب لەخەیاڵ دەردەکەن و دەیگەڕێننەوە بۆ نێو ئەو تاکە ژوورە! ئەوەتا لەترسا خەریکە گوێچکەکانیشی کپ دەبێت جارجارە دەنگی گورگەکان دەبیستێت! دواتر گوێی لەهیچ دەنگێک نابێت!

چاوەکانی دەچێتە قوڵایی خەیاڵ و دەستدەبێت بۆ گوێچکەکانی بەڵام هۆکارەکەی بۆ دەرناکەوێت و لەهیچ شتێکیش ناگات دواجار سەرلەنوێ بەکزی دەنگی گورگەکان دێتەوە بەرگوێی .
ئەو گەنجە عاشق و بریندارە هەرلەوێدا و بەمشێوەیە بیر لەچۆنییەتی مردنی ئەیوب دەکاتەوە! هەموو ئەو دیمەنانەی دێتەوە یاد بەڵام بەبێ دەنگ و بێ ورتە، دەنگەدەنگی گورگەکانی چواردەوری زۆر بەکزی دەبێتە موزیکی گوزارشتی بۆ ئەو بەسەرهاتانەی لەنێو زەینی خۆی هەڵیگرتون و ئێستا بەهۆی نزیکبونەوەی مەرگ بیریان لێدەکاتەوە. جارجارەش دیمەنە یەک لەدوا یەکەکان هێمنتر لەجوڵەی ئاسایی خاوتر لەهەڵسوکەوتی مرۆڤ لەسەرەخۆ لەنێو هەگبەی یادەوەریەکانیی دێنە دەرێ و هێواش هێواش بەسکرینی روئیای دڵە لەرزێکەیدا تێدەپەڕن و ئاودیودەبن دواتر جارێکیتر خۆیان دەخزێننەوە نێو ئەلبوومی یاداشتەکانی و بەدرێژایی ژیان کوشتنی براکانی خۆی لەیاد ناچێت هەر ئەمەش هۆکارە کە خۆی و بەیان و بەتایبەتی دایک و باوکی دوور لە پێکەنین رۆژانە بەدەموچاوێکی خەیاڵاوی ژیان بەسەردەبەن....دواتر براکانی مام حەمەد قادر-یش سەربارەو یەعقوب بەردەوام لەگەڵیاندا دەژی.

* * *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێڵێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/شەو/ بەهاری ١٩٩٢/ نێو رەبییەی سەربازانی ئێرانی لەسەر سنور

ئەو کابرایە کە لێپرسراوی ئەو رەبیەیە زۆر بێ رەحم و بێ ئەخلاقە، ئەیوب-ی بێ تاوان، ئەیوب-ی گەنج کەلەدوای ونبونی یوسفی برای ئەم برا گەورەی خوشک و براکانییەتی و کوڕە گەورەی خێزانەکەی مەلاعەلی-یە، کەوتۆتە بەردەستی ئەم بەدرەوشتە دوای تەواوبون لەناڵکردن ئەوەتا وەکو سەگ دەوەڕێ و کەوتۆتە جنێودان بەشەق لە ئەیوب بەربوەو دواتر دەمانچەکەی دەخاتە سەرسەری .

-لێپرسراوی پاسدارەکان/ تۆ ئازادی....کوڕی سەگ....لەم ژوورە بمێنیتەوە دەتکوژم!....دەی خێراکە برۆ دەرێ (بەدەمانچە هەڕەشەی لەئەیوب ئەکرد).

خێزانەکەی ئەیوب بەم هەڕەشەیە تۆزێک دڵیان خۆشدەبێت چونکە نازانن لەدەرەوە ئەیوب چی بەسەردێت؟ نازانن دەرەوە چۆنە؟ نازانن دەرەوە چی لێیە؟ نازانن لەوێ گورگ فێری خواردنی مرۆڤ بووە؟ نازانن پاسدارەکان کورد دەرخواردی گورگ دەدەن؟ ئاخ....بۆ بێکەسی خۆمان، ئاخ....بۆ شوانێکی دڵسۆز هەمووومان لە گەلەگورگ بپارێزێ خۆی و گۆچانەکەی دەستی خاوەن جەرگێکی بەهێزبن لەپێشەوەی ئەم میللەتەدا دوور لەخۆویستی پاریزگارمان بن مەرگیان لەپێش خۆیان و گەل دا بێت....بۆ پاراستنمان و پێشکەوتنمان پێشمەرگەیەکی راستگۆ بن.

* * *

خێزانەکەی یەعقوب بەدیار کوڕە ناڵکراوەکەیان سەرسامن! سەیری دەمی بەرپرسەکە دەکەن کە بەجنێودان هەڕەشە لە کوڕە چوارپەل خوێناویەکەیان دەکات بچێتە دەرەوەی رەبیەکە! کەیەک پارچە بەبەفر داپۆشراوە! بەهەرحاڵ ئەوێن رازین چونکە کوڕەکەیان لەبەرچاوی خۆیان ناکوژن و گوایە لەدەرەوە هەرچۆنێ بێت رزگاری دەبێت، گوایە لەدەرەوە فریای کوڕەکەیان دەکەون دواتر لەگەڵ خۆیاندا دەیهێننەوە بۆ گوندەکەیان کەلەوێ نزیکەو دواتریش چارەسەری دەکەن .

ئایشێ و مەلاعەلی و یەعقوب و کامەران و بەیان بەگریانەوە بەدیار هەڕەشەکەی کابرای لێپرسراو وەستاون! ئەویش ئەوەندە بێئەخلاقە ئەوەندە بەد رەوشتە ئەوەندە دژ بەخوایە گوێ بەپاڕانەوەو داواکاری کەسیان نادات تەنانەت ئیحتیرامی قورئانیش ناگرێت کەئەو دایک و باوکە پیرە چەندین جار داوایان لێکرد -:

-ئایشێخان/ بۆخاتری قورئان واز لەکوڕەکەمان بێنە، خۆ پەڕینەوەی سەر سنور هیچ زەرەرێکی لەئێوە نەداوە.

مەلاعەلی/ بۆ خاتری خواو ئیمامی عەلی واز لەکوڕەکەم بێنن، توخوا وازمان لێبێنن بابرۆین (بە فارسی).

پاڕانەوەی ئایشێخانی دایکی یەعقوب یەکێک لەپاسدارەکانی ئەوێ بۆ کابرای بەرپرس تەرجومەی دەکات، ئەوەی مەلاعەلی-یش خۆی تێدەگەیشت بەڵام کابرای دوژمن زیاترو زۆرتر رقی هەڵدەستێ و پەلەی زیاتر دەکات بۆ چونە دەرەوەی ئەیوب، ئەو دەزانێ ئەیوب لەدەرەوە چی بەسەردێت چونکە ئەمە پیشەی چەندین جارەی پێشویەتی و خیبرەی چاکی تیا کۆکردۆتەوە.

ئەیوب بەگریان و بەهەر چوارپەلی خوێناوی لەژێر هەڕەشەی دەمانچە دەکرێتە دەرەوەی رەبیەکە، لەکاتی چوونە دەرەوەدا پاسدارەکان بەلولەی چەکەکانیان پاڵی پێوەدەنێن بەدەمیش هەرچی جنێوی ناشرین و سوک هەیە ئاراستەی دەکەن .

ئەو گەنجە ناڵکراوەش لەتاو ئازار و گریان ئاگای لەهیچ نییە! هەرچەند بەگریان و ئازارەوە ئاوڕ دەداتەوە بۆ دایک و باوک و خوشک و براکانی بەڵام هەڵمەتی پاڵپێوەنان ناهێڵێت زۆر بمێنێتەوە هەر بەجنێو و شەق و بۆکس دەکرێتە دەرەوە، تالەژوورەوە دەردەچێت چەندین جار خۆی بۆنەگیراو کەوت، چەک بەدەستەکانیش هەڵیدەسێننەوەو پاڵی پێوەدەنێن زیاتریش بە سەرمەقولات و گرمۆڵە بون دەکرێتە دەرەوەی رەبیەکە چونکە ناتوانێت لەسەر پێ بوەستآ لەوێش بەهۆی سەرمای دەرەوە زیاتر هاوار و ڤیژەی لێبەرز دەبێتەوە! زیاتر هەست بەنزیک بونەوەی مەرگ دەکات .

* * *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

یەعقوب لە ژوورە ساردو نیمچە تاریکەکەی نێو رەز دەکەوێتە سەر سکرینی بینین

گورگەکانیش لەدەرەوە بەردەوامن لەهەوڵدان بۆ چوونە ژوورەوە

گورگە هارو برسیەکانی دەرەوە خەیاڵەکانی یەعقوب دەپچڕێنن! ئەویش لەژووریَ گوێچکەکانی کە لەوەپێش کپ ببون کەمێک دەکرێتەوە پشتی دەرگاکە جێدەهێڵێت رادەکات لەهەردوو پەنجەرەکەی ئەمدیو و ئەودیوی ژوورەکە سەیری گورگەکان دەکات! ئەوێنیش لەدەرەوە هەڵمەتی بۆ دەبەن! دووبارە رادەکات بۆ پەنجەرەکەیتر تالەوێوە تێیانبگات چی دەکەن و ناکەن! ئاخ....ئەگەر پەنجەرەکان بچووک نەبونایە بەدڵنیاییەوە گورگە برسیەکان دەچونە ژوورەوە و دەیانکرد بەخواردنی ئەمشەویان و کەمێک ناوسکی خۆیان پێگەرم دەکردەوە .

یەعقوب زۆر بێهێزە، بەمشەوە ساردە لەژوورەوە لەگەڵ سەیرکردنی گورگەکان لەنێو پەنجەرە بچووکەکاندا دێتەوە بەرچاوی کە لەگەڵ خێزانەکەی لەدواوە سەیری پاسدارەکانیان دەکرد چۆن چاودێری ئەیوب دەکەن و چاوەڕێی گورگەکانیش دەکەن بێن بۆ خواردنی ئەیوب .

* * *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێلێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/شەو/ بەهاری ١٩٩٢/ نێو رەبیەی سەربازانی ئێرانی لەسەر سنور

پاسدارەکان لەنێو کون و پەنجەرەی رەبیەکە سەیری دەرەوە دەکەن بەئەیوب-ی ناڵکراو پێدەکەنین! ئەوخێزانەش لەدواوە سەیری ئەو چەکدارانە دەکەن ودەگرین، یەعقوب و دایک و باوکی و بەیان-ی خوشکی و کامەرانی برای هەڵمەت دەبەن بچنە دەرەوە بۆ رزگارکردنی کوڕەکەیان .

-پاسدارەکان/ دانیشن....کوڕی سەگ....دەتانەویَ وەکو ئەمتان لێبکەین؟! (بەتوڕەییەوە پەنجە بۆ ئەیوب رادەکێشن کەلەدەرەوەی رەبیەکەدایە).

لەدەرەوەی رەبیەکە....بەمشەوە سارد و کپە بۆنی خوێنی دەست وپێی ئەیوب گەیشتۆتە لوتی گورگەکانی ناوچەکە! ئەوگیاندارانەش فێربون هەرکاتێ بۆنی خوێن بکەن بێدواکەوتن بەرەو رەبیەکانی ئەو سنوورە رادەکەن و بەمشەوە ساردە هەریەکەو چەند پلە گۆشتێکی گەرمی مرۆڤی بەردەکەوێت .

ئەیوب لەدەرەوە بەگریان و هاوار ئەو ناوچە شاخاویەی پڕکردووە! بەرامبەر بەهەموو هاوار و گریانێکی ئەوگەنجە بێتاوانەی دەرەوە پاسدارەکانی نێو رەبیە گەرمەکە زیاتر قاقا لێدەدەن و بەردەوام لەکونەکاندا سەیری دەکەن و لەخۆشیا هەڵدەپەڕن، ئەندامانی خێزانەکەشی لەژوورەوە دەگرین و شیوەن دەکەن لەهەمان کاتدا هێندەی ئەیوب ئازاری ساردی و برینداری دەچێژن هەڵپەڕین و پێکەنین و خۆشی لەنێوان پاسدارەکان دابەشکراوە و لەکونەکانی رەبیەکە سەیری ئەیوب دەکەن چۆن لەدەرەوە هەڵدەپەڕیَ و هاوار دەکات خەم و پەژارەش بەرۆکی ئەو خێزانەی گرتووە بەدەم گریانەوە لەتاو کوڕەکەیان هەڵدەپەڕن.

هەڵپەڕینە گاڵتەجاڕیەکەی پاسدارەکان کەلەکونەکانی رەبیەکەوە سەیری دەرەوە دەکەن و هەڵبەزودابەزی ئەو خێزانە کوردە وەک شیوەن بۆ کوڕەکەیان لەگەڵ گریان و هاوارکردنی ئەیوب بۆ مەرگی خۆی لەو سەرمایەی دەرەوە، هەمووی لەیەک کات و تێکەڵاو بەیەکترن، تاوێک بەمشێوەیە کات بەڕێدەکرێت دوای چەند خولەکێک ئەو گەنجە بەمشەوە ساردە لەدەرەوە لەسەر بەفرەکە دەکەوێتە سەرئەژنۆ وردەوردە برینەکانی سارد دەبنەوە هێزی لێدەبڕێت! ناتوانێت دەستە ناڵکراوەکانی بخاتە سەرئەرزەکە، ئەوەتا سەری دانەواندوە و سەیری دەستەکانی دەکات ناشتوانێت پێیەکانی بخاتە سەر بەفەرو لەسەریان بوەستآ .

چەند چرکەیەک بەمشێوەیە دەمێنێتەوە....دواتر لەدوورەوە چەند گورگێک بەدیدەکات بەخێراییەکی بێوێنە بەرەو رووی دێن! ئەویش هاوار بۆ خوا دەکات....بۆ پێغەمبەران....بۆ پیاوچاکان....بۆ شێخ و سەید و مەلا و قورئان و هەموو شتە پیرۆزەکانیتر، بەڵام گورگەکان خێراتر رادەکەن و زیاتر لێی نزیکدەبنەوە !

-ئەیوب/ دایکە گیاااان....فریامکەون، گورگ خواردمییییییییی.

دوای هاوارەکەی ئەیوب لەدەرەوە دەمووچاوی دایکی لەنێو رەبیەکە واقوڕمانێکی وای لەسەر دروست دەبێت! ئەگەر خوێنەر بیبینآ تووشی شۆک دەبێت ! ئەو خێزانە کوردە لەنێو رەبیەکە سەیری سەرسوڕمانی سەردەموچاوی دایکیان دەکەن! ئەوێن بەنیازبون کوڕەکەیان لەدەرەوە رزگاری بێت و خۆشیان بگەنە لای دواتر چارەسەری دەست و قاچیشی بکەن، وایاندەزانی سزای خۆیان و کوڕەکەیان هەر ئەو ناڵکردنەیەو بەس! بەڵام ئەوەی ئەوێن گوێیان لێیبو لەگەڵ بیرکرنەوەیاندا هاوتەریب نەبو! نەدەگونجا! بۆیە لەبآ ئومێدیدا ئایشێخان توشی راچڵەکینی دەماغی بو تائێستاش کەساڵی ١٩٩٤ هەروایە، بەدرێژایی رۆژ لەماڵەوە دوو قسە ناکات.

*  *  *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

یەعقوب لە ژوورە ساردو نیمچە تاریکەکەی نێو رەز دەکەوێتە سەر سکرینی بینین

چاوی کامێرا و روئیای خوێنەر بەیەکەوە لەسەر دەم وچاوی دایکە (ئایشێ) دەگوازرێتەوە بۆ سەر دەم وچاوی یەعقوب لەنێو ئەم ژوورە بەگورگ دەورەدراوەی نێو ئەم رەزە چڕوپڕە، لەپێشدا گۆشەی بینین کەمێک لێڵ و تەڵخە وردەوردە خۆت لەدەم و چاوی یەعقوب دوور بکەوە دەبینی ئەویش لەژوورەوە بەهەمان حەپەساویەوە زەینەکانی ئاڵۆزن بەتایبەتی زۆر خەفەت بۆ دایکی دەخوات و زۆر دڵی پێدەسوتآ ئێستاش واقوڕمانەکەی دایکی لەبەرچاوە کەلەناو رەبیەکە توشی بو، ئەو ژنە داماوە تائێستا پێوەی دەتلێتەوە بۆیە یەعقوب لەم ژوورە ترسناکەدا لەبەرخۆیەوە.

-یەعقوب/ دایکە گیان بەقوربانت بم ....

دەنگی گورگەکانی چواردەوری ڕایدەچڵەکێنن بەترسەوە دادەپۆشێتە دیوارەکان زۆریش ماندوە دەشزانآ گورگی نێو زستان و شاخە بەفرینەکان بەهۆی برسیەتیەوە درن، برسیەکی سەرشێت، برسیەکی هار، برسیەتی چەندین رۆژیان بەقەپ گرتن لەیەکتر دەبەنە سەر چونکە هەرچی نێچیری ئەوناوە هەیە لەژێر ئەرزن لەترسی بەفر و سەرما دەرناکەون بۆیە گورگەکان لەو وەرزەدا ناوسک بەتاڵ و برسی و شێتن لەهیچ ناترسن، جارجار چەند دانەیەکیان بەردەبنە گیانی گورگێکی هاوڕێیان و برینداری دەکەن، یەعقوب دەزانێ گەر گورگەکان بێنە ژوورەوە یان خۆی بچێتە دەرەوە! چارەنووسی دەچێتە پاڵ مردنەکەی ئەیوب و کامەران-ی برای و هەردوو براکەی مام حەمەد قادر-یش.

یەعقوب بەهۆی لورەی گورگەکان و سوڕانەوەیان بەدەوری ژوورەکە، خۆشی وەکو ئەوێن لەژوورەوە ئەم پەنجەرەو ئەوپەنجەرە دەکات زۆر ماندوە برینەکەشی سات لەدوای سات سارد دەبێتەوەو هێزی کەمدەکاتەوە .

گورگەکان دەنگیان نەما، یەعقوب لەژوورەوە بەدەم ئازارو تلانەوەی برینەکانی بەپێوە خۆی دەخزێنێتە سوچێک و نازانێ چۆن دەرباز ببێت؟! بەمشێوەیە دەوەستێت و بیر لەمریەم دەکاتەوە، بیرلە چاوەڕوانی ئەو کیژە لادێییە دەکاتەوە، بیر لەمردنی خۆی دەکاتەوە، بیر لەترێی خوشکی مریم دەکاتەوە کەکچێکی هەرزەکاری ئێسک سووکە، بیر لەوچرکەساتە دەکاتەوە کەمریەم هەواڵی مردنەکەی پێدەگات.... لەبەرخۆیەوە-:

-یەعقوب/ مریەم هەواڵی مردنم ببیستێت خۆی دەکوژآ! لەگەڵ دایکم و بەیان-ی خوشکم دێتە سەر گۆڕەکەم! لەدواییدا خۆی دەکوژآ! بەخوا خۆی دەکوژآ!

سەیرێکی برینەکانی خۆی دەکات و دەستیان پیادەهێنێ هێزی زۆری تیا نەماوە بەڵام زەین و بیرەکانی زۆر تیژن بۆیە تەنها بەچاو هەڵبڕین هەستەکانی دەگرێتە دەرەوەی ژوورەکە تابزانآ گورگەکان چی دەکەن و ناکەن؟! ئەی بۆ دەنگیان نەما؟ !

دەیەوێت خۆی رازیبکات کەگورگەکان رۆیشتوون و ئەوییان بەجێهێشتووە بەڵام ناوێرێت بێتە دەرەوە! ئەی چی لەچاوەڕوانیی مریم بکات؟! تاکەی مریەم چاوەڕوان بێت؟! ئەگەر ئەمشەو ئەم بەزمەی بەسەرنەهاتایا چەند خولەکێک بوو لەباوەشی مریەم-دا ئازاری دووری نێوان دوو زستانی بەتاڵ کردبووەوە و تێریش بۆنی مێخەکەکەی سەر سنگی ئەوکچە شێتەی کردبو، لەبەرخۆیەوە ئاوا بیر دەکاتەوە زۆریش حەزدەکات دوای برینداریش بەمریەم شادبێت وەک لاولاو لەباڵای خۆی بئاڵێنآ و برینەکانی سارێژ بکات، بەمشەوە سارده لەسوچی ژوورەوە وەستاوە.... لەبەرخۆیەوە-:

-یەعقوب/ زۆر دواکەوتم....دەزانم مریەم زۆر بێتاقەت بووە، دەزانم لەگەڵ ترێ دەستدەکەنە ملی یەکتر و کەروێشکە خەو ئاسا سەرلەسەرین رووەو یەکتر دەخەون.

لەپڕ دەنگ و لوورەی گورگەکان خەیاڵەکانی یەعقوبیان هەڵوەشاندەوە لەگەڵ راچڵەکیندا هەست بەئازارێکی زۆری برینەکانی دەکات، ئەمجارە لەهەردوو پەنجەرەکەی ئەمدیو ئەودیوی ژوورەکە دەست و هەڵمەتی گورگەکان دەبینێت! سەرنجیش ئاڕاستەی دەرگا دارەکە دەکات چۆن بەنینۆکەکانیان دەیکرێننەوە! موچڕکە بەمێشک و برینەکانیشیدا دەچێتە خوارێ! نازانێ چیبکات....خەمی رزگاربونی خۆی بخوات یان دووری مریەم؟!

* * *

پەیوەندی نێوان یەعقوب و مریەم عیشقێکی خواییە، عیشقێکی بێهاوتایە بۆیە زۆر دڵیان بەدونیا خۆشە چونکە ناهێڵن لەناوچەکەدا کەس بەپەیوەندییەکەیان بزانێت، زستانی پێشو لە دوا (شەوژوان)ەکانیدا ناودەمی مریەمی ماچکردبو تائێستا تامەکەی لەژێر دانەکانی ماوە و لەبیری ناچێتەوە، بەڵام ئەمشەو ئەم گورگانە نایەڵن ئەوتامە لەزمانی بئاڵێنآ تا رێگاژوانەکەی پێببڕآ لەوێشەوە سەرلەنوێ بەبێوەشە گەرمەکەی مرە گیان شاد بێتەوە....نزیکەی ماوەی ساڵێکە مریەم-ی نەکردۆتە باوەش، نزیکەی ماوەی ساڵێکە تێر بەسیەکانی هەناسەی هەڵنەکێشاوە، نزیکەی ماوەی ساڵێکە رەنگ و رووی پەڕیوە و زۆریش بێتاقەتە دەیەوێت ئەمشەو تێنوێتی دووری بەماچەکانی ئەو کیژە چاورەشە بشکێنێ، دەیەوێت تێرتێر هەناسەکانی هەڵمژآ و ئۆخەی نێو باوەشی بچێژآ.

* * *

دوای بیستنی دەنگی گورگەکان یەعقوب لەژوورەوە گوێچکەکانی قوت دەکاتەوەو بەتەواوی دەکرێنەوەو گوێی لەهەموو شتێک دەبێت، زەینەکانی رەوانەی دەرەوە دەکات هەستدەکات ئەمجارە ژمارەی گورگەکان زیادیکردووە! زیاتر هەستەکانی ئاڕاستەی دەرەوە دەکات لەکاتی سوڕانەوەیان بەچواردەوری ژوورەکەدا سیرەی قاچیان بەسەر بەفرەکەدا زۆرتر و زیاترن .

لەو سووچە وەستاوەو جوڵە ناکات دواتر سەر بەرزدەکاتەوە هەست ڕادەگرێت لەسەربانی ژوورەکە خشپەخشپێک دێت! زیاتر بیرەکانی چڕدەکاتەوە! وێنای چنگی گورگەکان دەکات کە لەسەربانە گڵەکە گیری دەکەن! سات لەدوای سات خێراتر خۆڵی سەربانەکە هەڵدەکۆڵن! دەنگەکانیش گەورەترو ناخۆشتردەبێت! تاوایلێدێت لەچەند شوێنێک کونی بچووک بچووک دروستدەبن، بەفربارینیش وەستاوەتەوە بەڵام هەوای سارد لەهەردوو پەنجەرەکە بەبەردەوامی دێتە ژوورێ .

یەعقوب بەسەرسوڕمانەوە سەیری کونەکان دەکات! دەزانێ گورگەکان دەیانەوێ بۆی بێنە ژوورێ! لەگەڵ هەڵکۆڵیندا وردە خۆڵ دەکەوێتە نێو ژوورەکە! گەنجە بریندارەکە بەترسەوە یەک بەیەک سەیری کونەکان دەکات! هەناسەکانی خێراتر دەبن دواتر چاوی بەسەر یەکێ لەکونەکان دەنیشێتەوە کەکەمێک لەوێنیتر گەورەترە! بەهۆی چنگ و هەڵپەی گورگەکە بەفری سەربانەکە لەگەڵ خۆڵەکە دەکەوێتە نێو ژوورەکە! لەئاستی کونەکە بۆ خوارەوە تۆپەڵێک خۆڵ و بەفر کەوتووە، ئەویش بەپێوە وەستاوە بەترسێکی زۆرەوە سەیری نێو ژوورەکە دەکات! لەگەڵ هاتنە ژوورەوەی چنگی گورگێک لەسەربانەکەوە کەمێک بەفری سەربانەکەی لەگەڵ خۆیدا خستە خوارێ .

چەند گورگێک لەسەربانەکەن و خەریکی هەڵکۆڵینن! ئەوێنەی چواردەوری ژوورەکەش سەریان بەرزکردۆتەوە سەیری سەرەوە دەکەن، یەعقوب لەپەنجەرەکەوە ئەم چاوەڕوانییەی گورگەکان دەبینێت کەجارجار بەچواردەوری ئەو تاکە ژوورە

دەسوڕێنەوە! چاوەڕێی کونکردنی بنمیچەکە دەکەن تاکوئەوێنیش خۆیان هەڵبدەن و بۆ کوڕەی عاشق بچنە ژووریَ! ئەو گورگە هاروبرسیانە چاوەڕێی چەند پلە گۆشتێکی مرۆڤ دەکەن تاکو بەم شەوزستانە کەمێک ناوسکە بەتاڵەکەی خۆیانی پیَ جۆشبدەن .

* * *

دیمەنێکی زۆر ترسناکە....!....!....بەمشەوە ساردە تاکە ژوورێک لەنێو ڕەزێکدا بەبەفر داپۆشراوە! عاشقێکی بریندار تیایدا خۆی مەڵاس داوە! چەندین گورگ بەچواردەوریدا دەسوڕێنەوە و چەند دانەیەکیشیان لەسەربانەکە خەریکی کون تێکردنی ژوورەکەن.

* * *

یەعقوب برینداره هێزێکی کەمی پێماوە بەڵام ئاواتی گەیشتنی بەمریەم جارێکیتریش گوڕوتینی پێدەبەخشێتەوە دوای ئەوەی دەستی گورگەکە لەبنمیچی ژوورەکە وەدەرکەوت دیمەنی گرتنی قورگی گورگەکەی گەرمیان لەلایەن مام حەمەد قادردا زۆر بەخێرایی بەبیریدا گوزەریانکرد کەلەوەپێش بۆ ئەم و بۆ گەنجەکانیتری باسکردبوو، وەک شێر راپەڕی و پەلاماریدەدا و دەیگرێت خەنجەرەکە دەچەقێنێتە نێو دەستی و هەڵیدەدڕێت! کەگورگەکە ئازاری پێدەگات زۆر بەتوندی دەستی یەعقوب دەجوڵێنێت و لەگەڵ خۆی دەیهێناَو دەیبات! لەوکاتەدا ئەوشوشە عەترەی کەبۆ ترێی کڕیوە لەباخەڵیدا دەکەوێتە خوارێ گەنجە برینداره‌کەش خەریکی هەڵدڕینی دەستی گورگە هارەکەیە! کونەکەش گەورە بووە دەستی گورگەکە تانزیک شانی هاتۆتە ژووریَ، ئەویش بەخەنجەرەکەی نێو دەستی برینەکەی بۆ درێژ دەکاتەوە تانزیک سکی.

یەعقوب بەخەنجەر خەریکی هەڵدڕینی دەستی گورگە هارەکەیە کەچی چنگەکرێی گورگەکانیتریش لەسەربانەکە بەردەوامە! هەموو جوڵەیەکی خەنجەرەکەی نێو دەستی ئەم گەنجە تێکەڵاو بەچەند خشپەو رنینەوەی سەربانەکە دەبێت! بۆیە بەدەم کوشتنی گورگەکە جارجارە بەچاوەکانی لەناو ژووره نیمچە تاریکەکەدا سەیری کونە بچوکەکانیتر دەکات وردە خۆڵی لێدێتە خواریَ.

چنگ و نینۆکەکانی گورگەکە چەقیوەتە نێو دەستی یەعقوب و خوێنی لێدێت، ئەویش هەردوو دەستی بەرزکردۆتەوە بۆ بنمیچەکە و لەئەژمەت مەرگ ئاگای لێنیە، لەتاو خۆرزگارکردن ئاگای لێنیە بەهۆی زاڵبونی بەسەر هەڵمەتی ئەو گورگە لەخۆشیا ئەوەندەیتر بەخێرایی دەستی هەڵدەدڕێت، دڵۆپە خوێنەکانی دەستی یەعقوب تێکەڵ بەخوێنی گورگوکە دەبێت بەتەوژم دەچۆڕێتە سەر دەمووچاوی، چاویش لەکونکردنی کونە بچوکەکانیتر نابڕێت دواتر هەستدەکات دەستێکی بێگیان لەناو لەپیدایە! هیچ جوڵەو بەرەنگاریەکی تیا نەماوە! دیقەتیکرد گورگەکانیتریش دەنگیان نەما.

-یەعقوب/ بەدووری نازانم دڵی ئەم گورگە هارو برسیەم لەت کردبێت !....!....

دوای شلبون دەستی گورگەکە بەردەدا، ئەوەندە نابات تەپەیەک لەدەرەوەی ژوورەکە دێت، دەزانیَ گورگە برینداره‌کە هێزی لێبڕاو کەوتە خواریَ.

خشپەو ترپەی گورگەکانیتریش لەسەربانەکە نەما، بەڵام لەچواردەوری ژوورەکە مرەمرێکی زۆر ترسناکیان لێوە دێت! ئەویش لەپەنجەره بچووکەکەی لای چەپی ژوورەکە کەبەریزی دەرگاکەیە سەیردەکات سەرجەم گورگەکان کەوتوونەتە سەر گورگە برینداره‌کە! کار لەکەوڵکردنیش نەماوە دادڕیادڕیان کردووە! دەنگەدەنگیان بەسەر لاشەی گورگەکە ئەوەندە ترسناکە موچرکە بەدڵی یەعقوب دادێنن! بەهۆی رووناهی بەفرەکەی دەرەوە سەروگوێلاکی گورگەکان دیارە بەخوێن سوور هەڵگەڕاوە.

لەپەنجەرەکەوە دیقەتی لرفەلرفی ئەو گورگە هارو برسیانە دەدات بەربونەتە گورگەکەی هاوڕێیان، لەژوورەوە ئەوەندە دەترسێت بۆیە دەکەوێتە لەرزین چونکە ئەمە جارانی پێشو نییە بەلەشێکی ساغ و بەدەمانچەوە گورگ هەڵبڕێت تائەودیو چەمەکان و لەوێش بەسەربەرزی بێتەوە نێو مەڕوماڵاتی خۆیان، ئەمجارە زۆر برینداره و تەنها یەک خەنجەریشی پێیە و ژمارەی گورگەکانیش هێجگار زۆرە.

لەنێو پەنەجەرەکەوە سەیری ئەو ئاژەڵە دڕندانە دەکات! لەپڕ چەند دانەیەکیان لەو (شەوداوەت)ـە جیادەبنەوە و پەلاماری یەکتر دەدەن! ئەوەندەی پێناچێت ورگ و ریخۆڵەی یەکتر هەڵدەدڕن! ئەم گەنجەش لەژوورەوە لەنێو پەنجەره

بچووکەکە بەردەوام سەیریان دەکات، ئەو گورگانەی بەلاشە بچوکترن زووتر دەبن بەخۆراکی گورگە زلەکان! گەورەکان بەهۆی بەهێزیان خێراتر پەلاماری بچووکەکان دەدەن .

یەعقوب زۆر دەترسێت! رادەکات بۆ لایەکیتری ژوورەکە! سەیری بنمیچی ژوورەکە دەکات چەند کونێکی تێکراوە بەڵام ئەو کوونەی کەدەستی گورگەکەی لێوە هاتبوە خوارێ لەوێنیتر گەورەترە! ئەویش بەهۆی هەوڵدانی گورگەکە بو کەخێراتر هەڵپەی هاتنە ژوورەوەی کردبو .

یەعقوب لەوێوە دادەپۆشێتە ئاسمان، لەوێوە دەنکە بەفرەکانی سەربانەکە دێنە ژوورێ لەناو سەرماش خۆی کرژکردۆتەوە گورگەکانیش لەدەرەوە خەریکی یەکترخواردنن! ئەوەی زیاتر یەعقوب-ی بێزارکردووە دەنگ و مڕەمڕە ترسناکەکەی گورگەکانە لەکاتی یەکترخواردندا بەناخ و ئیسقانی ئەم گەنجەدا دەچێتە خوارێ .

گورگەکان بێدەنگ دەبن، عاشقی بریندار دەچێتە سوچێکی ژوورەکەو دادەنیشێت لەژوورەوە لەترسا وڕێنە دەکات و لەبەرخۆیەوە قسە بۆ خۆی دەکات، دەیەوێت باوەڕ بەخۆی بهێنآ کەلەمەترسی ئەم گورگانە رزگاری بووە-:

-یەعقوب/ لەوێنەیە تێریان خواردبێت!...یان رۆیشتون؟! خۆ دەبێت فێڵی خۆیان بخەنە گەڕ!...گورگیش هێندەی ڕێوی فێڵبازە! من شارەزای فێڵەکانی گورگم.

* * *

کـــات....

دەرەوەو ناوەوەی ژوورەکە بەبێدەنگی سواخ دراوە...ماوەیەک لەبێدەنگی گورگەکانی دەرەوە...ماوەیەک لەخەیاڵ پلاوەکانی گەنجە عاشقەکەی ژوورەوە کەمێک لەکاتی ئەمشەوە سارده تێدەپەڕێنن .

* * *

کاکەی عاشق دوای هاتنەوە سەرخۆی لەژووره کپەکەدا بیر لەناو جێگە گەرمەکەی خۆی دەکاتەوە کەئەمشەو تیایدا نەخەوت و لێیهاتە دەرەوە ملی رێگای گرت بۆ گوندەکەی ماڵی مریەم، چەند جارێک ناوجێگەکەی خۆی دێتەوە بەرچاو دایکی و بەیانی خوشکیشی لەبەرچاوە کەلەشیرین خەودا بون یەک لەسەریەک دیمەنی ناوجێگەکەی خۆی بەسکرینی خەیاڵیدا تێدەپەڕن لەهەمان کاتدا بیریش لەمریم دەکاتەوە -:

-یەعقوب/ ئاخۆ ئێستا مریەم چەند بێتاقەتی چاوەڕوانی بێت...ئاخۆ ئێستا چی دەکات؟

یەعقوب لە سوچی ژوورە دانیشتوە دوای کەمێک بێدەنگی و کپ بونەوەی ژوورەکە هەست بەبۆنێکی زۆر خۆش دەکات چەندجارێک لوتی دەجوڵێنێت هەڵمژهەڵمژ هەناسەکانی ئاودیوی سیەکانی دەکات دواتر دیقەت دەدات شوشە عەترەکەی ترێ لەناو ژوورەکە لەرێکی کونە گەورەکەی بنمیچەکەدا کەوتووەو ورد بوە! ژوورەکەشی پڕکردوە لەبۆن بەڵام بۆیە لەیەکەم ساتی شکاندا بۆنی ئەو عەترەی نەکردبو چونکە زۆر سەرقاڵی ترس و هەڵدڕینی دەستی گورگەکە بو! کەمێکیتر بۆنەکە هەڵدەمژێ و دووبارە سەیرێکی شوشە شکاوەکە دەکات لەبەرخۆیەوە دەدوێت -:

-یەعقوب/ ترێ؟...بەمشەوە چۆن دەستدەکەیتە ملی مریەم؟...نزیکەی ساڵێکە چاوەڕێی ئەمشەو دەکەیت عەترت بۆ بێنم...ئاخۆ ئێستا دەم وچاوە وردیلەکەی مریەم چەند تورە بێت؟!

یەعقوب لەژوورەوە زەینەکانی ئاراستەی دەرەوە دەکات بۆ چۆنییەتی هاتووچۆی گورگە هارو برسیەکان....

* * *

هێڵی گشتیی بەردەوامە........

کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

لەدێکەی ئەودیو مریەم و ترێ لەژوورەکەی خۆیان چاوەڕێی یەعقوب دەکەن

بالێرەدا سکرینی روئیای خوێنەر بەرم بۆ گوندەکەی ماڵی مریەم، باچەند دیمەنێکیتر لەچاوەڕوانی ئەو کچە دولبەرە بگەیەنمە زەینی خوێنەر، هەڵوێستە وردیلانەکەی ترێ دەربخەم، بەفرە سپیە باگەردەکەی بەردەمی ژوورەکەی ئەو دوو خوشکەش بەهۆی هەوا ساردەکەوە چرکە دوای چرکە ساردترو رەقتر دەبێت.

* * *

چاوەڕوانی هەردوو عاشقەکە (مریەم و یەعقوب) لە رێگەی موخاتەبەکردنی ئەقڵیەوە تێکەڵاو بەیەکتر دەکەم.

* * *

**مریەم و ترێ هەردووکیان لەتاو سەرما لەژوورەوە لەباوەشی یەکتردان....تاماوەیەک خۆیان لەچاوەڕوانی هەڵدەکێشن و بێدەنگیش دەپۆشن .**

**-ترێ/ مریەم گیان بەقوربانت بم....دووڵ مەبە، من یەعقوب دەناسم....بەخوا ئێستا دەگاتە ئێرە (بەپێکەنینەوە دەستەکانی بەرزدەکاتەوە هەروەک شوشە عەترەکەی بەدەستەوە بێت) عەترەکەی منیشی هێناوە، تۆش ئەوەندە دەبینی تالێی بێزار دەبیت.**

* * *

**هێلی گشتیی بەردەوامە........**

**کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤**

**یەعقوب لە ژوورە ساردو نیمچە تاریکەکەی نێو رەز دەکەوێتە سەر سکرینی بینین**

**یەعقوب لەو جۆرە خەیاڵەدا لەکونە گەورەکەوە سەیری ئاسمان دەکات هەستیشی کردوە بەدوولەتی نەگونجاو بەشێکی لەدەرەوەی ژوورەکەیە چاوەڕێیە مرەی گورگەکان دەستپێبکەنەوە ئەویتریشیان هەروەکو دڵی دڵدار رایگەیاندبێت یان هەستەکانیی لەهی مرۆڤی ئاسایی بەهێزتربێت و لەودیو شاخەکەوە وەڵامی ترێ بداتەوە بەکزی لەبەر خۆیەوە -:**

**-یەعقوب/ نەبەخوا ترێ گیان....مریەم قەت لەمن بێزار نابێت، منی خۆشدەوێت....هەموو دونیاشی لەبەر خاتری من خۆشدەوێت....تۆشی زۆر خۆشدەوێت.**

* * *

**عاشقە خەیاڵ قووڵەکان لەنەستیشیاندا و لەدووری چەندین کیلۆمەتریش توانای برینی بەربەستەکانیان هەیە بۆ لەیەکتر گەیشتنیان توانای ناردنی کاروکاردانەوەی هەستە کاریگەرییەکانیان هەیە بۆ یەکتر، جا چ جای لەساتەوەختێکدا دڵدار و دولبەر لەسەر یەک هێڵی خەیاڵ هەوڵی بەیەک گەیشتن بدەن....رەنگە رێک و بێکەم و زیاد لەودوورەوە بتوانن وەڵامی رازەکانی یەکتریش بدەنەوە.**

* * *

**ئەو درندانەی دەرەوە نایەڵن ئەو گەنجە عاشقە تێر بەدڵی خۆی لەگەڵ خەیاڵەکانیدا تێکەڵ بێت و ئەوەتا جارێکیتریش لورەو دەنگ و پەلاماری گورگەکانی دەرەوە یەعقوب-یان راتەکاند و هێنایانەوە سەرخۆی! ئەویش بەدەنگی گورگەکان زۆر پەست دەبێت، زۆر بێزار دەبێت، زۆریش دەترسێت! بەڵام نازانێت چۆن دەربازبێت .**

**دوای دەنگی گورگەکانی دەرەوە سەرلەنوێ لەنێو ژوورەکە سەیری شوشە عەترە شکاوەکە دەکات و لەبەرخۆیەوە نیمچە وڕێنە دەکات، ئاوات دەخوازێت جارێکیتریش رۆژبێتەوە و گورگەکان ئەوێ جێبهێڵن و ئەویش بگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان لەوێش برینەکانی سارێژ بکات و دوای چەند رۆژێکیتر خۆی ساز و ئامادە بکات بۆ نێو ژوانەکانی مریەم لەگەڵ خۆشیدا شوشە عەترێکیتر بۆ ترێ بکاتە دیاری، بەگەیشتنیشی زۆرزۆر داوای لێبوردن لەخوشکە مراوی بکات و بەسەرهاتەکەی ئەمشەوی بۆ بگێڕێتەوە، لەسووچی ئەو ژوورە دانیشتوە لەبەر خۆیەوە بەئاستەم لێوەکانی دەجووڵێنآ و بەم شێوەیەی بۆ ئێوەم خستە روو ئاوەها بیر دەکاتەوە و ئاوهاش قسەدەکات-:**

**-یەعقوب/ ئم....کەبرینەکانم چاک بۆوە....شوشە عەترێکیتر بۆ ترێ دەکڕم....ئم....شەوێکیتر دێمەوە بۆلایان....بەخوا داوای لێبوردن لەمریەم و ترێ-ش دەکەم.**

**بەدرێژایی ئەم وتوێژەی یەعقوب لورەی گورگەکان لەچواردەوری خانوەکە بڵاو بۆتەوە بەدوای یەکتردا دەسوڕێنەوە، ئەویش لەژوورەوە خەریکە دڵی دەردێت بەڵام ئەوەتا ئەوەندە نابات دووبارە گورگەکان چونەوە ژێر بێدەنگی ئەویش دوای چاوداخستنێکیتر و هاتنەوەیەکیتری سەرخۆ یەک دوو هەناسەی قوڵ هەڵدەکێشێت تێرتێر بۆنی عەترە شکاوەکەی ژوورەوە هەڵدەمژێت .**

* * *

**ساتێک بێدەنگی لە سووچی ژوورەوە، دواتر رێڕەوی خەیاڵی دەگۆڕێت دەگەڕێتەوە گوندەکەی خۆیان بۆ نێو دوکانەکەی مام حەمەد، تەنها بەوێنە بەبێدەنگی مام حەمەد قادر-ی دێتەوە بەرچاو کەبەگریانەوە چیرۆکەکەی خۆی و براکانی بۆ گەنجانی نێو دوکانەکەی دەگێڕێتەوە، چەند دیمەنێکی مریەم-یش بەبێ دەنگی لەژوورەکەی خۆی هەر ئەمدیوئەودیی**

سەر جێگا دەکات و لەگەڵ ترێ بەبێدەنگی سەیری یەکتر دەکەن و هەر بەردەوامیشە لەچاوەڕوانی، هەموو ئەم دیمەنانە بێدەنگ بێدەنگ بەبەر سکرینی روئیای یەعقوب دا تێدەپەڕین .

*   *   *

یەعقوب لەنێو ژووره نیمچە تاریک و کپ و بێدەنگەکە دانیشتوە و سەیری برینەکانی دەکات، گورگەکانیش لەدەرەوە چەند دانەیەک لەگورگە هاوڕێکانیان خواردوە و کەمێک گەدەیان گەرم بۆتەوە، ئەگەر منی نووسەر و ئێوەی خوێنەر بمانتوانیایە لەدوورەوە سەیری ناو رەزەکە بکەین لەوێ زۆر بەئاشکرا گورگەکانمان دەبینی کە -:
دیارە کەمێک لەبرسیەتی رزگاریان بوەو بەبێدەنگی بەدەوری ژوورەکە دەخولێنەوە....بەڵام لورەو هات و هاواریان نەماوە....جارجارەش قەپ دەگرن لەدیواری دەرەوەی ژوورەکەو وەکو یاریکردن پەلاماری یەکتردەدەن، وەکو یاریکردن هەڵبەز و دابەز بەیەکتر دەکەن تەنها لەهاتوچۆی سەر بەفرەکە دەنگی چرپەی قاچیان دێت.
کاکەی عاشق لەژوورەوە سەرقاڵی برینەکانییەتی هەندێجاریش گوێ شلدەکات بۆ دەنگی قاچی گورگەکان، سیرەسیرِ بەناو بەفرەکەدا دەسورێنەوە دواتر لەم ژووره تەنهایە بەدەم دەستهێنان بەبرینەکانیدا چاوێک هەڵدەبرێت بەسەر دیواری دوکانەکەی مام حەمەد دەنیشێتەوە.

*   *   *

هێلی گشتیی بەردەوامە........
کات/ سەرەتای شەوە/ یەکەم رۆژی زستان ٢١/١٢/١٩٩٤
لەنێو دوکانەکەی مام حەمەد قادر، لەگوندەکەی ماڵی یەعقوب
مام حەمەد قادر لەنێو دوکانەکەی بەردەوامە لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی، گەنجەکانیش بەشێوەیەک چاویان زەق بوەتەوە هەروەک گورگەکان بۆلای ئەوێن هاتبن!
-مام حەمەد/ عەرەبەکان بەیانی زوو ئامادەبون بۆ رۆیشتن، شەویش کەل و پەلەکانیان خستبوە سەر پشتی چەند وشترێک، هەرچی ئێسقان و پاشماوەی گۆشتخواردنەکەی شەو هەبو هەمویان خستە چواردەورمان و ئێمەیان لەناو ئەوسێ چاڵە بەجێهێشت.

*   *   *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێلێکی باریکتر،
دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........
کات/ رۆژ/ هاوینی ساڵی ١٩٦٣ ناوچەی گەرمیان
عەرەبەکان بەدەم پێکەنینەوە دوا کەل وپەلی خۆیان دەپێچنەوەو دەکەونەڕێ هەرسێ براکەش بەجێدەهێڵن، ئەوێن خوا ناناسن رێزی قورئانیش ناگرن هەروەها لەسەر کردەوەی نامرۆڤانەی ئاوادا پێغەمبەریش لێیان بێبەریە، کەس لێیان تێناگات چ جۆرە مەخلوقێکن؟ چ جۆرە بوونەوەرێکن؟ بۆچی لەساڵی ١٩٦٣ هەموو شتێکیان بەرامبەر بەکورد کردووە؟ !
تۆ بڵێی لەساڵی ١٩٦٣ ولەساڵی ١٩٨٨ یشدا بەزمانەکەی خۆیان بۆیان نازڵ بوویێت پێیان وتربێت:- (بئس المێیر لهولاء الاکراد فاقتلوهم....)؟! بۆیە ئەوێنیش بەوکارە هەڵسابن؟!
قافلەی پێیەتیەکان کەوتەڕێ بێئەوەی هیچ گوێ بەو سێ برایە بدەن، وشترەکانیان خستە پێش خۆیان و هەندێکیشیان سەرکەوتن بۆ سەرپشتی ئەو گیاندارە بەرزە چەند ئەسپێکیشیان بارکردبو، ئەو سێ سەرە خڕەی لەسەر ئەرزەکە زۆر هاواریان کرد بەڵام زۆر زۆر بآ سودبو-:
-هیچ نەبێ یەکێکمان دەربهێنن.
-تەنها دەستمان دەربهێنن.
-تەنها دەستی من، توخوا مەڕۆن، تەنها دەستی من.
-تەنها دەستی کاکم.......توخوا تەنها دەستی کاکم دەربهێنن.
عەرەبەکان بەپێکەنینەوە بەدەم رۆیشتن جارجار ئاوڕ دەدەنەوە بۆیان بەڵام لەیەک وشەی کوردی حاڵی نابن، ئەو سێ برایەش زۆر بێدەسەڵاتن زۆر بێکەسن .

*   *   *

**دەبێشە خوایە گیان کە ئەو خەڵکە پێپەتیەت بەم دەسەڵاتە بەهێزەوە خەڵق کردووە قەیچیەکە ئەگەر بەهەمان هێزوتوانا دوای ڕۆیشتنی قافڵەی وشترەوانەکان ئەو سێ سەرەش لەئەرزەکە دەربهێنیت، خۆ هێندەی رزگارکردنی کەشتیەکەی نوح قورس وناخۆش نییە .**

* * *

**سێ سەرەکەی سەر ئەرزەکە لەدواوە سەیری ئەو قافلەیە دەکەن و زۆر هاوار دەکەن کەبەجێیان نەهێڵن بەڵام هەر سودی نییە....زۆر هاوار دەکەن لەڕێی خوا....بۆ خاتری پێغەمبەر....بۆخاتری قورئان بەجێمان مەهێڵن...بەڵام کەڵکی نییە، قورئان لای ئەوێن موجازەو دەڵێن ئیجازەی بەئێمەداوە کەهەموو شتێک بکەین. ئەوێن هەموو کردەوەیەکی باش و خراپ بۆخۆیان بەڕەوا و حەڵاڵ دەزانن، سێ کوردەکەش تاملیان لەنێو ئەرزەکە نوقم بوە و لەهاوارکردن زیاتر هیچ دەسەڵاتێکی تریان نییە، قافڵەکەی کراس سپیەکانیش بێگوێدان....بێئەوەی سڵ لەهیچ بکەنەوە....هەر بەبێدەنگ لەگەڵ چەند زەردە خەنەیەک و چەند ئاوڕدانەوەیەک و چەند گاڵتەپێکردنێکی بێورتە زوو لەناوچەی کفری دوور کەوتنەوە و بەرەو خواروتر ڕۆیشتن، ئەو سێ برایەش تاماوەیەک بەبێ دەنگی و بەحەپەساوی لەوێ دەمێننەوە.**

**کافری خوا نەناس بەم دیمەنە پەشیمان دەبێتەوەو داوای ئیمان لەخوا دەکات بەڵام قافڵەی وشترەوانەکان بەزەییان بەهیچ کەس نایەتەوە هەروەکو وتم وەک لەئاسمانەوە پێیان وترێبێت وایە، بەمشێوەیە ئەو سێ سەرە جێدەهێڵن!....ترس سیمای هەرسێکیان دەگرێتەوە ڕەنگی مردوویان لێدەنیشێت.**

**مام حەمەد و هەردوو براکەی تاملیان لەئەرز چەقێندراوە لەنزمترین ئاستی زەویەوە لەدواوە بەحەپەساویەوە سەیری عەرەبەکان دەکەن ئەوەندەی پێناچێت خۆیان و وشترەکانیان لەچاو وندەبن و بەتەنها لەو چۆڵەوانییە تەختە دەمێننەوە! بێئەوەی ئاگایان لەچواردەوری خۆیان بێت! تەنها بەردەمی خۆیان تاچەند مەترێک دەبینن و هیچیتر! بەمشێوەیە کات بەڕێدەکەن و وردەوردە لەنیوەڕۆ نزیکدەبنەوە، دوای ماوەیەک و پێش نیوەڕۆ گریان بەسەر دەم وچاوی برابچوکەکەیان دەبێرێت.**

* * *

**گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........**

**کات/ سەرەتای شەوە/ یەکەم ڕۆژی زستان ٢١/١٢/١٩٩٤**

**لەنێو دوکانەکەی مام حەمەد قادر، لەگوندەکەی ماڵی یەعقوب**

**مام حەمەد قادر لەنێو دوکانەکەی خۆی بەرامبەر بەگەنجەکان دانیشتوەو بەمشێوەیە بەسەرهاتەکەی خۆی بۆ ئەو کوڕە لادێییانە دەگێڕێتەوە .**

**-مام حەمەد قادر/ سەرلەبەیانی ئەوێ فێنکبو بەڵام وردەوردە خۆر هەڵکشا بەرەو ئاسمان، سات لەدوای سات گەرمتر دەبو چواردەوری سەریشمان ئێسقان و پاشماوەی گۆشت و ورگ و سەروپێی مەڕەکانی لێبو بۆنێکی پیسی لێدەهات .**

* * *

**بالێرەدا منیش بەدیزانێکی روون هاوینی ساڵی ١٩٦٣ لەچوارچێوەو پرۆسەی گێڕانەوەدا بۆتان وێنابکەم تاکو تاموچێژێکی وێنەیی لێوەربگرن سەرجەم (جوڵە بەسەرهات)ەکانی ئەم دەقە ئەدەبیە لەوێقیعی سکرینی روئیاتان بونێکی بەرچاوی هەبێت بۆ ئەوەی ئێوەش بۆی بخزێنە نێو بەسەرهاتە یەک لەدوایەکەکانی ئەم ژیانەی مام حەمەد قادر-:**

* * *

**جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێلێکی باریکتر،**

**دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........**

**کات/ ڕۆژ/ هاوینی ساڵی ١٩٦٣ ناوچەی گەرمیان**

**سەروقاچ و ورگی مەڕە خوراوەکان لە نزیک سەری ئەو سێ برایە کەوتوە بۆنێکی ئێجگار ناخۆشی بڵاوکردۆتەوە بێزاری بەسەر دەموچاویانەوە تێکەڵاوی ترس بوە .**

**کـــات....**

وردەوردە كات گەیشتە نیوەڕۆ....گۆشت و ئێسقانەكانی ئەویش كەمێك بۆگەنیان كرد و كەللەی سەری ئەوێنیش گەرم داهات .
هەرسێكیان بەریزی یەكتر لەناو ئەرزەكە نوقمن، برا بچوكەكەیان دەستیكرد بەگریان و هاواری لێهەڵسا! لەسەرلا ئاوڕ بۆ برا گەورەكەی دەداتەوە-:
-برا بچووكەكە/ كاكە گیان....ئیتر ئارامم نەما....خەریكە دەمرم....توخوا فریامكەوە.
ئەوێن پەنا بۆخوا دەبەن بەڵكو كەسێكیان لێوەدەركەوێ و رزگاریان بكات چاوەڕوانی فریشتەكانی خوا دەكەن رزگاریان بكات، هەندێجار پەنا دەبەنە بەر شێخ و پیاوچاكانیش بۆئەوەی رزگاریان بكات، مام حەمەد و براگەورەكەی بەتەمەن گەورەترن بۆیە بەردەوام دڵی برا بچوكەكەیان دەدەنەوەو قسەی خۆشی بۆ دەكەن-:
-ئێستا نا....تۆزێكیتر زرگارمان دەبێت .
-كەمێك دان بەخۆتا بگرە ئێستا دێینە دەرەوە.
-بەخوا كاكە گیان دەمرم!....چیتر ناتوانم.
-قەیناكە بەقوربان....كەمێك دانبەخۆتا بگرە ئێستا دەرمان دەهێنن.
-ئاخر كێ ئاگای لێمانە؟! كێ دەرمان دەهێنێ؟!
-خەمت نەبێ بەقوربان ئێستا رزگارمان دەبێت.
زۆر لەوجۆرە قسانە بۆ برابچوكەكە دەكەن، بەردەوام لەسەرلا سەیری دەكەن و دڵنەوایی دەكەن، ماوەیەك بەمشێوەیە بەردەوام دەبن، ماوەیەك بەمشێوەیە دڵی برا بچوكەكەیان دەدەنەوە هەرچەندە خۆشیان دەترسێن بەڵام لەبەر دڵی ئەو دەری نابڕن .
ماوەیەك بەمشێوەیە دەمێننەوە بەمشێوەیەش خەفەتی هەموو دونیا دەچێت بەدڵیانا، ئاخ بۆ دەستێكی خوایی و ئەو سێ برایە رزگار بكات و موعجیزەی خوایی سەدەی بیست لە كوردستان بێتەدی، خۆ لەلای خودا كوردستان شوێنێكی پیرۆزە هەربۆیەش دوا وێستگەی كەشتیەكەی نوح پێغەمبەر لەسەر شاخێكی ئەم كوردستانە نیشتۆتەوە، بەڵام چی؟! ئەوە تا هەرلەو نزماییەی سەری ئەو سێ برایە لەدوری چەند مەترێك گورگێك پەیدابو خەریكە لەبرا بچوكەكەیان نزیك دەبێتەوە.

* * *

ئای لەو ساتەی هەردوو برا ئەو گورگە گێژەی بەرگەرمایان بەدیكرد! ئای لەو ساتەی لەگەڵ هەنگاوەكانی ئەوگورگە لەمردن نزیك دەبنەوە! ئای لەو ساتەی هەردوو برا بەبینینی گورگەكە خەریكە دڵیان دەێتە دەرێ و دڵدانەوەی برا بچووكەكەشیان لەئەستۆدایە....ئای....ئای و ئاخ....هەزاران ئاخ بۆ ئەم سێ برایە....ئاخۆ دەبێ ئەم دیمەنە بەچ موزیكێكی گوزارشتی بخنرێتە زەینی خوێنەری بینەر؟ تاكو لەسەرەخۆ سەیری سكرینی روئیای خۆی بكات و دیمەن دوای دیمەن بەدواداچوونی خۆی ئاوێتەی سەر هێلی گشتیی ئەم رووداوە بكات؟

* * *

/*موزیك لەگەڵ ئیقاعی رێورۆیشتنی گورگەكە دەبیسترێ؟
/*موزیك لەگەڵ ئیقاعی ترپەی دڵی مام حەمەد و براگەورەكەی دەبیسترێ؟
/*موزیك لەگەڵ ئیقاعی واقوڕمانی دڵی مام حەمەد و براگەورەكەی دەبیسترێ؟
/*موزیك لەگەڵ ئیقاعی تەنیایی نێو ئەرزە تەختەكەی ناوچەی گەرمیان دەبیسترێ؟

* * *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........
كات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤
یەعقوب لە ژوورە ساردو نیمچە تاریكەكەی نێو رەز دەكەوێتە سەر سكرینی بینین
تەنهایی نێو ژوورە ساردو ترسناكە دەردەكەوێ....یەعقوب بەبێ دەنگی دانیشتوە گوێچكەكانی هەڵخستوە بۆ هەردوو پەنجەرە بچوكەكە تاكو ئاگای لەهاتوچۆو پەلاماری گورگەكان بێت، دەموچاویشی ئەبڵەق بووە رێك ئاوڕ دەداتەوە

سەیری دیوارەکەی بەردەمی دەکات و خەیاڵ هەڵیدەفڕێنێت بۆ دوکانەکەی مام حەمەد قادر و لەسەرەخۆ چیرۆکەکانی ئەمشەوی ئەو مامەپیرەی دێتەوە بەرچاو.

* * *

هێلی گشتیی بەردەوامە........

کات/ سەرەتای شەوە/ یەکەم رۆژی زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

لەنێو دوکانەکەی مام حەمەد قادر، لەگوندەکەی ماڵی یەعقوب

مام حەمەد لەنێو دوکانەکەی بەردەوامە لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی، گەنجەکانیش بەشێوەیەک چاویان زەق بۆتەوە هەروەک گورگەکان بۆلای ئەوێن هاتبن! یان ئەوێن تاکو ملیان لەئەرزەکە چەقێندرابێت! هەریەکەیان لەهزری خۆیدا سەرقاڵی ئەوەیە کە سێ پیاوی لەئەرز چەسپیو و بێدەسەڵات چۆن لەدەست ئەم گورگە رزگاریان بوە؟! یان چیان بەسەرهاتوە؟! مام حەمەد قادر لەگەڵ چا تێکردن سەرقاڵە ئەوێنیش لەگەڵ یەکتر سەرسام و بۆیەکتری دەچرپێنن-:

-مام حەمەد چۆن دەرباز بوە؟!

-نازانم........!

-لەوەئەچآ گورگ براکانی تری خواردبێت، وانییە؟ !

-وەڵلاهی منیش نازانم........! دەتۆ گوێ بگرە ئێستا خۆی بۆمان باسدەکات.

-ئم........گوناحە!....بەخوا مام حەمەد زۆر گوناحە.

* * *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێڵێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ رۆژ/ هاوینی ساڵی ١٩٦٣ ناوچەی گەرمیان

مام حەمەد لەولا لەژێر خۆڵەکە سێیەم سەرە کە لەئەرزەکە چەقێندراوە! براگەورەکەیان لەناوەڕاستدایە بەڵام برابچوکەکەیان لەپێشەوەیە لەگورگەکە نزیکترە! هەردوو برا چەند ساتێکە گورگەکەیان بەدیکردوە بەڵام نەیاندەویست قسەبکەن نەوەکو برابچوکەکەیان بترسێ.

بەم دڵەڕاوکێیە سەیری ئەو گورگە دەکەن! ئەو گیاندارە درندەیەش لەوێ واقی وڕماوە....! ئەوەندەی نەبرد گورگەکە زیاتر لێیان نزیکبۆوە! خورپەی دڵ کەوتە نێو سنگی هەردوو برا پەتی تەحەمولیان پچڕاندو هەردووکیان کردیان بەهەراو دەنگەدەنگ! لەگەڵ ئاوڕدانەوەی برا بچوکەکەیان گورگەکە تێیتەقاندو رایکرد !

/*موزیک لەگەڵ ئیقاعی ترسان! تێکەڵاو بەگریان و دڵەڕاوکێی برا بچوکەکەیان بو!

برابچکۆلە زۆر ترسا! دەستیکرد بەگریان....زۆر هاواریکرد کەدەربیبهێنن، تەنها ئەو دووبرایە شکدەبێت کەهاواریان بۆ بەرێت و رزگاری بکەن بەڵام چۆن دووبرا بون! ئەوێنیش وەکو خۆی لەلایەن ئەو عەرەبە کراس سپیانەوە لەئەرز چەقێندراو بێ دەسەڵاتن.

* * *

لەسەردەمی کۆن خودا دەریای کردوە بەدوو لەت و موسای پێغەمبەر بەوێدا رۆیشت و لەدەست لەشکری فیرعەون رزگاری کرد، دەستی خوایی زۆر کەسی لەغەدروستەم رزگار کردوە، دەبێ ئاواتی ئەم ڕڕەوە پێپەتیانە نەهاتایەتەدی و ئەو سێ برایە بەدەستێکی پیرۆزی خوایی دەربهاتنایەو ئەمەشیان بچوایە ریزی موعجیزەکانیتر.

* * *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

خەیاڵی یەعقوب دوکانەکەی مام حەمەد و ناوچەی گەرمیانی بەجێهێشت و

گەڕایەوە بۆ تاکە ژوورەکەی رەزەوانەکان

دڵداری بریندار لەم ژوورە تەنهایە زۆر دەترسێ و ئاواش بیر لەمام حەمەد قادر دەکاتەوە، شتی زۆر سەیرسەیر لەهەگبەی بیرەوەریەکانیدا سەردەردەهێنن وەک -:

/*چۆن براکانی مام حەمەد قادر گورگ خواردونی.

/*چۆن براکانی خۆی گورگ خواردونی.

/*ئازاری رزگاربون و نەبونی خۆی .

/*ئازاری برینەکانی دەست و قاچی .

/*ئازاری سەرمای نێو ژوورەکە.

/*ئازاری چاوەڕوانی مریەم گیان.

هەموو ئەمانە وایلێدەکەن بگەڕێتەوە بۆ ئەرشیفی بیرەوەریەکانی و لەخەیاڵدانی خۆی بەمشێوەیە بیربکاتەوە....لەدڵی خۆیدا چەند ورتەورتێکیش دەکات-:

-یەعقوب/ زۆر دەترسم بەدەردی براکانی مام حەمەد بچم! زۆر دەترسم بەدەردی براکانی خۆم بچم! ئەی مریەم؟!....مریەم گیان بەقوربانت بم .

لەسوچێکی ئەم ژووره دانیشتوه هەگبەی یادەکانی دادەخات و واز لەبیرکردنەوە دەهێنێت و دەگەڕێتەوە بۆلای دەردی خۆی، سەیری دارودیواری ژوورەکە دەکات دواتر هەستەکانی چڕدەکاتەوە بۆ دەرەوەی ژوورەکە! گورگەکان زۆر بێدەنگن، ئەویش دانیشتوه و بەمشێوه بێدەنگیە لەکونەکانی بنمیچەکەوە سەیری ئاسمان دەکات لەدڵی خۆیدا-:

-یەعقوب/ خودایە رزگارم بکە....خودایە منیش وەکو دوو براکەم گورگ خواردو نەبم....وەکو دوو براکەی مام حەمەدی دوکاندار گورگ خواردو نەبم....خودایە داوای رەحم و بەزەیت لێدەکەم....لەگوناهەکانم ببورە و رزگارم بکە....موساو عیسا و محمد....دوعام بۆ بکەن با رزگارم بێت.

یەعقوب وەکو شێتی لێهاتوە لەم ژووره تەنها و ساردو ترسانەکەدا بست بەبست چاو دەگێرێت بەسەر دیوارەکاندا! لەوە دەترسێت وەکو براکانی مام حەمەد قادر و براکانی خۆی گورگ بیخوات و گۆڕیشی نەبێت .

بەنیئادەم روحی خۆی زۆر خۆشدەوێت، لەکاتی تەنگانەدا پەنا بۆ هەموو جۆرە دەربازبونێک دەبێت، بیرلەهەموو شێوازێکی رزگاربون دەکاتەوە بۆیە یەعقوب وردەوردە هێور دەبێتەوە هەستدەکات لەنێو ئەم ژووره تەنهایەدا پێویستە بەوردی و ژیرانە بیر بکاتەوە بۆیە کەمێک ئارام دەبێتەوە بڕیاردەدات نابێت پەلەبکات چونکە پەلەکردن بێ بیرکردنەوە لەگەڵ گەلە ئاژەڵێکی ئاوا دڕندەدا مەینەتی بەدواوەیە .

لەو سووچە نیمچە پاڵکەوتنێکیش لەسەر پشت لێیراکشاوە هەرلەوێوە دادەپۆشێتە کونەکانی بنمیچەکە دواتر لەبێدەنگی گورگەکان دڵنیادەبێت کەمێکیش ئارامی بۆ دەگەڕێتەوە بۆیە بەو راکشانەوە جارێکیتریش دڵنیابو بەڵام بەناچاری بۆ بیرچونەوەی ئازارەکانی دەگەڕێتەوە نێو دوکانەکەی مام حەمەد.

* * *

هێلی گشتیی بەردەوامە........

کات/ سەرەتای شەوە/ یەکەم رۆژی زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

لەنێو دوکانەکەی مام حەمەد قادر، لەگوندەکەی ماڵی یەعقوب

مام حەمەدی پیرەمێرد بەردەوامە لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی زەمانی گەنجی خۆی و هەردوو براکەی، نێو دوکانەکەش بەدەنگ و رەنگ دێتەوە سەرسکرین-:

-مام حەمەد قادر/ عەرەبەکان ئەوەندە بەتوندی خۆڵەکەیان پەستابۆوە بەهیچ شێوەیەک نەماندەتوانی بجوڵێین!....کاتیش تادەهات گەرمتردەبو....ئارەق بەناو چاوماندا دەهاتەخوارێ هەندێجار چاومان دادەخستو لەدواییدا بۆئەوەی بەردەمی خۆمان ببینین هەر بەزۆر دەمانکردەوە.

* * *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێڵێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ رۆژ/ هاوینی ساڵی ١٩٦٣ ناوچەی گەرمیان

هەرسێ برا کوێستانییەکە لەناوچەی کفری بەمشێوەیە لەبەر تینی گەرما لەناو ئەرزەکەن، لەژێرەوە لەشیان لەناو خاکەکە فێنکبوو ولەوێنەیە کەمێکیش سارد بوویێت چونکە لەهاویندا سەرما دەچێتەوە ژێر خاک و لەزستانیشدا

بەپێچەوانەوە بەڵام سەری هەرسێکیان لەسەر ئەو ئەرزە زۆر گەرم داهاتوە....دوای هات وهاوارو هەڵبڕین گورگەکە دووبارە دەگەڕێتەوە بۆلایان! ئەوێنیش دیسان دەستدەکەن بەهەراو هاتەهات، گورگەکە سەرلەنوێ دەترسێ و رادەکات! برا بچوکەکەیان ئەوەندە دەترسێت و دەگری هەرئەوەندە ماوە گیانی دەرچێت .
بەمشێوەیە گورگەکە هەڵدەبڕن....!بەڵام جار لەدوای جار راکردنی گورگەکە کورتتر دەبێتەوە! چونکە دەزانێت لەدوای هەموو هات وهاوارێک کەس بەدوایدا راناکات و پەلاماری نادات، راکردن و گەڕانەوەی گورگەکەو هات وهاواری ئەوێن بەردەوام دەبێت تاوایلێدێت گورگەگە بەتەواوی ترس و شەرمی نامێنێت.
/*ئاخ لە بێکەسی ئەو سێ برایە.
/*ئاخ لەزەلیلی ئەو سێ برایە،.
/*ئاخ لەبێدەسەڵاتی ئەو سێ برایە.
دواجار گورگەکە لەگەڕانەوەیەکدا پەلاماری سەری برا بچووکەکە دەدات و تاسەرسنگی هەڵیدەدڕێت و دەیخوات! خوێن لەملی ئەو مناڵە فیچقە دەکات سەرو گوێلاکی خۆیشی لەخوێن هەڵدەکێشێت، مام حەمەد و برا گەورەکەی کەمێک لەدووری ئەو برا بچکۆلەیە هەر باوکەڕۆ و براڕۆ دەکەن....بەڵام گورگەکە بەهیچ شێوەیەک لێیان ناترسێت چونکە هەرسێکیان لەبەردەمی بێدەسەڵاتن و کەس نییە رێگری لێبکات.

*          *          *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........
کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤
خەیاڵی یەعقوب جارێکیتریش هەموو شتێکیان بەجێهێشت و
گەڕایەوە بۆ تاکە ژوورەکەی رەزەوانەکان
یەعقوب لەنێو ژوورە تەنهاکەدا وێڕای ئەوترس و دڵەڕاوکێیە زۆریش سەرمایەتی، لەوسوچی ژوورەدا خۆی هەڵکورماندوە زەینەکانی دابەشکردوە بۆ کونەکانی بنمیچەکە بۆ دەرگای ژوورەکە بۆ هەردوو پەنجەرەکە تابەتەواوی وێنای هاتوچۆی گورگەکان بکات .

*          *          *

ئەم عاشقە تائێستا بەهیچ شێوەیەک لەگورگ نەترساوە بەڵام ئەمشەو برینداره جگەلەوەی چواردەوری بەگورگ گیراوە لەخەنجەرێک زیاتر چەکی باشیشی پێنییە بۆیە هەردوو براکانی خۆی و هەردوو براکەی مام حەمەدی هاتۆتەوە یاد کەچۆن گورگ هەرچواریانی خواردوە و کەسیش نەیتوانیوە رزگاریان بکات.

*          *          *

یەعقوب بەهۆی ترس و دڵەڕاوکێی گورگەکانی چواردەوری بیرەکانی جێگیرنین بۆیە بەبەردەوامی لەنێو فەزای ترسناکی ژوورە ساردو نیمچە تاریکەکەدا خەیاڵەکانی هەڵدەفڕن بەرەو گۆڕەپانی مردنی هەردوو براکەی خۆی و هەردوو براکەی مام حەمەد دەڕۆن، لەماوەی شەش حەوت کاژێری نێوان دوای نیوەشەو وبەرەبەیان چەندجارێک دەڕۆن و دەگەڕێنەوە .
ئەوەتا یەعقوب لەو ژوورە نیمچە تاریک و تەنهایە دانیشتوە و یەک لەدوای یەکتر ئەم دیمەنانە بەجوڵەی دەنگوڕەنگ دێتە بەرچاوی، بامنیش بەشێوە گێڕانەوەیەک بۆ ئێوەی خوێنەر وێنا و بەرجەستەی بکەم و چەند لقە جووڵەیەکی رووداوەکان بۆ بەواقیعاندن ئامادە بکەم-:
یەکەم /
یەعقوب کۆڕە گەرمەکەی ئەمشەوی نێو دوکانی مام حەمەدی دێتەوە بەرچاو، مامەپیرە لەبەرامبەر گەنجەکان دانیشتوە و بەردەوامە لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی-:
-مام حەمەد قادر/ کەعەرەبەکان سەیری کاتژمێرەکەی دەستی خۆیان کرد هاربون دواتر کات گەیشتە نیوەشەو شێت بون، نازانم بۆچی وەستان تا نیوەشەو تەواو بو ئینجا ئێمەیان خستە ناو چاڵەکان؟ !

*          *          *

دووەم /

یەعقوب دیمەنی کابرای لێپرسراوی پاسدارەکانی دێتەوە بەرچاو کەچۆن لەکۆکین تەواو دەبێت و ناڵەکان بەرزدەکاتەوە سەیری خێزانەکە دەکات و پەنجەش دەخاتە سەر کاتژمێرەکەی دەستی باسی کاتی دوای نیوەشەو دەکات بۆ ناڵکردنی ئەیوب و دوای بەڕەڵلاکردنیشی گورگ لەدەرەوەی ڕەبیەکە دەیخوات.

-لێپرسراوی پاسدارەکان/ کات دوای نیوەشەوە، ئێستا کاتەکە لەبارە.

* * *

سێیەم/

یەعقوب دیمەنی سەربازەکەی بەعسی دێتەوە بەرچاو کەلەهاوینی ١٩٩٤دا لەناوچەی کفری سەیری کاتژمێرەکەی دەستی دەکات و باسی نیوەشەو دەکات بۆ بەڕەڵلاکردنیان دواتر گورگ کامەرانی برای دەخوات.

-سەربازێک/ ئێستا کاتی هاتووە، دوای نیوەشەوە بابیانبەینە دەرەوە.

* * *

چوارەم /

یەعقوب دیمەنەی ئەمشەوی خۆی لەبەرچاوە کەلەناو دوکانەکەی مام حەمەد پێش ئەوەی بەرەوژوان بێتەوە سەیری کاتژمێرەکەی دەستی دەکرد وردەوردە لەنیوەشەو نزیک دەبۆوە، لەنێو دوکانەکەی مامەپیرە هەڵدەسێتەوە بۆ ماڵئاوایی کردن.

-یەعقوب/ هاوڕێیان بەیارمەتی خۆتان من دەبێ بڕۆم.

* * *

پێنجەم /

یەعقوب دیمەنەی ئەمشەوی خۆی دێتەوە بەرچاو کە لەناو ژوورەکەی خۆیان لەسەرپێ وەستاوە و دەیەوێ بەرەو ژوان بێتەوە .

یەعقوب/ (دەچێتە لای چراکە کەنزیکە لەدەرگای ژوورەوە ئاوڕێک بۆ دایک و خوشکەکەی دەداتەوە دواتر توزێک چراکە کزدەکات دەرگاکە دەکاتەوە زۆر بەخێرایی دەچێتە دەرەوە .

* * *

ئەم گەنجە برینداری نێو ئەم ژوورە ساردە بەهۆی سەرما و سۆڵەی شەوەکەو ترسی پەلاماردانی گورگەکان یەک لەدوای یەک ئەم پێنج دیمەنەی دێتەوە بەرچاو. ئەوەتا ئێستاش بیر لەکامەران-ی برای دەکاتەوە کەلەشەوێکی هاوینی ئەمساڵی ١٩٩٤دا لەناوچەی کفری بەبەرچاوی خۆی و باوکی گورگ خواردی! ئەوێنیش نەیانتوانی رزگاری بکەن چونکە خۆی و باوکی هیچ جۆرە چەکێکیان پێنەبو، دوای هەوڵدانێکی زۆر نەک نەیانتوانی براکەیان لەدەمی ئەو گورگە دەربهێنن بەڵکو ئەگەر لەوکاتەدا هەندێ قاچاغچی وەکو فریشتە دەرنەکەوتنایە ئەوێنیش بەدەردی کامەران دەچوون.

* * *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێڵێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

ناوچەی کفری هاوینی ١٩٩٤

لە هاوینی ١٩٩٤دا دوای ئەوەی رژێمی بەعس هەندێ لەپێشمەرگە گیراوەکانی بەردابو....یوسف-یش کە براگەورەی یەعقوب-ە یەکێک بو لەگیراوەکان لەناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردو گیرابو و تاکو ئەم کاتەش بێسەروشوێنە .

یەعقوب لەگەڵ کامەران و باوکیدا دەچن بۆ سۆراخی یوسف لەناوچەی شاری کفری لەخاڵی پشکنینی سەربازەکانی بەعس هەرسێکیان دەگیرێن دوای سوکایەتی پێکردن، دوای لێکۆڵینەوە، دوای ئەزێتدان لای خۆیان گلیان دەدەنەوە تادرنگانێکی شەو گاڵتەیان پێدەکەن دوای ماوەیەک بەمشێوەیە سەربازەکان سەیری کاتژمێرەکەی دەستیان دەکەن و بۆ یەکتر قسە دەکەن-:

-سەربازێک/ ئێستا کاتی هاتووە، دوای نیوەشەوە بابیانبەینە دەرەوە.

سەربازەکان بەچەکەوە دەیانخەنە پێش خۆیان تاماوەیەکی زۆر لەرەبیەکانی خۆیان دووریان دەکەنەوە بەرەو سنوری کوردستان و بەرەو ناوچە ئازادکراوەکانی دوای راپەرینی١٩٩١ بەڕێیان دەکەن، لەڕێگا بەدوایانەوە دەڕۆن و بەدەم ڕۆیشتن هەربەئامازەی ئاژەڵی ترسناک گاڵتەیان پێدەکەن، سەربازەکان دەزانن ئەم ناوچەیەی گەرمیان لەشەودا گورگی زۆر دڕی هەیە بەڵام مەلاعەلی و دوو کوڕەکەی خەڵکی ئەوێ نین و شارەزا ئەوێ نین ئەوێن وەکو چەندین خێزانیتر بۆ سۆراخی کوڕەکەیان هاتون و هیچیتر.

یەعقوب ئەوشەوەی لەبیرە کەسەربازەکان لەدواوە بەهەردوو پەنجەی دۆشاومژەیان ئامازەی گوێچکەی گورگیان بۆ دەکردن و سەریشیان بەرز دەکردەوە بەدەم لورەلوریان بۆ دەکردن، مەلاعەلی لەپشتی هەردوو کوڕەکەی دەڕۆیشت و نەیدەهێشت ئاوڕبدەنەوە بەڵام یەعقوب و کامەران جارجارە ملیان بۆ دەسوڕاندن دواتر مەلاعەلی بەدەست سەری هەردوو کوڕەکەی دەسوڕاند بۆ پێشەوە و نەیدەهێشت بەتەواوی سەربازەکان ببینن کەچۆن بەدەست و بەدەم ئامازەی هەندێ شتی سەیر دەکەن، هەرچۆناً بێت یەعقوب زۆر بەچاکی لەبیریەتی لەکاتی ئاوڕدانەوە توانیان کەمێک سەربازەکان ببینن کەبەدەم و دان جیڕکردنەوە و وشەی ((یەنیەن)) وەکو لاسایی کردنەوە وئامازەکردن بۆقەپگرتن و پەلاماردانی گورگ و ئاژەڵە دڕەندەکانیتر.

بەهۆی ئامازەکانیانەوە شێوە جووڵەی گازگرتنی گورگ یان سەگ گەیشتە زەینیان، لەگەڵ ئاوڕدانەوە بۆ سەربازەکان و جوڵەی دەست ودەمیان کەمێک زەردەخەنە دەیانگرێت ئومێدی دەربازبونیشیان هەیە بۆیە کەمێک دڵیان خۆشە چونکە هەڵسوکەوتی سەربازەکان هیچ جۆرە هەوڵدانێکی بۆ کوشتن پێوەدیارنییە دواتریش نازانن چۆن و بەچ شێوەیەک دەربازدەبن، ئەوێن هەر ئەوەندە دەزانن لەلایەن سەربازەکانەوە ناکوژرێن بەڵکو بەڕێدەکرێن بەڵام مەلاعەلی بەهۆی ئەزموونی زیاتری لەژیاندا زیاتر دەترسێت چونکە زۆرجار مرۆڤی زانا ترسنۆکترە لەمرۆڤی نەزان، کوردیش دەڵێ نەزان بەقاچێک تێدەکەوێ و زاناش بەهەردوو قاچ.

هەرسێکیان لەپێشەوەی سەربازەکان دەڕۆن، ئەوەندەی نەبرد لەرەبیەکانی دوژمن دورکەوتنەوە و بەرەو شاری کفری هەڵکشان، تاماوەیەک بەمشێوەیە ڕۆیشتن ئەوەتا وردەوردە شەوە تاریکەکە دەبڕن خەریکە ڕێگاکە درێژە دەکێشێت! خەریکە یەعقوب و کامەرانیش وەکو باوکیان بێباوەڕیان لا دروستدەبێت! هەردوو برا گەنجەکە لەبەردەمی باوکیاندا دەڕۆن خەریکی چرپەچرپی خۆیانن-:

-بۆچی ئەو سەربازانە ناگەڕێنەوە؟!

-نازانم! چیان دەوآ؟!

-دەترسم درۆمان لەگەڵ بکەن! ووو!!!! ووو!!! دوایی بمانکوژن!

-نازانم! منیش زۆر دەترسم!

( -بەچرپە ) بەسە کوڕم بەبێ دەنگی بڕۆن....گوێ بگرن.

هەردووکیان بەپەرۆشی و بەپەلە ئاوڕ بۆ باوکیان دەدەنەوەو جارجارەش سەیری سەربازەکانی دواوە دەکەن.

-ئاوڕ مەدەنەوە کوڕم! ....ئەگەر لەدواوە تەقەیان لەمن کرد! ئێوە مەوەستن یەکسەر ڕاکەن....باش؟ !

هەردووکیان ترسیان لێدەنیشآو دەموچاویان تێکدەچێ.

لەڕێگا هەرسێکیان دڵەکوتێیانە! ئێستا گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی کە ئەو سەربازانە بۆ ئەوە دووریان دەخەنەوە تا لەو چۆڵەوانییەدا بیانکوژن! ئەگەر وانییە بۆچی ناگەڕێنەوە؟! ئەی کاری ئەوێن چیەوچۆنە؟! تاکوآ بەدوایانەوە دەبن؟! هەرسێکیان بەمشەوە بەردەوامن لەڕۆیشتن و بەهیچ شێوەیەک لەسەربازەکان ناگەن !

سەربازەکان بۆئەوە هاتون تادڵنیابن ئەو باوک و دوو کوڕە لەسنوری دەسەڵاتی خۆیان دەردەچن، ئەو باوک و دوو کوڕەش لەبەر بێزاری و لەترسا ناتوانن ئاوڕبدنەوە هەربەو ترسەوە ملی ڕێگایان گرتوە، مەلاعەلی هەردوو کوڕەکەی خستۆتە پێش خۆی نەوەکو سەربازەکان لەدواوە دەستریژیان لێبکەن، حەزی دەکات خۆی بپێکآ و کوڕەکانی دەربازبن، بەردەوامن لەڕۆیشتن یەعقوب بیری نەماوە چەند دەقیقە لە رەبیەکان دوورکەوتنەوە بەڵام ئەوەی لەبیرە باوکی بەسووکی چرپاندی بەگوێیان-:

-مەلاعەلی/ کامەران....یەعقوب....بوەستن.

* * *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

خەیاڵی یەعقوب جارێکیتریش هەموو شتێکیان بەجێهێشت و

گەڕایەوە بۆ تاکە ژوورەکەی ڕەزەوانەکان

یەعقوب لەگەڵ بانگکردنی باوکی سەرپۆشی خەیاڵ فڕێدەدات و دووبارە دێتەوە نێو ژوورە سارد و تەنها و پڕ لەترسەکە، گوێی دەگرێت بۆ گورگەکانی چواردەوری بەڵام بێدەنگن....بەڵآ هەستن....دوای خواردنی هاوڕێ گورگەکانیان هێشتا برسیان نەبۆتەوە! چرپەی قاچیان بەهۆی هاتوچۆیان لەسەربەفرەکە بەدەوری ژوورەکەدا دەگاتە گوێی یەعقوب ! عاشقی بریندار دوای دڵنیابون لێیان لەبەرخۆیەوە ئاراستەی خەیاڵەکانی دەگۆڕآ و بیر لەمریەم گیان دەکاتەوە، غوربەت و تەنهایی ئەمشەو زۆر کاریگەری هەیە لەسەری زۆریش بیری باوەشە گەرمەکەی مرە گیانی دەکات زۆریشی حەزدەکات بگاتە ناودآ و جامە ئاوەکەی دەستی ئەوکچە وردیلە لادێییە بخواتەوە، هەرلەوێ لەقوڵایی دڵ لەگەڵ خۆی دەدوێت -:

-یەعقوب/ مریەم ئێستا چی دەکەیت؟....چاوەڕێم دەکەیت؟ شەوگاریش درەنگە دەزانم ئەمشەو لەگەڵ ترێ ئێشک دەگرن .

کاکەی عاشق لەو سوچە دانیشتوە،لەو ژوورە تەنهایە لەوڕێنەو بیرکردنەوە زیاتر هیچیتری لەدەست نایەت، یەک لەدوای یەک یادگارییە تاڵ و شیرینەکانی دەردەهێنێ و تاوێکی کەم لەگەڵیدا دەژی پاشان سەرلەنوێ دایدەپۆشێتەوەو یەکێکیتریان دەردەهێنێ لەگەڵ ئەویشدا تاماوەیەک تێکەڵ دەبێت .

یەعقوب بەهۆی نزیکبونەوەی مەرگی خۆی و گیرانی چواردەوری ژوورەکە بەو گورگە برسی و هارانە جارێکیتریش بیر لەمەرگی کەسانی گورگ خواردووی پێشوو دەکاتەوە و زۆریش دەترسێ، هەربەو ترسەوە چاوی دەگێڕێت بەسەر دیوارە تاریکەکانی ژوورەکە بەڵآ هیوا جارێکیتریش دەگەڕێتەوە بۆ نێو دوکانەکەی مام حەمەد و دووبارە گوێ بۆ قسەکانی دەگرێت.

* * *

هێلی گشتیی بەردەوامە........

کات/ سەرەتای شەوە/ یەکەم ڕۆژی زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

لەنێو دوکانەکەی مام حەمەد قادر، لەگوندەکەی ماڵی یەعقوب

گەنجەکان بێدەنگ لەنێو دوکانەکە گوێیان بۆ مام حەمەد گرتووە خەریکە دەگەنە نیوەشەو جگەرە کێشانیان لەبیرچۆتەوە چای زۆریشیان خواردووە هەرهەموویان ئەبڵەقن بەدیار بەسەرهاتەکەی مام حەمەد و براکانی !

هەرچەند گورگەکە لەزمانی مام حەمەدەوە لەکاتی گێڕانەوەدا پەلاماری براکانیی دەدات....واقوڕمانی سەردەموچاوی یەعقوب لەنێو دوکانەکەدا دەگوازرێتەوە بۆ سەر دیواری تاکە ژوورەکەی نێو ڕەزەکە و لەگەڵ دەنگی هاتووچۆی قاچی گورگەکان تێکەڵاو دەبێت! مام حەمەد بەگریانەوە بەردەوامە لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی خۆی-:

-مام حەمەد قادر/ هەرچەند گورگەکە قەپی لەدەم وچاوی برا بچووکەم دەگرت گوێم لەخرچەخرچی ئێسقانەکانی دەبوو! خوێنیش فیچقەی دەکرد، دەم وچاوی گورگەکەش بەخوێن سوور بوبو.

یەعقوب لەو ژوورە تەنهایە دەترسێ! لەگەڵ هاتنی وشەی خرچەی سەرزمانی مام حەمەد بەبیریدا زیاتر دەترسێت! چەندجارێک دەموچاوی مام حەمەد لەکلۆزێکی پڕبەپڕی سکرینی زەینەکانی خۆی دێتەوە بەرچاو-:

گوێم لەخرچەخرچی ئێسقانەکانی دەبو!

گوێم لەخرچەخرچی ئێسقانەکانی دەبو!

گوێم لەخرچەخرچی ئێسقانەکانی دەبو!

یەعقوب لەگەڵ بیرکردنەوە لەم وشانەی مام حەمەددا زەینەکانی تێکەڵاوی سیرەی قاچی گورگەکان دەبێت کەبەچواردەوری ژوورەکەدا دەسوڕێنەوە و بەفرەکە گێرەدەکەن، دەموچاوی یەعقوب یەک بەسکرینی خوێندنەوەی ئێوەی خوێنەر هاتۆتە پێشەوە و لەگەڵ قسەکانی مام حەمەدی چاو بەفرمێسکدا واقی وڕماوە!

-مام حەمەد قادر/ کەللەی سەری لەوێ کەوتبو! گورگە برسیەکە شان و ملیشی خوارد! ئیتر خوێن و گۆشت تێکەڵاوی خۆڵەکە بو !
هیچ عەیب نییە یەعقوب لەو ژوورە تەنهایەدا رەنگی مردووی لێنیشتوە! بۆ لەبیرکردنی ترس و دڵەڕاوکێی خۆی کەمێک پشت راستدەکاتەوە زیاتر دەینوسێنێت بەدیوارەکە، بەهۆی ئازارە زۆرەکەی برینەکانی زیاتر خۆی دەخاتە نێو سوچەکە و قاچەکانی ڕادەکێشێت و بێدەنگیەکی سەرسام دەکەوێتە سەر دەم وچاوی .
هەربەو حەپەساویەوە جارێکیتر زەینەکانی دەخزێنێتەوە نێو دوکانەکەی مامەپیرەی بێکەس و بێ ژن و مناڵ، ئەوەتا لەنێو دوکانەکەدا لەگەڵ هاوڕێکانی دەمیان داچەقاندوە وهەستیان بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی مامەی دوکاندار شل کردوە، ئێستا هەموویان پەلەیانە بزانن چارەنوسی مام حەمەد بەچی دەگات؟! دەزانن مام حەمەد تەنهایەو هیچ خوشک و برای نییە بەڵام نازانن چۆن و چۆن؟! یەعقوب-یش لەوێ لەنێو گەنجەکان کەمێک زەینی لای قسەکانی مام حەمەدە و تۆزێکیش بیر لەمریەم دەکاتەوە، چاوەڕوانی تەواو بونی قسەکانی مامەی دوکاندار دەکات، چاوەڕوانی نزیکبونەوەی نیوەشەو دەکات تابگات بەو مراویە خرکەڵە عەییارو مەکربازە چاوڕەشە.
-مام حەمەد قادر/ دوای خواردنی برا بچوکەکەم!....گورگەکە پەلاماری برا گەورەکەمی دا!....(دەستیکرد بەگریان) سەرو ملی ئەویشی داکرماند....زۆر لەمن نزیکبو....بینیم چۆن سەری لێکردەوە!....تاسەرسنگی بۆی چوە خواری و دووبارە سەروملی خۆشی لەخوێن هەڵکێشا .

* * *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێلێکی باریکتر،
دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........
کات/ رۆژ/ هاوینی ساڵی ١٩٦٣ ناوچەی گەرمیان
دوای خواردنی هەردوو براکەی مام حەمەد گورگە برسیەکە تێربو خەمی خواردنی نەما هەرچەند سەیری مام حەمەد دەکات و بۆی دێتە پێشەوە ئەو پیاوە خەریکە گیانی دەردەچێت! چاوەکانی دەنوقێنێ و دەیکاتەوە! لەدڵی خۆیدا هاوار بۆ خوا دەکات زۆر بەقورس و خەستی دەگریت! کاتیش نیوەڕۆیە ئەوشوێنەش زۆر گەرمە، گورگەکە وردەوردە بۆی دێتە پێشەوە! ئەو گورگە دوای تێرخواردن خەمی گەرمایەتی بۆیە لەتاو تینی هەتاوەکە و لەبەردەمی مام حەمەد چاڵێک هەڵدەکۆڵێ تادەگاتە نێو خۆڵە شێدارەکە بەم چەشنە سێبەرێکی فێنک دروستدەکات دواتر لێی پاڵدەکەوێت و ترسێکی زۆریشی دەخاتە دڵی مام حەمەد .
ئەم پیاوە لەبەرچاوی خۆی دوو برای گورگ خواردی خۆشی دەستی گیراوەو هیچی پێناکرێ لەترسی گورگەکەش زیرەی مەرگی کردووە! هەرچەند توکی سەرپشتی گورگەکە دەچێت بەدەموچاویدا خەریکە گیانی دەردەچێت! هەربەوترس و دڵەڕاوکێیە سەیری ئەو گیانلەبەرە دڕەندەیەی دەکات! گورگەکەش زمانی بستێ دەرهێناوە و خۆی نوقمی خۆڵە فێنکەکەی بەرسنگی مام حەمەد کردوە، مامەش نازانێت چیبکات؟! ماوەیەک بەمشێوەیە دەمێننەوە! زۆریش لەوە دەترسێت تاوێکیتر گورگەکە سەرلەنوێ برسی بێتەوەو سەروملی ئەویش قووتبدات .
گورگەکە پشتی کردۆتە ئەو پیاوەو بەهیچ شێوەیەک لێیناترسێت زمانیشی دەرهێناوە لیک بەملاولای دەمیدا دێتە خوارێ سەیری بەردەمی دوورونزیکی خۆی دەکات .

* * *

من وەک نووسەرێک ناتوانم بچمە ناخی ئەو گورگە کەبەدەم سەیرکردن و پشتکردنە مام حەمەد بیر لەچی دەکاتەوەو چی لەدڵدایە؟! رەنگە بیر لەبرسیەتی دوای ئێستای بکاتەوە! وەک ئەوە وایە ئێستا تێری خواردبێت و برای سێیەمی هەڵگرتبآ بۆ کاتێکیتر! بەڵام لەوەزیاتر ناتوانم هەستەکانی ئەو ئاژەڵە دەربخەم و وەک پسپۆرێکی دەروونناسی ئاژەڵان لێی تێناگەم .

* * *

ئەو پیاوە داماوە مایەی بەزەیی پیاهاتنەوەیە....جارجارە چەناگەی دەکەوێتە سەرپشتی ئەو گیانلەبەرە دڕندەیە! نازانێت چی بکات! ناتوانێت هیچ بڵێ! لەدڵی خۆیدا زۆر هاوار بۆ خودەکات کەیارمەتی بدات....زۆر دوعا دەکات دوای مردنی ئەو دووبرایە خۆی بمێنێتەوە .

وردەوردە کات بەکێشی دەکات بۆ دوای نێوەڕۆ واتا ساتەکانی دووبارە برسی بوونەوەی ئەو گورگە نزیک دەبێتەوە! هەربۆیە برای سێیەمی داماو بەپشتیوانی خودا بیر لەوە دەکاتەوە هەوڵبدات دەستەکانی دەربهێنێت! هەرچەندە دوای هەڵکۆڵین لەلایەن گورگەکەوە هێشتا تاکو ئانیشکی لەناو خۆڵەکە نوقم بوە بەهەرحاڵ وردەوردە شانی بۆ شلکردو لەسەرەخۆ سانتیم دوای سانتیم زۆر بەهێمنانە دەستەکانی لەخۆڵ هەڵکێشا بەبێ ئەوەی گورگەکە هەستبکات بەهۆی تێربون و پڕبون و مڕبونی لەگۆشتخواردن.

* * *

گەر بمانتوانیایە بەکامێرایەک وێنە گوزارشتیە ترسناکەکەی سەر دەموچاوی مام حەمەد لەکاتی دەست راکێشان لەنێو خۆڵەکەدا وێنەبگرین!...بێگومان دەچوە نێو وێنە سەرسوڕهێنەرەکانی جیهان! چونکە هیچ کاراکتەرێک ناتوانی ئەوترس و دڵەڕاوکێیە بەرجەستەبکات و بیگەیەنێتە زەینی بینەرانی سینەما! ئەم بەسەرهاتە تەنها بەگێڕانەوە سانایە بەڵام بەکردار جگە لەمام حەمەد هیچ مرۆڤێک بەرگەی ترسێکی مەرگئامێزی ئاوا ناگرێت، هیچ کەسێک بەرگەی ترسی کارەساتێکی ئاوا ناگرێت کە بکوژی دڕندە لەبەر لوتی دابنیشآ و چاوەڕوانیشی بکات بۆئەوەی کەمێکیتر بیخوات.

* * *

بەدڵنیاییەوە دەڵێم گەر مام حەمەد لەکاتی ئازادکردنی دەستەکانیدا بۆ یەک چرکە دوابکەوتایە! ئەو ئاژەڵە دڕندەیەش فریای یەک ئاوڕدانەوە بکەوتایە! ئەوێ بەیەک قەپگرتن لەقورگی مامەی دەستگیراو هەموو شتێکی لەژیانی دەسڕیەوە و رووداوەکانی کارەکتەرێکی دوکاندار لەنێو گوندەکەی ماڵی یەعقوب لەم دەقە ئەدەبییەی من دروست نەدەبو، لەوێنەیە بەسەربردنی کاتە زیادەکانی یەعقوب-یش تارۆیشتنی بەرەو ژوان بۆلای مریەم لەشوێنێکیتر بوایەو بەشێوازێکیتر کاتی ئەو دیمەنەم وێنا بکردایە، لەم حاڵەتەدا کەسێتی مام حەمەد لەنێو دوکانەکەی خۆیدا بەرجەستە نەدەبو، نەک لەسەر هێلی گشتیی روداوەکانی ئەم تێکستە خاوەنی جوڵەی کارا نەدەبو بەڵکو بەسەر رووداوی لقەجوڵەکانیشدا نەدەرۆیشت چونکە دەکەوتە دەرەوەی سنوری پەیوەندیە بابەتیەکان، رەنگبو خێزانێکیتر رۆڵی دوکانداری ئەم گوندەیان ببینیایە یان ئەم دەقە ئەدەبیە پێویستی بەکەسێتی دوکاندار نەبوایە و لەجیاتی ئەو کاراکتەرێکیتر رۆڵی کەسێتییە مام ناوەندیەکەی ئەم پیاوە پیرەی بەرجەستە بکردایە بۆ تێربون و روونکردنەوەی وردە هێلەکانی رەهەندی ئەم کەسێتیەو بۆ کاراکردنی هێلی گشتیی واتا هێلکاری دیزاینی گێڕانەوەو داڕشتن شێوازێکیتری دەبو.

* * *

مام حەمەد دوو سێ چرکە هەناسەکانی راگرت! تاکو بەتەواوی دەستەکانی دەرهێنا و پەلاماری ملی ئەو گورگە دڕندەیەی دا!! دا!! دا!! دا!!...هەرئەوەندە قوڕگی گرت!!!! ئیتر لورەو مرەمڕی ئەو گیاندارە بەرز بۆوە! دەنگێکی زۆر ترسناکە! ئەو پیاوە هەژارەش لەترسا ناوێرێت بەریبدات! هێنان و بردن و بەرزو نزمبونەوەی هەردووکیان بەردەوامە! سات لەدوای سات خۆڵەکەی چواردەوری لەشی مام حەمەد شلتر دەبێتەوەو زیاتر هەست بەئازادکردنی لەشی خۆی دەکات...گورگە گیراوەکە لەتاو قوڕگ گرتن و هەناسەبڕکێی ئەوەندە هەڵکوتوداکوت دەکات...بەتەواوی مام حەمەد لەخۆڵەکە دەردەهێنێت و چەند جارێک بەنزیک چاڵە خوێناویەکاندا بەدوای خۆیدا رایدەکێشێت .

* * *

داوی ماوەیەک...زۆر بەهێمنی...گورگە مرداربوەکە لەوێ جێدەهێڵێت و بەگریان و باوکەڕۆوە وردەوردە دێتە نزیک تەرمی براکانی، تەرمی چی؟! دوو چاڵی پڕ لەخوێن و گۆشت، دوو سەری نیوەخوراویش لەولاوە کەوتوە، سەیری چاڵەکە بکەین قوڕاوێکی سوورەو کەمێکیش پارچە گۆشتی تیایە، ئەو برا نەگبەتە داماوە لەسەر ماندوویێتی خۆی دەستەو ئەژنۆ بەدیار ئەو دوو چاڵە خوێناویەو ئەو دوو سەرە لەتبوە دادەنیشێت و قوڕدەپێوآ، هەندێجاریش هەڵدەستێتەوە بەگریانەوە هەڵدەپەڕێ و ئەمسەرو ئەوسەر دەکات.

-مام حەمەد قادر/ هەیرۆ...هەیرۆ...بۆ خۆم رۆ، بآبرا خۆم، بێکەس خۆم.

* * *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ سەرەتای شەوە/ یەکەم ڕۆژی زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

لەنێو دوکانەکەی مام حەمەد قادر، لەگوندەکەی ماڵی یەعقوب

گەنجەکان بێورتە گوێیان بۆ مامەپیرە گرتوە دەرگای دوکانەکەش کراوەتەوە کەمێک هەوای سارد هاتۆتە ژووریٚ، یەعقوب-یش وەکو ئەوێنیتر حەپەساوە و باوەشی کردوە بەهەردوو لاشانی خۆی و سەرمای دوکانەکە دەرەوێنێتەوە دواتر یەکێک لەگەنجەکان هەڵدەستێ و دەرگاکە دادەخات، یەعقوب سەیری ڕۆیشتن و گەڕانەوەی ئەو گەنجەی دەکات تالەشوێنی خۆی دادەنیشێتەوە، خۆشی بەهەمان گرژی نێو سەرمای دوکانەکەی مام حەمەد جارێکیتریش دەگەڕێتەوە نێو ئەو ژوورەی بەگورگ دەورەدراوە! ئەو ژوورەی تیایا چاوەڕێی مەرگ دەکات.

هێلی گشتیی بەردەوامە........

کات/ نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

خەیاڵی یەعقوب جارێکیتریش هەموو شتێکیان بەجێهێشت و

گەڕایەوە بۆ تاکە ژوورەکەی ڕەزەوانەکان

یەعقوب-ی بریندار بەمشەوە لەنێو ژوورە تەنهاکە بەهەمان شێوەی نێو دوکانەکەی مام حەمەد دانیشتوە....لەناو ئەو ڕەزە سارد و پڕ بەفرە باوەشی کردوە بەهەردوو لاشانی خۆی و بیر لەهەموو شتێک دەکاتەوە، ترسی گورگەکانی دەرەوەش خەریکە دڵی دەوەستێنن! ترسی تەنهایش ئەوەندەیتر بێهێزی کردوە! هەردوو براگورگ خواردوەکانی مام حەمەدی بیرکەوتۆتەوە، هەردوو براگورگ خواردوەکەی خۆی بیرکەوتۆتەوە سەرماکەش هەموو گیانی سڕکردوە برینەکانی وردەوردە ساردتر دەبێتەوە هەندێ لەبرینەکانی زۆر کاریگەرن و قوڵیان پێوە دیارە بەڵام بەهۆی سەرماکە سڕبون و خوێنیان وەستاوەتەوە.

یەعقوب لەوە دەترسێ بەدەردی براکانی مام حەمەد قادر بچێت! لەوە دەترسێ بەدەردی ئەیوب و کامەرانی برای بچێت! لەوە دەترسێت جارێکیتر مریەم نەبینێتەوە! لەوە دەترسێت دوای خۆی دایک و باوکە پیرەکەی بەرگەی کارەساتی وانەگرن بمرن و بەیانی خوشکی بەتەنها بمێنێتەوە !

یەعقوب بەمشەوە بەبرینداری بیر لەزۆر شت دەکاتەوە، خۆشی سەری لەو هەموو بیرکردنەوەیە دەرناچێ، نازانێ چی بکات و نەکات؟! ئەی چۆن لەدەست ئەو گورگانە ڕزگاری بێت؟! چۆن خۆی بگەیەنێتە گوندەکەی ماڵی مریەم؟! ماڵی دولبەرە چاورەشەکەی؟! ئەی چۆن خەمەکانی ئەو کچە نازدارە بڕەوێنێتەوە و خۆی پێبگەیەنێت تادڵی پڕبکات لەخەندەو پێکەنین، نزیکەی ساڵێکە مریەم-یش چاوەڕێی ئەمشەو دەکات، لەپاییزی ئەمساڵدا لەلای بەیان قسەی بۆ یەعقوب بەجێهێشتبو کە هەر ئەمساڵ لەیەکەم شەوی زستاندا واتا لەشەوی ٢١لەسەر ٢٢ی مانگی ١٢/١٩٩٤دا سەرلەنوێ وەکو زستانەژوانەکەیتر لەبەردەمی دوکانەکەی باوکی یەکتر ببینن.

* * *

هێلی گشتیی بەردەوامە........

کات/ دوای نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

لەگوندەکەی ماڵی مریەم

بەمشەوە ساردە کات پێش بەرەبەیانە....مریەم لەنێو دەرگای ژوورەکەی خۆی وەستاوە دەستەکانی لەیەکتر ئاڵاندوە، ترێ باوەشی پیاکردوە جارجارەش سەر هەڵدەبڕآ بۆ ژوورەکانیتر نەوەکو دایک و باوکیان وەئاگابن، پەستی مریەمی داگیرکردوە و حەپەساوی نەگەیشتنی یەعقوب-یش بەسەر دەموچاویدا دەچۆڕێتەوە چەند دەنکە فرمێسکێکیش لەسەر ڕومەتەکانی قەتیسماون لەبەر سەرمای شەوەکە ناتوانن ڕومەتە نیمچە گەرمەکەی ئەو دولبەرە دڵ ناسکە جێبهێڵن، قاچەکانیشی سڕبون و چاوەڕوانی لەقسەکردنی بڕیوەتەوەو هەستەکانی ناجێگیر و بەتەڵخی کەلوپەلی حەوشەکە دەبینێت، حەوشەکەیان یەک پارچە بەفرە .

ترێ بەقاچەکانی بەفری بەردەمی ژوورەکە لادەدات بەردەوامیش دادەپۆشێتە مریەم، لەودیو دیوارە نزمەکەیان کۆڵانیش پڕبوە لەبەفر دوکانەکەشیان لەپێشەوەی ماڵەکەیانە دەرگای دواوەی کەوتۆتە ناو حەوشەکەیان و بەرامبەر دەرگای ژوورە گڵەکەی خۆیان، خوشکە مراوی لەبەردەمی ژوورەکەی خۆی وەستاوە بەهۆی سەرما و هەوا ساردەکە سڕبوە و هەست

بەلەشی خۆی ناکات، ئەگەر تریّ و لایەکی دەرگاکە نەبێت دەکەوێت و ناتوانێت بەپێوە بوەستآ چونکە بەهۆی دواکەوتنی دڵدارەکەی و زۆری چاوەڕوانی هێزی تیا نەماوە.

* * *

هێلی گشتیی بەردەوامە........

کات/ دوای نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

یەعقوب لە ژوورە ساردو نیمچە تاریکەکەی نێو رەز

چاوەڕێی چارەنووسە نادیارەکەی دەکات

بەفربارین وەستاوە....دوای کەمێکیتر نۆرەی با ساردەکەیە کەمێشک و دڵی مرۆڤ دەکات بەسەهۆڵ، یەعقوب لەژوورە تەنهاکە لەئەندێشەیەکی قووڵ نوقم بووە رۆیشتوە بۆ دیکەی ماڵی مریەم و بەچواردەوری دآ دەسوڕێتەوە حەزدەکات کۆڵانەکان ببڕآ و زوو بگاتە دوکانەکەی مام خدر، زوو بگات بەمریەم، زوو تامی ماچەکانی بکات لەناکاو دەنگ و دەستی گورگێکیتر لەکونە گەورەکەوە وابەرزیدەکاتەوەو دەیخاتەوە سەر ئەرزەکە ئازار بەسمتی دەگات و دووبارە برینەکانی دەکولێنەوەو سەرلەنوێ دەیخاتەوە نێو ژوورەکە وارایدەچڵەکێنێت مەرگی نیشاندەدات! وادەیترسێنێت یەک دوو چرکە بێهۆش دەبێت! یەعقوب زۆر توڕەدەبێت وێڕای برینداربییەکەی هێز دەداتە بەرخۆی و بەبێ دواکەوتن پشدێنەکە لەدەستە بریندارەکەی دەئاڵێنێ و هەڵدەستێتە سەرپێ لەشوێنی شوشە عەترە شکاوەکە دەوەستێت دووبارە توندتوند چنگی ئەم گورگەش دەگرێت! گورگەکانیتریش دەستدەکەن بەلورەلور و مرەمڕ، زۆر بەتووڕەییەوە هەرچی دەماری دەستی گورگەکە هەیە بەخەنجەر دەیبڕێت! چەند چرکەیەک بەردەوام دەبێت لە هەڵدرین و چەند چرکەیەکیش لەبنمیچەکەوە خوێن فیچقە دەکات بۆ ژوورەوە، بەهۆی کەمیی دەنگی گورگەکان یەعقوب بۆی دەرکەوت ژمارەیان کەم بۆتەوە ئەویش بەهۆی یەکترخواردنیان لەدوای کوشتنی گورگی یەکەم و بڵاو بونەوەی خوێن لەوناوەدا .

لەکاتی هەڵدڕیندا خرچەی خەنجەرەکە لەسەر ئیسقانی دەستی گورگەکە یاری دەکات! بەردەوامە لەهەڵدڕینی دەستی گورگەکە دواتر هەستدەکات ئەو درندەیە هێزی دەستی نەماوەو هەر بەوخوێنەوە بەشلی بۆ نێو ژوورەکە شۆڕبۆتەوە جوڵەشی تیانەما! هەستدەکات گورگەکە هێز و گوڕوتینی بەرەنگاری نییە بۆیە بەئەسپایی دەستی بەردەدات .

یەعقوب لەو سەرسامیەدا زۆر بێهێزدەبێت دێتە دواوە دیقەت لەدەستی گورگەکە دەدات بەوخوێنەوە لەبنمیچەکە هاتۆتە ژووریّ ئەوەندەیتر بێتاقەت دەبێت چونکە ئەو حەزی دەکرد بەهیچ شێوەیەک گورگەکان نەبینآو هەرچی زووترە لەبەرچاوی ونبن....کەمێک دەوەستێت و هەست بەبۆنی شوشە عەترەکە دەکات، ئەویش بەهۆی دووبارە جووڵاندنی قوڕە بۆنگرتوەکەی شوێنی شوشە عەترەکەیە دواتر سەیری ژێر قاچی خۆی دەکات و دادەپۆشێتە شوشە شکاوەکە و چەند ساتێکیش سەر هەڵدەبڕآ بۆ بنمیچەکە و دەستە هەڵدڕاوەکەی گورگەکە خوێنی لێدێتە خواریّ! کەمێکیش دەکەوێتە جووڵە! وەکو یەکێک لەسەرەوە ئەو دەستە بێگیانە بجووڵێنآ وایە !

ئەوەندەی نەبرد گورگە هارو برسیەکە بەدەستەکەیتری خەریکی هەڵکۆڵینی سەربانەکە دەبێت، لەنزیک دەستە بێهێزەکەی کونێکی بچووکی لەوەپێشتر گەورە دەکات دەستەکەیتری دێنێتە ژووریّ! بەونیازەی کونێکیتر دروستبکات و بێتە ژوورەوە و لاوەی عاشق بخوات! چونکە گورگ بۆ پەلاماردان و فێڵی پەلاماردان زیرەکە و ئەقڵ بەکاردەهێنێت! یەعقوب دووبارە پەلاماری دەست و چنگە تیژەکەیتر دەدات و دووبارەش دەستدەکات بەهەڵدڕین! هەرزوو ئەویش بێهێز دەکات و جووڵەی تیا ناهێڵێت .

کاتێ لەژوورەوە دەستی ئەوگورگەی گرتبو لەپەنجەرە بچووکەکانەوە دەبینی چەند دانەیەکیان لەخوارەوە خۆیان هەڵدەدەنە سەربانەکەو پەلاماری دەدەن! یەعقوب کەدرکی بەجوڵاندنی لاشەی گورگەکە کرد بەئەسپایی دەستی بەردەداو وردورد دەچێتە دواوە لەبنمیچەکەوە گورگەکە هەردوو دەستی شۆڕ بۆتەوەو خوێنیان لێدەچۆڕیّ دواتر وەک یەکێک لەسەرەوە رایبکێشآ ئاوا هەردوو دەستی هەڵدەکێشرێت بۆ سەرەوە ئەوەندەی پێناچێت ئەمجارەش ئەم گورگە دەکەوێتە خواریّ ئەویش دووبارە گوێ بۆ تەپەی کەوتنەکەی دەگریّ و ئەمەشیان وەکو ئەوەی پێشوو دەبێتە خۆراکی هاوڕیّ گورگەکانی .

یەعقوب لەپەنجەرەکەوە سەیردەکات چەند دانەیەکیان بەربونەتە خواردنی و چەند دانەیەکیش پەلاماری یەکتر دەدەن، ئەویش لەژوورەوە دیسان هەندێکیتر کەل و پەلی ژوورەکە دەخاتە پاڵ دەرگاکە نەوەکو لەهەڵمەتێکی گورگە

هارو برسیەکان بکرێتەوە و بۆی بێنە ژوورەوە! دوای ئەوە دووبارە خۆی دەخزێنێتە سووچەکە و لەهەردوو کونە گەورەکەی بنمیچەکەوە هەستەکانی دەخاتە دەرەوە بۆ زانینی دوا هەواڵی گورگەکان و خواردنی یەکتریان.

* * *

ئەو دەنگ و مرەمرە ناخۆش و ترسناکەی بەو شەوە سارده بەهۆی یەکتر خواردنیان لەگورگەکانەوە دەبیسترێ بەتەنها دڵی ئەو کوڕە عاشقە بەرگەی دەگرێ! بەتەنها جورەئەتی ئەو لاوە برینداره بەرگەی دەگرێ! تەنها کە بەتەنها خەنجەرێک بۆڕی ئەو ئاژەڵە دڕندانە دەداتەوە و ناهێڵێت پێیبگەن! ئەو گەنجە لادێییە هەموو هەوڵێک دەدات لەپێناوی مانەوە چونکە بەتەنها موڵکی خۆی نییە بەڵکو بەشی زۆری هی مریەم-ە و دەیەوێ ئەو ئەمانەتەی نێو دڵی مریەم بپارێزێت .

* * *

هێلی گشتیی بەردەوامە........

کات/ دوای نیوەشەو/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤

لەگوندەکەی ماڵی مریەم

مریەم و ترێ لەبەردەمی دەرگای ژوورەکەیان نەماون و چوونەتە ژوورێ لەسەر جێگاکەیان دەستیان کردۆتە ملی یەکتر و هەناسەکانیان تێکەڵاوی یەکتر کردووە چاوەکانیان لەدووری بستێ بڕیوەتە یەکتر و بەبیری یەکتردا چونەتە خوارێ، خۆ ئەگەر ترێ نەبوایە مریەم هەر زوو دەڕوخوا و بەرگەی ئەو هەموو ئازاری چاوەڕوانییەی نەدەگرت هەرچەندە ترێ منداڵە بەڵام جۆرێک لەعەبیاری مریەم-ی تیایە و جارجار دەستدەهێنێ بەسەرو قژی مریەمدا تازیاتر نوقمی ئەندێشەی خۆشەویستی یەعقوب نەبێ و بەڵکو بچێتە نێو خەو و تابەیانی لەئازار چەشتن دوورکەوێتەوە، کە رۆژیش بۆوە هەرچۆناً بێت هەواڵ و هۆی نەگەیشتنەکەی دەبیستن.

-ترێ/ مریەم گیان بەقوربانی دڵت بم، دەتوخوا بخەوە، بەرگەی ئەم هەموو ئازارە ناگریت.

-مریەم/ (بەردەوام لەباوەشی ترێ دایەو بێدەنگە، جارجار بەملاولای شانی ترێدا دەکەوێت).

مریەم-ی دڵ ناسک بەهۆی دواکەوتنی دڵدارەکەی ئەوەندەیتر دڵی ناسک بۆتەوەو بەیەکجاری لەقسە چۆتەوە، بەچاو دادەپۆشێتە ترێ دواتر لەسەر لای چەپ پاڵدەکەوێت بەڵام ترێی ژیکەڵە دەستی ڕاستی خستۆتە ژێر سەری خوشکە گەورەکەی و بەدەستی چەپی دەستە راستەکەی مریەمی گرتووەو ئاڵاندوویەتی لەملی خۆی و توندتوند بۆی دەگوشاً.

-ترێ/ مریەم گیان بەسە ئیتر....بۆ وا لەخۆت دەکەی؟!

-مریەم/ چی؟ (لەژێر لێوەوە زۆر بەبێ هێزی)

ترێ تێدەگات کەمریەم هۆشی لای خۆی نەماوە و چۆتە نێو قووڵایی دەریای چاوەڕوانی زۆریش سەرسامە بۆ وێڵبونی خوشکە گەورەکەی! لەبەر خۆیەوە ورتەورت دەکات، لەوە دەترسێت مریەم شتێکی لێبێت! شتێکی ناخۆشی بەسەربێت! کاتیش زۆر درەنگە نایەوبێت دایک و باوکی لەخەو هەڵسێناً و ئاگاداریان بکات بەڵکو دەیەوێت هەرچۆناً بێت تابەیانی خەوی لێبکەوێت .

ترێ زۆر بەئاسایی دادەپۆشێتە ئەو چاوەڕوانی و نەهاتن و نەگەیشتنەی یەعقوب چونکە زۆر ئاساییە مرۆڤ لەهەرکارێکیدا دوابکەوێت بەڵام خەمی خوشکە گەورەکەیەتی و زۆریش دەترسێت کە خوشکەکەی بەمشێوەیە سەرسام بوە! بۆیە بەردەوام هەوڵدەدات خوشکەکەی بخەوێناً تاپشویەکی چاک وەربگرێت و خۆشی لەو ترس و دڵەڕاوکێیە رزگاری بێت.

* * *

بەم ترسە و بەمشێوەیە لەژوورەکەی مریەم-دا....

بەم ترسە و بەمشێوەیە لەژوورەکەی یەعقوب-دا ....

وردەوردە کات بۆ بەرەبەیان دەڕوات ....

مریەم ئەمشەو لەدڵەڕاوکێی نەگەیشتنی یەعقوب-دایە، لەخواردنی مەراق و خەفەتی دووری دڵدارەکەی دایە بەدەم دیقکردنەوە لەنێو دەریای خەیاڵدایەو نەرمە مەلەی مەرگ دەکات .

تریّی خوشکه بچوکیشی خەوی لیّتۆراوه پاسەوانی خوشکه گەورەکەی دەکات لەباوەشگرتنی ئەو خوشکەی پیّسپیّردراوه، هەردووکیان بەیەکەوه بەمشەوه درەنگه بەحەپەساوی لەو ژووره نیمچه تاریکه و لەسەر جیّگاکەی خۆیان دانیشتون بەڵام هەریەک بەجۆریّک خەریکی ئیّشک گرتنه .

یەعقوب-یش ئەمشەو لەنیّو رەزه ساردو پڕ بەفرەکه لەترسی گورگەکانی چواردەوری خەوی لیّناکەویّ و لەنیّو ئەم ژووره ساردەدا پاسەوانی گیانی خۆی پیّ سپیّردراوه.

هەرله (شیعره تابلۆ)ی ئەم ژوارنه گورگەدا -:

مەرگبازی نیّوان حەسرەتی چاوەڕوانی دولبەریّک و قەتیسماوی نیّو ئاواتی گەیشتنی دڵداریّک لەم جووته تابلۆیەدا دەردەکەویّ که -:

جووته تابلۆی هیّمن و کەس نەدیو، تەواوکەری یەکتر و رەنگ پەڕیو، دوو تابلۆی کچه عەییار و لاویّکی بریندار، دوو تابلۆی سڕبوی لەشی دوو دڵدار، دوو تابلۆی ئەمدیو ئەودیوی شاخیّکی کوردستان، بەموراد نەگەیشتنیان تیا هەڵکەندراوه.

لەم شیعره تابلۆیەدا
کەدووەم شیعره تابلۆی ژوانه گورگه
گونده خنجیلەی سپی داپۆشراو، هەر لەبیّدەنگی و بەفر هەڵکیّشراو.
چەند خانویّکی جوان ئاوەدانکراو، ئاسمانیّکی رەش بەسەرپۆشکراو.
تاکه دولبەریّک لەخەم داچۆڕاو، ئیّشک گری ژوان رەنگ زەرد هەڵگەڕاو.
دەرەوژوور دەکات خەو لەچاوتۆراو، ناگات بەمـوراد هەرخۆی رەنج خوراو.
لەم شیعره تابلۆیەشدا
کەسیّیەم شیعره تابلۆی ژوانه گورگه
ئەرزیّکی سپی بەشەو بەفرانبار، پەڵه تیّکەوتووی خویّنی گورگی هار.
ڕەزو کانیاو و چەندین بنەدار، پڕبەپڕی خۆی ئاسمانیّکی تار.
لەناوەڕاستدا ژووریّکه لەویّ، عاشقی زامار تیایا ناخەویّ.
دەوره دراوه بەگورگه شەوآ، زۆر هارودڕن قڕیان تیّکەوآ.

* * *

هیّلی گشتیی بەردەوامه........
کات/ پیّش بەرەبەیان/ زستان ٢١/١٢/١٩٩٤
یەعقوب له ژووره ساردو نیمچه تاریکەکەی نیّو رەز دەکەویّته سەر سکرینی بینین

کات پیّش بەرەبەیانه ئەوەندەی نەماوه سپیّده پاڵ بەشەو بنآ و بەروخساریّکی سپی زیوی بیّته دەرەوه، شەوگار خەریکه هەگبەی تاریکی خۆی لەکۆڵ دەنآ و ئەوناوه جیّەهیّڵیّت، نیّو ڕەزەکه زۆر سارده کزه بایەکی کەللەتەزیّن لەسەر بەفرەکه یاریدەکات و گیزەی دیّت، تویّژاڵی سەرەوەی بەفرەکه بەستویەتی دارو درەختەکانیش لەتاو سەرما رەقیان بردۆتەوه و بەبیّ دەنگ لەیەکتر دەڕوانن، زۆربەی درەختەکان بەردارن و لەم زستانەدا سەوزاییان پیّوه نەماوه بەڵام سەرتاپا لقەکانیان یەک بەدریّژایی خۆیان بەفر داپیۆشیون، هەندیّ درەختی بەرز و هەمیشه سەوزی بیّبەر لەگەڵ بەفرەکەدا بەدوو رەنگی سپی و سەوزیّکی تاریک لەنیّو فەزا نیمەچ تاریکەکه تیّکەڵاوی یەکتر بون، ئەو تاکه ژوورەش لەویّ لەبەرف هەڵکیّشراوه و تەنها هەناسەکانی یەعقوب تیایدا هاتووچۆ دەکات....ئەم عاشقه بریندارە لەدویّنی شەو تائیّستا هەر بیّداره لەدەرەوەش تەنها ناڵەی گورگه برینداره‌کان دیّت، یەعقوب لەژوورەوه بەپیّوه وەستاوه و لەپەنجەرەکانەوه دادەپۆشیّته دەرەوه و گەلەگورگیّک دەبینآ وال و پاڵ کەوتون و بەفری ئەوناوەیان بەخویّن سوور کردوه .

* * *

خویّنەری بەڕیّز....

لەدەرەوە....

ئەگەر لەسەروی ژوورەکەوە سەیری خوارەوە بکەی دەبینیت...لەسەر بەفرە سپیەکەی چواردەوری ژوورەکە بازنەیەکی سووری خواروخێچی بۆ کێشراوە....چەندین پەڵە خوێنی جیاجیاش لەدووری ژوورەکە دەبینرێت کەبەهۆی راکەڕاکی گورگەکان و پەلاماردانی یەکتریان بڵاو بۆتەوە دواتر دابەزە بۆ خوارەوە لەدەرەوە سەیری پەنجەرە بچووکەکەی تەنیشت دەرگاکە بکە دەم وچاوی عاشقە بریندارەکەی ژوورەوە دەبینیت چۆن بەحەپەساوی سەیری دەرەوە دەکات و جوڵەی قاچی چەند گورگێکی لێوەدیارە وەک لەسەرەمەرگا بن وایە، بەڵام هیچیان بەپێوە نەماون لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕناکات هیچ گورگێکی زیندوی لێنەمابآ! چونکە ترس و دڵەڕاوکێی دوێنی شەو هەروا بەئاسانی نارەوێتەوە.

لەژوورەوە....

دوای تاوێک تێڕامانی بۆ ئەو گورگانە یەعقوب-ی عاشق دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ سوچی ژوورەکە و دادەنیشێت کەمێک بێدەنگی لەئامێزدەگرێ چاوەکانی دادەخات و کەمێکیش خۆی لەئازار دەشارێتەوە بەرەو ئارامی دەڕوات، زەینەکانیشی بەچواردەوری خۆیدا بڵاودەکاتەوە....ئەم گەنجە بەبێدەنگی دانیشتوە وردەوردە هەست بەبۆنی عەترە شکاوەکە دەکات هەرلەشوێنی خۆیەوە چاوەکانی دەکاتەوە و دادەپۆشێتە شوێنی شوشە شکاوەکە هەڵدەستێت بەرەو ئەوێ دەڕوات لەبەردەمی شوشە شکاوەکە بەچیچکانەوە دادەنیشێت عەترە رژاوەکەش کەمێک گڵەکەی کردووە بەقوڕ خەنجەرەکە بەدەستی چەپ دەگرێ و لەسەرەخۆ قوڕە بۆندارەکە هەڵدەگرێ دەیخاتە ناولەپی ڕاستی و دووبارە دەگەڕێتەوە سوچەکەی خۆی و دادەنیشآ دواتر شەرواڵەکەی هەڵدەکات سەیری برینەکانی دەکات قوڕەکە هەڵدەسوآ لەقاچی چەپی کەزۆر بریندارە! لەتاو ئازار سەربەرز دەکاتەوە و دادەپۆشێتە کونەکانی بنمیچەکە کەمێک هاوارو ئاخوئۆفی لێبەرزدەبێتەوە! گورگە بریندارەکانی دەرەوە لەگەڵ دەنگی یەعقوب دەستدەکەن بەلورەلور! ئەو گەنجە بریندارەش لەترسی ئەوەدەعبایانەی دەرەوە پشتی دەستی دەخاتە سەر دەمی و کەمێک بێدەنگ دەبێت....دوای تاوێک بیدەنگی، دوای تاوێک تێڕامان لەقاچە بریندارەکەی سەیری برینەکانی دەستی چەپیشی دەکات، دوای هەڵکێشانی چەند هەناسەیەک و چاو نوقاندن تۆزێک لەوقوڕەی کەلەناو لەپی ماوەتەوە دەیخاتە سەربرینەکانی دەستی چەپی کەبەهۆی چنگ و نینۆکەکانی هەردوو گورگەکەی سەربان بریندار بوە، برینەکانی دەستیشی زۆر دەکزێتەوە بەڵام دان بەخۆیدا دەگرێ و ناوێرآ دەنگ بەرزکاتەوە .

یەعقوب ئەم کارە بۆئەوە دەکات تاکو برینەکانی لەمیکرۆب بپارێزێ وەکو نەرێتی ئەو شوێنانەی لەشار دوورن و دەستی پزیشک نایانگاتآ برینەکانی لەشیان بەعەتر پاک دەکەنەوە یان خۆڵی پیادەکەن لەجیاتی پاککەرەوەی نێو نەخۆشخانەکان....دوای تاوێک دان بەخۆداگرتن چیتر لەتوانای نامێنآ بەهۆی ئازاری زۆرەوە دووبارە هاواری لێبەرزدەبێتەوە! گورگە بریندارە کەوتووەکانیش لەدەرەوە دیسان دەیکەن بەلورەلور! ئەو لاوە عاشقەش جارێکیتر دەچێتەوە ژێر باری بێدەنگی.

یەعقوب لەو سووچە بەبێدەنگ دانیشتوە سەیری برینەکانی قاچی چەپی و دەستی چەپی دەکات دوای ماوەیەک واقوڕمان لەبەردەمی خۆی بەخەنجەرەکەی دەستی ئەرزی ژوورەکە هەڵدەکۆڵآ تالەژێرەوە خۆڵی پاکی دەست بکەوێت و بیخاتە سەربرینەکانی بۆئەوەی ئازارەکانی کەمبکاتەوە و دەمی برینەکانیش داپۆشآ هۆش و زەینیشی لای گورگەکانە ئەگەر بچنە سەربانەکە یان بەنینۆکەکانیان خەریکی ڕنینەوەی سەربان و دەرگاکە بن .

کات بەرەو سپێدە دەڕوات....

یەعقوب-یش تابەرەبەیان خەریکی برینەکانی دەبێت ....

لەم ژوورە کپ و بێدەنگەدا، لەم ژوورە ساردو بەئاستەم رووناکەدا، لەم ژوورە ترسناک و مەرگ ئامێزەدا عاشقی بریندار بەدەم دەستکاری برینەکانییەوە جارجارە خەیاڵەکانی باڵدەگرێت بۆ لای مریەم....سەرهەڵدەبڕێ سەیری بەردەمی خۆی دەکات هەروەکو لەسکرینێکی سینەماییدا خۆی و مریەم ببینآ چۆن ئاوێزانی یەکتردەبن یان پاڵەوانی فیلمەکە خۆی و مریەم بێت و هەرخۆشی لەنێو ئەو ژوورە بەگورگ دەوروەدراوەدا بەتەنها دابنیشآ و سەیری وتووێژیان بکات، واقی وڕماوەو چاوەکانی زەق دەڕوانێە بەردەمی و لەدڵی خۆیدا قسەدەکات -:

-یەعقوب/ مریەم گیان بیرت دەکەم....دەترسم ئەمجارە نەگەمە لات....دەترسم بەحەسرەتەوە سەربنێمەوە! مریەم گیان ئازارم زۆرە.

* * *

ئەگەر ئێوەی خوێنەر لەکونێکی ئەو ژووره سەیری یەعقوب بکەن دەبینن دوای تەواوبونی ئەم حواره بەهەناسەیەکی قووڵەوە جارێکیتر سەردادەخاتەوە نێو کۆشی و لەنێو گۆمی ورێنەدا نوقم دەبێت تاماوەیەکی کورت بێدەنگ دەبێت، بەڵآ جووڵە دەبێت دەتوانیت چەند جارێک چاوی کامێرای زەینەکانی خۆت بەنێو بێدەنگی ژوورەکەدا بهێنیت وببەیت و دواتر کلۆزێکی راستەوخۆ بخەیتە سەردەموچاوی ئەو گەنجە عاشق و بریندار و کاڵفامە.

* * *

فرینی خەیاڵ....

یەعقوب سەری بۆ برینەکانی دانەواندۆتە خوارێ....وەک یەکێک بەزۆر سەری بەرز بکاتەوە وایە لەپڕ سەیری دارودیواری ژوورەکە دەکات! هەست بەتەنیاییەکی بێوێنە دەکات و وڕی پێوەدیارە، جارێکیتر ئەندێشەکانی پەلکێشی دەکەن بۆ ماڵی مریەم هەلوەسەی ترس و نزیکبونەوەی مەرگ دەرگای خەیاڵەکانە هەست و نەستیشی بۆ واڵادەکات، ئەم گەنجە سەرکێشە هەربەمشێوەیە بۆساتێکی کورت بێدەنگ دەبێت  و خەیاڵەکانی هەڵدەفڕآ بەناو بەفرو سەرمای رەزەکەدا دەڕوات بە بەرزایی شاخەکە هەڵدەگەڕآ دواتر دادەبەزێت بۆ نیو گوندەکەی بۆ نێو حەوشەکەی ماڵی ئەو کیژە چاورەشە، لەوێشەوە رووەو دەرگای ژوورەکەیان دەڕوات خۆی لەدەرەوە دەرگاکە دەکاتەوە سەیردەکات هێشتا ئەو دوو خوشکە نەخەوتون! ترێ لەناوجێگەکەوە دەستی کردۆتە ملی مریەم ئاوڕی بۆ دەداتەوە-:

-ترێ/ (بەپەرۆشەوە سەیری یەعقوب دەکات و سەرسوڕمانی درەنگ گەیشتنی پێوەدیارە.(!

-مریەم/ (چاوەکانی کردۆتەوە بەحەپەساویەوە سەیری یەعقوب دەکات و لەشوێنی خۆی ناجوڵێ).

-یەعقوب/ (لەناو دەرگاکە وەستاوەو بەحەپەساوی سەیریان دەکات) .

-مریەم/ (هەرلەنێو جێگاکەی بە بێهێزی) یەعقوب گیان زۆر چاوەڕێم کردی....منیش بیرت دەکەم....منیش ئازارم زۆرە.

گەڕانەوەی خەیاڵ....

کزانەوەی برینەکانی لەشی یەعقوب بەهۆی خۆڵ پیاکردن لەو جۆرە خەیاڵانەی دەردەهێنێ و دەیگەڕێنێتەوە لای گورگە بریندارەکان! دەیگەڕێنێتەوە بۆ نێو ژووری ترس و دڵە لەرزآ، بەدەستەکانی خەریکی برینەکانییەتی بەڵام لەبەرخۆیەوە چەند ورتەورتێک دەکات و زۆر لەسەرەخۆ دەنگی لێوەدێت-:

-یەعقوب/ دەزانم مریەم گیان........دەزانم تۆش ئازارت زۆرە.

یەعقوب بەمشێوەیە خەریکی برینەکانی خۆیەتی و خەیاڵەکانیشی جێگیرنین هەرلەخۆیانەوە بەرەو شوێنی دیار و نادیار باڵدەگرن و دەفڕن، هەرئاواش چەند ساتێکە سنوره رەش و تاریکەکەی شەوی بەجێهێشتوە، ئێستا لەکۆتایی تاڵە رەنگ خۆڵەمێشیەکەی سپێدە دایە و وردەوردە خەریکە دەچێتە نێو پانتاییە زیویەکەی ئەم بەیانییەی نێوڕەز، بەمشێوەیە لەژوورەوە بەردەوام دانیشتووە و چاوەڕوانی چارەنوسێکی نادیاری بەیانی دەکات.

* * *

هێلی گشتیی بەردەوامە........

کات/ سپێدە/ زستان ٢٢ /١٢/١٩٩٤

یەعقوب لە ژووره ساردو نیمچە تاریکەکە لەدووەم رۆژی زستاندایە

سپێدەی نێو ڕەزەکە وردەوردە رووناک دەبێتەوە وەکو فەرشێکی زیوی داخراو و تاکە ژوورێکیش لەناوەڕاستدا بەگورگە بریندار و مردووەکان دەوره دراوە، ئەلقاوئەلقی ژوورەکە بەخوێنی ئەو گیانداره دڕندانە سورە، کزەبا ساردەکەش بەنێو هەردوو پەنجەرەکە بەتەوژم خۆیان دەکەن بەژوورەکەدا و ئەوەندە ساردن لەش و هەستی عاشقی برینداریان سڕکردووە، کەمێکیش گڤەی باساردەکە لەکونەکانی بنمیچی ژوورەکە پەیدابون، ئەو کونانەی دوێنی شەو گورگە هاروبرسییەکان تێیانکردبو بۆ خواردنی لاوە عاشقەکە، هەرلەوێ چەند وژەوژو ڤیکەیەکی سەیر و شێوە موزیکێکی نارێکی لێدەبیسترێت و لەگەڵ خۆشیاندا کەمێک بەفری سەربانەکە دەهێننە ژوورێ، یەعقوب بەدانیشتنانەوە لەسەرما خۆی لولکردوە و لەسوچێکی ئەو ژوورەدا دەلەرزآ، خۆی کرژکردۆتەوە دەستەکانی ئاڵاندۆتە هەردوو قاچی و چەناگەشی

خستۆتە سەرئەژنۆی تاوتاوە چاو هەڵدەبڕێ بەنۆرە سەیری هەردوو پەنجەرەکەی لاتەنیشتی ژوورەکەو کونەکانی بنمیچەکە دەکات.

* * *

وردەوردە سەرپۆشە زیوینەکەی ئەم سپێدەیە شەفافتر و تەنکتردەبێت، رەنگە خۆڵە مێشیەکەی نێوان تارمایی درەختەکان دەڕەوێنەوە، گەر لەنێو ئەو رەزە بوەستیت و سەیربکەی لەخوارەوە بنەدارەکان لەسنوری ئەرزە بەبەفر داپۆشراوەکە جیادەکرێتەوە چڵە سەرپۆش بەفرینەکانی سەرەوەی درەختەکان بەتەواوی دیارن و کەوتوونەتە نێو بۆشایی ئاسمانە زیویە چڵکنەکە، ئاوهەواش کەمێک تورەیە چەند هەورێکی بۆر و بەڵەکی پێوەیە و دەموچاویان داوە بەیەکدا ئەگەری بارانێکی بەهێز یان بەفرب◌َکی بەهێز هەیە.

* * *

با بەمشێوەیە بچینە سەر تەپۆلکە شاخەکە کە کەوتۆتە نێوان گوندەکەی ماڵی مریەم و تاکە ژوورەکەی یەعقوب....لەوێ چاوەڕوان بین تاکو ئەم بەیانییە بەتەواوی رووناک دەبێتەوە....بەهەمان شێوە گورگە مردوو و بریندارو پەککەوتوەکانی دەوری ژوورەکەی یەعقوب جێبهێڵین بەڵکو ئەوەندەی پێنەچێت بریندارەکان رق ببنەوەو گیانیان دەرچێت بۆ ئەوەی کاکەی عاشق و بریندار ترسی هیچی نەمێنآ.

* * *

هێلی گشتیی بەردەوامە........

کات/ سپێدەیەکی روون/ دووەم رۆژی زستان ٢٢ ١٢/١٩٩٤/

سەر تەپۆلکە شاخەکە لەنێوان گوندەکەی ماڵی مریەم و تاکە ژوورەکەی یەعقوب

گەر لەو بەرزاییەی سەرتەپۆلکە شاخەکان سەیری گوندەکەی ماڵی مریەم بکەین دبینین بەیانییە و هەرچی خانوو هەیە بەبەفر داپۆشراوە، ئەگەر دابەزین بۆ خوارەوە دەبینین بێدەنگیەکی تەنکیش بۆتە سەرپۆشی کۆڵانەکان، بەفر حەوشە قورینەکەی ماڵی دولبەری داپۆشیوە و بەردەرگای ژووری نوستنەکەشیان بستێ بەفری لێبەرزبۆتەوە، لەژوورەوە ترێ لەباوەشی مریەم خۆی گرمۆڵە کردووە و چۆتە قووڵایی خەو کەمێک لەقژە رەشەکەشی بەسەر سەرینەکەیدا بڵاو بۆتەوە لەچکەکەشی بەسەریەوە نەماوەو لەگەڵ قژ و پێخەفەکەیدا ئاڵۆزکاون، مریەم چاوەکانی نوقاون بەڵام هەموو جەستەی بوە بەهەست و رەوانەی نێو حەوشەکەی کردوون لەوێ لەچاوەڕوانی یەعقوب-دا خەمی دووری دەنۆشن .

* * *

گەر ئاورێکیش بۆ خوارەوە بۆلای دەستەڕاست بدەینەوە دەبینین بەیانییەو ناوڕەز بەتەواوی رووناک بۆتەوە، ئەگەر دابەزین بۆ خوارەوە و بچینە ژوورەوە دەبینین یەعقوب ئارامی لێبڕاوە جارێکیتریش جامانەی سەر قاچە زۆر بریندارەکەی توند دەکات بۆئەوەی لەکاتی رۆیشتندا خوێنی لێنەیەت و لەسەرماش بیپارێزێت، بەدەم پێچانەوەی برینەکانی کەمێک هەست رادەگرێت بۆ دەرەوەی ژوورەکە دواتر هەرچۆنآ بێت بەمشێوە شەلیەوە هەڵدەستێتە سەرپێ بۆ ئەوەی سۆراخێکی گورگە بریندارەکانی دەرەوەی دەستبکەوێت کەئەمشەو بونە رێگر لە بینینی مریەم.

یەعقوب ئێستا بەپێوە وەستاوە و جامانەکەشی لەقاچی چەپی پێچاوە جلەکانی هەڵدەکێشێتەوەو خۆی توندوتۆڵ دەکات بەرەو پەنجەرە بچووکەکان دەڕوات هەست رادەگرێت گوێی لەدەنگی هیچ شتێک نابێت! بەنۆرە لەپەنجەرەکانەوە چاوەکانی دەخاتە ئەودیو ژوورەکە لەهەردوولا گورگی مردووی لەت وپەتکراوی لێیەو دەوروبەرەکەشیان بەخوێن سوور کردوە، چەند دانەیەکی لێیە لەت وپەت نەکرابون شێوەیان ساغە بەڵام جوڵەشیان تیا نەماوە چ بەهۆی رەقبونەوەیان لەبەرسەرماکە چ بەهۆی زۆر بریندارییانەوە گیانیان لێبڕاوە بەڵام قاچی یەک دوانێک دەبینێت بەئاستەم دەجوڵێتەوە کەنیشانەی گیان دەرچوونە! ئەویش دوای سەیرکردنیان و وەرگرتنی ئەو هەواڵە جارێکیتر دەگەڕێتەوە بۆ قووڵایی ژوورەکە بۆ زیاتر بیرکردنەوە و پلان دانان بۆ چونە دەرەوە.

* * *

یەعقوب دەیەوێ ژووری ناو ڕەز جێبهێڵێت

ئەو گەنجە بریندارە تاوێکە لەژوورەوە هاتوچۆی ئەم پەنجەرەو ئەوپەنجەرە دەکات جارجارەش جلەکانی رێکدەخاتەوە و شپرزەی چونە دەرەوەیەو ترس هەموو گیانی گرتۆتەوە! بڕیاری چونە دەرەوەی داوە بەڵام قاچەکانی لەترس چەقیون

و هەنگاوەکانی تەنها لەنێو ژوورەکە دابەشکردوە، سەیرێکیتری پەنجەرەکان دەکات بەهەمان شێوەی پێشو گورگەکان کەوتون و قاچی ئەو چەند دانەیەش هەر لەجووڵەدایە .

دوای خۆرێکخستن خەنجەرەکەی ئامادە دەکات و توند دەیگرێت وردەوردە کەل وپەلەکانی پشت دەرگاکە لادەدات، لەگەڵ لادانی هەرپارچەیەک لەکەل وپەلەکان جارێک سەیری ئەودیو پەنجەرەکان دەکات بۆ دڵنیابونی گیانی خۆی دواتر دەگەڕێتەوە بۆ پشتی دەرگاکە، تاماوەیەک سەرقاڵی هاتوچۆ دەبێت لەنێوان لابردنی شتومەکەکان و سەیرکردنی هەردوو پەنجەرەکە تابەتەواوی پشتی دەرگاکە چۆڵ دەبێت، بەدەستی راستی توند خەنجەرەکە دەگرێت بەئەسپایی بەدەستی چەپی دەرگاکە دەترێزنێت! هەواساردەکە هەندێ لەبەفری بەردەرگاکە دەکات بەدەم وچاو و باڵایدا یەکسەر گڤەی هەوا ساردەکەش بەسەر لەشیدا خۆیدەکات بەژووردا و ئەویش بۆ ساتێکی کەم لەنێو دەرگاکە هەڵوەستەیەک دەکات .

وردەوردە خەریکی هێنانە دەرەوەی سەرو مل و دەم وچاویەتی! گورگەکانیش هیچ دەنگ و سەنگێکیان نییە! کەبەتەواوی دێتە نێو دەرگاکە ئاوڕ دەداتەوە بۆلای راستی لەپەنا دیواری ژوورەکە چەندین گورگی بەڵەکی بریندار بەدیدەکات کەلەژوورەوە نەیبینیبون و کەوتبونە ژێر پەنجەرەکە هەر هەمووشیان لەخوێن گەوزاون! چاویان نووقاوە بەفری ئەوناوەشیان بەخوێن سوورکردوە .

دووبارە ترس ئەو گەنجە بریندارەی داگرتەوە بەڵام دوای تێڕوانینێکی چڕ وپڕ تێگەیشت کەهیچیان زیندونین ئینجا کەمێک ترسی ڕەویەوەو نەختێک هاتەوە سەرخۆی و تۆزێک ئارام بۆوە بڕێکی کەمیش هەناسەی ئاسوودەی هەڵکێشا بەڵام چ جۆرە خۆشیەک؟! لەدوێنآ شەو تائێستا مەرگی بەچاوی خۆی بینی و لەلێواری مردن گەڕاوەتەوە.

لەپڕ بەهۆی جووڵەی چەند چیلکەیەکی دەم با کەلەخانوەکە هاتونەتە خوارێ و بەئاستەم و لەسەرلا ئەم سێبەر و تارمایی جووڵەیە بەدیدەکات بۆیە لەگەڵ موزیکێکی زۆر ترسناکدا زۆر دەترسێت! ئاوڕ دەداتەوە بۆلای چاوی چەپی و ترسێکی زۆر دایدەگرێت و زۆریش رادەچڵەکێت خەنجەرەکە بەرزدەکاتەوە بەڵام لەو پوش و چەواڵانە زیاتر هیچیتر نابینێت دووبارە ئاوڕ دەداتەوە بۆ دەستە ڕاستی .

زۆر درێژە بەوەستان و سەیرکردن و چاوەڕوانی و بیرکردنەوە نادات بۆیە هەر بەپەلە هەر بەبرینداری هەر بەشەلەشەل رادەکات لەژوورەکە دووردەکەوێتەوە، لەبەر پەلەکردن بۆ رزگارکردنی خۆی تائەژنۆی دەکەوێتە نێو کانیاوی ڕەزەکە کەروکەشی ئاوەکە بەبەفر داپۆشراوە، زۆر بەخێرایی خۆی دەربازدەکات و چەندین هەنگاو دەچێتە قووڵایی ڕەزەکە بەڵام هەست بەسەرمایەکی زۆری قاچەکانی دەکات بەنێو درەختەکانیشدا لەراکردن رووەو بەرزاییەکەی دوێنی شەو بەردەوام دەبێت....بەهۆی ترس و دڵەراوکآ و سەرماکەی دوێنآ شەو ناوسکی بەتاڵ بۆتە وە تەڕبونی قاچەکانی ئەم بەیانییەشی هاتە سەر، زۆرزۆر برسیەتی بەڵام زۆر گرنگی پێنادات چونکە فەرمانێکی زۆر گرنگی لەئەستۆدایە ئەویش رزگارکردنی گیانی خۆیەتی کەموڵکی مریەم-ی چاورەشە .

بەردەوامە لەرۆیشتنی خێراو بەنێو دارە چڕو لەیەک نزیکەکاندا جارێک بەلای راست و ساتێکیش بەلای چەپ رادەکا و خۆی لەقووڵایی ڕەزەکە وندەکات، دەم وچاوی لەپێکەنین و خەندە هەڵکێشراوە چونکە خۆشی رزگار بون و بینینەوەی سەرلەنوێی مریەم هەموو لەشی خستۆتە پێکەنین، بەدەم راکردن لەناکاو لەپشتیەوە هەست بەخشپەی شتێک دەکات! هەربەدەم ئەم تیژ ڕۆیشتنەوە کەمێک بەچاو زەینەکانی ئاڕاستەی دواوە دەکات بەڵام زۆر گوێی پێنادات و بەردەوام دەبێت لەسەرکەوتن رووەو ئەو هەورازەی کە دەیبات بۆ سەر تەپۆلکەکانی دوێنی شەو .

عاشقی بریندار بەردەوامە لەراکردن....بەردەوامە لەخۆرزگارکردن....بەردەوامیشە لەشەلە شەلی قاچی چەپی، سات لەدوای ساتیش هەردوو قاچی بەهۆی تەڕبونی نێو کانیاوەکە زیاتر سەرمایان دەبێت، دوای تاوێک رۆیشتن بەو خێرایەوە بەرەو بەرزایی خشپەی دواوە هەربەردەوامەو کەمێک ترس دەچێتە دڵی! کەئاوڕی دەداتەوە گورگە بۆرێکی بریندار دەبینێت بەبێهێزی دوایکەوتوە! ئەوبارە پڕ لەئۆخەی بۆ دەرچون هەڵیگرتوە لەچرکەساتێکدا لێیدەکەوێت و جارێکتریش دەگەڕێتەوە قووڵایی سەرسامی و دووبارە خەم و پەژارەی نەگەیشتن بەمریەم دایدەگرێتەوە! دەموچاوە ساردو ئاوساوەکەی لەتوڕەبون هەڵدەکێشرێت! تەوژم دەداتە بەرخۆی بەنێو دارە چڕەکانی ڕەزەکەدا خێراتر رادەکات، لەنێوان درەختەکاندا لەگەڵ گورگەکەدا چاوشارکێیەکی مەرگ ئامێز دەکەن! ئەگەر گورگەکە زۆر بیرندار و بێهێز نەبێت ئەوێ کارلەکار دەترێزێت و ئەم عاشقە بریندارە دەکات بەخۆراکی ئەم بەیانییەی .

یەعقوب بەنێو دار ودرەختەکاندا لەگەڵ هەموو هەنگاوێکدا کامەرانی برای دێتەوە بەرچاو کەچۆن گورگ پەلاماریداو گیانی لەبەربڕی! دێتەوە بەرچاوی کەچۆن بۆ هەواڵی یوسف-ی برای چوبون و لەوێش برایەکی تریان تیاچو! دەترسێت لەرێگەی ژوانی مریەم خۆیشی تیابچێت! گورگەکەش بەدوایەوە هەنگاوی بێهێزی هەڵدەبڕێت .
یەعقوب لەسەرمای نێو ڕەزەکەدا کە تاکو قوڵە پێی لەبەفردایە تائەژنۆشی تەڕبوە....بەیەک چاو سەیری گورگی زستانی حاجی ئۆمەران و گورگی هاوینی ناوچەی کفری دەکات، دوای تاوێک ڕاکردن هەست بەهەناسەبڕکێ دەکات شوێنەکەشی سەرەوهەورازە بۆیە زیاتر درک بەماندوبون دەکات، راکردنەکەی ئەم بەیانییەی وەکو دوێنێ شەو سەربەرەوخوار نییە ئەمجارە بەپێچەوانەوە سەردەکەوێت و زووتر ماندو دەبێت، بەهەرحاڵ دەیەوێت زوو بگات بەتەپۆڵکەکانی سەرەوە ئەوشوێنەی دوێنی شەو گورگەکان توشی بون و دایانگرتە خوارێ دوای کەمێکیتر لەو ڕاکردنە هەڵوەستەیەکی بچووک دەکات و ئاوڕدەداتەوە گورگەکە بەهۆی زۆر بریندارییەوە ناتوانێت بەتەوژم بۆی سەربکەوێت ئەویش زۆر ترسی لێی نییە بەڵام هەرچۆنێ بێت ئەمە ئاژەڵێکی دڕندەیەو دەبێ خۆی لێدوورو بکاتەوە.
بەم بەیانییە سارده لەگەڵ ئەو گورگە بەرامبەر بەیەکتر وەستاون، ئەو ئاژەڵە دڕندەیە بۆی ناچێتە پێشەوە ئەویش بۆی ناگەڕێتەوە بەڵام لەو بەرزاییەوە وەستاون هەرلەنا و چاوی ئەم گورگە بریندار و برسیە خەیاڵەکانی کلۆز ئینێک دەکات دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی گەرمیان -:

* * *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێڵێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ شەو/ هاوینی ساڵی ١٩٩٤ ناوچەی گەرمیان

لەشەوێکی هاوینی ١٩٩٤دا لەدەشتەکەی شاری کفری هەرسێکیان یەعقوب و کامەران و مەلاعەلی بەربوونەتە گورگەکە بەڵام دەرەقەتی قەپە تیژەکەی نایەن.
دوای ماوەیەک لەشەڕە چنگ گورگەکە هەرسێکیان بریندار‌دەکات! هەزار ئەفسووس برینەکانی کامەران زۆر گەورەو قووڵن! دوای کوشتنی گورگەکە لەلایەن چەند پیاوێکی قاچاغچی یەعقوب و مەلاعەلی بەدیارییەوە دانیشتوون و بۆی دەگرین .

* * *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ سپێدەیەکی روون/ دووەم رۆژی زستان ٢٢ /١٢/١٩٩٤

سەر تەپۆڵکە شاخەکە

لەگەڵ دەنگی گریانی خۆی و باوکی رادەچڵەکێت و لەم هەڵوەستەیەدا کەمێک دێتەوە سەرخۆی....دەبینێت گورگەکە نزیکتر بۆتەوە! دواتر یەعقوب زیاتر دێتەوە سەرخۆی و دووبارە دەستدەکات بەڕاکردن....دوای راکەڕاکێکی زۆر ئەوەندەی پێناچێ یەعقوب بەدەست و چنگەکانی بەبەرزاییەکە هەڵدەگەڕێ و بەیەکجاری ناو ڕەزەکە جێدەهێڵێت.
بەم بەیانییە کە دووەم رۆژی زستانی ساڵی ١٩٩٤ە یەعقوب لەسەر تەپۆڵکە شاخەکە رووە و گوندەکەی ماڵی مریەم وەستاوە، ئەو تەپۆلکەیەی دوێنێ شەو لێی وەستابوو وگورگەکان رێگایان پێگۆڕی بەرەو خوارەوە بۆ نێوڕەز، ئەو تەپۆلکەیەی لەنێوان گوندەکەی خۆیان و گونەکەی ماڵی مریەم دایە، ئەو تەپۆلکەیەی خەریکبو دوێنی شەو تیایدا مەرگ بیبەزێنێت، بەبێدەنگ وەستاوەو ناشتوانێ جاریکیتر بگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان چونکە نزیکترین شوێن بۆ سارێژکردنی برینەکانیی گوندەکەی ماڵی مریەمە، لەوبەرزاییەوە بەبێهێزی وەستاوەو سەیری ماڵەکانی ناودێ دەکات سەربانەکانیان سپی دەنوێنێ و لەهەندێکیان دوکەڵی سۆبا گەرمەکانیان رووەو ئاسمان هەڵکشاون و بەسەر گوندەکەدا بڵاوبونەتەوە.
بەیانییەکی زۆر سارده یەعقوب لەسەر ئەو تەپۆلکەیە وەستاوە و سەرومل و دەستی تەنانەت قاچەکانیشی لەسەرما رەقیان بردۆتەوە، چەند جارێک دادەنوێتەوە دەست دەهێنێت بەقاچە سڕبوەکانی .
بەردەمی نشێوێکی زۆر سەختە کۆتاییەکەشی تەختاییە و گوندەکەی ماڵی مریەمی لەسەر بنیاتنراوە، لەدەستە راستیدا ڕەزە چڕوپڕەکانە لەلای چەپیشی پاشماوەی کۆنە رەبیەکی سەربازی زەمانی حکومەتی بەعسی لێیە چەند تۆپەڵە

سیمێکی دڕکاویش ڕووەو گوندەکە ڕۆچوونەتە خوارێ! یەعقوب دەزانێت نێو ئەو سیمە هەرهەمووی مین ڕێژکراوە! بۆیە ناوێرآ بچێتە ناوی تاخۆی لەگورگە بریندارەکە بشارێتەوە، ساڵیش ١٩٩٤ەو هێشتا کوردستان لەمین پاک نەکراوەتەوە .
دوای ساتێکی کەم و تێرامان لەچواردەوری خۆی نازانێت چ جۆرە بڕیارێک بدات! لەناکاو ئاوڕ دەداتەوە بۆ تەنیشتی ڕاستی ڕەزێکی چڕە و گورگە بریندارەکەش نەرمەنەرمە بەوبەرزاییە هەڵدەگەڕآ خۆی بەکێشدەکات! هەواکەشی زۆر ساردەو لەتوانای نییە بەرگەی ئەو شوێنە سارد و پڕبەفرە بگرێت هەروەستاوە بیرکردنەوەکانی جارێکیتر پێچیان کردەوە بەلای گوندەکەی ماڵی مراوی خان، ڕوە و قیبلەی دڵەکەی، ڕووە ئاواتەکەی، بەو دەمولێوە وشک بووەوە لەبەرخۆیەوە ورتەورت دەکات-:
-یەعقوب/ مریەم گیان ئێستا چی دەکەی؟! دەزانم وەئاگای....دەزانم زۆر خەفەت دەخۆی....زۆر بیرم دەکەی.
بەمشێوەیە لەو بەرزاییە وەستاوە و لەگەڵ خەیاڵەکانی مریەم-دا دەژی، قاچی چەپیشی بەجامانەکە پێچاوەو تەڕیش بوە، سەروملیشی ڕوتە بەهۆی هەوا ساردەکە کەمێک خۆی گرموڵە کردوە جارێک ئاوڕ بۆ گورگە بریندارەکە دەداتەوە و جاریکیش سەیری دووکەڵی سۆبا گەرمەکانی نێو گوندەکەی ماڵی مریەم دەکات، بەمشێوەیە چەند گرتەو دیمەنێکی نێوان هەردوو جۆری ڕوانینی یەعقوب دووبارە و سێبارە دەبێتەوە گورگەکەش وردەوردە نزیکدەبێتەوە لەهەموو هەنگاوێکی گورگەکەدا جۆرێک لەترس و دڵەڕاوکآ لەزیینی یەعقوب-دایە، ئەم ئاژەڵەش هەرچەندە ڕۆیشتنەکەی لەسەرەخۆیە بەڵام بەردەوامە لەهاتنە پێشەوە.

* * *

هێلی گشتیی بەردەوامە........
کات/ سپێدەیەکی ڕوون/ دووەم ڕۆژی زستان ٢٢ ١٩٩٤/١٢/
ماڵی مریەم
مریەم لەژێر پێڵووەکانیدا چاوە وەئاگاکانی دەجووڵآ و بەدڵ ئاگای لەژوورەوەو دەرەوەشە گوێشی هەڵخستووە بۆ پرخە نەرمەکانی تریێ ئەو پرخەیەی دوور لەهەموو ئازارێکی دڵداری، دوور لەهەموو ئازارێکی چاوەڕوانی پرخەی کچە هەڵوژەیەکی کاڵی پێنەگەیشتو، پرخەی تریێ چواردەساڵ .
ژوورەکەیان خەریکە بەم بەیانییە ڕووناک دەبێتەوە درزەکانی نێو دەرگاکە زۆر ڕوون بونەتەوە و زۆر بەچاکی سپیایی بەفرەکەی دەرەوە دەبینرێت، لەم ژوورەدا چەند نایلۆنێکی ڕەنگاورەنگ بەلادیوارێکدا هەڵواسراوە بۆئەوەی خۆڵ و قورەکانیان بشارێتەوە چەند جلێکی کیژانەی جوانی ڕەنگاورەنگ بەسەر نایلۆنەکانەوە هەڵواسراون و بەقوماشێکی تەنک داپۆشراون، ئاوێنەیەکی بچکۆلەش لەدیوارەکە گیرکراوە و بەردەمیشی لەسەر تەختەیەک چەند داو ودەرمانێکی جوانکاری ئەو کچە لادێییەی لەسەر ریزکراوە، ئەو شوشە عەترەی یەعقوب بەدیاری بۆی هێنابو تەنها یەکجار لەبەردڵی ئەو کوڕە بەکاریهێناوە وبەپڕی لەوێ دانراوە، باڵای شوشە عەترە ڕەنگ ئاویەکە لەکەلوپەلەکانیتر بەرزترە قەپاغێکی زەردی لەسەرە عەترەکەی ناویشی زەردێکی کاڵە بۆیە وەکو بووکێکی تارا ئاڵتونی کراس زەردی بەرئاوێنەکە وایە .
مریەم بەئاستەم چاوەکانی دەکاتەوە بەهۆی کەم ڕووناکی لەژوورەوە سپێدەیەکی خۆڵەمێشی دەبینێت، هەموو ژوورەکەش لەبەرچاوی لێڵە لەناوجێگەکەوە سەیرێکی بەرئاوێنەکە دەکات شوشە عەترە جوانەکەی دێتەوە یاد، ئەو کچە گوندییە زۆر دڵی بەو شوشە عەترە خۆشە هێندەی تریێ خۆشیدەوێت بۆیە دڵی نایەت زۆر بەکاری بهێنآ .

* * *

خەیاڵەکانی مریەم....
ئەوەندەی نەمابوو دڵی تریێ بڕەنجێنێت ....
کات زستانی پێشووە....مریەم و تریێ لەم ژوورەی خۆیان بەیەکەوە وەستاون تازەش عەترەکەی لەلایەن یەعقوب-ەوە پێگەیشتوە بەدەست هەردووکیانەوەیە سەیری دەکەن! لەنێوان هەردووکیاندا کەبەقسەکردن خەریکن ئەوەندەی نەمابوو بکەوێتەخوارەوە و بشکآ! مریەم-یش ئەوەندەی نەمابوو لەتریێ توڕەبآ -:
-مریەم/ تریێ گیان هی شێتەیە ئاگات لێی بآ .

ترێ لەچاوەکانی مریەم تورەبونەکە دەخوێنێتەوە دەزانێت شوشە عەترەکەی زۆر خۆشدەوێت بۆیە بەبێ ئەوەی هیچ بکات هەربەبێ دەنگی دایدەنێتەوە شوێنەکەی خۆی تادڵی ئەوخوشکە گەورەیەی نەیەشآ چونکە زۆری خۆشدەوێت.

خەیاڵەکانی مریەم....

هەرلەناو جێگەکەوە زیاتر چاوەکانی دەکاتەوەو دێتەوە یادی......دوا شەوژوانی زستانی پێشوو لەبەردەم دوکانەکەی باوکیدا لەگەڵ یەعقوب وەستاون....ترێ لەولاوە چاودێریان دەکات....یەعقوب دەست و پەنجەکانی مریەم دەگوشێت....تێرتێر ماچی دەکات....بەپێکەنینەوە لەباخەڵیدا ئەم شوشە عەترە دەردەهێنێت .

-یەعقوب/ مریەم گیان تا ساڵێکیتر ناتبینمەوە.

بەپەنجەکانی کەمێک دەکات بەلوتی مریەم-دا دواتر یەک دوو فیچقە ئاراستەی سنگ و مەمکەکانی دەکات....ئەوناوە پڕدەبێت لەبۆن، ئەو کچە بەنازەش بەهۆی شەرم و تەریقبونەوەی و پێچانەوەی ژوانەکانیان تا ساڵێکیتر زۆر لێی تورە نابێت بۆیە بەسوکی دەکێشێت بەرومەتی ئەو کورە عاشق و شێتە، ئەویش بەپێکەنینەوە قەباغی شوشەکە دەنێتەوە و بەپێکەنینەوە دەیخاتە دەستی مریەم .

-یەعقوب/ مراوی گیان تا زستانی داهاتو هەربۆنی بکە .

-مریەم/ حەیوان دیسان وتت مراوی؟! (بەنازەوە)

لەدووری چەند مەترێک بەهۆی تاریکی شەوەکە شوشەکە دەبریسکێتەوە ترێ بەئاستەم دەیبینێت بەڵام بۆنە خۆشەکە بڵاو بۆتەوە و لوتی پڕکردووە هەرلەشوێنەکەی خۆی دەڵێت-:

-ترێ/ وەیش....مریەم بۆنێکی زۆر خۆشە.

یەعقوب لەوێوە سەر بەرزدەکاتەوە سەیری ترێ دەکات، بەهۆی ئەوەی زۆری خۆشدەوێت پڕبەدڵ خۆشەویستی خۆی بۆ دەردەبڕێت -:

-یەعقوب/ ترێ گیان....ئەمجارە کەهاتمەوە عەترێکی مناڵانەی زۆر خۆشت بۆ دەهێنم، وەکو خۆت جوان.

-مریەم/ کەی ساڵێکیتر؟ شێتە (بەپێکەنین و سوکی بۆئەوەی ترێ گوێی لێنەبێ).

* * *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ سپێدەیەکی روون/ دووەم رۆژی زستان ٢٢ ١٢/١٩٩٤/

ماڵی مریەم

مریەم لەنێو جێگەکەیدا بیر لەو شتانەو زۆر شتیتر دەکاتەوە خەیاڵەکانی جێگیرنین بەنێو هەزاران شوێن و کاتدا دەسورێنەوە لەهەمووشیان کاریگەرتر چاوەڕوانی و سەرسامی نەگەیشتنی ئەمشەوی دڵدارەکەی بەسەر دەم وچاوە وردیلەکەی دیارەو بەهیچ شێوەیەک ناڕەوێتەوە.

* * *

تەمەنی مریەم ئەوەندە زۆر نییە ببێتە هۆی دونیادیدەیی و ئەزمونی زۆری تاکو نەهێڵێت کاریگەری چاوەڕوانی کار لەهەست و دەرونی بکات و رەنگدانەوەی خراپی بۆ بێتە پێشەوە یان زۆر بەچڕی بیر لەدواکەوتنی دڵدارەکەی نەکاتەوەو بەکارێکی سانا وەربیگرێت کە دواکەوتن زۆر ئاساییە بۆ هەر مرۆڤێک و لەهەرکارێکدا .

* * *

لەزاری ترێ وەرگیراوە ....

حەپەساویەکەی سەر دەموچاوی مریەم لەنیوەشەودا ئەوەندە کاریگەری هەبوو تەنانەت ترێ خۆیشی بەدەست ئەو خوشکە گەورەیەی پەشۆکاو بو! هەندێجار دەیویست بەمشەوە درەنگە دایک و باوکی وەئاگا بێنێت چونکە شەوی چاوەڕوانی ئازارەشەوێکە هەرگیز لەیادی ترێ ناچێت، ترێ دەڵێت هەرخۆم دەزانم ئەوشەوە مریەم چ جۆرە ئازارێکی چەشت!....ئەگەر یەعقوب و مریەم مناڵێکیان ببآ رەنگە ناوی لێبنێن (چاوەڕوانی) یان (ئازار) یان (عەزاب)، (ئێش)، (نەگەیشتن)، یان هەر شتێکی ناخۆش.

* * *

ئەوەتا مریەم بەمشێوە پەشۆکاویە و بەم حەپەساویە و بەم بەیانییە سارده لەسەر جێگەکەی خۆی دانیشتوە بەهۆی چاوەڕوانی و نەگەیشتنی یەعقوب خۆی لەئازار هەڵکێشاوە لە دەریایەکی بێ بنی خەیاڵ مەلە دەکات، نەهێزی دەرچوون نەرێگەدان بەنوقم بونی یەکجارەکی بڕیار لەسەر هیچیان نادات، ئەمڕۆ سەرلەبەیانی ٢٢/١٢/١٩٩٤ەو ئەم کچە لادێییە عاشقە بەهۆی زۆری خەفەتی چاوەڕوانی بەیەکجاری دیقدەکات، کاریگەری ئازاری چاوەڕوانی دوێنێ شەوی بەسەرەوە دیارەو دەبێتە هۆی پچڕانی بەندی دڵی و ماڵئاوایی لە بەهاری تەمەنی دەکات.

* * *

هێلی گشتیی بەردەوامە........

کات/ سپێدەیەکی روون/ دووەم رۆژی زستان ٢٢ ١٢/١٩٩٤/

دڵداری بریندار لەسەر تەپۆلکە شاخەکە نەماوە

یەعقوب لەسەر تەپۆلکەکە نەماوە نەختێک بەرەو ئەودیو گوندەکەی ماڵی مریەم دابەزیوە کەمێک لەشورەی سیمی رەبیە کۆنەکە نزیک بۆتەوە بەڵام ناتوانێو ناوێری بچێتە ناوی! دەمێکیشە جامانەکەی بەسەر وملیەوە نییە چونکە ئالاندویەتی لەبرینەکانی قاچی چەپی بۆیە سەروملی گرمۆڵەکردووە و قاچەکانیشی بەهۆی تەڕبونییەوە زۆر سەرمایەتی نازانێ ئازاری سەرمای قاچی بچێژێ یان هی سەری .

ئەوەتا ئەم گەنجە برینداره لەسەر ئەم شاخە سارده بەرامبەر گوندی دولبەرەکەی وەستاوە و یەخەی پاڵتۆکەی بەدەست بەرزدەکاتەوە تاسەروملی لەو هەوا سارده بپارێزێت، هەموو دەمارەکانی لەشی لەتاو سەرما کرژ کردوەو هەڵدەلەرزێت، لەوبەرزاییەوە سەیری گوندەکەی ماڵی مرەخان دەکات و چاویش دەگێڕێ بۆ ماڵەکەیان بەڵام بۆی نادۆزرێتەوە چونکە هەمووی بەبەفر داپۆشراوەو لەیەکتر دەچن .

لەو دوورەوە لەناوداً چەند کەسێکی بەدیدەکات تۆزێ دەگەشێتەوە دوای تاوێک تێڕامان بۆ خوارەوە رووەو سەرەوە چاوێکی هەڵدەبڕێت بۆ گورگەکە زۆریش لێی ناترسێت چونکە برینەکانی هێزیان لێبڕیوە....بەڵام منیش وەک نوسەری ئەم دەقە تێناگەم ئەم گورگە برسیەتییە یان شتێکیترە کە پاڵی پێوەدەنێ و بۆ سەرکەوتن و دابەزینیش دوای یەعقوب بکەوێت! رۆیشتنەکەشی بەهۆی برینەکانی هێواش بۆتەوە و لەکاتی رۆیشتندا لاردەبێتەوە ئەوەندەیتر ترس لەدڵی یەعقوب دووردەخاتەوە بەڵام بۆ بەدبەختی ئەو دوو عاشقە ئەم ئاژەڵە برینداره بەهیچ شێوەیەک وازناهێنێ و بەردەوام دوای ئەو کوڕە کەوتوە.

یەعقوب پڕ بەپڕی خۆی ئەقڵی لەسەردا نەماوەو زۆر ژیرانە هەڵسوکەوت ناکات، چ بەهۆی کەمی تەمەنی چ بەهۆی برینداری زۆر و سەرمابونێکی لەڕادەبەدەری قاچ و سەر وملی یان ترسێکی زۆری نزیکبونەوەی مەرگی خۆی لەبەهاری تەمەندا، ئەوەتا زۆر بێ ئەقڵانە جارێکیتریش پشت دەکاتە گورگەکەو رووده‌کاتە دێکەی ماڵی دولبەر لەو بەرزاییەوە دووبارە دادەپۆشێتە ئەو چەند کەسەی بەبچووکی لەناو دێ دیارن، زیاتر دڵخۆش دەبێت چونکە ئەو کەسانە هەرچەندە دوورن بەڵام وەکو سەرچاوەیەکی فریاکەوتن وان بۆی.

گورگەکە گەیشتۆتە کۆتایی رەبیەکەو سەرەتای شورە درکاویەکە ئەمجارە رێگەکەی سەربەرەوخوارە و ئاسانتر رێدەکات! چونکە بەرزاییەکەی بڕیوەو بۆی ساناتربوە .

یەعقوب دەزانێ لەرزگاربون نزیکبۆتەوە بۆیە لەخۆشیا زۆر گرنگی بەنزیک بونەوەی گورگەکە نادات جا چ بەهۆی برینداری ئەو ئاژەڵە یان بەهۆی بێهۆشی خۆی لەبەر سەرما چونکە بەردەوام دەلەرزێت .

* * *

گورگەکە پەلاماری یەعقوب دەدات

بەرلەوەی یەعقوب هەنگاوبنێ بەرەوگوندەکەی ماڵی دولبەر خەریکی توندکردنەوەی جامانەی سەر برینەکانی قاچی دەبێت لەخشپەی دوای خۆی وەئاگادێتەوە! لەگەڵ ئاوڕدانەوەیدا گورگەکە بەخۆهەڵدانێک لەبەرزاییەکە دەکەوێتە سەرملی ئەو گەنجە برینداره! هەردووکیان لەیەکتری ئاڵۆزدەبن رووەو سیمە درکاویەکەی چواردەوری رەبیەکە خلدەبنەوە، لەشی هەردووکیان بەبەفر دادەپۆشرێت، مرۆڤێک و ئاژەڵێک توند یەکتریان گرتووەو بەیەکەوە دەسوورێنەوە جارێک بۆ سەرەوە جارێکیش بۆ ژێرەوە لەهەردوو کاتدا یەعقوب تواناو هۆشی ئەوەی هەیە پاڵ بەسەرو ملی گورگەکەوە بنێ و قەپ و دانە تیژەکانی لەخۆی دووربکاتەوە، یەعقوب زۆر لێی ناترسێ چونکە دەزانێ ئەو گورگە

بەهۆی برینەکان دوێنی شەو هێزی کەمی پێماوە بەڵام لەبەختی ئەو دوو عاشقە ئەوەتا واز لەیەعقوب ناهێنآ و دەیەوێ مەرگی یەکێک لەو دڵدارو دولبەرە بەرەو دونیای عەدەم ببات.
لەگەڵ لولخواردندا بەهۆی ترس و دڵەڕاوکێی باوەشی ئەم گورگە خەیاڵەکانی یەعقوب دەگەڕێتەوە بۆ هاوینی ئەمساڵی ١٩٩٤ی ناوچەی کفری -:

*　*　*

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێڵێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێڵی گشتیی........

کات/ شەو/ هاوینی ساڵی ١٩٩٤ ناوچەی گەرمیان

باوکێک و دوو کوڕ بەبێکەسی لەهاوینی ١٩٩٤ لەناوچەی کفری زەلیلی بەردەمی گورگێکی هارو برسین! کەیەکێکە لەگەڵە گورگی ناوچەکە، سەربازە بەعسیەکان بەوکارەیان دەزانی و چەندین کەسیتریان بەمشێوەیە دەرخواردی ئەو گورگانە داوە بۆیە لەوشەوە تاماوەیەک بەدوای ئەو باوک و دوو کوڕە رۆیشتن دواتر بێئەوەی هەستی پێبەکەن لەکاتێکی نادیاردا گەڕابوونەوە بۆ نێو رەبیەکانی خۆیان.
یەعقوب خۆی و باوکی بەمشەوە نەیاندەتوانی کامەرانی برای لەژێر چنگی ئەو گورگە دەربێنن! هەرسێکیان جلیان بەبەرەوە نەماوە چونکە هەمووی بەهۆی چنگ و قەپی گورگەکە دڕاوە .

-کامەران/ وای باوکە گیان....یەعقوب گیان بیکوژن....بیکوژن خواردمییییییی (بەهاوارو گریانەوە).

ئەوێن بەردەوام هەوڵدەدەن کامەران لەژێر چنگی ئەو دەعبایە دەربهێنن بەڵام بەهیچ شێوەیک دەرەقەتی نایەن، گورگەکە بەهۆی بۆنی خوێن زیاتر پەلاماری کامەران دەدات و یەک لەسەر یەک قەپی لێدەگرێت تاکو وایلێدێت کامەران لەزمان دەکەوێت....یەعقوب و مەلاعەلی بەگریان و رۆڵەڕۆ و براڕۆ شاتاڵ بۆ ئەو دڕندەیە دەبەن بەڵام بآ سوودە چونکە چنگەکانی ئەو تیژتر و بەهێزترە بۆیە بەهیچ شێوەیەک دەرەقەتی نایەن.

*　*　*

گەڕانەوە بۆ سەر هێڵی گشتیی........

کات/ سپێدەیەکی روون/ دووەم رۆژی زستان ٢٢ ١٢/١٩٩٤/

دڵداری بریندار لەخوار تەپۆلکە شاخەکە باوەشی کردووە بەگورگەکە

یەعقوب ئاوەها بیری لەبراکەی دەکاتەوە لەهەمان کاتیشدا لەوە دەترسێت بکەوێتە سەر مینێک و پیایا بتەقێتەوە! لەگەڵ تلخواردنیان بەرەو خوارەوە جارجارە سەرنجی سیمەکان دەدات کەسەرجەم مینەکانی بەیەکەوە بەستۆتەوە! زۆر بەبێشی دەیانبینێت چونکە هێشتا بارستایی بارینی بەفرەکە نەیشاردۆتەوە لەوە دەترسێت ئەگەر یەکێکیان بتەقێتەوە ئەوێ هەرهەمووی بەیەکەوە تەپۆلکە شاخەکە بەرەو ئاسمان دەرفێنن! ئەویش لەگەڵ گورگەکەدا بەخوێن و گۆشت تێکەڵاوی یەکتر دەبن.

*　*　*

دڵی مریەم....

دڵی عاشق زۆر هەستیارە، مریەم لەنێو جێگەکەی ئەمدیوئەودیو دەکات بەجەستە زۆر شەکەتە بۆخەو....بەڵام بەمێشک لەگەڵ ئازارەکانی یەعقوب دەژی و سەرماکەی یەعقوب دەچێژێت، ئازاری برینەکانی یەعقوب-ی پێوەدیارە هەست بەهەمموو شاد و ناشادێکی دڵدارەکەی دەکات....بۆیە لەنێو جێگەکەیدا چاوەکانی لێکدەنآ و دواتر رادەچڵەکێت.

*　*　*

لەو جووتبونەی یەعقوب و گورگەکە هەردووکیان بەرەو خواردەبنەوە! یەعقوب بیر لەشتێک دەکاتەوە خۆی رزگاربکات تاهەموو ئاواتەکانی نەچێتە ناوسکی ئەم گورگە یان بەسەر مینەکاندا پارچەپارچە نەبێت مریەمیش بەتەنها بمێنێتەوە .
یەعقوب و گورگەکە بەردەوام بەیەکەوە لولدەخۆن، گورگەکە زۆر بێهێزە و توانای قەپ گرتنی نییە ئەو گەنجەش کەمێک زاڵە بەسەریدا و بەهەردوو دەست سەر وملی گرتووەو لەخۆی دوورخستۆتەوە بەهۆی برینەکانی گورگەکە

جلەکانی یەعقوب زیاتر خوێنیان پێوەدەنوسێت و سوور هەڵدەگەڕێن، لەو جەنجاڵی و ترسەدا یەعقوب دەیەوێت شتێک یان بیرێک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی خۆی رزگاربکات .

* * *

ئەگەر ئەو گورگە دڕندەیە زەفەری پێببات و قەپێک یان چنگێکی تیژ بەرمل و قوڕقوڕاگەی بکەوێت! هەموو شتێکی سەرهێڵی درامی کۆتایی دێت! منیش وەک نووسەری ئەم دەقە کۆتایی بەهێلی گشتیی دەهێنم و لەدوای مردنی ئەم گەنجە بەشێوازێکیتر ژیانی مریەم وێنا دەکەم و بەجۆرێکیتر دەیخەمە نێو پرۆسەی گێڕانەوە .

* * *

یەعقوب لەوکاتەدا بیری لەچۆنییەتی رزگاربون دەکاتەوە کاتێ گورگ کامەرانی برای دەخوات و جوانەمەرگ دەبێت، هەرلەنێو باوەشی ئەم گورگەدا بەبیریدا دێت-:

* * *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێڵێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێڵی گشتیی........

کات/ شەو/ هاوینی ساڵی ١٩٩٤ ناوچەی گەرمیان

مەلاعەلی و یەعقوب هەوڵدەدەن کامەران لەژێر چنگی گورگەکە دەربێنن بەڵام دەرەقەتی نایەن لەوکاتەدا و لەکاتی راکێش راکێشەکە خۆی و باوکی لەدوورەوە چەند پیاوێک بەدیدەکەن وەکوتارمایی بەراکردن بەرەو لایان دێن نازانن کێن و چین؟ !

* * *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ سپێدەیەکی روون/ دووەم رۆژی زستان ٢٢ ١٩٩٤/١٢/

دڵداری بریندار لەخوار تەپۆلکە شاخەکە باوەشی کردووە بەگورگەکە

یەعقوب زۆر بێهێزە باوەشی کردووە بەگورگەکە و چاویش دەگێڕێ بۆ یەکێک....یان بەڵکو ئەوکەسانەی لەدوورەوە لەگوندەکەی ماڵی مریەمدا بەدیکردبون بگەنە سەری و وەکو قاچاغچییەکانی ناوچەی کفری فریای بکەون و رزگاری بکەن بەڵام کەس دیارنییە هەرلەنێو باوەشی ئەم گورگەدا بەبیریدا دێت و....دێتەوە بەرچاوی-:

* * *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێڵێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێڵی گشتیی........

کات/ شەو/ هاوینی ساڵی ١٩٩٤ ناوچەی گەرمیان

گورگەکە لەهەرسێکیان ئاڵاوە و لێیان نابێتەوە، ئەوێنیش زۆر هەوڵدەدەن کامەران لەژێر چنگی دەربهێنن، گورگەکە بەردەوام لەگەڵیاندا شەڕە چنگ دەکات، ئەوێنیش جگە لەدیفاعکردن هیچیتریان پێناکرێت، سەر بەرزدەکەنەوە سەیری تارماییەکان دەکەن و و و و....دەگەنە لایان .

* * *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ سپێدەیەکی روون/ دووەم رۆژی زستان ٢٢ ١٩٩٤/١٢/

دڵداری بریندار لەخوار تەپۆلکە شاخەکە باوەشی کردووە بەگورگەکە

یەعقوب لەسەر شاخە سارد و پڕبەفرەکە دێتەوە هۆشخۆی لەباوەشی گورگەدایەو بەیەکەوە تلدەخۆن جارێک بەلای راست و جارێک بەلای چەپ، چاودێری خۆیشی دەکات نەبادا بکەوێتە سەرسیمی مینەکان و هەموو ئاواتەکانی بەپارچەکراوی لەگەڵ خوێن و گۆشتدا بچێتە ئاسمان! لەگەڵ ئەوگورگە بەردەوام لەیەک ئاڵاون هەرلەنێو باوەشی ئەم گورگەدا بەبیریدا دێت-:

* * *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێڵێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ شەو/ هاوینی ساڵی ١٩٩٤ ناوچەی گەرمیان

گورگەکە بەسەر هەرسێکیانەوەیە تارماییەکان بەسەر سەریانەوە وەستاون دەمانچەیان بەدەستەوەیە کاسەی سەری ئەو ئاژەڵە دڕەندەیە دەدەنە بەرفیشەک و دەیکوژن....دواتر لاشەکە لەسەر ئەو باوک و دووکوڕە لادەبەن.

* * *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ سپێدەیەکی روون/ دووەم رۆژی زستان ٢٢ /١٢/١٩٩٤

دڵداری بریندار لەخوار تەپۆلکە شاخەکە باوەشی کردووە بەگورگەکە

ئەم گەنجە عاشقە بریندارە ناتوانێت لەباوەشی ئەم گورگە خۆی رزگاربکات، بەئاواتی دەخوازێت وەکو ئەوشەوەی ناوچەی گەرمیان یەکێکی بۆ پەیدابێت و رزگاریکات بەڵام کەس نییە فریای بکەوێت، کەس نەگەیشتە ئەوێ گوێ لەدەنگی کەسیش نییە، خۆ گورگەکە زۆر بێهێزە بەڵام بەهیچ جۆرێک لەکۆڵی نابێتەوە خۆشی ئەگەر بریندار و سەرمابردەڵە نەبوایە بەهەمان شێوەی مام حەمەد قادر قورگی دەگرت و لەماوەی چەند خولەکێکدا دەیخنکاند هەرلەنێو باوەشی ئەم گورگەدا بەبیریدا دێت-:

* * *

مام حەمەد توند قورگی گورگەکەی گرتووە ....

هێنان و بردن و بەرزو نزمبونەوەی هەردووکیان بەردەوامە! سات لەدوای سات خۆڵەکەی چواردەوری لەشی مام حەمەد شلتر دەبێتەوەو زیاتر هەست بەئازادکردنی لەشی خۆی دەکات....گورگە گیراوەکە لەتاو قوڕگ گرتن و هەناسەبڕکێی ئەوەندە هەڵکوتوداکوت دەکات....بەتەواوی مام حەمەد لەخۆڵەکە دەردەهێنێت.

* * *

گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی ....

یەعقوب و گورگەکە بەردەوام باوەشیان کردوە بەیەکدا و دەخولێنەوە، لەئاکامی پەلامارە بێهێزەکەی ئەم گورگەداو لەهەڵێکدا یەعقوب بەقاچەکانی هەڵیدەدات! خۆیشی هەڵدەسێتەوە بەکوڕەکوڕ بەرەو سەرەوەی تەپۆلکەکە رادەکات بۆئەوەی لەسنوری مینەکان دووربکەوێتەوە، لەکاتی راکردندا بۆ دواوە ئاوڕدەداتەوە! دەبینێت گورگەکە لەیەکێک لەسیمەکان نزیکبۆتەوە! هەرئەوەندەی بۆدەکرێت زیاتر خۆی هەڵبدات بەرەوپێشەوە! لەدواوە زرمە هەڵدەستآ چەند پارچە مینێکیشی بەردەکەوێت !

* * *

هێلی گشتیی بەردەوامە........

کات/ سپێدەیەکی روون/ دووەم رۆژی زستان ٢٢ /١٢/١٩٩٤

لەنێو ژوورەکەی مریەم لەدوای تەقینەوەکەی سەرشاخ

مریەم لەناو جێگەکەی چاوەکانی زەق بونەتەوە....بێئەوەی دەمی بجوڵێ لەدڵی خۆیدا دوعا بۆ لاوە سەرکێشەکە دەکات -:

-مریەم/ خوایە لەیەعقوب بەدوربێت....قەزای لەمن کەوێ....یەعقوب گیان یاخوا مەرگت نەبینم....خوایە بیبەخشە بەمن، (دوایی بەهەمان شێوە لەدڵی خۆیدا بەدەم وچاوێکی حەپەساوی و وەک بیەوآ باوەڕ بەخۆی بکات) یەعقوب بەم بەیانییە لەسەر شاخ چیدەکات؟ !

* * *

هێلی گشتیی بەردەوامە........

کات/ سپێدەیەکی روون/ دووەم رۆژی زستان ٢٢ /١٢/١٩٩٤

لە ناو گوندەکەی ماڵی مریەم لەدوای تەقینەوەکەی سەرشاخ

ئەو کەسانەی لەناو گوندەکەی ماڵی مریەم بەو بەیانییە بەدەرەوەن گوێیان لەو تەقینەوەیە دەبێت! هەرلەوێوە سەرهەڵدەبڕن بەرەو تەپۆلکەکە! دەبینن بەفرەکە وەکو تەپ وتۆزێکی سپی لەئاسمانەوە دادەبێڕێتە خوارێ !

*　*　*

**هێلی گشتیی بەردەوامە........**

**کات/ سپێدەیەکی روون/ دووەم رۆژی زستان ٢٢ ١٢/١٩٩٤/**

**لەخوار تەپۆلکە شاخەکە گورگەکە نەماوە**

**دووسێچرکە بەسەر تەقینەوەکە تێدەپەڕێت...یەعقوب بەسەردەما پاڵکەوتوە و ناوێرێ بجوڵێت هەست رادەگرێت دەنگ نەماوە جووڵە نەماوە لەوناوە چرکە و چرپەی هیچیش نایەت....تەنها هەوایەکی زۆر ساردی هەیەو خەریکە ئەم گەنجە بریندارە رەق دەبێتەوە .**

**لەشوێنی خۆی کەمێک خۆی دەخاتە سەرتەنیشت و ئاورێک دەداتەوە بۆ دواوە! گورگەکە نەماوە تەنها شوێنەواری پارچەپارچە بونی ماوە کەپەڵەیەکی خوێنی گەورەیە و چەند پارچە گۆشتێکیش لەوناوە کەوتوە هەندێ لەگۆشت و خوێنەکەشی کەوتۆتە چواردەوری یەعقوب و بەفری سەرشاخەی بەخوێن سوور کردوە. یەعقوب بەدەموچاوێکی گرژ دادەپۆشێتە چواردەوری خۆی خەفەت لەبەختی خۆی دەخوات کەئاوا لەدوێنی شەوەوە تائێستا ئەم گورگە وازی لێنەهێناوە خەریکبو تیابچێت و ئاواتەکانی لەگەڵ مینەکان بەپارچەکراوی دابەشبێت بەسەر بەفری شاخە ساردەکەی نێوان هەردوو گوند .**

*　*　*

**هێلی گشتیی بەردەوامە........**

**کات/ سپێدەیەکی روون/ دووەم رۆژی زستان ٢٢ ١٢/١٩٩٤/**

**لە ناو گوندەکەی ماڵی مریەم لەدوای تەقینەوەکەی سەرشاخ**

**ئەو کەسانەی لەناو گوندەکەی ماڵی مریەم بەو بەیانییە بەدەرەوەن بەسەر سوڕمانەوە سەیری سەرشاخەکە دەکەن-:**

**-بەم بەیانییە کاَ چۆتە ناو ئەو رەبیە کۆنە؟**

**-نازانم بەڵام تۆ بڵێی مردبی؟**

**-خوایە گیان....کەس نەمردبێ!**

**-لەوێنەیە ناشارەزابێت.**

**-سەیرە!....لەوێنەیە ئاژەڵ بێت.**

**لەنێوان ئەم پیاوانە چەند وتوێژێکی لەمجۆرە روودەدات وردەوردە پەنا دیوارەکە بەردەدەن و دێنەپێشەوە بەرەوشاخەکە چۆنیش چاویان لەوبەرزاییە بڕیوە نایتروکێنن و چاوەڕێی جووڵەیەک یان کەسێک یان هەرشتێک دەکەن تا بۆیان ساغ بێتەوە چیەو چۆنە.**

*　*　*

**لەزاری ئەو پیاوانەی ئەو گوندە وەرمگرتوەو دەڵێن:- ئەو بەیانییە کە بۆ ئیش وکارە هاتبوینە دەرەوە لەبەر سەرما خۆمان خزاندبوە پەنا دیوارەکان کە سەرمان هەڵبڕی چی و چۆنمان بەدیکرد .**

**بۆ بەدەستهێنانی رێپۆرتاژێکی بەڵگەنامەیی ئەو چەند پیاوە بەمشێوە وردەکاری چۆنییەتی تەقینەوەکەیان گێڕایەوە-:**

**- دوای تەقینەوەکە بەفرەکەمان بینی وەکو پەڵە هەورێکی سپی وردەوردە دادەبێزی بۆ سەرشاخەکە .**

**-دوای ئەو دەنگە زلە زۆریش چاومان گێڕا بۆ کەسێک یان هەر جووڵەیەک تاکو بەرەو پیری بڕۆین و فریای بکەوین .**

**-ئەرێوەڵڵا ئەو گەنجە داماوەی ئەو گوندەی دراوسێمان پێوەبوبو.**

**-ئەگەر نەگبەت نەبوایە وای لێنەدەهات.**

**-ئاَ باشە....خۆ ئەویش شارەزای ناوچەکەیە.**

*　*　*

**هێلی گشتیی بەردەوامە........**

**کات/ سپێدەیەکی روون/ دووەم رۆژی زستان ٢٢ ١٢/١٩٩٤/**

**لەنێو ژورەکەی مریەم لەدوای تەقینەوەکەی سەرشاخ**

لەسەر جێگەکەی دانیشتوە چاوەکانی بەنێو ژوورەکەدا دەگێڕێت، ئەمشەوی بەکەرویشکە خەو بەسەربردوە بەئازاری دووری بەسەربردوە زامی نەگەیشتنی دڵدارەکەشی ساڕێژنەبو بەڵام ترێ ئێستا بۆ خۆی خپی نێو خەوە، مریەم لەبەر خۆیەوە لەبنمیچی ژوورەکەو دەرگاکە رادەمێنێت! نازانێ چۆن بیربکاتەوە چۆن بڕیاربدات! ئەی چۆن هەواڵێکی ئەو کوڕە شێتە بزانآ؟! خۆ ئەم کیژۆڵەیە لەدوێنآ شەوەوە ئازاری چاوەڕوانی دەچێژێ.

بەمێشک و تەنانەت بەجەستەش زۆر ماندوە بیرکردنەوەکانی تێکەڵ وپێکەڵ دەبن و لەناو جێگەکە ئارامی لێبڕاوە نازانێ هەستآ یان نا! خۆ ئەو چاوەڕوانی بەیانی دەکات تاکو لەگەڵ دەرکەوتنی رووناکیدا دەرپەڕێ و بەپەلە سۆراخێکی دەستبکەوێت، ئەوەتا ئێستاش بەیانییە بەڵام نازانێ چیبکات هێزی قاچەکانی نییە هەڵسێتەوە هێزی نییە ترێ بانگ بکات تاکو بەشداری و هاوبەشی خەمەکانی بێت، وەکو وڕێنە لەدڵی خۆیدا دەدوآو هەرخۆشی گوێی لێدەگرێ-:

-مریەم/ دەبوایە ئەمشەو شێتە بگەیشتایە!....نا....شارەزای ناوچەکەیە....چەمەکە...سەرشاخەکە....ناوڕەزەکە....هەڵەی واناکات .

* * *

هێلی گشتیی بەردەوامە........

کات/ سپێدەیەکی روون/ دووەم رۆژی زستان ٢٢ /١٢/١٩٩٤

لەخوار تەپۆڵکە شاخەکە یەعقوب بەبرینداری دانیشتووە

یەعقوب دوای دووبارە بریندار بونی لەسەرشاخە ساردو پڕبەفرەکە بەتەنها دانیشتوە، گڤەی با ساردەکە زۆر بەهێزە بەهۆی تەڕبونی شەرواڵەکەی لەناو کانیاوەکەدا قاچەکانی زۆر ساردن و هێزی رۆیشتنی نەماوە و ئازاریشی زۆرە بەتەواوی رەنگی مردووی لێنیشتوە بیر لەکەساسی و تەنهایی خۆی دەکاتەوە بیر لەکامەرانی برای دەکاتەوە کەلەهاوینی رابوردو لەناوچەی کفری لەو شەوەدا لەگەڵ مەلاعەلی باوکی بەسەر تەرمەکەی دانیشتبون و دەگریان، ئەو دیمەنانەی ئەوسای تەنها بەوێنە دێتەوە بەرچاو دەنگەکانیش تەنها هەوا ساردەکەی سەر شاخەکەن چاوەکانی پڕن لەفرمێسکی قەتیسماو لەترسی غیرەتە گەنجەکەی نەیاندەتوانی بێنە خوارێ، کاریگەری سەرماکەش سەربار....دێتەوە بەرچاوی -:

* * *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێلێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ شەو/ هاوینی ساڵی ١٩٩٤ ناوچەی گەرمیان

پیاوە قاچاغچییەکان لەگەڵ یەعقوب و باوکیدا کامەران ئەمدیوئەودیو دەکەن! بەڵام کارلەکار ترێزاوە، بەهۆی قەپگرتنی گورگەکە لەقوڕگی کامەران جوانەمەرگ بوە! خۆشیان زۆر بریندارن بەهۆی گاز و نینۆکە تیژەکانیی هەم بۆ تەرمی کامەرانی جوانەمەرگ هەم بۆ ئازارو برینداری خۆیان دەگرین و خۆڵی ئەوێ دەپێون دوای تاوێک سەیرێکی پیاوەکان دەکەن کە بەدەمانچەکەی دەستیان لەبەردەمیان وەستاون-:

-مەلاعەلی/ ئێوە چین؟!....فریشتەن....چۆن لەم کاتەدا پەیدا بوون؟! (بەگریانەوە بەسەر تەرمی کامەران دانیشتوە)

-پیاوەکان/ ئێمە قاچاغچین....ئەی ئێوە چی دەکەن لێرە؟!

مەلاعەلی و یەعقوب نازانن چیان وەڵام بدەنەوە! بەمشەوە واقوڕماو بەسەر تەرمی کامەران دانیشتون! ئەو کارەساتە جەرگبڕە لەچەند چرکەساتێکدا هاتورۆی! کامەرانیشی لەگەڵ خۆیدا برد! بۆ خەم نۆشین ئەوێنیشی لەوێ جێهێشت! یەعقوب بەدەم شیوەن و گریانەوە دێتەوە بەرچاوی کەنزیکەی پێش نیو کاتژمێر-:

* * *

خەیاڵی یەعقوب

کات/ شەو/ هاوینی ساڵی ١٩٩٤ ناوچەی گەرمیان

مەلاعەلی و کامەران و یەعقوب لەو دەشتە وەکو دەستبەسەر لەبەردەمی سەربازەکانی عیراقی رێدەکەن....سەربازەکان لەدواوە بەهەردوو پەنجەی دۆشاومژیان ئاماژەی گوێچکەی گورگ دەکەن و سەریش بەرزدەکەنەوە بەدەم لورەلور دەکەن،

مەلاعەلی لەپشتی هەردوو کورەکەی دەڕوات ناهێڵێت ئاوڕبدەنەوە بەڵام یەعقوب و کامەران جارجارە مل دەسوڕێنن دواتر مەلاعەلی بەدەست سەری هەردوو کورەکەی دەسوڕێنێت بۆ پێشەوە .
یەعقوب لەکاتی ئاوڕدانەوە دەبینێت سەربازەکان دانەکانیان جیڕدەکەنەوە و وشەی ((یەنیەن)) دەکەن وەکو لاسایی کردنەوە و ئاماژەکردن بۆقەپگرتن و پەلاماردانی گورگ.
یەعقوب لەخەیاڵی دەردەچێت
کات/ شەو/ هاوینی ساڵی ١٩٩٤ ناوچەی گەرمیان
یەعقوب بەحەپەساوییەوە لەخەیاڵ دەردەچێت و لەگەڵ باوکی لەسەر تەرمی کامەران دانیشتون-:
-یەعقوب/ باوکە سەربازەکان لەدواوە ئاماژەیان بۆ شێوەی گورگ دەکرد! دیارە ئەوێن دەیانزانی لێرە گورگ هەیە (بەگریانەوە).
-قاچاغچییەکان/ سەربازی چی؟! (دەکەونە خۆیان! خۆیان ئامادە دەکەن و چەکەکانیان ئامادە دەکەن).
* * *
گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........
کات/ سپێدەیەکی روون/ دووەم رۆژی زستان ٢٢ ١٩٩٤/١٢/
لەخوار تەپۆلکە شاخەکە یەعقوب بەبریندراری دانیشتووە
یەعقوب لەسەر ئەم شاخە بەبێ هێزی دانیشتوە گوندەکەی ماڵی مریەم-ی لێوەدیارە لەوێوە ئاوات بەگەرمی نێو ماڵەکان دەخوازآ زۆر حەزدەکات لەنێو ئەو بەفرو سەرمایە رزگاری بێت و بەزووترین کات بگاتە نێو ماڵەکان و کەمێک گەرمی بێتەوە.
ئەم گەنجە عاشقە جارجار سەیرێکی چواردەوری خۆی دەکات! لەوە دەترسێت چەند گورگێکیتری بۆ پەیدابێت! یان هەرجۆرە ئاژەڵێکی کێوی و دڕەندەیتر دەرکەون! دەنگی با ساردەکەش زۆر ترسناکە! بۆیە لەبەر خۆیەوە بەگوێی بەفروسەرمای سەرشاخەکە دەچرپێنێت-:
-یەعقوب/ (رووەو ئاسمان سەر بەرزدەکاتەوەو هەناسە هەڵدەکێشآو دەیداتەوە) خوایە گیان زۆر بریندارم! ئەگەر تەنها یەک گورگیتر پەیدابێت! بەخوا هیچم پێناکرێ .
* * *
من وەکو نووسەرێک دووبارە بەئێوەی خوێنەر رادەگەیەنم و دەڵێم ئەگەر تەنها یەک دانە گورگیتر بخەمە سەر هێلی گشتیی ئەم چیرۆکە و لەسەر ئەم شاخە ساردەدا رەوانەی رەبیە کۆنەکەی بکەم، ئەوێ بێگومان کاکە یەعقوب توانای بەرەنگاری و پارێزگاری خۆی نییە! ئەو گورگەش تەنها بەیەک پەلاماری بچووک کاکەی عاشق دەخوات و کۆتایی بەتێکستەکەی منیش دێت، بەڵام نامەوێ یەعقوب لەسەر ئەم شاخە ماڵئاوایی لەم دونیا بکات، من دەمەوێ رەوانەی گوندەکەی ماڵی مریەم-ی بکەم و بەدواداچوونیش بەردەوامە.
* * *
هێلی گشتیی بەردەوامە........
کات/ سپێدەیەکی روون/ دووەم رۆژی زستان ٢٢ ١٩٩٤/١٢/
لە ناو گوندەکەی ماڵی مریەم لەدوای تەقینەوەکەی سەرشاخ
ئەو کەسانەی لەناو گوندەکەی ماڵی مریەم بەو بەیانییە بەدەرەوەن بۆیەکتر قسەدەکەن و ئاواتی ئەوە دەخوازن کەس لەو تەقینەوەیە نەمردبآ خۆشیان لەسەرما گرمۆڵە کردووە و گەڕاونەتەوە پەنا دیواری ماڵەکان لەوێ سەیری بەرزاییەکە دەکەن گوێیان هەڵخستووە بۆ دەنگێک یان هیچ نەبێ جووڵەیەکیش ببین .
ئەوێن شارەزای ئەو تەپۆلکەیەن هەرگیز نزیکی ناکەون چونکە دەزانن مین رێژ کراوە کۆنەکەی سەردەمی حکومەتی بەعسە و هێشتا لەلایەن رێکخراوەکان پاک نەکراوەتەوە، خۆیان لەگەڵ دیوارەکان جووت کردوە تاکو لەهەوا ساردەکەی ناودآ بەدووربن و لەگەڵ یەکتر قسەدەکەن و دەڕواننە بەرزاییەکە-:
-لەوێنەیە گورگ بێت! یان شتێکیتر! وانییە؟!
-منیش دەڵێم کەس نییە، چونکە هەموو خەڵکی ئەم ناوچەیە شارەزای ئەم رەبیەن.

-من دەترسم یەکێکی نەگبەت پێوە بوبآ و گیانیشی لەدەستدابێت.
ئەم چەند پیاوەی ئاوایی هەر بەمشێوەیە گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر دەکەن و جارجارەش ئۆقرەیان لێدەبرێت هەوڵدەدەن بێنە پێشەوە سەرکەون بۆ سەرشاخ دواتر بەهۆی هەوا ساردەکە جارێکیتر دەگەڕێنەوە شوێنەکەی خۆیان و سەرلەنوێ قسە لەسەر ئەوە دەکەن کەچۆن بزانن کێیەو چیە؟!
-بەقسەی من بکەن با سەرکەوین.
-با بچین سەیرێکی ئەوێ بکەین، ئەگەر کەس گرفتار نەبوبو رێک دەگەڕێینەوە.
-منیش حەزدەکەم سەرکەوین و دڵنیابین.
* * *
هێلی گشتیی بەردەوامە........
کات/ سپێدەیەکی روون/ دووەم رۆژی زستان ٢٢ /١٢/١٩٩٤/
لەخوار تەپۆلکە شاخەکە یەعقوب بەبریندارى دانیشتووە
یەعقوب زۆر بێهێزە و لەسەر ئەم بەفرە دانیشتوە لەبەر سەرما لەشی خاو بۆتەوەو خەریکە خەوی لێدەکەوێ لەشوێنی خۆی چاوەکانی دەکاتەوە هەستدەکات جگە لەبرینی گورگەکانی دوێنآ شەو چەند پارچە مینێکیشی بەرکەوتوە! دەست دەکوتێت لەچەند شوێنێک جگە لەخوێنە وشکبوەکە خوێنی تازەشی پێوەیە! بەهۆی سەرماکە هەموو گیانی سڕبوە کەمێک خۆی بەرزدەکاتەوە شوێنەکەی دگۆڕآ و دادەنیشێتەوە پاڵدەدات بەدیواری رەبیە کۆنەکە .
پێڵوەکانی دەکەوێت....لەبێهێزی و بێهۆشیدا دان بەخۆیدا دەگرێ و نایەوێ و ناهێڵێ خەوی لێبکەوێت چونکە خۆی کوڕی ئەو شاخ و داخەیەو شارەزای سەرمای نێوبەفرە دەشزانآ کە مرۆڤ بەهۆی سەرما سەرجەم ماسولکەکانی لەشی خاو دەبێتەوە و خەو تەنگی پێهەڵدەچنێ دەشزانآ گەر بۆ چوار پێنج خولەک خەوی لێبکەوێت ئەوێ جارێکیتر هەڵناسێتەوە و ئەم دنیایەش بەچاوی خۆی نابینێتەوە هەر بەرەق بونەوە گیانی دەردەچێ بۆیە زیاتر وزیاتر بەزۆرو زۆر پێڵووەکانی هەڵدەبڕآ و نایەڵێت خەوی لێبکەوآ .
ئەوەتا لەسەر ئەم بەفرە دانیشتوە و تەماشای پێش خۆی دەکات نزماییەکەی بەردەمی بەلای دەستە چەپ بەسیم گیراوە لەودیویشەوە بەرەو خوارەوە گوندەکەی ماڵی مریەمی لێوەدیارە و بەئاواتی دەخوازآ بگاتە یەکێک لەوماڵە گەرم وگوڕانە کەلەدوورەوە لولەی سۆباکانیان دەبینآ دوکەڵیان لێبەرز دەبێتەوە، خۆ ئەگەر بگاتە ماڵی مریەم زۆری پێخۆشە-:
-یەعقوب/ باوکی مریەم دەمناسێت، لەماڵی خۆیان چارەسەرم دەکەن، بەخوا ئەگەر مریەم ئاوا ببینێت! هەر خۆی دەکوژێت! بەڵام ناهێڵم خەفەت بخوات....(بەدەم ورێنەو برینداریەوە)
دواتر سەیرێکی بەردەمی خۆی دەکات گورگەکە تەنها پارچە گۆشت و خوێنە سوورەکەی بەسەر بەفرە سپییەکەدا بڵاوبۆتەوە، گیززەی با ساردەکەش بەردەوامە....ترسی لەمینەکان نەماوە چونکە هەرهەمووی تەقیەوەتەوە، جارێکیتر تەکانێک دەداتە بەرخۆی و هەڵدەسێتەوە بەپەنا دیوارە روخاوەکانی رەبیکە خۆی دەگرێت تاوێک بەپێوە دەوەستێت سەیرێکی ناودآ دەکات کەس نابینێت هەواکەشی زۆر ساردە زیاتر دەنگی دێت .
بەمشێوەیە کەمێک دەمێنێتەوە....دواتر بەدیوی گوندەکەی ماڵی مریەم تەماشایەکی نزیکتر دەکات کەناوەڕاست و دامێنی شاخەکەیە لەوێ چەند کەسێک بەدیدەکات کەبۆی هاتونەتە پێشەوە و وردەوردە سەردەکەون، یەعقوب دەستەکانی بەرزدەکاتەوە وەکو خۆنیشاندان و بەهاناهاتن بەدەست بانگیان دەکات و بەدەنگیش-:
-یەعقوب/ هێێێێییییی....ئەوەتا لێرەم.... هێێێێییییی....ئەوەتاااااااااااااااااااام.
پیاوەکان یەعقوب بەدیدەکەن ئیتر بەپەلە بەرێچکە بچووکەکەدا بۆی سەردەکەون....یەعقوب بەگاگۆڵکێ هەڵمەت دەبێت بەرەو خوارەوە....وردەوردە تلدەبێتەوە لەدواوەش دڵۆپەی خوێن بەسەر بەفرەکەدا دەکەوێت و سوورێکی کاڵ پێشاندەدات....تادێتە خوارەوە هێزوتوانای کەمتر دەبێت رێچکەی خوێنەکەشی بەدواوەیە ئەوەندەی نەماوە بگاتە نزیک پیاوەکان بەتەواوی پەکی دەکەوێت و لەسەر بەفرەکە بەبرینداری رادەکشێت! تاکو پیاوەکان دەگەنە لای یەعقوب بەتەواوی هێزی لێدەبرێت.
* * *

**پیاوەکان بەسەرسەریەوە وەستاون هەندێکیان دەیناسنەوە دوای ساتێکی کەم وتوێژکردن هیچ وەڵامێک لە یەعقوب نابیستن، یەعقوب جەستەی سڕبوە تەنها چاوەکانی دەجووڵێت بەئەسپایی دەموچاوی یەعقوب لەبەفر پاک دەکەنەوە بەیەکەوە دەست و قاچەکانی دەجووڵێنن هەندێکیان قاچی و یەک دوانێکیشیان دەستەکانی دەخەنە ژێرباڵی خۆیان بۆ گەرمبونەوەی دواتر دەستدەهێنن بەسنگ و پشتی هەر بۆ گەرمبونەوەی، پیاوەکان زۆر خەریکی ئەم گەنجە عاشق و بریندارە دەبن، ئەویش چاوەکانی نوقاوەو لەژێر پێڵوەکانیدا کەمێک دەجوڵێت .**

* * *

**پیاوەکان شارەزای ئەم ناوچەیەن زۆرجار بەمشێوەیە مرۆڤیان لەرەقبونەوە رزگاکردوە زۆرجاریش لەسەردەمی رژێمی بەعسدا خەڵکی ئۆپۆزسیۆن بەناوچەکەی ئەوێندا تێدەپەڕین بەرەو دەوڵەتی ئێران و لەرێگادا بەهۆی ناشارەزایی ئەو شاخانە توشی رەق بونەوەو مردن دەبون، ئەوێنیش زۆریان لەو کەسانە رزگارکردوە و بەرلەوەی کارلەکار بترێزێ بەهانایان هاتوون .**

* * *

**پیاوەکان بەکۆدەنگ بڕیاری هەڵگرتنی ئەم عاشقە بریندارە دەدەن بەرەو گوندەکەی خۆیان.**

**-بەناوی خوا با هەڵیبگرین.**

**بەیەکەوە هەڵیدەگرن و بەرەو گوند دێنە خوارێ................**

* * *

**هێلی گشتیی بەردەوامە........**

**کات/ سپێدەیەکی روون/ دووەم رۆژی زستان ٢٢ ١٢/١٩٩٤/**

**ماڵی مریەم**

**مریەم لەناو جێگەکەی خۆی وەئاگایەو دانیشتوە، بەڵام تریێ بچکۆلە هێشتا لەپرخە بچوکەکان بەردەوامە، لەنێو جێگەوە روانینەکانی مریەم لەگەڵ درزکانی دەرگای ژوورەوە یەکتریان گرتوەو جیانابنەوە، یەک یەک تاڵەکانی رووناکی دەرەوەیان تیادەبژرێت .**

**ئەم کچە لادێییە ئەوەندە بێهێزبوە ئەوەندە دڵ تەنگبوە هەموو چرکەیەک چاوەڕێی هەنگاوێک یان تارماییەکی ئەودیو دەرگاکە دەکات و هەواڵێکی ناخۆشی بۆ بێنن، ئەم کیژە جوانە دڵی خەبەری داوە کەشتێک روویداوە یان هەواڵێکی ناخۆش رووەدەکاتە گوندەکەیان !**

**من دەڵێم شتێکی زۆر سەیروگرنگە کاتێک مرۆڤ لەدوورەوە هەست بەرووداوێکی نەبینراو  و نەبیستریو دەکات!! هەر بەمشێوەیە مریم لەناو جێگەکە دانیشتوەو بەهیچ جۆرێک چاو لەدەرگاکە ناتروکێنێت.**

**بەیانییەو مریەم چاوەڕوانی هەواڵێک یان هەرشتێکیتری یەعقوب دەکات، تانیوەی لەشی بەپێخەف داپۆشراوە بەڵام لەکەمەر بۆ سەرەوە هیچی پێوەنییەو بەواقوڕماوی قنج دانیشتوە چاوی بڕیوەتە درزەکانی دەرگای ژوورەکە، لەو سەرسامیەدا ونبوە تەنها بەجەستە لەنێو جێگەکەی دانیشتوە دواتر وردەوردە پرخەکانی ترێ لەگوێچکەکانیدا دەزرنگێتەوە و لەخەیاڵ دەریدەکەن و دەیهێننەوە نێو ژوورەکە، هەر لەشوێنی خۆی ملی بۆ دەسوڕێنآو دەبینێت ئەم خوشکە بچکۆلەیە نوقمی نێو خەو بوە، زۆر دڵی پێیدەسوتآ چونکە زۆری خۆشدەوێت، بیرلەوە دەکاتەوە دوێنآ شەو زۆر چاوەڕوانی ئەو شوشە عەترەی کرد و تادرەنگ لەگەڵ مریەم مایەوە هەربەو هیوایەش خەوی لێکەوت، ئەوەتا لەتاو ماندوبونی دوێنی شەو تائێستاش خەبەری نەبۆتەوە، بەردەوام سەیری دەکات و لەدڵی خۆیەوە قسە بۆ ئەو خوشکە نازدارەی دەکات-:**

**-مریەم/ ترێ گیان....بەقوربانت بم....عەترەکەی من بۆتۆ، کەیەعقوب-یش عەتری بۆ هێنای ئەویش بۆتۆ، (دەستدەهێنێ بەسەرو قژیدا، ئەویش خەوی لێکەوتوە) بەقوربانت بم خوشکە بچکۆلانەکەم.**

**مریەم لەنێو جێگەکەی خۆی بەتەنیشت خوشکە بچوکەکەی دانیشتوە و بەدەستەکانی قژی بۆشی دەکاتەوە و بەردەوام بەبەزەییەوە سەیری دەکات جارجارەش سەر دادەنوێنێتەوە ماچی دەکات هەندێجاریش سەر هەڵدەبڕێ بۆ دەرگاکە و بەنێو درزەکاندا زەینەکانی ئاڕاستەی نێو حەوشەکە دەکات....**

خەڵکی گوندەکە بەگشتیی هێشتا خەبەریان نەبۆتوە تەنها ئەوێنەی ئیشوکاریان هەیە خەریکی کارەکانیانن لەوێنەیە چەند شوانێکیش وەئاگابن بەڵام وەکو لەوەپێ ش وتم ئەوجۆرە کەسان لەدەرەوەی هێلی جووڵەی چیرۆکەکەی ئێمەن بۆیە ناویان ناهێنم و دەستنیشانیان ناکەم و با ئێوەش نەیانناسن.

* * *

هێلی گشتیی بەردەوامە........

کات/ سپێدەیەکی روون/ دووەم رۆژی زستان ٢٢ ١٢/١٩٩٤/

پیاوەکان لەسەر شاخەکە یەعقوب-یان هەڵگرتووە و

بەرەو گوندەکەی ماڵی مریەم دەیهێننە خوارێ

پیاوەکان لەسەر ئەم شاخە وردەوردە دێنەخوارێ و یەعقوب-یان بەکۆڵ هەڵگرتوە بەنۆرەش یارمەتی یەکتردەدەن جارجارەش هەندێکیان دەستدەهێنن بەدەم وچاویدا بۆ ئەوەی ئاگایان لێبێت نەبادا و خوانەخواستە شتێکی بەسەربێت....یەک دوانێکیان ئەم کورەیان هەڵگرتوەو ئەوێنیتریش دابەشبون لەپێش و پشتیان دەڕۆن بەڵام یەعقوب سات لەدوای سات گیانی سڕدەبێ و هەستەکانیشی بەرەو کزی دەچن جارجارە لەکاتی رۆیشتندا چاوەکانی دەکاتەوە لەبەر بێهێزی هەر زوو دایدەخاتەوە کەسیش نابینێت تەنها ئەرزێکی سپی بەبەفر داپۆشراو تەنانەت ئاسمانیش لەبەرچاوی سپیتر هەڵگەڕاوە سەرلەنوێ ئەندێشەی گەیشتن بەمریەم بەرچاوی ئەم عاشقە شێت و برینداره دەگێرتەوەو دێتەوە بەرچاوی-:

* * *

جیابوونەوەی لقە جووڵە بەهێلێکی باریکتر،

دواتر زەینی بەدواداچوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........

کات/ رۆژ/ پایزی ١٩٩٤

ماڵی یەعقوب

ماڵی مریەم لەپاییزی ١٩٩٤جارێکیتریش دوای پرسەی کامەران و بۆ هەمان مەبەستی دڵدانەوەیان دوای ئەو کوڕە جوانەمەرگە بەمیوانی هاتون لەماڵی یەعقوب بەکۆمەڵ دانیشتون، مریەم و ترێ لەگەڵ بەیان-ی خوشکی یەعقوب بەیەکەوە دانیشتون خەریکی چرپەچرپی خۆیانن و سەرنجی یەعقوب-یش دەدەن کە لەحەوشەکە خەریکی چەند کارێکە . یەعقوب لەگەڵ مریەم جارجارە نیگا دەگۆڕنەوە، کچەکان چەند شتێکیان لەبەردەمە و دەیخۆن و لەکاتی قسەکردن بە ئاستەم زەردە خەنە دەکەوێتە سەر لێویان، دایک و باوکی هەردوولایان لەولای ئەوێنەوە بەیەکەوە دانیشتون خەریکی وتووێژی خۆیانن و چاو شتی تریش دەخۆنەوە کەمێک خەمباری بەسەر دەموچاوی هەردوو خێزانەکە دیارە بەدەم قسەکردنەوە سەرقاڵن بەڵام دەنگی هیچ کەسێک و هیچ شتێک نایەتە گوێچکەی یەعقوب تەنها دەم و دەست جووڵاندنی مریەم و موزیکێکی زۆر ناسکی لای ئەو سازاندوە.

مریەم پەتی خۆڕاگری دەپچڕێنێت هەڵدەستێتە سەرپێ و بەرەولای یەعقوب دەڕوات لەنێو حەوشەکە بەیەکەوە دەوەستن، ئەگەر بچیە پشتی ئەوێن کەمێک بەرزییەتەوە و تێبانبڕوانی دەبینیت لەئاسۆی ئەو دوو عاشقەدا ترێ و بەیان بەیەکەوە دانیشتون جارجار سەیری مریەم و یەعقوب دەکەن لەولای ئەوێنیش دایک و باوکی هەردوولا دانیشتون و خەریکی قسەکردنن، گەر دەموچاوی ئەو دوو عاشقە بهێنیتە بەرچاوی خۆت و لەنزیکەوە سەیریان بکەیت دەبینیت مریەم دڵنەوایی ئەم عاشقە دەداتەوە و دووبارە سەرخۆشی برامردووەکەی لێدەکات، ئەویش لەسەرەخۆ دەگری و چاویشی پڕبوە لەئاو ونوقاندویەتی .

ئەم هەموو دیمەنانە بەبێ ورتەیە و هیچ دەنگێک نابیسترێ بەڵکو کزە باسارەدکە تێکەڵاودەبێت لەگەڵ ئەو موزیکە گوزارشتیەی لەلایەن زەینی خوێنەرەوە پێیدەبەخشرێت، لەگەڵ ڕێوڕۆیشتنی پیاوەکانی خەڵکی ئەم گوندە تەریب دەبێت

**کاتێ لەسەر شاخەکە یەعقوب-ی بریندار دەهێننە خوارێ و هەر بەمشێوەیە لەرۆیشتن بەردەوامن تادەگەنە ناو مزگەوتی دآ .**

* * *

**گەڕانەوە بۆ سەر هێلی گشتیی........**

**کات/ سپێدەیەکی روون/ دووەم رۆژی زستان ٢٢ ١٢/١٩٩٤/**

**ناو مزگەوتی گوندەکەی ماڵی مریەم**

**پیاوەکان دەگەنە ناوحەوشی مزگەوت، یەعقوب-یان بەکۆڵەوەیەو دەیبەنە ژورەوە لەنزیک سۆبا دارەکە دایدەنێن و لەگەل موزیکی گوزارشتی چەند ساتێک بەبێدەنگی بەسەرسەریەوە دەوەستن، هەندێکیان دادەنیشن ئەوێنیتریش بەپێوە، چەند پیاوێکی پیریش بەچواردەوری سۆباکە دانیشتون و دوعای خێر بۆ ئەم گەنجە بریندارە دەکەن دەمیان دەجووڵێو دەست بەرزدەکەنەوە بۆئاسمان کە هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ دوعای خێر بۆ ئەم کوڕە بریندارە .**

**مام خدر یەعقوب دەبینێت**

**چەند پیاوێکی پیر لەنوێژکردن دەبنەوە یەکسەر دێنە نزیک ئەم تەرمە لەخوێن هەڵکێشراوە، یەکآ لەو پیرانە مام خدری باوکی مریەم-ـە زۆر بەحەپەساوی سەیری یەعقوب دەکات و کەمێک بەپێوە بەسەرسەریەوە دەوەستێت! دواتر بەخێرایی دەچێتە دەرەوە .**

**ئەوێنەی چواردەوری وردەوردە جلە تەڕەکانی لەبەردادەکەنن، دەستآ جلی کوردیتر لەناو خۆیاندا پەیدادەکەن لەبەریدەکەن و بەدیاریەوە دادەنیشن تاگەرمی بێتەوە هەروەها چاوەڕێی چاوهەڵهێنانیشی دەکەن دووبارە پیاوەکان دەستدەکەن بە شێلانی دەست و قاچی یەعقوب بۆ گەرم بوونەوەی، یەکێکیان کتری سەر سۆبا دارەکە دادەگرێ و کەمێک ئاوی گەرم دەخاتە پیاڵەیەک و لەپشت سەری ئەو کوڕە عاشقە دادەنیشآ وردەوردە بەکەوچک ئاوە گەرمەکە دەکات بەدەمی بۆ ئەوەی ناوسکی گەرمبێتەوە کە دەیبینن ئاوەگەرمەکە دەچێتە خوارەوە و لەکاتی قووتدانیدا جوڵەی قورگی بەرزونزم دەبێت هەرهەموو سەیری یەکتر دەکەن و زەردخەنە دەپەڕێتە سەردەموچاویان و زۆر دڵیان خۆشدەبێت چونکە ئەمە نیشانەی زیندویی دەردەخات بەڵام بەهۆی سەرماکەوە بێهێزبووەو توانای هەڵسان و قسەکردنی نییە، ئەوێنیش شارەزاییان لەمجۆرە حاڵەتانە هەیە چونکە لەناوچەکەی ئەوێن لەکاتی زستاندا زوو زوو شتی ئاوا روودەدات.**

* * *

**هێلی گشتیی بەردەوامە........**

**کات/ سپێدەیەکی روون/ دووەم رۆژی زستان ٢٢ ١٢/١٩٩٤/**

**ماڵی مریەم**

**مریەم بەهەمان شێوەی پێشوو لەسەر جێگەکەی بەقنجی دانیشتووە ترێ هێشتا لەخەو هەڵنەستاوە، ئەم کچە عاشقە بەبێ دەنگی بەنێو ژوورەکەدا دادەپۆشێت بەغوربەتەوە سەیری هەموو کەلوپەلێک دەکات هەرواش سەیری ترێ دەکات وەکو بیەوآ ماڵئاوایی لەهەموو شتێک بکات، لەخوشکەکەی، لەژوورەکەی، لەئاوێنەکەی، لەشوشە عەترەکەی بەردەمی ئاوێنەکە.**

**چاوەکانی زیاتر زەق بونەتەوە! سەرسوڕمانی پێوەدیارە! رەنگی سپی هەڵگەڕاوە و بەتەواوی رەنگی مردووی لێنیشتوە، دەڵێی لەدونیایەکیترەوە هاتوە و هەڵسوکەوتی لەمرۆڤی لای خۆمان ناچێت....جارجار روو وەردەگێڕآ بۆ سەرینەکەی وەک بیەوآ پاڵبکەوێت بەڵام هیچ ناکات و دووبارەو سێبارە وەک نامۆبێت بەژوورەکە ئاوا سەیری سەرجەم شتەکان دەکات! یان دەیەوێت ترێ وەئاگابێنێت قسەی بۆ بکات! دەستی بۆدەبێت و دواتر رووەدەکاتەوە بەردەمی خۆی و هیچیش ناڵێت، زۆرترین کات چاوی بڕیوەتە درزی دەرگاکەو هیچ تارمایی و سێبەری هیچ کەسێکیش لەودیو بەدیناکات، زیاتر تێیان دادەپۆشێت وەکو هەرئێستا شتێک ببیستێت وادیارە بەڵام ئەمەشیان ئاکامی نییە بۆیە لەم ژوورە نیمچە تاریکە بەواقوڕمای لەسەر جێگەکەی خۆی بەتەنیشت خوشکە خەولێکەوتوەکەی دانیشتوە و ئەبڵەق بوە .**

* * *

**هێلی گشتیی بەردەوامە........**

**کات/ سپێدەیەکی روون/ دووەم رۆژی زستان ٢٢ ١٢/١٩٩٤/**

ناو مزگەوتی گوندەکەی ماڵی مریەم و قسەوباسی خەڵک

یەعقوب لەنێو مزگەوت چاوی کردەوە!....

چەند کەسێک بەسەرسەریەوە وەستاون و خەریکی پاککردنەوەی برینەکانی ئەو گەنجەن....وردەوردە خەڵکی ئاوایی کۆدەبنەوە و ناو مزگەوت پڕدەبێت لەپیاو، دەنگ وباسی تەقینەوەکەی ئەم بەیانییە بەناو گوندەکەدا بڵاودەبێتەوە، سێ سێ و چوارچوار پیاوان دێن بۆ مزگەوت سەیری ئەو لاوە بریندارە دەکەن و دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان، هەندێکیان دەیناسن .

لەناو دێ مقۆمقۆ پەیدادەبێت! چەندین پیرەمێردو پیرژن و گەنج لەکۆڵانەکاندا بەیەک دەگەن هەندێکیان لەمزگەوت دەگەڕێنەوە ئەوێنیتریش بەرەو ئەوێ دێن و دەپرسن-:

-ئەرێ کێ مردووە؟

-داماوێکە....کەوتۆتە سەر مینەکانی رەبییەکەی سەرەوە!

-ماوە؟!

-وەڵڵا وابزانم ماوە!

-کورە بەخوا نوتقی لێبڕابو!....ماوی چی!

-ئەرێ چەند کەس پێوەبوە؟!

-هەر یەک کەسە!

-کێیە؟!

-تاقە کورەکەی مەلاعەلی ئەودیوە!

* * *

هێلی گشتیی بەردەوامە........

کات/ سپێدەیەکی روون/ دووەم رۆژی زستان ٢٢ ١٩٩٤/١٢/

ماڵی مریەم

بەحەپەساوی دەموچاوی مریەم دەردەکەوێت لەسەر جێگەکەی دانیشتوە!....ترێی خشپیلە بەتەنیشت مریەم چاوەکانی دەکاتەوە و وەئاگادێت، لەنێو جێگەکەی کەمێک خۆی لێکدەکێشێتە وە بەیانی باش لەخوشکەکەی دەکات بۆ وەڵام دانەوە مریم بەئاستەم نوزەی دێت، هەرلەناو جێگەکەوە ترێ باوەش دەکات بەریەم و ماچی دەکات بەڵام مریەم-ی دولبەر ئاگای لەخۆی نییە تەنها بەجەستە لەژوورەوەیە هەرچی هەست و هۆشی هەیە لەسەر شاخەکەیە وبەچواردەوری رەبیە کۆنەکە دەسوڕێتەوە سەیرێکی خوشکە بچوکەکەی دەکات و دەست بۆ شوشە عەترەکەی ژوورەوە رادەکێشێت، ئەویش بەسەرسوڕمانەوە لێیدەڕوانێ بەڵام لێیتێناگات -:

-مریەم/ بۆ تۆ....(دەستی بۆ شوشە عەترەکە راکێشا وەو زۆر بەکزی قسەدەکات)

-ترێ/ مریەم گیان....!بەقوربانت بم بۆ وادەکەی؟! چیبوە؟!

-مریەم/ بۆ تۆ....(بەردەوام دەستی بۆ شوێنی ئاوێنەکە راکێشاوە) .

ترێ تێناگات ئەم خوشکە گەورەیەی بۆ وادەکات؟ مریەم وەکو هەر کەسێکیتری ئەم گوندە شارەزای مینەکانی چواردەوری ئەم رەبیە کۆنەیە دەشزانێت تەقینەوەکەی ئەم بەیانییە لەوێ روویداوە، ئایا لەخواییەوە پێیان راگەیاندوە تەقینەوەکە بەر یەعقوب کەوتوە یان دڵی عاشق زۆر هەستیارە و هەواڵی لەناوچوونی دڵدارەکەی پێگەیشتوە؟! یان لەئیلاهیەوە بۆیان دانراوە کەنامرادبن و دوو دڵداری ئەم ناوچەیە بەیەکتر نەگەن؟! ئەم هەموو هەواڵە بەبیری مریەمدا گوزەر دەکەن....بەمەلولیەوە چاوەکانی هەڵفڕیون بەسەر دیوی ژوورەوەی دەرگاکە نیشتونەتەوە و خزاونەتە نێو درزەکان و دەیەوێت لەوێوە هەواڵ و دەنگوباسی یەعقوب بزانێ بۆیە ناتوانێت بەئاسایی وەڵامی ترێ بداتەوە .

-ترێ/ (ماچی مریەم دەکات) مریەم گیان بەقوربانت بم....چیتە؟!....شەو یەعقوب هات؟! (پێدەکەنآو دەست دەهێنێ بەسەریدا).

-مریەم/ (هیچ ناڵێ بەحەپەساوی سەیری ترێ دەکات و جارجارەش چاوەکانی دەگوازێتەوە بۆ شوێنێکیتری ژوورەکە).

-ترێ/ مریەم گیان چیبوە؟! دە قسە بکە (تۆزێک خۆی گرژ دەکات).

ترێ بەمشێویە پرسیار لەخوشکەکەی دەکات و ئەویش بەمشێوەیە نوقمی خەیاڵ بوە، لەنێو حەوشەکەدا گوێیان لەدەنگی مام خدری باوکیان دەبێت کەقسە بۆ دایکیان دەکات تەنها منگەمنگەو لەهیچ وشەیەک حاڵی نابن.

مریەم بەهیچ شێوەیەک وەڵامی ترێ ناداتەوە هەر لەناو جێگەکەوە بەبێ هێزی گوێ هەڵدەخات بۆ دەنگ وقسەکانی دایک و باوکی بۆ ئەوەی چەند وشەیەکی دەستبکەوێت نەوەکو ئەوەی ئەو بیری لێدەکاتەوە سەبارەت بە یەعقوب راست بێت و رەنج بەخەساربێت! دوای چەند چرکەیەک لەحەوشی ماڵی مریەم و لەکوڵانیش دەنگەکان زۆر دەبن و خەریکە وشەکانی دەم خەڵک دەردەکەون و سات لەدوای سات رونتر دەبنەوە .

ترێ بەردەوام دڵنەوایی مریەم دەداتەوە تاوەکو خەفەت نەخوات بەردەوام دەستدەکاتە ملی و زۆریشی خۆشدەوێت چونکە وەکو دوو هاوڕێ گیانی بەگیانین....دوای ئەو هەموو هەوڵدانەی ترێ بۆ ئەو خوشکەی هەر لەناو جێگەکەوە مریەم بەبێزاری و لەسەرەخۆ بەئاماژەی دەست داوا لەترێ دەکات کەکەمێک بێدەنگ بێت تابزانآ ئەو دەنگەدەنگەی دەرەوە چیە؟! بەدەستە بێهێزەکانی ئاماژە بۆ دەرگاکە دەکات دواتر وەک مرۆڤێکی بێگیان بەتەپەیەکی خێرا دەستی دەکەوێتەوە سەرکۆشی.

-ترێ/ (بەسەرسامیەوە لەخوشکەی دەڕوانآ کەبۆچی ئاوا بێهێزە؟!) مریەم گیان دوودڵ مەبە....ئەمە دەنگی باوکمە....تازە لەمزگەوت گەڕاوەتەوە.

-مریەم/ (زۆر لەسەرەخۆ سەیری ترێ دەکات و بەدەست ئاماژە بۆ بێدەنگی دەکات) .

ترێ نازانێ کە مریەم دەنگی باوکی دەناسێ بەڵام دەیەوێ لە وشەکانی تێبگات....یەکەسەر بێدواکەوتن بەقسەی دەکات و هەردوکیان بێدەنگ هەست لەخۆیان دەبڕن و گوێ دەگرن بۆ قسەکانی دایک و باوکیان لەنێو حەوشەکە، ترێ وەکو ئەو خوشکەی زەینەکانی دەخاتە نێو درزی دەرگا دارەکە بەڵام مریەمی دولبەر زۆرتر و زیاتر پەرۆشی بیستنی هەواڵە! لەوە دەترسێت ئەو کوڕە شێتە شتێکی لێبەسەرهاتبآ-:

-مام خدر/ (لەحەوشەکە وەستاوە و قسە بۆ هەیبەت-ی ژنی دەکات) لەمزگەوت پاڵیان ختسوە! خۆی شارەزای ناوچەکەیە!....بۆ وایلێهات؟!

* * *

ماڵەکەی مام خدر لەمزگەوت نزیکە بۆیە دوای بینینی یەعقوب زوو گەڕابۆوە، ئەوەتا لەگەڵ هەیبەت-ی ژنی لەنێو حەوشەکەی خۆیان وەستاون بەم بەیانییە بەسەر دیوارە نزمەکەی ماڵەکەیان سەیری مزگەوت دەکەن دوای بیستنی هەواڵی ئەو تەقینەوەیە دەستەدەستە پیاوان بەرەو ئەوێ دەڕۆن .

* * *

-هەیبەت/ (دوای حەپاساوی) خدر....کێیە؟!

-مام خدر/ وەاللهی....! هەیبەت! بڵێم....! کێیە!

-هەیبەت/ (دێتە نزیکی) کێیە؟ !

لێرەدا روئیای خوێنەر لەبەردەمی مام خدر و پلکە هەیبەت لەنێو حەوشەکە بەکێشدەکەم ....

موزیکێکی گوزارشتی زۆرکز

لەگەڵ دەنگەکانی ئەو ژن ومێردە بەدرزەکانی دەرگای ژوورەکەی ئەو دوو خوشکەدا دەبەمە ژوورەوەو بەسەر دەم وچاوە سڕ و تێکچوەکەی مریەم-دا دەیگێرسێنمەوە! ترێ حەپەساوی واقوڕمانەکەی خوشکە گەورەکەیە، ئەو موزیکە کزەش هەربەردەوامە و دووبارە تێکەڵاو بەگریان و قسەکانی مام خدر دەبێت.

-مام خدر/ (کەمێک دەگری) چی بڵێم هەیبەت....چی بڵێم؟ !

مریەم لەدرزەکانەوە گوێی لەدەنگی باوکیەتی! بەڵام دوای گریانەکەی دەیەوێ ناوی مردووەکەش وەربگرێ! بزانێ کێیە! بزانآ چۆن بوە! وڕوڕ لەناو جێگەکە دانیشتوە و سەیری دیوی ژوورەوەی دەرگاکە دەکات! ترێ بەتەنیشتیەوە دانیشتوە سەیری ئەم خوشکەی دەکات دواتر دەستدەبێت بۆ سەرو لاملی خوشکە گەورەکەی دەیەوێ ماچی بکات، دەیەوێ لەباوەشی بگرێ، بەڵام مریەم بەبێ دەنگ بەدەستەکانیی ترێ لەخۆی دووردەکاتەوە و گوێ شلدەکات بۆ قسەکانی دایک و باوکی بەردەوامیش وشەکان بۆی دێنە ژوورەوە بەڵام لێیان تێناگات چونکە هەمووی بەتێکەڵ و پێکەڵی بەرگوێی دەکەون.

* * *

ئەگەر بگەڕێنەوە دەرەوە لەنێو حەوشەکە سەیری مام خدر بکەین بەچ شێوەیەک قسە بۆ هەیبەتی هاوسەری دەکات! چۆن چۆنی لەگەڵ قسەکردنیدا دەگری! چۆنیش ناو وهەواڵی مردنی یەعقوب بەژنەکەی رادەگەیەنێ !

ئەگەر سەیری پلکە هەیبت بکەین چۆن گوێی گرتوە بۆ مێردەکەی! کاتێ هەواڵی مردنی یەعقوب دەبیستێ! چۆن هەردووکیان بەجووتە دەگرین بۆ ئەو لاوە نامورادە چونکە ناسیاوییان لەگەڵ سەرجەم خێزانەکەی ماڵی یەعقوب هەیە هەروەها ئەو کوڕەش تاقانەیە و لەچوار برا هەرخۆی ماوەتەوە بۆیە زۆر بەپەرۆشن بۆی، بۆیە زۆر بەداخن بۆی، بۆیە دەگرین بۆی.

-پلکە هەیبەت/ خدر بۆ قسە ناکەی؟! بۆ پێمناڵێی کێیە؟!

-مام خدر/ بڵێم چی؟! (لەپڕ لەپرمەی گریان دەدات) یەعقوبی کوڕی مەلاعەلی! (دەست بۆ گوندەکەی ئەودیو رادەکێشآ).

* * *

دوای بێدەنگ کردنی ترێ لەلایەن مریەم....!

دوای کش وماتبونی ژوورەکەی مریەم....!

دوای وەستانی کات لەلای مریەم....!

ئەم هەواڵە جەرگبڕەی دەمی مام خدر بەزووترین کات دەگاتە بەردەرگای ژووری ئەو دوو خوشکە جوانکیلەیە! بەشەرمەوە، بەترسەوە! بەلەرزەوە! بەناچاری خۆی دەخزێنێتە ئەودیو ژوورە تازە رووناک بوەکە و دەکەوێتە سەرجێگەی خوشکان .

ئاااااخ....ئاخ لەو ساتەوەختەی ئەم وشەیە بەرگوێ مریەم کەوت !

* * *

لەزاری ترێ وەرگیراوە....

مریەم-ی عاشق کەناوی یەعقوبی بیست یەکسەر لەناو جێگەکەی راچڵەکی و هاتە دەرێ! تاگەیشتە بەردەرگای ژوورەکە بەرچاوی تاریک بو، بەخوا بەچاوی خۆم بینیم بەدەستەکوتآ دەرگاکەی کردەوەو لەوێ وەستا! حەوشەکەمان یەک پارچە بە بەفر داپۆشرابو بایەکی ساردیش بەسەر قاچەکانی مریەم-دا بەژووریَ کەوت خەریک بو رەق دەبومەوە.

* * *

مریەم لەناو دەرگاکە وەستاوە رووناکیش تاریکی ناو ژوورەکەی دڕیوەو ناو جێگەی هەردووکیان و دیوارو تەنانەت کەل وپەلی نێو ژوورەکەش ساردبوونەتەوە، ترێ دەستەکانی لە سنگی خۆی ئاڵاندوە زۆر هەست بە سەرما دەکات کەمێک پێخەفەکە رادەکێشێتە سەرخۆی بۆ ئەوەی لەش ولارە گەرمەکەی لەو ساردیە بپارێزێ.

وردەوردە بەرچاوی مریەم ڕووندەبێتەوە، وەکو ترێ هەست بەسەرما ناکات چونکە بەهۆی بیستنی هەواڵێکی ساردتر لەک جەستەی بەڵکو مێشکیشی سڕبووە هەرلەوێوە سەیری دایک و باوکی دەکات لەبەردەمی ژوورەکەیتر بەم بەیانییە بەیەکەوە وەستاون و قسەدەکەن، ئەوێنیش دەستەکانیان لەیەکتر ئاڵاندوە و خەم دایگرتون! باوکی فرمێسکەکانی دەسڕآ و دایکیشی بەشێوەیەکی زۆر غەمبار وەستاوە....ئەگەر مریەم گوێی لەمردنی یەعقوب-یش نەبوایە ئەوێ لەشێوەی دەموچاوی دایک و باوکی دەیزانی کەکارەساتێکی ناخۆش روویداوە .

ترێ لەژوورەوە لەناو جێگەکەی خۆی دانیشتوە خۆی گرمۆڵە کردوە کەمێک رووناکی حەوشەکە هاتۆتە نێو ژوورە تاریکەکەو خەریکە سارد دەبێتەوە، لەدواوە سەیری مریەم دەکات و چاوەڕێیە بێتە ژوورەوەو دەرگاکە دابخات بۆ ئەوەی کەمێکیتر خۆی بخاتەوە نێو پێخەفەکە و گەرمی بێتەوە هەواڵی ئەم وەستانەشی لێبپرسێت بەڵام هەر بەمشێوەیە ترێ لەژوورەوە دانیشتوەو چاوەڕێیە.

مریەم لەبەردەرگای ژوورەکە رووەو دایک و باوکی وەستاوە لایەکی سنگی خستۆتە سەردەرگاکە تاکو یارمەتی وەستانە بێهێزەکەی بدات دەرگاکەش بەهۆی ئەو کیژە عاشقە کراوەتەوە ئەگەرنا بەبێ دەستلێدان خۆی بەجیڕەجیڕ دادەخرێتەوە، لەوێوە بەسەر دیوارە نزمەکەی ماڵی خۆیاندا چاوێک هەڵدەبڕآ بۆ کۆڵان چەند پیاوێک دەبینآ بەپەلە بەرەو مزگەوت دەڕۆن چەند گەنجێکیش دەبینێت هەڵتەک هەڵتەک بەڕاکردن بەرەو ئەوێ دەڕۆن و لەیەکتری دەپرسن -:

-مردووه؟!

-نازانم! بابچین سەیری بکەین!

-ئەرێ بوەستن منیش دێم بۆ مزگەوت.

-تۆزآ خێراکە....بەڵکو نەمردبآ بافریای بکەوین!

*　　*　　*

لێرەدا مۆزیکە گوزارشتیەکە دەپچرێت

سکرینی خوێندنەوە تەنها واقوڕمانی ئەم کچە عاشقەی لەسەر وێناکراوە، مریەم کەگوێی لەم هەموو قسانە و مردن و نەمردنە دەبێت خەریکە دەبورێتەوە، خەریکە دەمرێت، ئەوقسانەن کە ئەو رقی لێیانەو ئاوات بەمەرگی خۆی دەخوازی نەک گوێگرتن لەو وشانەی چواردەوری مەرگی یەعقوب....لەولاترەوە چەند پیاوێکیتر دەبینآ رادەکەن بەرەو مزگەوت! ئەوێنیش هەمان وتووێژ دەکەن و باسی مردن و ژیانی ئەو کوڕە عاشقە دەکەن! ئەویش لەناو ئەو دەرگایە وەستاوە ئەوەندەی نەماوە گیانی دەرچێت هەرچەند دەستەدەستە پیاوان دەبینێت بەرەو ماڵی خوا رادەکەن ئەو زیاتر لەبورانەوەو گیان دەرچون نزیک دەبێتەوە. خۆ منارەی مزگەوتی بەچاکی لێدیارە کەمێکیش دیواری حەوشەکەی دەبینآ و چەند پیاوێکیش لەوێ دوو دوو سێ سێ وەستاون و قسەدەکەن بەڵام نەگوێی لەوتووێژیانە نەدەتوانێ و نەدەبێ ئافرەت بچێ بۆ مزگەوت کەشوێنێکە بۆ پیاوان، تەنهاوتەنها سەری پیاوەکانی لێدیارە و دەشزانێ خەریکی ئەو کوڕە عاشقەن بەڵام هێشتا بەتەواوی بۆی روون نەبۆتەوە کە یەعقوب مردووە؟! یان نا !

*　　*　　*

خۆ ئەو گوێی لەباوکی بو چۆن ئەو هەواڵەی بەدایکی راگەیاند بەڵام کەمی تەمەن و باوەڕنەکردن بەدڵ و حەزەکانی خۆی و خەستیی خۆشەویستیەکەی هۆکارن بۆ ئەوەی بەهیچ شێوەیەک مردنی یەعقوب قەبوڵنەکات، یان وەکو رای خۆی مردن بۆ یەعقوب دانەنرابێت و لەهەموو ساتێکدا ئامادەبێت خۆی بکات بەقوربانی ئەو کوڕە سەرکێشە، هەرچەندە عاشق زۆر هەستیارەو بەهۆی دڵە بآ سیمەکەی هەواڵی هەموو شتێکی پێدەگات.

*　　*　　*

لەگەڵ مۆزیکێکی ناسک و کز

ترێ لەژوورەوە لەدواوە بەسووکی بانگی خوشکە عاشقەکەی دەکات و دەپرسێت-:

-ترێ/ مریەم گیان ئەوە چیە؟

-مریەم............ /

-ترێ/ توخوا بۆ لەوێ وەستاوییی؟

-مریەم............ /

-ترێ/ ئەری بۆ وەڵامم نادەیەوە؟ دەوەرە ژوورەوە بەسە ئیتر.

زەینەکانی مریەم ئاڵۆزن بۆ زانینی دوا هەواڵ و دڵنیابون لەیەعقوب وەک لاشەیەکی بێگیان بەپێوە وەستاوە شان وسنگی داوەتە لایەکی دەرگاکەو هەرلەوێوە چاودەبرێتە دایک و باوکی، زۆر کزوهێمنە هەرچی ئەندامە هەستیارەکانی لەشی هەیە هەرهەمووی کزبون لەباری ئاسایی کەمتر درک بەشت دەکات بەڵام چاوەکانی لەکارکردن نەوەستاون....هەر لەنێو دەرگاکەوە بەمەلولیەوە دادەپۆشێتە دایک و باوکی تابزانآ هەواڵی مردنی دڵدارەکەی راستە یان چی؟!

گوێچکەکانی مریەم کپ بون....بەکزی غەڵبەغەڵبێک دەبیستێت....هەیبەت خۆی دەکوژێ و دەبڕێ....لەخدری مێردی نزیکدەبێتەوە هەواڵی یەعقوبی لێدەپرسێ، خدر-یش لە ژنەکەی زیاتر پەشۆکاوە چونکە دەزانێ ئەو کوڕە تاقانەیە و پێشخۆی سێ برایتری تیاچوە، هەموو ئەو پرسیارو وەڵامانەی دایک وباوکی بەدەنگێکی کز ونزم دێتە گوێی ئەم کچە شێتە تەنها جووڵەی دەست و دەمیان دەبینی ئەگینا بەچاکی لەوشەکان ناگات.

*　　*　　*

وردەوردە بەرەولای مام خدرو باجی هەیبەت

بالێرەدا مۆزیکێکی ناسک وغەمبار بکەین بەبەرگی ئەم دیمەنە ناسکە بۆ ئەو کیژە ناسکە لەسەرەخۆ شێوەی وەستان و ئامادەکاریی هەستی بینینی مریەم لەگەڵ ئەو مۆزیکە گونجاوە تێکەڵاو بەیەکتر بەجێبهێڵین وردەوردە کامیرای

رۆئیامان بگوازینەوە نزیک مام خدرو هەیبەتی هاوسەری تابزانین چۆن باسی ئەم بەسەرهاتە دەکەن، بەشێوەیەک لەودیویان بوەستین تالەئاسۆی ئەوێندا لەدوورەوە مریەم-مان لێدیاربێت چۆن لەبەر دەرگای ژوورەکەی خۆی وەستاوە و سەیریان دەکات ناو حەوشەکەش یەک پارچە بەفرە.

-هەیبەت/ چۆن تووشی ئەو مینانە بوە؟! (دەکێشێت بەخۆیدا)

-مام خدر/ (سەری داخستو وە هەندێجاریش لەوێوە سەیری ناو مزگەوت دەکات).

-مریەم/ (لەدوورەوە دیارە بەبێ هێزآ دادەپۆشێتە دایک و باوکی).

-هەیبەت/ ئاخر بەم بەیانییە لەوێ چی دەکرد؟!

-مریەم/ (لەدوورەوە دیارە بەبێ هێزێ دادەپۆشێتە دایک و باوکی).

-هەیبەت/ خۆ هەر هەموومان شارەزای ئەو رەبیە کۆنەین! رەبی سەدام پارچەپارچە بکرێیت.

بابگەڕێینەوە لای مریەم

مریەم هەرلەوێ وەستاوە و جارجارەش بەرچاوی تاریک دەبێت جووڵەی دەست ودەمی دایک و باوکی بەئێڵی دەبینێ و کاتی واش هەیە هەردووکیانی لەبەرچاو وندەبێت! سەرێک رادەتەکێنێت و وجارێکیتر هەردووکیانی دێتەوە بەرچاو.

بچینە لای ترێ

ترێ لەژوورەوە هەرچاوەڕێی ئەو خوشکەی دەکات تاکو بێتە ژوورەوە و دەرگاکە دابخات بۆ ئەوەی لەو هەوا ساردە نەجاتی بێت هەروەها ئەو هەواڵەش بزانێ کەمریەم گوێی لێگرتوە بەڵام جارێ مام خدر هیچ وەڵامێکی دروستی نەداوە بەژنەکەی تا مریەم-یش بگات بەدوا ئاکامی بەسەرهاتە جەرگبڕەکە، مام خدر بەحەپەساوی لەحەوشەکەی خۆیان سەیری مزگەوت دەکات بەچاوێکی پڕ لەفرمێسک ئاوێتەی راکەراکی پیاوان بوە کەبەرەو ئەوێ دەڕۆن هیچ ئاگاشی لە مریەم-ی عاشق نییە چۆن و بۆ لەوێ وەستاوە.

-هەیبەت/ کوڕم....بەم بەیانییە تۆ لەسەر ئەو شاخە چی دەکەیت؟! (لەبەرخۆیەوە)

-مام خدر/ (بەبێ هێزی سەیری ژنەکەی دەکات) مەلاعەلی هەرتەنها ئەو کوڕەی مابو.

-مریەم/ (چرکە دوای چرکە رەنگی مردووی لێدەنیشێت).

-هەیبەت/ دەک دایکت بمرآ رۆڵە.

-مریەم/ (ئەوەندەیتر تێکدەچێت).

-مام خدر/ مەلاعەلی ئەم هەواڵە ببیستآ ئەمرێ. (بەگریانەوە)

-مریەم/ (تەنها ئەوەندە ماوە گیانی دەرچآ خەریکە چیتر بەپێوە خۆی بۆ ناگیرێ).

دایک و باوکی مریەم سەرقاڵن بەهەواڵی یەعقوب....ئاگایان لەمریەم نییە لەولاوە لەبەردەمی ژوورەکەی خۆی سەیریان دەکات.

-مام خدر/ خەڵکی خۆمان چوبون بەبرینداری لەسەر شاخەکە هێنابویانە خوارێ. (بەگریانەوە)

-هەیبەت/ هەرمابێ! چش لەبرینداری.

-مام خدر/ (هەناسەیەک هەڵدەکێشێت .(!!!!!

مریەم گوێی بۆ قسەکانیان گرتوە لەو چەند وشەی دوایی تێگەیشت! چاک دەزانێت مەبەست لەم وتووێژە مان ونەمانی ئەو کوڕە شێت و سەرکێشەیە، سەرقاڵە بەو هەناسە قووڵەی باوکی و دەیەوێت کاردانەوەکەی بزانآ کەپەیوەستە بەمان و نەمانی یەعقوب-ی گەنج، یەعقوب-ی دڵداری، یەعقوب-ی رۆحی، یەعقوب-ی سوارچاکی خەونەکانی گەنجێتیی ئەو کچە لادێییە جوان و وردیلەیە، ئەو لاوە عاشقە هەموو شتێکە بۆ مریەم.

* * *

لێرەدا و لەچوارچێوەی دیزاینی گێڕانەوەو نەخشەسازی داڕشتنی ئەم چیرۆکەمدا وەڵامی مام خدر بۆ هەیبەتی ژنی:- وشەی مردنی یەعقوب-ە کەبەرگوێی مریەم دەکەوێت .

هەرلەسەرەتای دانانی بناغەی ئەم دەقە ئەدەبییەم وام دانابو بەیانی دووەم رۆژی زستانی ساڵی ١٩٩٤ مریەم هەواڵی مردنی یەعقوب ببیستێت تاکو لەسەر هێڵی کارای گشتیی داڕشتندا یەعقوب لەزەینی مریەم-دا مردبآ، من مردنی

یەعقوب-م مەبەستە بۆ ئەوەی کاردانەوەی ئەم هەواڵە جەرگبڕو ناخۆشە بەشێوازێکیتر لەچوارچێوەی کەسێتی مریەم-دا بەکۆتا بگەیەنم .

* * *

-مام خدر/ (هەناسە قووڵەکەی دەداتەوە) کەمن لەنوێژ بومەوە گیانی دەرچوبو !

* * *

هەیرۆ........هەیرۆ........ئەگەر ئەم دیمەنە لەسەر سکرین ببینرێت!!!!! ئاخۆ بەبیستنی وشەی (گیانی دەرچوبو!) چ جۆرە موزیکێکی گوزارشتی دەچێتە ناخی مریەم! چۆن دەموچاوە وردیلەکەی ئەبلەق دەبێت ! چۆن دەم دادەچەقێنآ! چۆن چاوەکانی زەق دەکاتەوە، ئەی چۆن توانای گرتنی رۆحی خۆی هەیە تا دەرنەچێت؟!

دەبێ هەمووماں ئەگەر کەمێکیش بێت بەشداری شین و هاوغەمی مریەم بین تاهەست بەئازارەکانی ئەو کیژە جوانە بکەین، باکەمێک بگرین تاخۆمان لەئازار بشۆینەوە، باتوزێک ئاخی بۆ هەڵکێشین نەبادا ئەویش دوای هەواڵی مردنی دڵدارەکەی شتێکی لێبەسەربێت.

ئای لەو رۆژانەی دڵی دولبەر هەست بەمردنی پێشوەختی دڵدارەکەی دەکات و مەراق دایدەگرێت.

ئای لەوساتانەی مرۆڤ هەواڵی مردنی ئازیزان دەبیستێت، پەشۆکاوی دڵ و هەست و بیر دایدەگرێت .

ئای لەوکاتانەی مردنی دڵ رەق بەبێ ترس یەخەی خۆشەویستان دەگرێت.

* * *

کاتێ مریەم-ی دولبەر وشەی گیان دەرچوونی یەعقوب-ی بیست ئەوەندەیتر وشک بو! روخساری لەبەفرەکەی بەردەگای ژوورەکەیان سپیتر هەڵگەڕا، گەرمی لە لەشیدا نەما لاشەیەکی بێهەست دەگەڕێتەوە دواوە بۆ سەرجێگاکەی، تاگەیشتە شوێنی خۆی دەرگاکەش بەجیڕەیەکی ناخۆش بەدوایدا داخرایەوە و تاریکی کەوتەوە نێو ژوورەکە تەنها لەدرزەکانەوە ڕووناکی ئەم بەیانییەی سەر بەفرەکە دێتە سەرجێگای ئەو دوو خوشکە، بەگەیشتنی مریەم بۆ سەر جێگەکەی تەپەی لێهەڵسا ترێ-ش کەمێک بەم کەوتنە پەشۆکا .

ئەم ماوەیەش ترێ هەرلەناو جێگەکەی خۆیەوە سەیری ئەم خوشکەی دەرکرد کەبینی بەمشێوەیە گەڕایەوە ژوورەوە کەمێک بۆی هەستایە سەرپێ و لەگەڵ کەوتنەکەی بەپەلە گرتی و لەسەر جێگەکە داینا، ئەو کچە دولبەرەش تەنها جەستەیەو هیچیتر ئاگای لەخۆی نەماوە هەربەو دانیشتنەوە ترێ بەسووکی دەکێشێت بەرومەتەکانی تاوەئاگابێتەوە بەڵام کەڵکی نەماوە چەند پرسیارێکیشی ئاڕاستە کرد -:

-ترێ/ مریەم چی بوە؟

-مریەم/ (بێدەنگەو قسە ناکات).

-ترێ/ بۆ وائەکەی؟

-مریەم/ (بێدەنگەو قسە ناکات).

-ترێ/ دایکم و باوکم باسی چی دەکەن؟ !

-مریەم/ (بێدەنگەو قسە ناکات).

-ترێ/ (بەرگەی بێدەنگی ئەو خوشکە نازدارەی ناگرێت، زۆر دەترسێت هەردوو شانی دەگرێت و نیمچە هاوارێک دەکات) ئەوە چیە؟! بۆ بێدەنگیت؟ !

بەڵام سوودی نییە، مریەم واقوڕما و لەسەر جێگەکەی دانیشتوە، ترێ چەند پێخەفێک دەخاتە پاڵی بۆ ئەوەی نەکەوێت لەبەرامبەری دادەنیشێت، ئەویش بەحەپەساوی هەستەکانی بەنێو درزی دەرگاکە ئاڕاستەی ئەودیو حەوشەکە کردووە زۆر هەستیارانە هەموو هەواڵێکی نێو حەوشەکەی خۆیانی بۆ دێتە ژوورێ، لەدەرەوە باوکی قسە بۆ دایکی دەکات ئەویش هەردوو گوێ بۆراگرتون-:

-مام خدر/ لەڕێگا نەمردبو.

-هەیبەت/ ئۆهـ....سەدام .

ئەم چەند وشەیە لەنێو حەوشەکەدا جارێکیتر بەدرزەکانی دەرگاکەوە خۆیان کرد بەژوورەکە و بەسەر دەموچاوە سپی هەڵگەڕاوەکەی مریەم نیشتنەوە و جووڵەیان لێبڕی! بەڵام بەشێوەیەکی ئاڵۆز وشەکانی بەرگوێ کەوت، ترێ زۆر

لەبێدەنگیەکەی مریەم دەترسێت! دەیبینێت بەمشێوە دەم نوقاویە دانیشتووە هیچ ناڵێت! بەتەواوی گوێی لەقسەکانی دەرەوەی دایک و باوکی بو کەباسی مردن دەکەن، باوەشدەکات بەمریەم و ئاوڕ داوەتەوە بۆ دەرگاکە دواتر سەیری مریەم دەکات و بەحەپەساوی پرسیاری لێدەکات-:

-ترێ/ مریەم کآ مردووە؟ !

بەڵام ئاخ....ترێ گوێی لەهیچ وەڵامێک نابێت.... زیاتر دەترسێت! ژوورە تاریکەکە ئەوەندەیتر سەری لەو کچە بچکۆلەیە شێواندووە! چەندجارێک شانی خوشکەکەی دەگرێت و داوادەکات هۆی واقوڕمانەکەی بۆ باسبکات بەڵام وەڵام نابیستێت، چەندجارێک دەیگرێتە باوەش و دەینوسێنێت بەسنگی خۆیەوە و بەسەریدا دەگری و دەنوزێتەوە.... بەڵام سوودی نییە دواجار ترێ-ی بچکۆلە ئارامی نامێنێت زۆر بەتوندی هاواردەکات -:

-ترێ/ دایکەەەەەەەەەەەەەەەە....وەرە بزانە مریەم چیەتی؟! (بەهاوارکردنەوە)

* * *

خوێنەری بەڕێز ....

لەژوورەوە روئیای خوێندنەوەت بەنێو دەرگا دارەکەدا بۆ دواوە دەگەڕێنمەوە و دەیگەیەنمە نێو حەوشەکە، ئەم دوو خوشکە وردەوردە دووردەکەونەوە و دەچنە قوولایی سکرین....لەناوەڕاستی ئاسۆی بینیندا دێوارێکی قوڕەو دەکەوێتە بەرامبەر دەرگاکە چرا رەشەکەی پیا هەڵواسراوە کەمێک رەشی تابنمیچەکە رۆیشتووە.

کەگەڕایتەوە بۆ دواوە دەگەیتە نێو حەوشەکە دواتر کەمێک دەرگای ژوورەکە لەدوای خۆت بەکراوەیی بەجێبهێڵە دەبینیت مریەم و ترێ بەیەکەوە دانیشتوون، مریەم بەحەپەساوی و ترێ-ش لەبەردەمیا دانیشتووە و هەردوو شانی گرتووە بەدەموچاوێکی شڵەژاویەوە ئاوڕی داوەتەوە بۆ دەرگاکە تادایکی بەهانایان دێت، رووناکی دەرەوەی سەربەفرەکەش کەمێک چۆتە ژووری کەهیچ گڵۆپێکی تیانییە، دەرگاکە خەریکە دووبارە بەهۆی داخستنییەوە جیڕە بێتامەکە دەردەکات بەڵام بەرلەوەی ترێ لەبەرچاو ونببێت دووبارە هاوار دەکاتەوە-:

-ترێ/ دایکەەەەەەەەەەەەەەەە....بۆ نایەیت؟! (بەهاوارکردنەوە)

* * *

خوێنەری ئازیز....حەزدەکەم بتکەم بە (بینەر).

لێرەدا هەرئەوەندەت پێدەڵێم باجی هەیبەت و مام خدر لەو شوێنەی وەستاون کەبەردەمی ژوورەکەیتریانە....بەیەکەوە بەحەپەساوی بەرەو ژووری کچەکانیان رادەکەن....دەگەنە بەردەمی ژوورەکە....دوا ساتی جیڕەی داخستنی دەرگاکە دەبیستن دەم و چاو و لەش و ناوجێگەی کچەکانیان بەهۆی نیمچە داخستنی دەرگاکەوە کەمێک تاریکتر دەنوێنێت، باجی هەیبت لەپێش مێردەکەیەوە دەگاتە بەردەرگا و دواتر بەتوندی دەرگاکە دەکاتەوە دووبارە رووناکی دەگەڕێتەوە نێو ژوورەکەو هەردوو خوشکەکە روونتر دەبینرێن، ترێ بەواقوڕماوی دانیشتووە و باوەشی کردووە بە مریەم-:

-هەیبەت/ واااای....ترێ گیان....ئەوە چی بووە؟!....مریەم چیەتی؟! (دەقیژێنێت)

* * *

خوێنەری بەڕێز....

باماڵی مام خدری دوکاندار جێبهێڵین و بەرەو مزگەوت بچین بزانین یەعقوب-ی بریندار و دڵدار و سەرکێش چی بەسەرهاتووە، پیاوەکانی چواردەوری ئەو کوڕە چی دەکەن؟!

ئەوەتا لەمزگەوتی ماڵی خوا چەند پیاوێک بەدەوری یەعقوب وەستاون هەندێکیان دانیشتوون چەند دانەیەکیش لەولاوە خەریکی قسەکردنن، ئەویش لەنێویاندا راکشاوەو بآهەستە چاوەکانی نوقاوە جلە تازەکانی هەمووی لەباریەک دەرهاتوون، پیاوانی مزگەوتیش هەرهەمووی سەرقاڵی رووداوی تەقینەوەکەی ئەم بەیانییەن. ئەم پیاوانە زۆر بەسەیرەوە تێیدەڕوانن و هەستیارانەش لەنێوخۆیاندا باسی ئەم تەقینەوەیە دەکەن و بیروڕا لەگەڵ یەکتر دەگۆڕنەوە، گوندیەک زۆر سەیری یەعقوب دەکات و لێی ورد دەبێتەوە! لەپڕ قسە بەهەموویان دەبڕێت ڕوودەکاتە پیاوەکانی ئەوێ و پەنجە بۆ یەعقوب درێژدەکات.

-گوندیەک/ سەیرکەن....لەوەناچێ ئەو کوڕە مردبێ.

یەعقوب هەرئەوەندە بەئاستەم جووڵەیەکی کرد ئیتر ئیلاواتی ئەوپیاوانەی نێو مزگەوت بەرزبۆوە هەندێ لەپیاوە پیرەکان کەشەو و رۆژ لەوێ دانیشتوون و ئەهلی مزگەوتن بەخۆیان و گۆچانەکانیان دێنە پێشەوەو چواردەوری ئەو گەنجە بریندارە دەگرن دوای جووڵەی عاشقی بریندار یەکسەر بەگریانەوە ئیلاوات خوێندنیان دەستپێدەکات .

یەعقوب بێهێزە و راکشاوە بەئاستەم وەکو زندە خەوێک گوێی لەگریانی ئەو پیرانە دەبێت بۆیە زیاتر جوڵە بەلەشە سڕبووەکەی دەکات دواتر بەهۆی گەرمی سۆبای نێو مزگەوت کەمێک لەشی گەرمی وەرگرتو وەو خوێنی برینەکانیشی وەستاوە بۆیە جارێکیتر دەخەوێتەوە بەهۆی زۆر هیلاکی و ماندوبوون و بریندارو بوون و سەرمابوونی زۆریەوە ئەوەندەی پێناچێت وردە پرخەیەک دەکات و لەگەڵ مریەمدا یەکدەگرنەوە .

پیاوە پیرەکان جارێکیتریش سوپاسی خواو ئیشە جوانەکانی خوا دەکەن و لەخۆشیا دەم بەپێکەنین و چاو بەفرمێسک خەریکی خوێندنی ئایەت و شوکرانە و نوێژکردن دەبن هەندێک لەو پیاوانە لەسەر لاشەی سڕبووی یەعقوب وەستاون و نوێژ دەکەن وەک نزیک بوونەوە لەخواو دوعای چاکبوونەوە بۆ ئەم گەنجە، چەند دانەیەکیان لەولاتر خەریکی وتنەوەی وشە پیرۆزەکانی خوا دەبن وەک فاتحەو شتیتر.

ئەم گەنجە سەرلەنوێ خەوتەوە و لەخەویدا بەبینینی دولبەرەکەی زەردەخەنە پەڕیوەتە لێوەکانی چونکە چاوەکانی بڕیوەتە لەش ولاری ئەونازدارە لادێییە، دیمەنەکانی خەوەکەو گرتەکانی نێو مزگەوت چەند جارێک لەسکرینیی خوێندنەوەی ئەم دەقە تێکەڵاو بەیەکتر دەبێت، ئەهلی مزگەوتیش کەهەندێکیان تازە لەنوێژکردن تەواوبوون سەیری دەکەن و سەریان لێی دەرناچێت تەنها بەهۆی خەندەی لێوەکانی ئومێدی چاکبوونەوەیان لادروستبووە .

قیژەی پلکە هەیبەتی دایکی مریەم دەگاتە نێو مزگەوت و جارجارە پیاوە پیرەکان سەر هەڵدەبڕن وەک بیانەوآ سەیری دەرەوە بکەن بۆ زانینی ئەم گریان و هاوارو قیژەیە.

-پیرێک(١)/ ئەو گریانە چیە؟!

-پیرێک(٢)/ (بەسەر سورمانەوە سەیری ئەم دەکات و ئاوڕیش بۆ شوێنی قیژەکە دەداتەوە).

هەموو پیاوەکانی نێو مزگەوت سەرسوڕمانیان لەنێوان لاشەی راکشاوی یەعقوب-ی دەم بەخەندەو قیژەی دەرەوە دابەشکردووە.

* * *

خەوبینینی یەعقوب لەمزگەوت و

هێڵی گشتیی بەردەوامە........

لەنێو ژووری رەزەکە یەعقوب جلێکی جوانی لەبەردایە و بەپێوە لەسەر شوشەعەترەکە وەستاوە....سەیری بنمیچەکە دەکات هیچ کونێکی تیانییە....سەر دادەنوێنێ بۆ ژێرقاچی دەبینآ شوشەعەترەکە لەژێر قاچی وردبووە! بۆنەکەشی بڵاو بۆتەوەو کەمێک هەڵیدەمژێ.

* * *

هێڵی گشتیی بەردەوامە........

کات/ سپێدەیەکی روون/ دووەم رۆژی زستان ٢٢ /١٢/١٩٩٤/

ماڵی مریەم

دایکی مریەم لەژوورەوە کچە عاشقەکەی لەباوەشگرتووە و دەقیژێنآ! هاوارو قیژەی ترێو دایکی بەناو هەموو ئاوایی دەنگ دەداتەوە! بەم بەیانییە خەڵک بەتەواوی وەئاگاهاتوون و دەستە دەستە دەێن بەرەو ماڵی مام خدر، ئەو منالانەی لەگەڵ دایکیان هاتوون بۆ ئەوێ دەم وچاویان نەشۆراوە حەپەساویش یەخەی گرتوون و چەند دانەیەکیان پارچە نانی وشکیان بەدەستەوەیە بەدەم جووڵەوە دەیخۆن چونکە پێش خواردنی نان و بەرچایی ئەم بەیانییەیان دوو کارەساتی جەرگبڕ یەخەی گوندەکەیانی گرتووە .

ژوورەکەی ئەم کچە عاشقە پڕبووە لەژنانی ئاوایی هەموویان بەدەنگ گریان و هاواری ترێ و دایکی هاتوون....ژوورەکە زۆر پڕبووە جێگەی کەسیتری تیا نابێتەوە وای لێهاتووە چەندین ژن لەبەر دەرگای ژوورەکە وەستاون .

ئەگەر بەسەرسەری ژنەکانی بەردەرگا سەیری ژوورەوە بکەیت دەبینی ترێ بەکەس دابین ناکرێ چونکە بەگریانەوە هەڵدەپەڕێ و دەکێشاَ بەسەو ملی خۆیدا! مام خدریش وەکو ئافرەت لەنێو ژنەکاندا دەگری و هاواردەکات، ئەم دیمەنە بەمشێوەیە بەردەوامە....سات لەدوای سات قەرەباڵغیەکەی نێو ماڵی مام خدر زۆردەبێ وغەڵبەغەڵبەکەش زیاد دەکات و دەنگ و هاوارەکانیان زیاتر دەگاتە نێو مزگەوت...ئەو مزگەوتەی مریەم بەتاسەبوو بۆی بۆ بینینی لاشەی یەعقوب، ئەو پەرستگایەی لەنێو دەرگای ژوورەکەی مریەم دیاربوو، مریەم زۆر خەفەتی لە تەرمی دڵدارەکەی خوارد کە گوایە لەوێ راکشاوەو ئەویش ناتوانێ و داب و نەریت رێگەی نادات بچی تێرتێر لاشەکەی لەباوەش بگرێ.

*　*　*

(پەخشانە شیوەن) یێک

بۆ مەرگی ناوادەی مریەم

ئاخ....هەزاران ئاخ بۆ مردنی مریەم-ی جوانەمەرگ، بۆ دولبەری وردیلە، بۆ کچی عاشق، بۆ ئەو کەنیشکە دەست و پێ خەناویە، بۆ ئەو کیژە لادێییە کەزوو زوو لەقسەکانی یەعقوب توڕەدەبوو  ودوای کەمێکیش بەقسەکانی ئەو دەکەوتەوە پێکەنین.

ئاخ....بۆ نازە بێناز بەجێماوەکەی مریەم-ی عەییار وابەسەر لاشەی سڕبووی دڵدارەکەیدا بەبێ گیان تلێساوەتەوەو کەس نییە نازی بکێشاَ، کەس نییە پێشوازی لێبکات وەک زستانی رابردوو تێرتێر بۆنی پێوەبکات و بیکاتە باوەشی و باڵاشی عەتر پرژێن بکا.

ئاخ....کیژە لادێییە بەنازە عەییارەکە خۆ تۆ تاکە هاوڕێ و خوشکی ترێ بوویت، خۆ تۆ تاکە یاوەرو هاوجێگەی خوشکە بچووکەکەت بوویت، لەشەوانی زستان هەرتۆ دەتکردە باوەش و هەر تۆش بەیانیان بەماچ لەخەو وەئاگات دەهێنییەوە، ئەوەتا هەرئێستا و هەرئەم بەیانییە و هەرلەنێو ژوورەکەی خۆت شیوەنی مەرگی تۆ دەگێڕێ .

توخوا مەمرە....

توخوا جێمان مەهێڵە....

ئاخ....کیژە گوندییەکە....چیرۆکەکەی منیش بەکۆتایی مەرگی خۆت کۆتای مەهێنە، خۆ تۆ لەم سەرەتای زستانەدا لەسەرەتای بەهاری تەمەندا بوویت! کەچی پێش وادەی گەڵاڕێزان، پاییزی عیشق یەخەی گرتی و باڵا ناسەکەتی لەنێو ژوورە ساردوسڕەکەتدا بێگیان کرد، خۆ تۆ هیچ نهێنییەک نەما لای (ترێ)ی جوانکیلە نەدرکێنی کەچی پێش وادەی ماڵئاواییت هیچت بەو کیژە بچووکە نەوت.

ئاخ....مریم گیان، با لەم زستانەدا کۆچت نەکردایە، بامنی نووسەر دوای چەند رۆژێکیتر لەگەڵ دڵدارەکەتدا بتانخەمەوە باوەشی یەکترو داواشی لێدەکەم چیتر پێت نەڵاَ (مراوی)، لەمریەم گیان و مریەم گوڵ کاڵترت نەکاتەوە، بابۆی بنووسم شوشە عەترێکیتر بۆ ترێ بکڕاَ و لەژوانی بووکێنی تۆدا بۆی بکاتە دیاری، بابۆی بنووسم کە زۆر دڵی ترێ خۆش بکات چونکە نزیکەی ساڵێکە ئەم خوشکە بچکۆلەیەمان چاوەڕێی بۆنێکی خۆش دەکات.

دە توخوا مەمرە....

توخوا جێمان مەهێڵە....

خوشکە لادێیی گیان....توخوا لەم کۆتایی ساڵەدا کۆچ مەکە، وەرزی حاجیلە و گوڵاڵە سوورە وابەڕێوەن، مەرجبێت هەر ئەم بەهارە بۆ مام خدری بنووسم بەکراسە جوانەکەی خۆت پێشکەشی دڵدارەکەت بکات، ئەویش بتکات بەبووکی ئەم نەورۆزە دایکیشت چەپکاَ نێرگزت بەدیاری بخاتە دەست و بەسواری ئەسپ بەتوولە رێگاکاندا هەڵگەڕێن، سورمەیەکی سوریش دەخەمە دەستی ترێ بەدرێژایی رێگەکە بۆت هەڵتەکێناَ و لەبەردەمتا هەڵبەزودابەز بکات و هەر قربوەی بێت، سات ناساتاَ ئاوڕت بۆ بداتەوە بەگیان گیان و بەقوربان وشەبارانت بکات و بەدەستە بچکۆلەکانی ماچت بۆ هەڵبدات، سەرجەم کوڕ و کچانی ئەم ناوچەیەش بکەم بەکۆمبارس و بەچەپڵە رێزان دواتان بکەون تادەگەنە دێکەی ماڵی زاوا، لەوێ لەناوەڕاستی داَ لەبەردەم دوکانەکەی مام حەمەد قادر کەمێک بوەستن و هەموو کچانی ئەوێش تێدەگەیەنم بەجلی کوردی ڕەنگاوڕەنگ بێنە بەردەمت و گوڵبارانت بکەن، تۆش لەوبەرزیەوە چەپکە نێرگزەکەت بکەرەوە و هەڵیبدە بەسەر کیژانی دەم بەپێکەنین و لەژێر تارا سپیەکەتدا نوخشەی هاوسەرگیریان بۆ بخوازە.

خوشکە مراوی گیان دە هەستەوە....

**وەکو جاران تریێ بخەرە بەردەمی خۆت و سەرو قژە ئاڵۆزکاوەکەی بۆ بهۆنەوە و چەند کەزیەکی وردیلەی بۆ بخەرە ئەملاولای سەری کەرێک وپێک ئارم و شێوەو روخسارە لادێییەکەی پێوە دەنووسێ....**

**بەڵام ئاخ....ئێستا ئاوێنەکەشت بێنازەو چاوەڕوانی روخسارت دەکات تا لەتۆوە خۆی ببینێ و شوشە عەترەکەشت لەبەردەمی خۆیدا بۆ بخاتە پێکەنین و دواتر قریوە بۆندارەکەی بەسەر سینەتدا بڵاوبکاتەوە .**

**بەڵام قەیناکا خوشکە مراوی گیان ....**

**رۆژێ دێت لەئاسۆیەکی نادیاردا یەکتر دەبینینەوە، ئەوسا تێدەگەی کەمن بورهان جۆلام چیرۆکی عیشقی تۆم داڕشتووە و لەمنەوە دەیخوێنیتەوە (تریێ) و پلکە هەیبەتی دایکت و مام خدری باوکت و هەموو خەڵکی ئاوایش چ شیوەنێکیان بۆ مەرگی تۆ گێڕاوە .**

**ئەوسا دەڵێم:- کچەکەم مراوی گیان....ئەو بەیانییەی تۆ رۆحت بەئاسمان سپارد، ئەو بەیانییەی تۆ ماڵئاوایت کرد، ئەو بەیانییەی تۆ دواهەناسەت دایەوە نەمهێشت بەیان-ی خوشکی یەعقوب لەگوندەکەی خۆیان لەخەو هەڵسێ یەکسەر هەواڵی مەرگی تۆم بەکاراکتەرێکی دەرەوەی ئەم دەقە ئەدەبیە پێڕاگەیاند.**

**ئاخ....مریەم گیان، حەزەکانی شنۆی هاورێت لەگەڵ مەرگی خۆت پێچایەوە و بردت بۆ بەهەشتە بەرینەکەی خوا، ئەوەتا هاتۆتە لات لەنێو ئاپۆرەی ژنەکانی حەوشی ماڵەکەت وەستاوەو هێندەی تریێ کەوتۆتە ژێر باری هەواڵە سڕبووەکەی مەرگی لەناکاوی تۆی خۆشەویست.**

**کچەکم مریەم گیان ماڵئاوا ....**

**با گۆڕەکەشت لەسەر تەپۆلکە شاخەکەی نێوان گوندی هەردوولاتان بێت و بەشێک لەخاکی رەبیە کۆنەکە ببێتە گڵکۆت، لەبەهاراندا دەستە دەستە کیژانی ئەو ناوچەیە سەردانت بکەن و پەڕۆی سەوز بەکێلە باریکەلەکەی چەشنی باڵات هەڵواسن بۆ هێنانەدی رازونیازی پەنگ خواردوویان دواتر لەدەورت کۆببنەوە نێرگز و بەیبون و گوڵاڵە سوورە بچنن و چەپک چەپک بیخەنە چواردەورت، هێندەی متوموروی دەست و یەخە و سنگە بەرزەکەشت مەرجان و پیرۆزە شینە بخەنە سەرگۆڕت بۆ کرانەوەی بەختی کچێنیان.**

**ئینجا شنۆی هاورێت تێدەگات تۆ چ عاشقێکی پاک بوویت، ئینجا دەزانێ تۆ چ دولبەرێکی عەییار بوویت، چ عەشارگەیەکی رازەکانی دڵی خۆت و یەعقوب بوویت، گۆڕەکەشت دەبێتە خوێندنگەی دڵدارانی ناوچەکەو سەرجەم عاشقانی دەڤەرەکە لەخوارەوە سەیری مەرقەدی (سوڵتانە مریەم) دەکەن، هەموو بەهارانیش بەکۆمەڵ بۆت سەردەکەون و تائێوارە بەجێت ناهێڵن شەوانیش تادرەنگانێک پەستی مەرگی لەناکاوی تۆ ناخیان بەجێناهێڵێ.**

**ئاخ....بۆ غوربەتی ئەو عیشقەی گیرۆدەی داب ونەرێتی دواکەوتووی کۆمەڵگەیەو لەئاسۆیەکی غەریبدا ماڵئاوایی وادەنەهاتوو دەکات و سوێ دەخاتە دڵی خاوەن دڵەکان و تاهەتایە لەیاد ناچنەوە.**

* * *

**هێلی گشتیی بەردەوامە........**

**کات/ سپێدەیەکی روون/ دووەم رۆژی زستان ٢٢ /١٢/١٩٩٤/**

**ناو مزگەوت**

**لەنێو مزگەوت جوڵەو پێکەنینیەنەکانی سەرلێوی یەعقوب زیادیکرد، پیاوە پیرەکانی چواردەوری بەو زەردەخەنەیە دڵیان زۆر خۆشە چونکە دەزانن زیندووە بەڵام لەنێوان خەو و خەیاڵ سەریان دەرناچێ، بەهەرحاڵ و هەرچۆنێ بێت ئەو پیرانە حەز بەمەرگی ئەو گەنجە ناکەن .**

**گریانی ترێو دایکی بۆ مریەم-ی عاشق بەسووکی و لەسەرەخۆ بەردەوامە، قەرەباڵغی و دەنگەدەنگی خەڵکی دێ لەماڵی مام خدر بەسووکی و لەسەرەخۆ بەردەوامە، هەموو ئەمانە بەهۆی نزیکی ماڵەکەیان دەگاتە نێو مزگەوت.**

پیاوێکی پیر عەترێکی بچووکی پیرەمێردانە لەباخەڵیدا دەردەهێنێ وەک نەریتێکی کوردەواری بەپەنجەکانی کەمێک دەدات لەلوتی یەعقوب تاوەئاگا بێتەوە، ئەویش بەئاستەم هاتۆتەوە هۆش خۆی بەڵام بەهۆی سڕبوونی لەشی و خاوبوونەوەی ئێستای و زۆری سەرمای دوێنآ شەو ناتوانآ هەڵسێ و وەک هەموو مرۆڤێکی ئاسایی هەڵسوکەوت بکات .
گریانی ترێو دایکی بۆ مریەم-ی عاشق بەسووکی و لەسەرەخۆ بەردەوامە، قەرەباڵغی و دەنگەدەنگی خەڵکی دآ لەماڵی مام خدر بەسووکی و لەسەرەخۆ بەردەوامە، هەموو ئەمانە بەهۆی نزیکی ماڵەکەیان دەگاتە نێو مزگەوت.
لەگەڵ هەڵمژینی بۆنەکەی نێو مزگەوت سەرلەنوێ و جارێکیتر ئەم عاشقە بریندارە بەخەیاڵیا دێتەوە کەلەژووری نێو ڕەزەکەدا شوشە عەترەکە لەژێر قاچی وردبوە و ژوورەکە پڕبوە لەبۆن....ئەویش وردەوردە هەڵیدەمژێ و کەمێکیش دەست و قاچەکانی دەکەوێتە جووڵە دواتر گوێی لەدەنگی پیاوە پیرەکان دەبێت -:
-خەریکە وەئاگادێتەوە.
-زیاتر بۆنەکە بکەن بەلووتی.
-کەمێک ئاو بهێنن....با دەم وچاوی تەڕبکەین.
یەعقوب بەئاستەم هاتۆتەوە سەرخۆی بەڵام ئێجگار بێهێزە، لەگەڵ دەنگی پیاوەکان کەمێک جوڵە بەلەشی دەکات بەڵام سڕبونی پێوەدیارە .
گریانی ترێو دایکی بۆ مریەم-ی عاشق بەسووکی و لەسەرەخۆ بەردەوامە، قەرەباڵغی و دەنگەدەنگی خەڵکی دآ لەماڵی مام خدر بەسووکی و لەسەرەخۆ بەردەوامە، هەموو ئەمانە بەهۆی نزیکی ماڵەکەیان دەگاتە نێو مزگەوت.
دوای چرکەیەک و دووان پرخەیەکی نەرم دەکات و جارێکیتر دەگەڕێتەوە نێو خەوەکانی و بەرامبەر سکرینی خەیاڵی ئەوکاتەی کە لەگەڵ مریەم وەستابون دەیەوێت بەپەنجەکانی خۆی عەترەکە بکات بەلووتی دولبەرەکەی بەڵام لەنێو ئەم دیمەنەدا گوێی لەدەنگی پیاوە پیرەکانی نێو مزگەوت دەبێت-:
-خوایە تۆ زۆر بەرەحمی، رەحم بەم گەنجە بکە.
پیاوان هەندێکیان بەسەرسەریەوە وەستاون و ئەوێنیتر بەچواردەوری دانیشتوون، یەکێکیان بەردەوام عەترەکەی دەستی دەکات بەلوتی ئەم گەنجە لەهۆش چوە، یەعقوب دوای هەڵمژینی ئەمجارەشیان دەگەڕێتەوە نێو دونیای خەوخەیاڵ-:
یەعقوب لە خەویدا ....
یەعقوب و مریەم و ترێ بەیەکەوە وەستاون، مریەم قژی ئاڵۆزکاوەو خەمبارە، ترێ چاوی پڕە لەفرمێسک سەیری مریەم دەکات .
یەعقوب دەیەوێ بە پەنجە عەترەکە بکات بەلوتی مریەم .
مریەم بەتوڕەیی دەستی دەگرێو نایەڵێ نزیکی بکەوێ....شوشە عەترەکەش دەکەوێتە خوارێ و دەشکێ، مریەم دەستەکانی یەعقوب بەردەدا و پشتی تێدەکات و لەپڕ لەبەرچاویان وندەبێت !
یەعقوب و ترێ بەحەپەساوی چاوی بۆ دەگێڕن.
مریەم لەدواوە بەگریانەوە بۆیان دێتەوەو شوشە عەترەکەی بەساغی بەدەستەوەیە دەیداتە دەست ترێ و دیسان وندەبێت !
گریانی ترێو دایکی بۆ مریەم-ی عاشق بەسووکی و لەسەرەخۆ بەردەوامە، قەرەباڵغی و دەنگەدەنگی خەڵکی دآ لەماڵی مام خدر بەسووکی و لەسەرەخۆ بەردەوامە، هەموو ئەمانە بەهۆی نزیکی ماڵەکەیان دەگاتە نێو مزگەوت.
ئەوەتا یەعقوب لەمزگەوت پاڵکەوتوە زەردەخەنە لەسەر لێوەکانی هەڵفڕین و سوورابیان تیانەما، بەهۆی ڕۆیشتنی مریەم لەخەوەکەیدا کەمێکیش لچی کردووە دەیەوێت بگری، پیاوەکانی نێو مزگەوت سەیری یەعقوب دەکەن! سەریان لە زەردەخەنەو گریانی سەر دەموچاوی ئەو کوڕە دەرناچێت .
لەناکاو!....
چەند پیاوێک بەپەلە دەگەنە مزگەوت و لەوێ لەگەڵ ئەوێنیتر بەسەر سەری یەعقوب-ەوە دەوەستن، سەیری ئەو دیمەنە دەکەن و هەواڵی ماڵی مام خدر-یان پێیە! بەدەموچاویانەوە دیارە کەبەم بەیانەیە بەرلەوەی خێر وشەڕ بەشبکرآ دوو کارەساتی جەرگبڕ یەخەی گوندەکەیانی گرتووە.
ڕاچڵەکینی یەعقوب....

**ئەمجارە قیژەو هاواری دایک و کچە بچکۆلەکە بەرزبۆوە و بەتەواوی گەیشتە بەرگوێی پیاوانی مزگەوت! یەعقوب لەگەڵ قیژەی ئەوێن و هەڵمژینی بۆنی عەترەکەی نێو مزگەوت و داخی تورەبون و ڕۆیشتنی مریەم-ی نێو خەوەکەی چاوەکانی دەکاتەوە، هێشتا گریانی ڕۆیشتنەکەی مریەم بەسەر دەموچاوەیەوە ماوە سەیری پیاوەپیرەکانی چواردەوری دەکات....! پیاوگەلێکی زۆر....! هەرهەموویان زەردەخەنە دەکەوێتە سەرلێویان و خۆشحاڵ دەبن، ئەویش بەبرینداری پاڵکەوتووەو یەک یەک سەیریان دەکات هەربەو گریانەوە پرسیار دەکات-:**

**-یەعقوب/ ئەو قیژەو گریانە چیە لەم دێیە؟ بۆمنە؟(بە بێهێزی)**

**ئەو پیاوانەی تازە گەیشتبونە ئەوێ لەسەرسەری وەستاون و وەڵامی دەدەنەوە، بەڵام وەڵامێکی داخکەر، وەڵامێکی مەرگئامێز، وەڵامێکی چاوەڕواننەکراو، وەڵامێکی جەرگبڕ-:**

**-گوندیەک/ نەوەڵڵا کاکە....کچە گەورەکەی مام خدری دوکاندار ئەمری خوای کرد.**

**!.... !.... !.... !....**

**دوای بیستنی ئەم حیوارە هیچ دەنگێک لەم دەقە ئەدەبیەدا نامێنآ، ناومزگەوت لاڵ دەبێت، ئەوەتا گوێچکەکانی کاکەی عاشق کپ بوون، سروەی هیچیش نایەت، چرکەی دڵی دڵدارە بریندارەکە خاوبۆتەوە تەنها جووڵەی کارەکتەرەکان دەبێتە جووڵەو حیواریش، تەنها حەپەساوی یەعقوب دەبێتە جووڵەو حیواریش، تەنها ڕەنگە پەڕیوەکەی یەعقوب دەبێتە جووڵەو حیواریش، سکرینی روئیای خوێنەر سەرسام دەبێت دوای دوا ئاکامی ڕووداوەکان دەکەوێ و ئاگای لەهیچ نامێنآ.**

**یەعقوب هێشتا لەناوەڕاستی پیاوەکان پاڵکەوتووە! چاوەکانی زەق کردۆتەوە! یەک یەک سەیریان دەکات! ئەوێنیش دەمیان دەجووڵآو قسەی بۆ دەکەن....بەڵام لاوەی عاشق گوێی لەهیچ وشەیەک نییە زۆر بەکپی تەنهاو تەنها جووڵەی دەست و دەمیان دەبینێت .**

**چەند جارێک وشەی (نەوەڵڵا کاکە....کچە گەورەکەی مام خدری دوکاندار ئەمری خوای کرد) بەدەم جوڵاندنی پیاوە گوندیەکەشەوە دێتەوە بەرچاوی، هەر دووبارەو سێ بارە دەبێتەوە دواتر هەرچی سوورایی سەر دەموچاوی یەعقوب هەیە باڵدەگرێت و بەرەو ئاسمان دەفڕێت !**

**یەعقوب بەحەپەساوی و بەبێدەنگی و بەفرێمە خاوکراوەکانی سەر سکرینی رۆئیای ئەم دەقە هەڵدەستێتەوە چڕی پیاوەکانی چواردەوری دەدڕآو دوای ئەو وشە جەرگ بڕانە دەکەوێت! ڕۆیشتنەکەشی لەگیان دەرچوون دەچێت! پیاوەکانیش هەر بەو فرێمە خاوانەوە بەملاولا دەکەون و بەسەرسوڕمانەوە تێیدەڕوانن....یەعقوب بەردەوامە لەڕاکردنە خاوەکەی! لەنێو حەوشی ماڵی خوا بەرەو دەرەوە دەڕوات لەدەرگای مزگەوت دەرچوو پێچی خواردەوە بەرەو ماڵی مراوی گیان....گەیشتە بەردەرگاکەیان، لەنێو حەوشەکە مام خدر بەدیدەکات لەنێو ژوورەکەی مریەم دێتە دەرێ و فرمێسک دەسڕێتەوە چەند پیاوێک لەنێو حەوشەکە وەستاون و دەگرین....تاوێکی کەم سەیری باوکی مریەم دەکات و دواتر دەچێتە نێو حەوشەکە ئاوڕ دەداتەوە چەند ئافرەتێک دەبینێت لەشوێنی جیاجیا وەستاون و دەگرین .**

**شنۆی هاوڕێی مریەم لەنێو ئافرەتەکان وەستاوە شیوەن بۆ مریەم دەگێڕآ، قوڕ بۆ ئەو دەستە خوشکەی دەپێوێ هەر لەوێوە سەیری شڵەژاویەکەو ڕاکردنی یەعقوب دەکات بەچاوە تەڕەکانی تێیدادەپۆشێت....!ئێستا بۆی دەرکەوت کەمریەم لەگەڵ ئەم گەنجە بریندارە دڵیان بەیەکەوە بوە! هەر ئێستاش خەمی مردنی مریەم و حەپەساویی ڕاکردنی ئەم گەنجە بریندارەی تێکەڵاو بەیەکتر کرد .**

**یەعقوب دوای ئەوەی مام خدری بەگریانەوە بەجێهێشت هەر بەم ڕاکردنە خاوەوە وەکو شێت رووی وەرگێڕا بەبەردەمی ژنەکان تێپەڕی و حەپەساویەکی خەستتری بەسەر دەموچاوی شنۆدا بەجێهێشت! جلەکانیشی هەموو لەباریەکتر دەرهاتون، شنۆش بەدوایدا ڕادەکات تابەردەرگای ژوورەکەی مریەم نەوەستانەوە چەند ئافرەتێک لەبەردەمی ژوورەکە وەستاون! یەعقوب لەدواوە لەنێو سەری ژنەکان سەیری ناوەوە دەکات شنۆش لەدواوە دەستی خستۆتە سەرشانی ئەو کوڕە عاشقەو لەگەڵ ئەودا سەیری ژوورەوە دەکات و دەکێشێت بەسەری خۆیدا .**

**باوکی مریەم-ی جوانەمەرگیش بەحەپەساوی و بەگریانەوە ئاوڕدەداتەوە سەیری گریان و حەپەساویەکەی یەعقوب دەکات! لەشنۆش دەڕوانآ کەوا لەدواوە خەریکە باوەش دەکات بەیەعقوب-دا! نیشانەی چەند پرسیارێک بەسەر دەموچاوی ئەو پیاوە پیرە جەرگ سووتاوە دەنیشێتەوە و نازانێ چۆن چۆنی وەڵامیان بداتەوەو شیتەڵیان بکات.**

یەعقوب و شنۆ لەدواوەی ژنەکانی بەردەرگا وەستاون و سەیری ژوورەوە دەکەن، باجی هەیبەت لەژوورەوە مریەمی کردۆتە باوەش و چەند ئافرەتێکیش بەچواردەوری دانیشتوون، تریێ لەژوورەوە وەک چۆلەکەی سەربڕاو هەڵدەپەڕێ! چاوێک هەڵدەبڕێ بۆ دەرگاکە....بۆ یەعقوب....دواتر شنۆ دەبینآ! چەند ئافرەتێک بەگریانەوە لەگەڵ تێڕوانینی تریێ ئاوڕ بۆ دەرەوە دەدەنەوە بەڵام چی دەبینن....! گەنجێکی حەپەساو! کەمێک خوێن بەسەر دەست و دەموچاویەوەیە! جلەکانیشی هی خۆی نییە بۆیە شێواوە هەروەکو ئێستا لەشەڕێکی ترسناک گەڕابێتەوە ئاوا دەهاتە بەرچاویان.

دڵداری بریندار وەکو شێتی لێهاتوە لەبەردەرگاکەوە بەگریانێکی بێدەنگ دەگەڕێتەوە بۆلای باوکی مریەم تابەیەکەوە قوڕی جوانەمەرگی مریەم بپێون، بەیەکەوە بگرین، هەموو ئەم دیمەنانە بەبێدەنگی و بەخاوی دەگەیەنمە سکرینی روئیای خوێنەری خۆشەویست .

مام خدر لەگەڵ چەند پیاوێکیتر لەولای حەوشەکە بەپێوە وەستاون و دەگرین دەکێشن بەسەری خۆیان بەڵام جگە لەجووڵەیان دەنگی هیچ ناگاتە گوێچکەکانی یەعقوب، مام خدر سەیری یەعقوب دەکات گریان و حەپەساوی تێکەڵ بەیەکتر بوە! یەعقوب بەرەو رووی مام خدر دەڕوات وەک بەسەر هەورەوە بڕوات وایە! حەپەساوە! هەرچەند تەوژم و تین دەخاتە سەرقاچەکانی بۆ گەیشتن کەچەند مەترێک لێی دوورە بەڵام نایگاتێ، بەڵام هێزی نییە هەر بەردەوامیشە لەرۆیشتن بەرەو رووی باوکی مرە گیان، بەرەو رووی باوکی دولبەرەکەی، بەرەو رووی ئەو پیاوەی خۆشی دەوێت، ئەوپیاوەی هەمووجار پاکەتێک جگەرەی لێدەکڕێ و بۆ مەلاعەلی باوکیی .

شنۆ هاتۆتەوە شوێنی خۆی لەنێو ژنەکانی حەوشە وەستاوە هەربەو چاوە پڕ فرمێسکەوە سەیری گەڕانەوەی یەعقوب-ی عاشق دەکات کەخەریکە دەگاتە بەردەمی مام خدر.

تریێ بەگریان بەڵام بەشێوەی چەند فرێمێکی خاو بەبێدەنگی لەژوورەوە وەکو شێت دەردەپەڕێ بەدەستەکانی ئافرەتەکانی بەردەرگا لادەدات بۆئەوەی رێگای بۆ چۆڵ بکەن هەرچی قژی هەیە هەمووی ڕنیوەتەوە و خوێنیش بەسەر دەم و چاویەوە دیارە دێتە نێو حەوشەکە....دەگاتەوە بەردەمی شنۆ .

تریێ لەیەعقوب خێراترە....لەدواوە باوەش دەکات بەیەعقوب و هەردووکیان بەیەکەوە دەگەنە بەردەمی مام خدر، شنۆ بەو لەخۆدان و گریان و حەپەساویەوە سەیریان دەکات، ئەوێن باوەش دەکەن بەمام خدر و بەبێدەنگ دەگرین، ئەوپیاوە پیرەش دەستدەکاتە ملی هەردووکیان و بەبێدەنگ دەگری .

❊ ❊ ❊

منیش وەکو نووسەری ئەم تێکستە چیتر زەینی ئێوەی خوێنەر ماندوو ناکەم دوای ئەوێن منیش پشوو وەردەگرم و بۆخۆم دەگریم .

تایتلی کۆتایی

❊ ❊ ❊

دواتر..............

بەم دیمەنی باوەش بەیەکداکردنەی هەرسێکیان قورسایی لەسەرهێلی گشتیی بەسەرهاتەکان نامێنێت و رووداو تەواو دەبێت، واتا دوای ئەم دیمەنی گریانی یەعقوب و تریێ و مام خدر و کۆبوونەوەی خەڵکی دێ لەناو حەوشی ماڵی مریەم-دا و حەپەساوی شنۆ هەرچیەک بڵێین و بنووسین کاریگەری نابێت بۆ دوا رووداو چونکە ئەم دیمەنە دواگرتەیەو خۆی تەواوکاری هێلی کارای سوورە لەم چیرۆکەدا .

لەمریەم زیاتر....هیچ کەسێک دوای مردنی هەر کەسێک هیچی لێنایەت، ئەوەتا مریەم مرد! تریێ تاقە خوشکیشی تاقانە ماوەتەوەو دەگری، بەتەمایە باوەشی باوکی بەجێبهێڵآ و هەربەو هاڕەی گریانەوە بچێتەوە ژوورەکەی خۆی و لەوێ لەگەڵ دایکیدا تەرمی مریەم لەباوەش بگرن .

مام خدر-ی باوکیشی لەنێو حەوشەکە لەگەڵ پیاوانی دێ بەپێوە وەستاوە و دەگری، ئەوە چەندین جارە پشدێنەکەی بکاتەوە فرمێسکەکانی پێ بسڕێ و دوبارە بیخاتەوە بەرپشتی .

یەعقوب-یش دوای گریانێکی زۆر و دوای تەواو بونی کاری نووسینی من دەیەوێ لەحەوشەکە لەگەڵ مندا بێتە دەرەوە بەڵام ئەو دەچێت بۆ ماڵی خوا کەزۆر لەماڵی مریەم-ی جوانەمەرگ نزیکە دوای ئەوەی مریەم دەنێژن لەوێ لەگەڵ خەڵکی ئاوایی پرسە دەگرن و تادووسێ رۆژ لەوێ دەمێنێتەوە دواتر ئەویش بەناچاری دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی

خۆیان، منیش هەرلەئێستاوە دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ ماڵەکەی خۆم چونکە بەمشێوە کۆتاییە و دوای تێرتێر گریانم زەین و روئیای من لێوانلێو دەبێ .

*         *         *

دواجار خوێنەری بەرێز ....

ئەگەر تۆش دیمەنی زیاترت گەرەکە و زیاتر حەزت لەبەدواداچوونە دەتوانی لەگەڵ ترێ بەنێو قەرەباڵغی ژنان و پیاوانی نێو حەوشەکەدا بچیتە بەردەمی ژوورەکەی ئەو دوو خوشکە لەوێشەوە بەدەستەکانی خۆتان ژنەکانی بەردەرگا لابدەن و لەگەڵ ترێ بچنە ژوورێ دواتر ترێ بەگریانەوە باوەش دەکات بەدایکیدا و تەرمەکەی مریەم دەگرێتە باوەش و ماچی دەکات .

تۆش بەنێو ژوورەکەدا چاوبخشێنە رووەو دەرەوە بوەستە سەیری لای دەستی راستت بکە دەبینی لەبەردەمی ئاوێنە تەڵخەکە لەسەر تەختەیەک چەند شتێکی جوانکاری کچانەی لەسەر کەوتوە، دوو شانەی چڵکنیشی لەسەرە کەچەند تاڵە موویەکی پێوەنوساوە، شوشە عەترە باڵا بەرزەکەش لەوێ بڕیاری قەتیسماوی خۆی داوە بەبێ فەرمانی پەنجەکانی مریەم نایەتە دەرەوە، بەتەنیشت ئاوێنەکە چەند جلێکی رەنگاورەنگی کچانە بەسەر پارچە نایلۆنێک هەڵواسراوە و هەرهەموی بەقوماشێکی تەنک داپۆشراوە بەڵام لای خوارەوەی جلەکان بەدەرەوەیە، لەپشتیشت چرایەکی کوژاوە هەڵواسراوە و لەئاستی خۆی تابنمیچ بەسەر دیوارەکەدا رەشی هەڵکشاوە.

*         *         *

بەرێزان....

خوێنەرە ئافرەتەکان دەتوانن لەژوورەوە لەگەڵ ژنەکانیتر بمێننەوە بەڵام خوێنەری پیاو بەپێی داب ونەریتی کوردەواری دەبێ ژوورەکە و ناو ژنان بەجێبهێڵن و بێنە ناو حەوشەکە لەگەڵ پیاوەکاندا بوەستن و دڵنەوایی مام خدر بکەن .

ئەمڕۆ دووەم رۆژی زستانی ساڵی ١٩٩٤ە کاتیش لەهەشتی بەیانی تێپەڕی کردووە بەفرو باران وەستاوەتەوە بەڵام هەواکەی زۆر ساردە، ئەوەتا چەند پیاوێکی ئاوایی بەپاچ و خاکەناس گەیشتنە بەردەرگای ماڵی مام خدر! دەیانەوێ پیاوان کۆبکەنەوە و بچن لەگۆڕستانەکەی خۆیان گۆڕێک بۆ ئەو کچە جوانەمەرگە هەڵبکەنن دواتریش هەرهەموویان لەمزگەوت کۆدەبنەوە بۆ پرسەگرتن....بەڵام بڕیاری ترێی بچکۆلە سەردەگرێ و کەسیش دڵی نایەت قسەی بشکێنێ بەتایبەتی دایک و باوکە پیرەکەی، ترێ داوادەکات کە گۆڕی مریەمی جوانەمەرگ لەسەر تەپۆلکە شاخەکەی بەرامبەریان لەنزیک رەبیە کۆنەکە بێت کە ئەم بەیانییە لەسەرجەم مینەکان پاککراوەتەوەو هەر ئەم ترسی تەقینەوەیەش بوە هۆی دیقکردنی دڵی ئەم خوشکە عاشقەی و لەهەڕەتی جوانیدا مەرگی تەسلیم بەدەسەڵاتی ئاسمان کرد، لەوێشەوە گۆڕەکەی بەسەر ئاواییدا بڕوانێ و ئەوێنیش بەردەوام لەنێو گوندەکەوە سەیری بکەن.

لەکۆتاییدا دەڵێم:- هەزاران سڵاو و رەحمەت لەرۆحی ئەوێنەی گیانی خۆیان لەپێناوی عیشقدا بەخشی وەک مەم و زین، لاس و خەزاڵ، خەج و سیامەند، خوشکە مراوی.....هتد.

*         *         *

دوای تەواو بوونی هێلی گشتیی ئەم دەقە

١. مام خدرو پلکە هەیبەت-ی باوک و دایکی مراوی گیان ساڵێک کەمتر دوای جوانەمەرگ بونی مریەم واتا پێش کۆتایی ساڵی١٩٩٥ ئەم دونیایەیان بەجێهێشت.

٢. مام حەمەد قادر-ی دوکاندار لەبەهاری ساڵی ١٩٩٦دا کۆچی دوایی کرد، خەڵکی ئاوایی بەرێورەسمێکی زۆر جوان تەسلیم بەخاکیان کرد و تائێستاش هەموویان و یەعقوب-یش سەردانی گۆڕەکەی دەکەن .

٣. مەلاعەلی و ئایشێخانی باوک و دایکی یەعقوب لەساڵی ١٩٩٧ ماڵئاواییان لەم ژیانە کرد .

٤. بەیان-ی خوشکی یەعقوب هەرلەدێکەی خۆیان لەساڵی ٢٠٠٠ شووی کرد بەئامۆزای خۆی و کچ و کورێکی هەیە، کچەکەی بەناوی مریەم-ەوە ناوناوە و لەماڵەوەش بۆ خۆشەویستی بانگی دەکەن مراوی، کورەکەشی بەناوی باوکیەوە ناوناوە عەلی .

٥. 	ترێ دوای مردنی دایک و باوکی لەماڵی خزمێکی خۆیان مایەوە تاگەورەبو لەساڵی ٢٠٠٤ هەر لەگوندەکەی خۆیان شوی بەکوڕێک کرد تائێستاش مناڵیان نەبوە هەرلەنێوماڵە کۆنەکەی خۆیاندا لەگەڵ مێردەکەی لەژوورە کۆنەکەی دایک و باوکی ژیان بەسەر دەبێت، بەڵام ژوورەکەی مریەم گیان....چۆن داخراوە تا ئێستاش وەکو خۆی ماوەو دڵی نایەت بیکاتەوە، هەندێجار بەسەردان دەچن بۆ گوندەکەی ئەودیویان بۆ ماڵی خاڵە یەعقوبی دوکاندار و بەیان-یش دێت بۆ لایان، زۆرجار بەیەکەوە باسی رابردوو دەکەن و دەگرین .

٦. 	یەعقوب بەتەنها لەماڵە کۆنەکەی خۆیان ماوەتەوە وازی لەمەڕداری هێناوە هەرلەناو ماڵەکەی خۆیان دوکانێکی بچکۆلەی کردۆتەوە و تائێستاش ژنی نەهێناوە بەنیازیش نییە دوای مراوی گیان هاوسەرگیری بکات بەردەوام بەیان-ی خوشکی سەردانی دەکات و جل شتن و چەند ئیش و کارێکیتری ناوماڵیشی بۆ دەکات، بەردەوامیش مناڵەکانی بەیان لەباوەش دەگرێ و لەنێو دوکانەکەدا خەریکی کێک و نقول خواردنن، خاڵە یەعقوب مریەم-ی بچکۆلەی زۆر خۆشدەوێت و هەردەم لەباوەشی دەگرێ عەلی بچکۆلیشی خۆشدەوێت، خۆشی تائێستا لەگەڵ فرمێسک و هەنسک دەژی و دوکانەکەشی بۆتە شوێنی کۆبوونەوەی گەنجانی گوندەکەی.

٧. 	شنۆ هەر لەگوندەکەی خۆیان شوی بە کوڕێکی ئاوایی کردووە لەوێ دەژی.

* * *

سەردانی گۆڕەکەی مریەم....

لەگەڵ سەرەتای هەموو بەهارێک، لەگەڵ دەرکەوتنی گوڵاڵە سوورەدا کەهێشتا ئەو ناوچەیە سەرماو سۆڵەی تیاماوە یەعەقوب ئۆفرەی لێدەبڕێ لەگەڵ بەیان-ی خوشکی سەردەکەون بۆ تەپۆلکە بەرزەکەی نێوان هەردوو گوند بۆ سەردانی گۆڕی خوشکە مراوی، بەیان دڵی یەعقوب ناشکێنێ چەند خواردنێک ئامادە دەکات و مناڵەکانیش دەبەن و دەڕۆن بۆ ئەوێ، کچانی ناوچەکە چەندین پەڕۆی سەوز و مۆم و بوخورد و شتیتر لەسەر گۆڕی مریەم دادەنێن .

ئێستاش کچانی ئەوێ لەوەرزی بەهاراندا بۆ کردنەوەی راز و نیاز و بەختیان سەردانی دەکەن و لەخوشکە مراوی دەپاڕێنەوە کەئەوەی لەدڵیاندایە بۆیان بهێنێتە دی .

هەرکە یەعەقوب و بەیان دەگەنە ئەوێ خەبەریش بۆ ترێ دەنێرن کەبێت بۆ سەرگۆڕی ئەو جوانەمەرگە، ئەویش شنۆی هاوڕێ کۆنەکەی مریەم لەگەڵ خۆی دەهێنێ و چەند کچێکیتریش دوایاندەکەون، شنۆ ئەو هاروهاجیەی جارانی نەماوە ئێستا لەبەهاراندا لەگەڵ یەعقوب لەسەر گۆڕی مریەم گیان لەجیاتی گاڵتەو گەپەکانی پێشووی خەریکی فرمێسک ڕشتنە....کەدەگەنە ئەوێ هێشتا بەفر لەسەر ئەو بەرزاییە نەبڕاوەو سەرجەم کچان و ژنان بەدەوری ئەو تاکە گۆڕە دادەنیشن .

لەیەکەم سەردانی بەهاری ١٩٩٥دا بۆ سەر گۆڕی مریەم، ترێ ئەوکاتە مناڵ بو لەنێو کچەکانی هاوڕێ دانیشتبو سەری هەڵبڕی بەگریانەوە بە یەعقوبی وت -:

ترێ/ کاکە یەعقوب ئەوشەوە مریەم لەبەر دواکەوتنی تۆ دیقی کرد (بەگریانەوە).

یەعقوب-یش بەپێوە وەستاوەو سەیری گۆڕەکەی مراوی گیان دەکات و بەگریانەوە بەچواردەوری دەسوڕێتەوە جارجارەش دەست دەهێنێ بەکێلەکان و پاکی دەکاتەوە کەلەسەری نووسراوە (الفاتحە.....خوالێخۆشبو مریەم خدر رەسول لە شەوی ٢١لەسەر ١٩٩٤/١٢/٢٢دا کۆچی دوایی کردوە) .

شنۆ بەحەپەساویەوە بەچاوێکی سوور هەڵگەڕاوی پڕ لەفرمێسکەوە دوای قسەکانی ترێ سەیری یەعقوب و ترێ دەکات، وەکو بڵێی ئێستا بەتەواوی تێگەیشتم کەمریەم لەگەڵ یەعقوب دڵیان بەیەکەوە بوە، ئەو دیمەنەی دێتەوە بەرچاو کەمریەم بەپێکەنینەوە نکوڵی لەعاشق بونی خۆی دەکرد، شنۆ لەوێ زیاتر دەگری و سەیری یەعقوب و ترێ و گۆڕەکەی مریەم گیان دەکات و لەبەر خۆیەوە ورتەیەک دەکات-:

شنۆ/ مریەم گیان بەقوربانی گۆڕەکەشت بم.

* * *

لەم شیعرە تابلۆیەشدا

کەچوارەم و دوا تابلۆی ژوانە گورگە

مەرقەدی مریم لەسەر لوتکەی شاخ،
گشت تێیدەڕوانن، بەکەسەرو داخ.
لەوەرزی بەهار کیژان وەکو باخ،
جلی ڕەنگاو ڕەنگ زۆر پۆشتەو پەرداخ.
چواردەوری دەگرن بۆی دەگرین لەناخ،
بێدەنگ دانیشتوون هەڵدەکێشن ئاخ.

❊ ❊ ❊

ئەگەر لەبەهاری ساڵی ٢٠٠٧ بمانتوانیایە بەفرۆکەیەک لەسەر گۆڕەکەی مریەم بەرز ببینەوە دەمانبینی کچان لەچواردەوری گۆڕی مریەم دانیشتون، یەعقوب-یش بەپێوە وەستاوە بەریش و سمێڵێکی ماش و برنجیەوە لەگەڵ ئەوێنیتر دەگری بەردەوامیش بەیان و ترێ و شنۆ سەیری روخساری خاڵە یەعقوب-ی دوکاندار دەکەن و هێندەی خۆیان و ئەویش قوڵپی هەنسک قوت ئەدەنەوە، عەلی و مریەمی بچکۆلەش لەوناوە بەدەم یاریکردن دەکەون و هەڵدەستنەوە.

تەواو

ئەورۆژەی دوو براکەی مام حەمەد قادر دەبن بە خۆراکی گورگ....بۆ دوای نیوەڕۆ لەگەڵ خەڵکی ئاوایی تەرمی هەردووکیان دەنێژن....مام حەمەد تەنهاو هەر شەوێک لەگەرمیان دەمێنێتەوە دواتر ملی رێگای ناوچەی حاجی ئۆمەران دەگرێتەبەر....ئێستاش گۆڕی ئەم دوو برایە لەناوچەی گەرمیان ماوەتەوە، مام حەمەد کە لەژیاندا بوو هەتاکو ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردووش جارجارە سەردانیانی دەکرد بەڵام لەدوای راپەڕین تاکو مردن ئەوناوچەیەی نەبینییەوە.